# فس فس پاڵەوان

عەزیز نەسین



وەرگێڕانی: مەودود جەبار

پێداچوونەوەی: جووتیار قارەمان

Scanned with CamScanner

# فس فس پاڵەوان

## عەزیز نەسین



**وەرگێڕانی: مەودود جەبار**

پێداچوونەوەی: جووتیار قارەمان

Scanned with CamScanner

ADiBAN

**ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.

**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369

**Email:** bookadiban@gmail.com

**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

**ناونیشان:** فس فس پاڵەوان.

**نووسەر:** عەزیز نەسین.

**وەرگێرانی:** مەودود جەبار.

**بابەت:** کۆمەڵە چیرۆک.

**پێداچوونەوەی:** جووتیار قارەمان

**ژانەر:** ئەدەبیاتی تورکی.

**پەخشانگە:** ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

**ساڵی چاپ:** 2019 میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1996) ساڵی (2019) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned with CamScanner



عەزیز نەسین سالّی 1937 یاریزانی ساحە و مەیدان

بەرچاو ڕونی:

دە چیرۆکـــی یەکەمی ئـــەم کتێبە لە کتێبی (فس فـــس پالّەوانەوە) وەرگیراوە کە لە ســـالّی 1987 لە لایەن بەڕێز ســـەعید یەحیاوە وەرگێـــڕدراوە، لەبەر جوانی وەرگێڕانەکـــەی، ئەو دەچیرۆکەمان وەک خۆی دانایەوە.

Scanned with CamScanner

## یەکەم نووسینم بڵاو نەکرایەوە!

گۆڤارێکی هەندەران پرسیاری لە چەند نووسەرێک کردبوو: "یەکەم نووسینت چۆن بڵاوکرایەوە؟" منیش یەکێک بووم لەو نووسەرانەی یەکەم نووسینم بڵاو نەکرابووەوە، بۆیە ویستم لێرەدا باسی ئەوەتان بۆ بکەم.

لە ئەستەمبوڵدا ڕۆژنامەیەک بە ناوی "کوێر ئۆغلو" دەردەچوو. خەڵکێکی زۆر لایەنگری بوون و هەر کاتێک دەهاتە بازار، هەر کەسەو دانەیەکی لێ دەکڕی و تا ماوەیەک بە نووسینەکانی پێدەکەنی. من بۆ خۆم کڕیاری بەردەوامی ئەو ڕۆژنامەیە بووم. هەرچیی دەنووسی، هەموویم دەخوێندەوە.

حەزیشم دەکرد بتوانم چیرۆکی وا بنووسم کە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکرێتەوە. ئەو کاتە تەمەنم پێش شازدەساڵان بوو، وەکوو هەر لاوێکی تورک شیعرم دادەنا. لە وڵاتەکەی ئێمەدا لەنێوان هەر سێ کەسێکدا، دوویان شاعیرن!

لە پازدە ساڵیدا ڕۆمانێکی پڕ لە سۆز و ئەندێشەم نووسی . باشم وەبیر نەماوە، ئەوەندە نەبێت کە داستانەکەی من لە ڕاستییەوە هەڵدەقوڵا. ڕووداوەکە لە شاری "ئیزمیر"دا ڕووی دابوو. تا ئەو ساتە شاری "ئیزمیر"م نەدیبوو . دۆستێکی "ئیزمیر"یم هەبوو کە ناوی "ڕەشاد" بوو، ڕووداوەکەی بۆ گێڕابوومەوە. منیش ڕۆمانەکەم لە دەفتەرێکی قەبارە گەورەدا نووسیبوو، گەلێک باش دەهاتە بەرچاوم. پاشان تێگەیشتم کە ئەمە خەسڵەتی شاعیرییە کە هەر دەستی دایە قەڵەم، ئیدی وا دەزانێت شاکاری دارشتووە! هەر بۆیە ئامادە نەبووم لە گەورەترین و بە ناوبانگترین دەزگای چاپەمەنی بترازێت، ڕۆمانەکە بدەمە دەست کەس . بەڵام چونکە بچووکم، ڕەنگە خەڵکەکە بایەخێکی ئەوتۆم نەدەنێ. نامەیەکم بۆ گەورەترین دەزگای بڵاوکردنەوە نارد و



Scanned with CamScanner

پێشنیاری لەچاپدانی ڕۆمانم کرد. دڵنیا بووم هەر کە ڕۆمانەکەیان خوێندەوە، ئەوە خێرا مافی لەچاپدانی دەکڕن.
لێپرسراوی دەزگاکە، پیاوێکی بەتەمەن بوو، زوو وەڵامی نامەکەی دامەوە. هەرچەندە ڕۆمانیان لەچاپ نەدا، بەڵام تا بڵێیت خۆشحاڵیان کردم. ئێستاکە دوای چل ساڵی ڕەبەق خۆشی و چێژی ئەو کاتەم بیر ناچنەوە و نامەکەم وەک شتێکی گرانبایی هەڵگرتووە. هەر ئەم هۆیەیش بوو هانی دام کە بێ شەرم و ترس بنووسم. ئەوەیشی دەینووسم، بۆ دۆست و برادەرانی بخوێنمەوە.
یەکەم کەسێک داستانم بۆ خوێندەوە، باوکم بوو.
ئەوەندە کاری تێ کرد، فرمێسکی بە چاواندا هاتە خوارێ!
ڕۆژێکیان کە لە قوتابخانەی شەواندا دەمخوێند، بە ترس و لەرزەوە بەرەو بارەگای ڕۆژنامەی "کوێر ئۆغلۆ" ڕێگەم گرتە بەر.
ناونیشانەکەیم لە ڕۆژنامەدا بەرچاو کەوتبوو. لە سەروو شەقامی "بابی عالی" بە هێنکەهێنک لە پلیکانەی تەختەی کاروانسەرایەک سەر کەوتم.
کولانەیەکی تەسک و تەنگەبەر، باوەڕم نەدەکرد ئەوە بارەگای ڕۆژنامە بێت. وام دەزانی "کوێر ئۆغلۆ" لە کۆشکێکی بەرزی سەرکەشدایە!
هەموو کەرەستە و کەلوپەلی ڕۆژنامە دڵخوازەکەم بریتی بوون لە دوو ژووری تەنگ و تاریک. بە زمانی تێک گیراوەوە ڕووم کردە کابرای دانیشتوو لەسەر مێزێکی ڕەنگ بزرکاو. بە هەردوو دەستەکانم داستانم پێشکەش کرد. لەو ترسەی نەبادا کابرا دەست بکاتە گریان، گوتم:
- بەندە مورەخەس دەبم . هەفتەی ئایندە دێمەوە خزمەتتان و وەڵامەکەی وەردەگرمەوە.
جەنابی بەڕێوەبەری ڕۆژنامە لاپەڕەکانی داستانی هەڵدایەوە و بێ ئەوەی تەماشای من بکا، گوتی:



Scanned with CamScanner

- دانیشه . هەر ئێستا وەڵامت دەدەمەوە.
دانەنیشتم. لە پێش مێزی بەڕێوەبەر وەستام.
گوێم لە تەپەی دڵی خۆم بوو. وەکوو داربی دەلەرزیم.
یەکەم کەس بوو وا بە سەرنجەوە داستانی من بخوێنێتەوە!
چـاوەڕوانی خەمنـاکی و غەمبـاری بـووم. بە پـێچەوانەوە، لاپەڕەی یەکەمـی تەواو کـرد، دەسـتی کـرد بە خوێنـدنەوەی دووەمـین لاپەڕە، کـابرا لەسـەر خـۆ پێـدەکەنی . پاشـان دایە قاقـای پێکەنـین: "ئـاخ بەڕێوەبەر داستانی بەدڵ نییە و ئەمەتا گاڵتەم پێ دەکات"! ئەوەندەی نەمـابوو لە پرمەی گیـان بدەم. ویستم بەبێ خواحـافیزی ڕۆژنـامەکە بەجێ بهێڵم و بڕۆم.
جەنابی بەڕێوەبەر بە پەلە داستانی تەواو کرد و دیقەتێکی منی دا و ناوی چەند کەسانێکی برد و بانگی کردن.
وام زانی ئەوانە بۆ ئەوە بانگ دەکات پشتی ملم بگرن و وەدەرم نێن!
پێـنج کەس هـاتنە ژوورەوە، بەڕێـوەبەر هەسـتایە سـەر پـێ و بە دەنگێکـی بەرز داسـتانەکەی منـی بـۆ خوێنـدنەوە. هەمـوو تێکـڕا پێـدەکەنین: "ئـاخر بـۆ گـاڵتەم پێ دەکەن؟ شـەرم نییـە؟" بەڕێـوەبەر داستانی تەواو کرد. یەکێک پرسیاری کرد:
- ئەم چیرۆکە هیی کێیە؟
بەڕێوەبەر پەنجەی بۆ من درێژ کرد:
- هیی ئەم بچکۆلانەیە.
- دەڵیی چی؟ باوەڕناکەم . یاخوا هەر خۆش بێت.
کابرا دەستی گرتم و گوتی:
- پیرۆزباییـت لـێ دەکەم. دانیشـە ،گیـانە. ئـاخۆ دەتوانیـت چیرۆکـی دیکەی وا بنووسی؟
یەکسەر وەڵامم دایەوە.
- قوربان هیی ترم هەیە.
- بیانهێنە بڵاویان بکەینەوە..

ئیدی لەوان پرسیار و لە من وەلام . بڕیار درا هەفتەی داهاتوو بە خۆم و چیرۆکێکی نوێوە بێمەوە لایان.
وەک پیاوێکی گەورە و ماقووڵ بەڕێ کرام.
ئەو هەفتەیە لای من بەقەدەر یەک ساڵ درێژ بوو. لە خۆشیی بڵاو کردنەوەی یەکەم چیرۆکدا خەو و خۆراکم لێ حەرامە . ئەو شەوەی وا بڕیار بوو بۆ سبەینێ ڕۆژنامە دەربچێت، تا بەری بەیان خەوم لێ نەکەوت.
سبەینێ بەیانیی زوو، بەر لەوەی دوکان و کتێبخانە دەرگا بکەنەوە، هاتمە دەرێ. گەلێک شوێنم بەدوای ڕۆژنامە کرد ...
گوتیان: "ڕۆژنامە داخرا!"
بەڵێ، یەکەم نووسینم بەم جۆرە بڵاو نەکرایەوە.

عەزیز نەسین



Scanned with CamScanner

ئیبراهیم ڕۆژێکیان گوتی: "حەسەن! وەرە با بچینە باڕ."

- با بڕۆین، بەڵام دەترسم تووشی گوناهـ بین.
- ئەوە چی دەڵێی؟ خۆ ئێمە مناڵ نیین؟!

زۆر دەترسام. من لە شتێکی دیکە دەترسام. ئەو نەیدەزانی.

دەروازەی چوونەژوورەوەی بارەکە بە چەندین گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنرابووەوە کە مرۆڤی سەراسیمە دەکرد.

بە پلەکانەدا داکەوتین، وا بزانم نزیکەی دوو قات چووینە ژێر زەوی. تا لە کۆتاییدا گەیشتینە هۆڵێکی پڕ لە کورسی و مێز.

ئەو دەمەی دانیشتین، تیپی مۆسیقا دەستیان کرد بە ژەنین. مۆسیقاکە هێندە دڵفرێن بوو، مرۆڤ ئەستەم خۆی دەگرت بۆ سەماکردن لەگەڵ ژنانی سەماکەرە بەناز و مەکرەکاندا نەچێتە سەر سەکۆیەکە، هەر ڕێک وەک داباریینی هاندەرانی تۆپیپێ بەسەر ناوبژیوان لەناوەڕاستی یاریدا.

پاش ئەوەی داوای ڤۆدگامان کرد، یەکێک لە کچە سەماکەرەکان نزیکمان بووەوە. جگەرەی بە لێوەوە بوو. تکای لێکردین بۆی دابگیرسێنین. باش دەمزانی ئەگەر بۆی دابگیرسێنین و پێکێکی بدەینێ، چی دەگوزەرێ و کار پەل بۆ کوێی دیکە دەهاوێت. هەر بۆیە خۆم لێ کلا کرد. بە هەندم وەرنەگرت، بەڵام ئیبراهیم هەستا و خگەرەکی لێویی بۆ داگیرساند. لە پاداشتدا کیژە گوتی: "سپاس کوڕی قۆز و جوان. بێجگە لە جوانییەکەت، دەبینم ئاکاریشت زۆر جوانە."

بەڵام ئیبراهیم گوتی: "کێ لەسەر ئەرکی خۆی سپاس کراوە؟ ئەوە ئەرکی منە، خاتوونەکەم."



Scanned with CamScanner

لەو ناز و لەمیش نازکێشان، تا کار گەیشتە ئەوەی من تەواو وەڕز بووم، گوتم: "بەسە بەس، ئیبراهیم." چونکە ئیبراهیم شتێکی وای لەبارەی باڕ و باڕچییانەوە نەدەزانی و وەک خۆم تێیدا نەکولابوو. ئەوەیش بڵێم کە ماوەی ٢٠ ساڵ بوو وازم لەم جۆرە بەزمانە هێنابوو.

ئیبراهیم پرسی: "ئەرێ دەتوانین بینەری گشت بڕگەکانی ئەمشەو بین؟"

وەڵامم دایەوە: "ئەی بۆ نا؟ زۆر بە تامەزرۆییەوە."

ئەو خاتوونەی کە جگەرەکەی بۆ داگیرسێنرابوو، ئاوڕێکی لێ داینەوە و گوتی: "ئەی خوا تەنیایی ببڕێت."

سەرێکم بەرەو ئاسمان هەڵبڕی بۆ ئەوەی نەیدوێنم، بەڵام ئیبراهیم نەیهێشت قسەکەی لە زەوی بدات، هەڵیدایە و گوتی: "تەنیایی هەر بۆ خوا باشە."

لەیادم چوو پێتان بڵێم کە ئەم یانەیە جیاواز لە هەموو دەستەخوشکەکانی دیکەی کە خەڵکی بە دوو لیرە و نیو دەچوونە ناویەوە و شەوەکەیان ڕادەبوارد کە ئەوە پارەی نیو پێک بوو. لێرە ئەگەر ١٠٠ لیرەت نەدایە، ئابڕووی خۆت و پیشەکەیشت بردبوو.

سەماکەر لە ئیبراهیم نزیک بووەوە و گوتی: "دەتوانم شتێک بە گوێتا بچپێنم؟"

لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەرەوەڵا ئەوە ئیبراهیم بوو بە تەڵەکەوە. باشترە من مشوورێکی خۆم بخۆم."

سەرم بەرز کردبووەوە و چاوم بڕیبووە گڵۆپەکانی سەرەوە تا نەبادا چاوم هەڵتەقێت بە چاوی کیژێ، ژنێ یان بادەگێڕێکدا. سەرباری ئەم گشتە خۆپارێزییە، گوێم لێ بوو کە لەپەنامەوە دەنگێکی سافی بێگەرد: "شێوەت دەکەم، وا بزانم من و تۆ جارێک لە جاران یەکمان دیتووە."

چاوم بڕییە سەرچاوەی دەنگەکە، تەماشا دەکەم دوو چاوی نیوە مەست بە کەمێک خەمزە و نازەوە، شتێک لەسەر زاریەتی، پێکەنین نییە و زەردەخەنەیش نییە، بەڵام ددانە سپییە ڕێکەکانی بەشی سەرەوەیان دەرکەوتبوون. پێم گوت:

- بڕوا ناکەم یەکمان بینیبێت.
- ئەی لانی کەم دەتوانم لەگەڵت دانیشم؟
- ئەگەر هیچ شوێنێکی دیکە نییە، دانیشە.

بەر لەوەی بە تەواوی ڕێگەی بدەم، ئەو دانیشت. ئەوەیش عەیب نییە، چونکە هەرکەسەو تایبەتمەندی و کەسایەتیی خۆی هەیە. ئەوەتا منیش هەمیشە مڕومۆچم. یەکێک نەزانێت، دەڵێت ئەمە دەرمانخۆرە. کە مێیینە دەدوێنم، وەک ئەوەی بەرد بە ئاسندا بکێشم وام. نازانم ئەوەیش بەختێکی باشم بۆ دێنێت یان شووم.

- ناوم ئەلیسە.
- منیش ناوم حەسەنە.
- سپاس بۆ ئەم یەکدیناسینە.

لەکاتی یەکدیناسینەکەدا ساقی لێمان نزیک بووەوە، بەڵام هەر زوو هاومێزەکەم بەر لەوەی من هیچ متقم لەدەم دەربچێت، پێی گوت: "سپاس، هیچمان پێویست نییە."

سەرم لەم ڕەفتارەی سووڕ ما، گوتم: "بۆچی نا؟" ئەوە یەکەمین جارم بوو ببینم سەماکەرێک بە ساقی بڵێت کە هیچ ناخوێن و ناخۆینەوە و، سپاس. غیرەت گرتمی گوتم:

- ئەی بۆچی داوای شتێکت نەکرد؟

- ناتوانم. من ڕانەهاتووم لەسەر خواردنەوە کحولییەکان. ئەوەی من پێویستمە کەسێکە ببێتە هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانم. لێم تێبگات.

قسەکانی زۆر کاریگەر بوون. گوتی کە باوکی ئەرمەنییە و دایکیشی یۆنانییە. خۆیشی لە تورکیا لەدایک بووە. خەریکە بە ماوەیەکی زۆر



Scanned with CamScanner

ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت. کوڕێکیشی خۆش ویستووە کە تەواو لەڕووی باڵا و ڕوخسارەوە لە من چووە. ئێستا دەستیان لێک بەربووە. بەم بۆنەیەوە ئەو ماوەیە لە گوزەرانێکی تەڵخدا دەژیا. هەر ئەمەیش وای لێ کردبوو بوێرانە بێت و لەسەر هەمان مێز دابنیشێت. ئینجا گوتی: "حەسەن! من وەکوو کچەکانی دیکە نیم—ئەوانەی لەم بارە کار دەکەن. من لە ژینی خۆم بێزارم." هێندە بە سۆز و هەستەوە قسەی دەکرد، خەریک بوو دەگریام. تۆ بڵێی ڕاست بێت کچی وا بوونی هەبێت؟ هەبێت و نەبێت ئەمە ئەو شتەیە کە من ونم کردووە!!

- تکایە شتێک بخۆرەوە.

- دەخۆمەوە، بەڵام بەو مەرجەی ماددەی کحولیی نەبێت.

ئەم کیژە خەست عاشقم بووبوو وەک دەر دەکەوت. بەڵام خۆ ناشێ من هێندەیش قۆز و کەشخە بووبێتم تا دڵی کچان کەمەندکێش بکەم. باشە بۆچی نا؟ ئیدی ئەمە دڵە. ئەویش دڵی هەیە.

چووینە ساڵۆنێکی دیکە. لەوێ دیتم ئیبراهیم و کچەی سەماکەر ئاوێزانی یەکدی بوون، وەک ئەوەی کەس لەو ناوەدا نەبێت خۆیان نەبێت.

- ئەی ئێستا چی نۆش دەکەی.

- کۆکتێل ... چاوەکانت چەندە جوانن حەسەن. ئەوە جوانترین چاوە تا ئێستا بینیبێتم.

چەندە کیژێکی سەلارە. بە لایەنی کەمەوە لەوانە ناچێت کە پێشتر ناسیومن. بەردەوام پێی دەگوتم کە ناتوانێت بەرگەی تەماشاکردنی چاوەکانم بگرێت.

- تەماشاکە. کۆکتێلی دووەم. حەسەن کوشتەی دووچاوی جوانتم. حەسەن داوای لیکۆرمان بۆ بکە. بیشزانە بەو خودایە ئەگەر یەک کچی دیکە تەماشای چاوەکانت بکات، بەدەستی خۆم دەتکوژم. من کچێکی دڵپیسم.



Scanned with CamScanner

- ئای ئازیزەکەم. دەریان بهێنم لەوە باشترە ئەگەر بێڵم کەسی دیکە تەماشای چاوەکانم بکات. ئادەی گارسۆن دوو کوپ ویسکی.
تەماشـای ئیبـراهیمم کرد، هەر یەکتـۆزی بەبەرەوە مـابوو. چاوەکـانی دەتگوت مۆمن داگیرساون.
- حەسەن! ڕێگە نادەم چاوت لەچاوم کلا بکەی.
- نا جوانکیلەکەم. خودا لەیەکمان کلا نەکا.
چـاوم هـیچ کێشـەیەکی نەبـوو ئەوە نەبێـت، مەگەر ئەوەی کاتێـک تەماشای کیژێکم دەکرد و پێی سەرسام دەبوو، ئیدی کەمێک سوور دەبووەوە.
- سـاقی. چیـت حەز لێیە شـیرینەکەم؟ کۆنیـاک. ئـادەی کۆنیاکمـان پێشکەش بکە.
لەو کاتەدا کلیلێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و دایە دەستم.
- بیگـرە ئەوە کلیلـی شـوقەکەمە. سـەعات چـواری بەیـانی چـاوەڕێتم. حەسەن زۆر دەترسم ژنی دیکە بێنە بنکڵیشەتەوە. ناونیشـانەکەت بیر نەچێت. سـەرتای شـاڕێکە، شـەقامی سـالکۆم، سـال شـاک، باڵەخـانەی شـــەرەف، شـــوقەی ١٤. ئـــای حەســـەن چەنـــدە خەمـــمە ژنـــی دیـــکە بتخڵافێنن.
گارسۆن، حسابەکە لەسەر من بنووسە.
کاغەزی حسابات خرایە بەردەمم، ٢٥٨ لیرە. کە ئەوەم بینی، ڕێک دڵـم لە قەفەسـی سـینەمەوە خەریـک بـوو دەرپەڕێـتە دەرێ. لەو کـاتەدا تەماشـایەکی ئیبـراهیمم کـرد، کەچـی لەوێ نەمـابوو. ئیـدی هـیچ چـارەیەکم نەبـوو جگە لەوەی بڵـێم: "ئەزیـزەکەم، مـن بـێجگە لە ١٧٠ لیـرە، هیچـی دیکەم پێ شـک نابرێـت، خۆیشـت دەزانیـت ئەوە بەش ناکات."
- دیـتم ئەویـش خـۆی تـووڕە کـرد، ئەو هەمـوو پـارەیە چییە؟ بـۆچی چیمـان خـواردووەتەوە؟ بەڕاسـتی ستەمکارن، خـۆ نـاهێڵن کەسـیش



Scanned with CamScanner

بچێته دەرێ تا گشت پارەکە نەدات. بەڵام بەو خودایە بێجگە لە ٥ لیرە، هیچی دیکەم پێ نییە.

- بەو خوایە ئابڕوومان چوو. وا نییە، ها ئەوە سەعاتەکەمە، بە ٣٠٠ لیرەم کڕیوە. بەردی گرانبەهای تێدایە. چیم بکردایە، هەر ئەو چارەسەرەم پێ شک دەبرا.

تەنانەت ئەم کاتژمێرەیش دەردەکەی دەرمان نەدەکرد، چونکە ئەوان سەد لیرە زیاتریان پێ نەدەدا.

- ها ئەوەیش قەڵەمەکەم کە بە ئاڵتوون ڕووپۆش کراوە، ١٠٠ لیرەیشم پێ داوە. تەنانەت قەڵەمەکەیش برینی مەرهەم نەکرد. کراسەکەی بەریشم داکەند.

کیژەکە کراسەکەی بردم و پاشی ١٥ خولەک گەڕایەوە و گوتی: "خۆشەویستەکەم هێشتا ٥٠ لیرەمان لە ئەستۆ ماوە، بەڵام تۆ خەمت نەبێت، خۆم هەوڵ دەدەم لە شوێنێکەوە پەیدای بکەم."

- ئای چەندە جوان و شۆخیت، بێگومان بۆت دەگەڕێنمەوە.

- ئەمشەو چاوەڕێتم، بیرت نەچێت. ئای حەسەنەکەم، جەرگم لەتلەتە بۆ چاوت.

چوومە دەرێ تا کاتژمێر لە چوار نزیک بووەوە. پرسیارم لەم پاسەوان و ئەو پاشەوان دەکرد لەبارەی ناونیشانەکەوە، کەسیان شتی وایان نەبیستبوو.

خۆر هەڵهات و هێشتا من لە گەڕان کۆڵم نەدابوو. هیلاکی تەنگی پێ هەڵچنیبووم. هێزم لەبەر بڕابوو. چوومەوە ماڵێ و خۆم بە زەویدا کوتا. سەرم گەیشتە سەرینەکە و نەگەیشت، خەوێکی قووڵ بردمیەوە، تا دەمی شێوان بە ئاگا نەهاتمەوە.

لەماڵ چوومە دەرێ. تا نیوەشەو زۆر بەدوای ئەو ناونیشانەدا گەڕام. لەناکاو شتێک ڕووی دا. ماجیدی هاوڕێمم بینی، پێم گوت:

- بەم درەنگانی شەوە چ باسە ماجید؟

وەڵامی دامەوە:



Scanned with CamScanner

هەر مەپرسە، حەسەن. چوومە یەکێک لە یانە شەوانەکان، کچێکی هەرە ژیکەڵە و شیرینم ناسی، بەڵام توو خوا پێم مەڵێ شێت، یا گێل. ئەوەتا کلیلی شوقەکەی پێ داوم. ژووانمان سەعات چوارە.

- ئادەی ناونیشانەکەی؟
- سالکۆم، باڵەخانەی شەرەف، شوقەی ١٤.
- ئەی ناوی چییە؟
- ئەلیس.
- ئەی چەندت پارە لە بارەکە دا؟
- ٤٠٤ لیرە. بەڵام وەک ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە، بەخوا هەر ناڵێی یەک قروشیشم داوە.

هەر لەو سەروبەندەدا یەکێک نزیکمان بووەوە، پرسیی:

- توو خوا بێزەحمەت، شەقامی سالکۆم دەکەوێتە کوێ؟
- باشە بەڵام کام بەشەیت دەوێت؟
- باڵەخانەی شەرەف.
- ئاخر چ شوێنێکی باڵەخانەکە؟
- شوقەی ژمارە ١٤.

کلیلەکەم لە گیرفان دەرێنا و گوتم:

- ئەوە کلیلەکەیەتی، ئەگەر دەتەوێت.

پاش نیوەشەو، کلیل بەدەست کۆ بوونەوە، ژمارەمان نزیکەی ١٥ کەس دەبوو.



Scanned with CamScanner

## چیرۆکی کابرای شارستان

هەمووان چاویان بڕیبووە ئەو کابرایەی بەبێ سەلام خۆی کرد بە قاوەخانەکەدا و یەکێک دەسپێشخەریی سڵاوی لێ کرد وەک ئاژەڵێک کە خەریکی ئاوخواردنەوەیە و سەر بەرز دەکاتەوە ئاوا:

- مەرحەبا، حەمید ئاغا.
- مەرحەبا.
- ئەوە چیتە دەڵێی گای پیری هەناسەبڕکێت پێ کەوتووە؟

حەمید ئاغا سەرێکی بۆ بەرز کردەوە و تەماشایەکی کابرای پیری کرد و گوتی:

- سپاس بۆ خوا، شاویش عەلی. لە کاری ئەو بێقیمەتە نەجاتم بوو. ئای خوایە سپاس بۆ تۆ. ئای.
- پیرۆزە، حەمید ئاغا. وا هەست دەکەم قەرزەکانی بانکت داوەتەوە؟
- نەخێر، کێ بیری لای قەرزی بانکە؟ نەوەڵا. شکور نەجاتم بوو لەو لاکە شڕەی کە ناوی تراکتۆرە. ئەو کافرە.

پیرەکانی قاوەخانە چاویان کرایەوە، سەریان قوت بووەوە، دەستیان کردە پەنجەتەقاندن و سەرتاپا بوونە گوێچکە.

- بە ڕاست؟!
- هەر نەجاتی نەجاتت بوو لەو تراکتۆرە؟
- ئادەی قسەمان بۆ بکە؟
- بەڵێ، نەجاتی نەجاتم بوو. ئای هەزارویەک سپاس بۆ خوا. ئۆخەیش ئێستا هەست دەکەم زیندووم و دەژیم.

مقۆمقۆ کەوتە ناو گشتیانەوە، هەریەکە و ئەزنەکی بە کورسییەکەی دەدا تا تۆزێک لە حەمید ئاغا نزیکتر ببێتەوە.

- ئێهـ چیرۆکەکەی درێژە.

دەستی پێ کرد:



Scanned with CamScanner

- ئەو کاتەی کە کوڕەکەم لە خزمەتی سەربازی هاتەوە، گوتی: "باوکە فێری لێخوڕینی سەیارە بووم، بۆچی تراکتۆرێک نەکڕین؟"
لەو کاتەدا کوڕەکەم و ژنەکەیم بردنە ئاواییەکە وەک هەموو ساڵێک. لە پشووی هاویندا پێکەوە دەهاتن کە خۆیان لە بنەڕەتدا پێکەوە مامۆستا بوون. ئیدی شەو و ڕۆژ گۆرانیی "باوکمان تراکتۆر دەکڕێت"یان دەگوتەوە، منیش دەمگوت: "ئەی ڕۆڵە ئەو جووتە گایەمان بەس نین؟"
نەخێر. ئەوان منیان بە کابرایەکی دواکەوتوو دەزانی، تەنانەت کچەکەم کاغەزی ڕۆژژمێرەکەی لێ کردەوە و هێنایە بەر لووتم. باوکە ئێستا ئێمە لە ساڵی ١٩٥٥داین، ئەوەیش مانای ئەوەیە ئێمە لە سەدەی بیستەمداین، تێدەگەیت؟
زاواکەیشم لەگەڵ هەموو ژەمە خواردنێکدا چەنەی دەدایەوە: "لەم چەرخی ئەلیکترۆنەدا هەر شوورەییە بە گا زەوی بکێڵیت."
بەڵام کوڕەکەم دانیشتبوو، خەریکی حساباتی ئەوە بوو کە چەند ڕۆژمان پێویستە بۆ کێڵانی زەوییەکان بە گا.
ڕووی تێ کردم و گوتی:
- باشە دەزانی ئەگەر بە گا ئەو زەوییانە بکێڵین، نزیکەی یەک مانگی پێ دەچێ، لە کاتێکدا بە تراکتۆر یەک هەفتە و تاقێکی پێ دەچێ.
ئا بەم شێوەیە کاتێک کوڕەکەم بێدەنگ دەبوو، بووکەکەم و کە ئەویش تەواو بوو کچەکەم و ئاوا یەک لەدوای یەک قسەکانیان دووپات دەکردەوە. شریتێک بوو ڕۆژی سێ جار لێ دەدرایەوە.
دەیانگوت: "گا هەمیشە دەخوات، چ کار بکات چ نەیکات. زستان و هاوینی بۆ نییە. بەڵام تراکتۆر بە دوو پیاڵە بەنزین تێر دەخوات و ئەو کاتانەیشی کار ناکات، پێویستی بە خۆراک نییە." بەو شێوەیە لە بەرەکەدا خۆم تەنیا مامەوە. بە کورتییەکەی ئەو قسانەی من دەمکردن، هیچیان بۆ ئەوان نە تامی هەبوو نە ڕەنگ.



Scanned with CamScanner

وتیان گا لەوانەیە نەخۆش بکەوێت، لار ببێتەوە، یان پیر ببێت و لاواز، لە کاتێکدا تراکتۆر لە ئاسنە و ئاسنیش کەی پیربوون یان بێهێزبوون دەزانێت. شەو و ڕۆژ کار دەکات بەبێ ماندووبوون.
ئەوەی کە زۆر دڵم تەم دایگرتبوو، ئەوە بوو ژنە پیرەکەیشم چووبووە بەرەی ئەوانەوە. کە تەماشایەکی دەکرد و بە لووتەلایەکەوە دەیگوت:
- تا کەی تۆ تراکتۆرێک ناکڕیت، مووسا شاویش، وەک محەمەد ئاغا؟
ئیدی شەو و ڕۆژ من جووکەجووکی ئەم پیرە بە گوێمدا دەچوو. ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد، لایەنگریی ئەو پیرەژنە بوو بۆ ئەوان. دەیگوت:
- ئەوەتا میهداریش دانەیەکی کڕیوە. چاوەڕێی چی دەکەیت؟ هەر وا دەسەپاچە دادەنیشی؟
- بەو خوایە زۆر ڕووگیر بووبووم، ئاغاینە.
ئیدی لەنێوان قسەکاندا، یەکیەک و دوودوو هەڵیان دەدایە:
- ئێ حەمید ئاغا، دواتر؟
- وەڵڵا جەماعەت من هەر حەزم لە کڕینی ئەو تراکتۆرە نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا مامۆستای ئاوایی قایلی کردم کە گوتی:
- ئەی حەمید ئاغا، ئەو تراکتۆرە هێزی هەشتا ئەسپی هەیە، دەزانیت ئەوە یەعنی چی؟ ئەوە یەعنی ئەو کێوەت بۆ هەڵدەگێڕێتەوە. زەوی ڕووتەنت بۆ دەکاتە باخچە.
لەناو ئەو گشتە قسە و باسەدا ورد بووبووم، گیان گەیشتبوویە کونە لووتم. ناچار گوتم دەی با بەدڵی ئێوە بێت. بە تایبەتیش دوای ئەوەی زانیم بانک قەرز بۆ ئەو شتانە دەداتە جوتیاران.
گوتیان سێ قەبارەی هەیە، بچووک، مامناوەند و قەبە. کوڕەکەم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێت گەورەکەیان بکڕین. کچەکەیشم دەیگوت: "مادەم هەر دەیکڕین، با گەورەکەیان بکڕین".



Scanned with CamScanner

زاوا زێڕینەکەم دەیگوت: "مامە گیان، پیاو هەر یەک جار دەیکرێت."
بەڵام ئەو کەوڵە کۆنە، کاری نەبوو قسەی قۆڕ نەبێت، گوتی:
- دەتەوێت لە ئاواییەکەدا ئابڕوومان بەری؟ بەو خوایە گەورە نەبێ، ناهێڵم بێتە ئەم حەوشەیە.
هەموومان کۆ بووینەوە و ڕوومان کردە پێشانگای تراکتۆر.
لەوێ گەیشتینە یەکێکیان. وەڵڵا حەلاڵزادە بوو، لێی پرسیین:
- ڕووبەری زەوییەکەتان چەندەیە؟
- وتم: هەشتا دۆنم.
پێشنیاری کرینی قەبارە بچکۆلەکەی بۆ کردین. گوتیشی ئەم بچووکە نەک بەشی هەشتا دۆنم، بەشی هەشسەد دۆنیش بە زیادەوە دەکات.
بەڵام وەڵڵاهی جەماعەت نەمتوانی دەرەقەتی ئەو زیندەوەرانە بێم، گوتیان:
- بڕوا بە قسەی ئەو فێڵبازە نەکەی.
منیش گوتم قیروسیا، با قورەکە خەستتر بێت. لەوێ ئەو برادەرە هەواڵی داینێ کە پێویستە پێشەکی ٤ هەزار لیرە پێشکەش بکەین، ئەوەکەی دیکەیشی دەکرێتە قیست.
لەو سەردەمەدا، من ناوم حەمید ئاغا بوو، بەڵام ئەگەر بە هەر کەسێکم بگوتایە ئەو بڕە پارەیەم بۆ کۆ نابێتەوە، کەس بڕوای پێ نەدەکردم. ئێ چی بکەین؟
گایەکانمان بردنە بازاڕ، دیمەنەکە دڵی جولەکەیشی دەکردە ئاو. گا تەماشای دەکردم و ئەسرین لە چاوی دەچۆڕا. بە زمان دەسمی دەلێسییەوە. بە تایبەتی گایە بۆرەکەیان لە خەفەتاندا نەیدەزانی چی بکات. بە زمانی حاڵ دەیگوت، خوا بیانگرێ من دەگۆڕنەوە بە تراکتۆر.
بە هەر حاڵ، زۆر درێژە بە چیرۆکەکە نەدەم، جووتە گامان فرۆشتن بە نزیکەی سێ هەزار لیرە و خۆیشمان تەکاند و هەزارەکەی دیکەمان پەیدا کرد و چوار هەزارمان بردە بانک. بەو شێوەیەیش

تراکتۆره بۆرمان کڕی، بەڵام چ تراکتۆرێک. لەتەشاخێک بوو، ئەونە زل بوو.
گوتیان بە دوو پیاڵە بەنزین، من هەموو عەمبارەکەم پڕ لە بەنزین کرد و دە دووانزە بەرمیل ڕۆنیشم خستە سووچێکی عەمبارەکە.
بۆ ئەوەیشی خودا لە چاوی بەد تراکتۆرەکەمان بپارێزێت، لێمان نووسی: "ماشاء الله." دوو چاوەزاری شین و سەلکە سیرێکمان پێوە هەڵواسی.
کوڕەکەم دەستی کردە ئاژۆتنی تراکتۆر، ئێمەیش بووینە سەکن و "یا ألله"مان کرد. نزیکەی زەردەپەرێکی درەنگ یان شێوان گەیشتینەوە ئاوایی و بەبێ ئەوەی کەس وەڕزمان بکات.
هەر کە زانییان ئێمە کڕیومانە، ئیدی هەموو ئاواییەکە کڕییان. تەنانەت ئەو یوسفەی کە دە دۆنم زیاتری نەبوو، ئەویش کڕیی. ئەویش توانیبووی دوو فلس لەملا و دوانیش لەولا، پێشەکیی پارەکەی بە بانک بدا.
کار گەیشتە ئەوەی ئێواران دەڕۆیشتین بۆ بینینی پێشبڕکێی تراکتۆر. کەس گومانی لە سەرکردایەتیی کوڕەکەی ئێمە نەبوو. هەر دەگوت ئەسپ غار دەدات. تەنانەت جارێکیان خۆی لە کیسەڵێک لادا کە هەمووان سەریان لەوە سووڕ مابوو.
لە ڕۆژانی شەممەدا خەڵکی هەموو ڕوویان دەکردە سینەما، لەبەردەمی سینەمادا تراکتۆر ڕیزی بەستبوو.
ئای ئەگەر دەتانبینی کوڕەکەمان چۆن خۆی بەو تراکتۆرەوە هەڵدەنا و سمێڵی لوول دەکرد. کاتێ فیلمیش تەواو دەبوو، پێشبڕکێی تراکتۆر دەستی پێ دەکردەوە.
بەڵام جارێکیان بێدین و ئیمانێکیان خۆی دەکێشێ بە تراکتۆرەکەی ئێمەدا و هێندە دەزانێ تراکتۆر شتێکی دەشکێ و لەوێ بەجێی بێڵە و بەپێ وەرەوە بۆ ماڵێ.



Scanned with CamScanner

ڕۆژی دواتر کوڕەکەمان چوویە شار، نازانم بۆلای کێ چووە، بەڵام هێندە دەزانم ئەو پارچەیەی دەست نەکەوتبوو کە ئێمە پێویستمان بوو.

- ئێ حەمید ئاغا؟ ئەی دواتر؟

- دواتر جووتە گایەکمان بەکرێ گرت بۆ کاروباری زەویوزارەکە. دواتر چووینە لای نووسینگەی تراکتۆرفرۆشییەکە و گوتمان ئەو پارەیە هەرچەندێک بێت دەیدەین، بەو مەرجەی ئەو پارچەیەمان دەست بکەوێت. کەچی گوتیان بە هیچ شێوەیەک ئەو شتە لای ئێمە دەست ناکەوێت.

شتی وا عەقڵ نایگرێت. باشە پارچەیەکی ئا وا بچکۆلە چۆن دەتوانێت ئەو تراکتۆرە زەبەلاحە لەکار بخات. ئەو چاوانەت ماچ دەکەم گا بۆر. نە برغووت هەبوو نە دەسک و نە گێڕ.

کوڕەکەم پێشنیاری بۆ کردم کە با بچینە شاری ئەستەنبووڵ. چووە ئەوێ و لەوێش فت.

- ئەی دواتر، حەمید ئاغا؟

- ئاغای ماڵم، ئیدی دوای ئەوە نە هەواڵ و نە خەبەر. ئاش ئاوی لێ بڕا.

هەمووان خەریکی کێڵانی زەوی و مەزرای خۆیان بوون و ئێمەیش تەنیا سەیرمان دەکردن. تەنانەت پارەیشمان نەبوو جووتێک گا بکڕین. بۆیە بەکرێ هێنامان. بەو جۆرەیش توانیمان زەوییەکەمان بکێڵین، سپاس بۆ خوا. لە کۆتاییدا لە کوڕەکەمەوە نامەیەک گەیشت کە وا پارچەکەی پەیدا کردووە. بەڵام هەموو ئەو پارەیەی پێی بوو، گشتی سەرف کردبوو، بۆیە داوای هەزار لیرەی کردبوو. چوومە بانک و ئەوەی داوای کردبوو، بۆم نارد. پاش دوو ڕۆژ شێرەکوڕ بە پارچەیەکەوە دەرکەوت. بە پارچە ئاسنێکەوە هەر بە قەدەر ناولەپێک دەبوو. قوڕ بباری بەسەری منا، وا هەزار لیرەم داوە بەو پارچە ئاسنە. لەگەڵ فیتەرێکدا ڕێک کەوتین و کارمان هاتە ڕاسە.



Scanned with CamScanner

وەرزی زستان بە خێرە هات. هیچ پێویستییەکمان بە تراکتۆر نەما. بۆیە بردمانە کۆگاکەوە لە نزیک شوێنی گابۆر نایلۆنمان بەسەردا دا.
لەو ماوەیەدا شەرەفی ئەوەمان پێ بڕا سوودی بانک و یەکەم قیستمان لێ داوا بکرێت، ئەی خوایە چی بکەین؟ یەک قرووش شک نابەین. تراکتۆرمان لێ بوو بە دووپشکێکی گەورە گەورەی ئاسنین. بە هەزار سواڵ و سەدەقە لەملاولا، توانیمان قیستی یەکەم بدەینەوە.
دەی ژیان تێپەر دەبوو. مانگی چوار و پێنج هات و گوتم ڕۆڵە ئادەی هێزی هەشتا ئەسپەکەت بخەرە کار.
تراکتۆر بە ڕێکوپێکی دەستی بە کار کرد. لەناکاو تراکتۆر لەناوەڕاستی مەزرادا ڕاوەستا. ئەی نەفرەتی خوات لێ بێ. ئەرە کەسێک نییە لێی تێبگا؟
ئای کاتێک تەماشای هەر زەوییەکت دەکرد، دەتبینی تراکتۆرێک بێدەنگ کاری خۆی دەکا و زەوییەکەی ئێمەیش لاشەیەکی مردوو تێیدا خەریکە ژەنگ دەیخوا.
ئای گابۆر تۆ لەکوێی؟ شەو و ڕۆژ کاری دەکرد بەبێ ئەوەی ماندووبوون بزانێ. مردن و ژیانی یەکپارچە بەرەکەت بوو. بەڵام ئەم سووک و بێنرخە گایش نییە سەری ببڕم و سوودێکی لێ ببینم. ئەمە کە بینیت لەبەردەمتدا کەوتووە، ناتوانیت چەقۆیەکی لێ دەربهێنی و سەری ببڕی.
ڕۆژان دەڕۆن و کاتی نزیکبوونەوەی قیستی دووەمیش نزیک دەبێتەوە. کاتێک پێم گوتن وەرن و لێمانی بکرنەوە یان بیبەنەوە، گوتیان: "خۆ ئێمە نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی شەخەڵمان دا نەناوە." دەی وەرە مەتەقە لەداخا. هەواڵمان زانی لە شوێنێک وەستایەک هەیە و سەروکاری لەگەڵ ئەم شتانەدا هەیە، بە کورەکەمم گوت: "هەستە کەری کوڕی کەر. هەستە و ئەو پەنەی خۆت داوتە، چاکی بکەرەوە." چووبووە لای کابرا و ئەویش گوتبووی: "چۆن دەکرێ پشکنین بۆ نەخۆشێ بکرێ کە نەخۆشەکە خۆی لێرە نەبێ؟"

به کوڕەکەمم گوت: "ئادەی بەو جووتە گایە تراکتۆر ڕاکێشە." پاشی ١٥ ڕۆژ تراکتۆرمان گەیاندە بەردەم دوکانی وەستا. لەوێ گوتبووی بە کوڕەکەم کە ئەمە پارچەیەکی کەوتووەتە ناوەوە و بووەتە هۆی شکانی و لەکارکەوتنی. بۆ ئەوەی چاک بکرێتەوە، پێویستی بە نزیکەی ٥٠٠ لیرە دەبێت. بە ڕاستی دکتۆرێکی شارەزا بوو. منیش یەک دۆنمم لە زەوییەکان فرۆشت و برەکەیم بژارد.

ڕۆژەکەی کچەکەم و زاواکەمان سەردانیان کردم. گوتم: "خۆ ئێمە ئەو گشتە پارەیەمان تێدا سەرف کردووە، بۆچی گشتمان سواری نەبین بە بچووک و گەورەوە." بەڵام پێشوەخت بە کوڕەکەمم گوت: "دەسم دامێنت، ئەمە ئەسپێکی باش نییە بۆ پێشبڕکێ، وریابە."

بەڵام ئەو نەگبەتە وەک چۆن نێرەکەر لە ماکەر دەپەڕێ و یەکێک دەچێت بەسەردا و کاریان لێ تێک دەدا و، نێرەکەر هەڵدەچیسکێنێ و کەس ناتوانێت بیگرێتەوە، ئەوەی منیش ئاوا هەڵیچیسکاند. هەر فریای ئەوە نەکەوتم بە جوانی قسەکەی بۆ بکەم و بڵێم دەسم دامێنت نەکەی.

دەنگێکی زۆر بەرزی لێ دەرچوو. گوتم ئەی نوتفەی گوێدرێژ. ئەوە دروستکراوی دەستی کافرانە. بەو خوایە ئەوە ئەگەر ئەسپیش بێت، ئا وا غاری پێ بدەیت، لە تاودا دەتەقێتەوە. ئەی هاوار تراکتۆر وەک گای ناو خمخۆرک چەقی. هەرچەندمان پاڵ پێوە نا، نەجووڵا و نەجووڵا.

ئای چی بکەم بۆ گارەش. هەر کاتێک لێم دەکەوت بە قینا، پێم دەگوت: "دیە،" وەها دەبزوا، شاخی بۆ لەبن دێنای. ئینجا تەماشای کچەکەمم کرد و گوتم: "ئەی کچی موفلنگ[1] ئادەی ئێستا پێم بڵێ لە ساڵی چەنداین؟ ١٩٥٥؟" تەماشایەکی زاواکەیشمم کرد و گوتم: "لە سەدەی بیستەمداین ها؟" ئای دەستی شکاوم بۆ جووتە گاکەم. بە

---

[1] موفلنگ: قەحبە

دوو بەرچاک پووش شەو تا بەیانی زەوییان دەکێڵا. باری لێ بنێ، زەوی پێ بکێڵە و گەنمیشی پێ بگەیەنەرەوە تا عەمبار.

- ئێ حەمید ئاغا، دوای ئەوە؟

- ئێ ئاغاینە. دوای ئەوە نزیکی کاتی قیستی سێیەم بووینەوە ... خاک بەسەر ئەم تراکتۆرە، خاک. دە دۆنمی دیکەم لە زەوییەکان فرۆشت. برغوویەک بە ٥٠٠ لیرە، پارچەیەک ئاسن بە هەزار لیرە. زنجیرەکەی دەپسێ و لە هیچ کوێ بە پارەیش دەست ناکەوێت. دەبێ لەملاوە پینەیەک و لەولاوە لەحیمێکی بکەیت تا بەشکم ئەم هەفتەیە نا، هەفتەکەی دیکە بپسێتەوە. ئاخ لەم تراکتۆرە، هەر کاتێک دەست دەکەم بە باخەڵمدا، یەک مشت قوڕ و بنجک دێت بەدەستمەوە.

هەر کاتێک دەچوومە سەر کێڵگە، لەملا پارچەیەک زنجیر، لەولا کوتە ئاسنێک و لەولاتر لاستیک. دەتگوت لاشەی مردووە و سەگ هەلاهەلای کردووە و هەر پارچەیەکی بۆ شوێنێک بردووە.

گوتیان ئەو ئەندامپەرلەمانەی لە لیژنەی پیشەسازییە کانزاییەکاندایە، وا سەردانی ئاواییەکەمان دەکات. چوومە لای و گوتم: "ئێستا ئێمە چی بکەین؟ عەقل تێی دەچێت ئەم ئامێرە گەورەیە بە هۆی پارچەیەکی بچکۆلەوە پەکی بکەوێت ببێ بە کەلاکێک لە ناوەڕاستی کێڵگەکەدا. ئەم شتە پیسە نە بە 'دی' دەجووڵێ و نە بە 'هۆش'یش ڕادەوەستێ."

- ئێ حەمید ئاغا؟ ئەی دواتر چی ڕووی دا؟

- لەدوای ئەوە، ئاغاواتەکان، لە ئەمریکاوە داوای ئەو پارچەیەمان کرد. گوتیان ئەوە خۆمان کارگەیەکی دروستکردنی پارچەی یەدەکمان داناوە و ئەوەندە دروست دەکەین وەک باران بباڕێت بەسەرتاندا. گوتمان پێیان باشە چاوەڕێ دەکەین، بەڵام ئێوەیش بە بانک بڵێن تۆزێک چاوەڕێمان بکات.

نۆرەی قیستی چوارەم نزیک بووەوە، بەڵام هاوڕێیان تێر دڵم بۆ جووتەگا تەنگ بووبوو. بیرم دەکردەوە گابۆر چۆن فرمێسکی لە چاو



Scanned with CamScanner

دەهاتە خوارێ. جەرگم بۆی لەتلەت بوو. زۆر سەرتان نەیەشێنم، هەموو کێلگە و زەویەکانم فرۆشتن و شوکور قەرزم دایەوە.

- ئەی دواتر، حەمید ئاغا؟

- ئەو سەگانەی ماڵەوەم بانگ کرد-کچ و کوڕ و بوک و زاوا پیرە دەمشرەکە-گوتم: "ئا دەی بێن چاکی بکەنەوە." دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو.

پێم گوتن:

- یاخوا ماڵتان کاول بێ وا ماڵی منتان کاول کرد.

- ئێ دواتر، ئاغا؟

- دواتر، ئاغاکان، هەستام و خستمنە پێشی خۆمەوە. چووینە لای ئەو لاشە مردارەوەبووە. گوتم: "ئێستا پیشانتانی دەدەم چۆن چاکی دەکەمەوە، سەگی کوڕی سەگینە." پیکم گرت بەدەستەوە. بکوتە و بلێ سەدەی بیستەم. بکوتە و بلێ شارستانیەت. بە پیک شیوشیتاڵم دەرهێنا، تا گوێم لە دەنگی پیرەژنەکە بوو دەیگوت: "ئەو کابرایە بگرن، شێت بووە ..."

هەموو هاتن بەرەو ڕووم و منیش پیکم دانا و کەوتمە ڕێ تا گەیشتمە لای ئێوە ئاغاکان.

ئەو کۆمڵە دەبەنگەی تەنیشتم، چاویان کردەوە و گوتیان:

- ئەی دواتر چی، حەمید ئاغا؟

- چی دواتر چی؟ ئێستا. ئێستا تامی ژیان دەکەم پاش ئەوەی قوتارم بوو لەو مەردەلایە ... ئێستا هەست دەکەم تازە لەدایک دەبمەوە.

تەماشایەکی قاوەبەدەستیشم کرد گوتم:

- کوڕم قاوەیەکم بەدڵی خۆت بۆ تێکە.



Scanned with CamScanner

## هەڵهاتن لە ڕۆژی زەماوەندا

ئەمەلـــی تەمەن ١٦ ســـاڵ، لە ڕۆژی بوکێنییەکەیـــدا، ئەو ڕۆژەی دەگوازرێتەوە، دنیا بەدوایدا گەڕان ـــ سەرزەوی، بن زەوی، لە هیچ جێگەیەک دیار نییە. ماڵ نەما تەقە لە دەرگاکەی نەدرێت. چوونە لای هاوڕێکانی، وەک ئەوەی زەوی قووتی دابێت.

دەستگیرانەکەی چووبـووە سـەر دیـواری حەوشـەکە و بە هەمـوو هێزیەوە دەیقیڕاند:

- هەتیو. ئێوە وا دەزانن من گێلم؟ دەی بیهێننە دەرێ، کاڵا هەر جارێ دەفرۆشرێ. هەموو یارییەکانتان ئاشکرایە. پیاو کەمەندکێش دەکەن بە جوانیی کچەکەتان و دواییش دەیشارنەوە.

باوکی ئەمەل بە تکا و لالانەوەوە دەیگوت:

- دەخیلە، تۆزێک دەنگت نزم کەرەوە، سلێمان ئەفەندی. فەرموو دابەزە و وەرە ژوورێ با لێک تێبگەین.

تا خزم و کەسی بووک زیاتر دەلالانەوە، ئەو توندتر دەیشیڕاند:

- پێنج یان شەش ساڵە ئێمە نەهاتوینەتە ئەم ماڵەوە. ئێسایش بۆ فێڵ و تەڵەکە نەهـاتووین، بەڵکـو هـاتووین لەسـەر فەرمـانی خـودا و سـوننەتی پێغەمـبەرەکەی ... هەتیـ ... دەتـانەوێ کەرامەت و شـکۆم لەکەدار کەن؟ خۆ من گیرفانتانم پڕ لە پارە کردووە. ئیدی چیتانەوێ لەوە زیـاتر؟ منتـان لەنـاو بـرد، خـوا لەناوتـان بەرێ. بەو گشـتە خەرجییەی کە لە ئێوەدا کردم، ئەوە نەبوایە ئێستا نۆ ژنی دیکەم هێنابوو. بەڵام ئامانجی من زەماوەند بوو لەگەڵ کچێکی تێگەیشتووی هاوچەرخدا.“

دایکی بووک بەدەم گریە و زارییەوە هاتە دەرێ:

- دەسم دامێنت، سلێمان بێگ، وەرە ژوورێ و چیت دەوێ بیکە.



Scanned with CamScanner

بەلام سلێمانی دوگمەچی تا دەهات پتر دەیشیڕاند:

- ئەوەی دەیەوێت من زۆج بکا، "لەم یەلید وەلەم یولەد."[١]

دەر و دراوسێ لەتاو هاواری دوگمەچی خڕ بوونەوە، دەتگوت ڕۆنی قازی خواردووە.

- ئەگەر هەموو مەسروفاتەکەم بۆ بگەڕێننەوە کە لە کچەکەتاندا سەرفم کردووە، واز لە کچەکەتان دێنم.

- باشە بۆت دەگەڕێنینەوە. بە خوا بۆت دەگەڕێنینەوە. بەلام ئێمە لەکوێ زاوای وەک تۆمان دەسەکەوێ؟ ئەو بێقیمەتەی ئێمەیە قەدری تۆ نازانێ. ئەو قەحبەیە حەیای ئێمەی برد، ئابڕووی بۆ نەهێشتینەوە. بە خوا ئێمە لە قسەی خۆمان پەشیمان نەبووینەتەوە.

دایکی کچەیش دەستی بە قسان کرد:

- ئەوەی کە داوامان کرد، هەموویت کڕیوە، تەنانەت گوێرەوی و پێلاو و ...

- پێلاو. جا ئەوە چ پێلاوێک بوو؟ لە ژیانیدا پێلاوی وای لە پێ نەکردبوو. ئەوەم بە کرێی کارکردنی یەک هەفتە بۆ کڕیبوو. خوا بمکوژێ لێرا ئەگەر درۆ بکەم.

جگەرەیەکی داگیرساند و گوتی:

- خوا ئەم جگەرەیە بکات بە چاوما ئەگەر درۆ بکەم. چ دەزگیرانێ وەک من مامەڵە لەگەڵ دەسگیرانی خۆیا دەکا؟ ئا دەی چیم خەرج کردووە، هەموویم بۆ بگەڕێننەوە.

دایک گوتی:

- بێگومان هەرچییەکت خەرج کردووە، هەموویت بۆ دەگەڕێنینەوە.

پیاوەکە قسەی هێنا بەناو قسەی ژنەکەیدا:

- ئادەی هەستە هەموو دیارییەکانی بۆ کۆ کەرەوە.

---

[١] ئایەتێکی قورئانە. واتە: لەدایک نەبووە و لەدایکیش نابێت. (و. ک.)



Scanned with CamScanner

چـنە هەمـوو شـتەکانی هێنـا و فڕێـی دانە بەردەم دوگمەچیـیەوە، لە کاتێکدا دوگمەچی خەریکی ژماردنی شتەکانی بوو.
- مـن دوو ڕۆژ هەمـوو بـازاڕی مەحمـوودییە گەڕاوم تـا جـوتێ شەحاتەم بەدڵ بوو، کڕیم و هێنامەوە.
دایکە بەدەم لۆمەی کچەکەیەوە:
- ئەی خوا عەوزەڵت بڕێت چ کچێکی!
سلێمانی دوگمەچی گوتی:
- بەو خـوایە زەرەرتـان کـرد. کچەکەتـان لەکـوێ دیـاریی وای بـۆ دەکڕدرێ؟ ئەم گوێرەوییانە نابەمەوە، بەکار هاتوون.
دایکی وەڵامی دایەوە:
- بەو خوایە یەک جار زیاتری لەپێ نەکردوون.
- مـن هەقـم چیـیە؟ شـتی بەکارهـاتوو وەرنـاگیردرێتەوە. ئـا دەی نرخەکەی ببژێرن. هەشت لیرە و نیو. لەسەدا سەد نایلۆنە. ئەگەر بڕوا ناکەن، ئەوەتا ناونیشانی دوکانەکە و بڕۆن لێی بپرسن.
بەردەوام بوو لە ژماردن.
- یەک خـاولی. دوو پـانتۆڵ. ئەو دوو پـانتۆڵەیش وەرنـاگرمەوە. تـۆ تەماشای ئەو کچە بکە. دەڵێی ماڵی باوکی بووە وای لەبەر کردوون! مـن چـۆنی بـکەمە دیـاری بـۆ ئەو کەسـەی کە مـارەی دەکەم. ئەو ڕەفتەیەیش. قەینا ئەوەیان وەردەگرمەوە.
دراوسـێکان دەیانـدا بە دەسـتی خۆیانـدا کە ئەمەل چ دەسـگیرانێکی لەدەسـت چـووە. دوگمەچیـیش هەر خەریکـی لاوانـدنەوەی شـتەکانی بوو.
- ئا ئەو گەردەنبەنە، دوو لیرە و نیوم پێ داوە.
پاش ئەوەی سلێمان دڵنیا بوو لە گشت دیارییەکانی، ئەوجا هاتە سـەر باسـی بژاردنـی پارەکـان کە لە کـاتی پیاسـە و گەڕانەکانیانـدا سـەرفی کردوون.

- بیهێننە بەرچاوتان، ڕۆیشتینە شیرینیخانەیەکەوە. پێم گوت: "چیت حەز لێیە بیخۆ و بیخۆرەوە." پێم گوت کە لەسەر دڵی دەزگیرانەکەی خۆی تێر بکات و هەرچییەکی حەز لێیە بیکڕێ. کەستەر بە کرێمم بۆ کڕی ــــ سێ جار. سێجاریش چووینە سینەما، تەکسیمان گرتووە. ئای بە گۆڕی بابی. هەندێکیانم بیر چوونەتەوە. ئێستا من چی بکەم. وەڵایی یەک دنیا پارەم بۆ خەرج کردووە.

دایکی گوتی: "تۆ ڕاسەکەی، سلێمان. هەرچی دەڵێی ڕاسە، ڕۆڵەکەم.

- دۆخی دەروونیم یارمەتیم نادا گشت شتەکانم بیر بکەونەوە. ئای چەندە تووڕەم ... ئا، ئا، ئا، بیرم کەتەوە. پێکەوە چووین بۆ کافتریایەک لەوێ دە لیرەم بۆ خەرج کرد.

تەماشایەکی باوکی کچەی کرد: "ئەو ئارەقەت بیر چووەتەوە کە بۆم کڕیت؟ فاخیرترین جۆری عارەق. کێشە نییە هەموو شتەکانتان لێ ناسێنمەوە، بەڵام هێندە بزانن ئێوە منتان زۆج کرد، زۆج."

باوکی ئەمەل داوای لێ کرد بواری بدات تا هەموو پارەکەی بۆ ببژێرێت. سەرجەمی پارەکەیش ٢١٨ لیرە بوو.

دوگمەچی نەوەستا قسەی کابرا بدات لە زەوی، پێی بڕی:

- نەخێر ناکرێ. وەگەرنا داواتان لەسەر تۆمار دەکەم. بە دادوەر دەڵێم کە لەبەرانبەر مارەکردنی کچەکەیاندا کاژیان لێ کردوومەتەوە وەک مار. داوای قەرەبووی حەیا و شەرەفی خۆم دەکەمەوە.

لەو کاتەدا دەنگی ترۆمبێلێک وا بەرەو ئێرە دەهات. شتێکی سەیر. ئەمەل گەڕایەوە، بەڵام لەماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا هێندە گۆڕابوو، کەس نەیدەناسیەوە. تەنانەت دایکوباوکەکەی خۆی کە گەورەیان کردبوو، ئەوانیش بە هەزار حاڵەحاڵ ناسییانەوە. ئەمەل دابەزی و جلوبەرگێکی سەیری لەبەردا بوو. دراوسێکان سەریان کرد بەیەکدا: "بە خوا لەوانەیە ئەخلاقی شڕ بووبێ." بازنگی قایمقایمی لەدەست کردبوو،.قژی زەرد کردبوو.

ئەو کاتەی ئەمەل خۆی بەژووردا کرد، دوگمەچی دەینەڕاند:



Scanned with CamScanner

- ئێوە ماڵ و دارایی منتان گشتی حەپەلووش کردووە. ٢١٨ لیرەم دەوێ.
ئەمەل لە دایکی پرسی:
- ئەوە ئەو کابرایە چی دەوێ؟
- ماڵەکەی دەوێتەوە.
- کام ماڵ؟
- دەڵێ چوونەتە شیرینیخانە و سینەما و، گوێرەوەی بۆ کڕیویت و چی و چی.
- نەخێر من هێندە خوێڕی نیم داوای ئەو شتانە بکەمەوە. بەو خوایە ١٠ هەزار لیرەیش بێ، داوای ناکەمەوە. شوورەییە بۆتان وا دەڵێن. من هەموو شتێک دەکەم بە قوربانی.
ئەمەل سەرێکی بەرز کردەوە و گوتی: "تا ئێستایش هیچ تێناگەم، بەڵام با گشتتان بزانن کە من تاعین بووم. هەرگیز شوو ناکەم، شتی وا ئەستەمە." لە جانتاکەیشی سێ کاغەزی سەد لیرەیی دەرهێنا و بە ناوچاوی دوگمەچیدای کێشان. "ها بیگرە سەرسواڵکەر. مامۆستاکەم شتی وا هەر بە بەخشش دەداتە گارسۆنەکان. ها بیکە بەو چاوە برسیانەتا."
بە لەنجە و لارێکەوە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووەوە و گوتی:
- ئادەی بەرەو بیئوغلان.
دوگمەچی عاری نەنا، هاواری کرد:
- وەڵا شووشەیەک عەتریشم بۆ کڕیوە، کوا پارەکەیم بدەنەوە ئینجا بڕۆن.

***



Scanned with CamScanner

# ئاوێنەی موجیزە

"داود سێوەر" تا چەند ساڵ لەمەو بەر دوکانێکی بچووکی فرۆشتنی کەرەستەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی هەبوو. بە هۆی ئەو دەعوەت و میوانداریيانەی هەر دوو-سێ هەفتە جارێک لە ماڵی خۆیدا سازی دەدان، بۆتە پوڵدار و دەستی دەڕوا. "داود بەگ" ئیدی پێویستی بە کەرەستەی کۆن نییە. بەڵام هەر وەکوو جاری جاران ناوەناوە برادەران دێنە سەردانی.
پێش هەفتەیەک، میوانییەکی وای ساز کرد.
"لابادا"ی بەڕێوەبەری بانک بە خانمە نەرمونۆڵەکەیەوە. "هەمزە یاتماز"ی سیاسیی ناسراو و ژنخوشکەکەی. "مەدەنی بەگ" دەوڵەمەند و سکرتێرە ناسکۆڵەکەی. "مەمۆزێل ئەپیک"ی ئەرتێستی سەکس. "حاجی عوسمان"ی بازرگانی سەرمەیەدار و چوار-پێنج کەسی دیکەی ناودار و دەوڵەمەند بە شێک بوون لەو میوانییە.
ڕادیۆیەکی هەوەڵ بابی لە گۆشەیەکی میوانخانەکەدا، مۆسیقای کلاسیکی پەخش دەکرد و حەز و ئارەزووی خانمەکانی دەبزواند. وردەوردە شانیان هەڵدەتەکان و چێژیان لە مەیخواردنەوە وەردەگرت.
لەپڕ مۆسیقا نەما. دەنگی وتەبێژ بەرز بووەوە.
"گوێگرە بەڕێزەکان: مۆسیقای کلاسیکی کۆتایی هات. ئێستا ئەم هەواڵە گرنگەتان پێ ڕادەگەیەنین."
ژنە جحێڵەکەی بەڕێوەبەری بانک بە ئیشوە و نازی تایبەتەوە گوتی:
"تکا دەکەم یەکێکتان ئەم ڕادیۆیە بکوژێنێتەوە".
"حاجی عوسمان" لە پەنایەوە دانیشتبوو:



Scanned with CamScanner

- با بزانین چ دەڵێت.
دوای پارچە ئاوازێکی بچووک، دەنگی وتەبێژ هاتەوە:
"بەپێی ئەو زانیارییەی ماوەیەک بەر لە ئێستا لە یەکێک لە شارەکانی ئەمریکاوە پێمان گەیشتووە، داهێنانێکی سەیر و سەمەرە لەژێر تاقیکردنەوەدایە.
"ئەگەر بە ئاسماندا بڵاو بکرێتەوە، تیشکێک لە ئاوێنەکانتاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئاوێنەیەکتان هەبێت و ماوەی بیست ساڵ بێت کەڵکی لێ وەربگرن، هەر کە ئەم تیشکە بڵاو کرایەوە، ئەوا هەموو وێنە و جووڵانەوە و چالاکییەک لەبەر ئاوێنەکەدا کرابێت، زۆر بە سافی و ڕوونی دەیبینن.
"ئەم داهێنانە ماوەتان دەدات ڕابردووی خۆتان لە ئاوێنەکەدا ببینن— ڕۆژگای منداڵی، سەردەمی لاوی، یادی ڕۆژانی ئەوین و دڵداری. یەکەم تاقیکردنەوەی ئەم داهێنانە سەیرە سبەینێ سەعات نۆی سەر لەبەیانی بە کاتی "ئەنقەرە" لەسەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە.
"داواتان لێ دەکەین سبەینێ سەعات نۆی تەواو لەبەرانبەر ئاوێنەکانتاندا چاوەڕوان بن."
"مەدمۆزێل ئەپیک" وەک منداڵی بچکۆلانە دەستی بە چەپڵەلێدان کرد:
"ئای خوایە چەند خۆشە. لە منداڵیمەوە ئاوێنەیەکم هەیە تەواوی تەمەنی خۆمی تێدا دەبینم!"
میوانەکانی کە بە وردی گوێیان لە هەواڵ گرتبوو، هەریەکە لەبارەی ئەو داهێنانە سەیرەوە قسەیەکی دەکرد.
"هەمزە یاتماز"ی سیاسی دەمی بردە بناگوێی "مەدەنی بەگ" و گوتی:
- بۆ منیش باشە. ڕەنگە چل پەنجا هەزار لیرەم دەست کەوێت.
- چۆن؟
- لە میوانخانەی ماڵەکەی خۆماندا ئاوێنەیەکمان هەیە، ئەو کاتەی گەنج بووم یاریی عەشقبازیم لەگەڵ کیژ و کاڵانا لەبەر ئەو ئاوێنەیەدا دەکرد. ئێستا ئەوانە ژن و پیاوی ماقوڵن و ناودارن، سبەینێ ئەگەر



Scanned with CamScanner

وێنەکان بینران، هەڕەشە لە هەمووان دەکەم و دەبێت هەموو ئەو پارەیەی لێم خەرج کردوون، بمدەنەوە.
- ئەگەر قایل نەبوون؟
- بەڵگەیان نیشان دەدەم. چۆن نایدەن؟ هەر بژی ئەم ئاوێنە موجیزەیە.
ژنی "داود سێوەر" لەگەڵ کچە دۆستەکەی "حاجی عوسمان"دا باسی ئاوێنەیان دەکرد.
- ئافەرین بۆ ئەم داهێنانە بەرزە.
- تۆ بۆ؟
- نازانی لەوەتەی ئەو "کاپلان"ـە لەعنەتییە جێی هێشتووم، ئارامم نیە؟ هەر نەبێ لەبەردەم ئاوێنەدا دادەنیشم و تەماشای دەورانی خۆشی و کامەرانی خۆمان دەکەم.
- منیش تۆڵە لە مێردەکەم دەکەمەوە. بە کوێراییی چاوی با بزانێ جاران چەند شۆخ و شەنگ بووم.
میوانانی دیکەیش هەر یەکە ڕا و هەستی خۆی سەبارەت بەو داهێنانە دەردەبڕی. لەناکاو زەنگی دەرگا لێدرا. "دکتۆر شەهاب"ـی دۆستی خۆشەویستیان، پزیشکی ناسراو و ماقووڵی شار، پسپۆر لە نەخۆشیی منداڵبوون و ژنان، دەرچووی بەناوبانگترین زانکۆی فەڕەنسا و ئینگلترا و ئەمەریکا هاتە ژوورەوە.
ئەوەندە پەشۆکابوو، ڕەوشتی ڕێزگرتنی خانمەکانی فەرامۆش کرد کە پێشتر زۆری بایەخ پێ دەدان.
خاوەن ماڵ پرسیاری لێ کرد:
- دکتۆر، خێرە؟ هیچ ڕووی داوە؟!
دکتۆر وەڵامی دایەوە:
- بۆچی گوێتان لێ نەبوو؟
- گوێمان لە چی بێت؟ دەڵێی خوا نەخواسە دەنگوباسێکی ناخۆشت پێیە؟



Scanned with CamScanner

- ئێزگە بڵاوی کردەوە سبەینێ ...
نەیانهێشت دکتۆر قسەکانی تەواو بکات، هەموو تێکرا دایانە قاقای پێکەنین:
- جا بۆ نارەحەت بووی؟
دکتۆر بە سەرسوڕمانەوە قیژاندی:
-لەوە دەچێت هەمووتان شێت بن!
پاشان پیاوەکانی لە ژنەکان جیاکردنەوە و بردنیە گۆشەیەک و قسەی بۆ دەکردن:
- ئەم داهێنانە دەبێتە هۆی بەدبەختیی هەموو لایەکمان. بەش بە حاڵی خۆم بەرانبەر تەختەی نەشتەرگەری ئاوێنەیەکم هەیە.
- جا قەیچێکا؟
- ئێوە نازانن. زۆربەی لەبارچوونی منداڵان لەبەر خاتری شێوە کراون. ئای کە بەدبەخت دەبم.
پیاوەکان تەماشایەکی یەکتریان کرد و هەریەکە ورتەیەکی لێوە هات:
- بە نەعلەت بێت شەیتان.
- ئەمەمان هەر لە خەیاڵدا نەبوو.
- ئابڕوومان دەچێ.
ژنەکانیش لەمەسەلەکە گەیشتن. ئەوانیش لە گۆشەیەکی دیکەدا گرد بوونەوە. ژنی "داود سێوەر" بە ئاهـ و ناڵەوە گوتی:
- خانە وێران بووم. ژن و مێردایەتیی بیست ساڵەمان تێک چوو. کابرا ئاگاداری هەموو شتێک دەبێت. یەکەمیان شۆفێری خۆی بوو. دووەمیان هەر شۆفێر بوو. سێیەمیان خزمەتکار بوو، بێگومان وێنەکانیان لە ئاوێنەدا دەبینرێن!
"فیسیکا خانم"ی ژنخوشکی سیاسیی بەناوبانگ وەک بت وەستا بوو، گوتی:
- جا ئێمە چووزانین ڕۆژێک دێت ئاوێنە قسە بکات؟!
ژنی بەڕێوەبەری بانک گوتی:

- هەموو سبەینییەکی خوا پارەم لە گیرفانی مێردەکەم دەردەهێنا و پێی نەدەزانی.
سکرتێرە ناسکۆڵەکەی "مەدەنی بەگ" لە هەمووان پەرێشانتر بوو. ئەوەی قسەیە بۆی نەدەکرا.
لە کۆبوونەوەکەی ئەولای پیاواندا "حاجی عوسمان" گوتی:
- شەیتا لە خشتەی بردم لەگەڵ کارەکەرەکەی خۆماندا جووت بووم، نازانم چی بکەم؟!
تا دەهات ئاهـ و ناڵەی خەڵکەکە زیاتر دەبوو. لەناکاو "دکتۆر شەهاب" قیژاندی و هەموو کڕ بوونەوە:
- خانمە بەڕێزەکان . دۆستە خۆشەویستەکانم . ئێوە تا ئێستا نازانن ئەم داهێنانە چ بەدبەختیەکی بە دواوەیە.
تێکرا گوتیان:
- ئەم ئاوێنە لەعنەتیانە لەناومان دەبەن!
دکتۆر وەڵامی دایەوە:
- ئەم ئاوێنانە هەڕەشە لە سیستمی کۆمەڵایەتی دەکەن.
پیاو و ژن تێکرا گوتیان:
- دەبێت چارەیەک بدۆزینەوە.
- تا زووە ئابڕومان بپارێزین.
- جا چیمان لە دەست دێت؟!
- ئایا ڕێگەی ڕزگاریمان هەیە؟
دکتۆر گوتی:
- تەنیا تاکە ڕێگەیەکمان لە پێشە.
کەس نقەی لێوە نەهات. دکتۆر درێژەی بە قسە کەی دا:
- تاکە ڕێگەیەک هەمان بێت ئەوەیە کە هەرچی ئاوێنەیە بیان شکێنین و لەناویان ببیەن.
"مەدەنی بەگ" گوتی:
- بەو مەرجەی وەک زیخ و چەو وردیان بکەین.

سکرتێرەکەیشی کە تا ئێستا گێژوویژ بوو، گوتی:
- پێویستە پارچەکانیشیان لەناو دەستاڕ بکوترێن و بکرێنە ئارد.
بە زۆرینەی ڕا پێشنیار پەسەند کرا. میوانەکان بە پەلە بەرەو ماڵەکانیان وەڕێ کەوتن. ئەو شەوە تا بەری بەیان تەپوتۆز لە شار نەبڕا..
پیاو و ئافرەت، بچووک و گەورە ئەوەی ئاوێنەیە وردیان کردن. ئەڵبەت خانووبەرە و کۆشکی ماقووڵ و ناودارەکان زیاتر دەنگیان لێوە دەهات.
سبەینێ زوو، گسکلێدەرەکانی شەقام سەریان سووڕ ما. هەر لایەکی شەقام دەگریت، شوشەی وردکراوە!
لە سەعات نۆی بەیانیدا مۆسیقا دەستی پێکرد.
لەو کاتەیشدا دەنگی قسەکەر بەرز بووەوە: "گوێگرانی ئازیز، هاونیشتمانیانی خۆشەویست . ئاوێنەیەک بتوانێت ڕابردوومان پیشان بدات، ئەسڵەن دروست نەکراوە و نایشکرێت . بەڵام باشترین و سافترین ئاوێنە کە هەبێت، بەرهەمی کارگەی "..."ە. مارکەی تایبەتی کارگەکەتان لەبیر نەچێت. هەر کات پێویستیتان بە ئاوێنە بوو، یەکسەر ئەو مارکەیە بکڕن کە لە ڕوونیدا موعجیزەیە"
ئیدی خەڵکی شار خەمیان نەما.
بەڵێ داهێنانەکە لە ماوەی یەک ڕۆژدا خاوەنەی کردە ملیۆنێر. ویژدانی گەلێکیشی بریندار کرد.

***



Scanned with CamScanner

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قەشە "فاکتۆس" بیەوێت بە ئاسماندا بفڕێت، ئەوە نابێت کەس بە دووری بزانێت، یان پێی سەیر بێت. ئەگەر تا ئێستا نەفڕیبێت، هەر لەبەر ئەوە بووە کە ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤی خوانەناس و بێدین لەسەر ڕووی زەمیندا ماون و دەبێت ئەو ڕێگەیان نیشان بدات.

ڕۆژێکیان، یەکێک لەو ئافرەتانەی بەردەوام ڕۆژانی یەکشەممە سەر لە کڵێسە دەدەن، پرسیار دەکا:

- باوکی بەڕێز! دەمێکە بیر و مێشکم ئاڵۆز و نارەحەتە. ئایا تۆیش وەک ئێمە خۆراک دەخۆی؟

قەشە "فاکتۆس" یەکسەر لە مەرامی ئافرەتی خواناس تێگەیشت. بیری کردەوە ئەگەر ڕاستی بە ژنە بڵێت، ڕەنگە شوێنی خۆی لای ئەو لە کیس بچێت. ئەگەر نا، لە فەرمانی خوا سەرپێچی دەکات. پاشان لەنێوان ئەو ڕێگەیەدا ڕێگەی سێیەمی دۆزیەوە و بە ژنەی گوت:

- خوشکێ . خواردن و نەخواردن ئەوەندە گرنگ نین. ڕۆژی سێ دانە زەیتون دەخۆم و پیاڵەیەک شەراب دەنۆشم. هەر بۆ ئەمەیە کە تاقەت و توانام بمێنێ و تاعەتی خوا بکەم.

ئافرەتی باوەڕدار سەری لەم وەڵامە سووڕ ما.

چونکە تەواوی خەڵکی ئاوایی لەو بڕوایەدا بوون کە قەشە لە چەشنی فریشتەدایە و بەبێ نان و ئاو دەژی.

ژنە دووبارە پرسیاری کرد:

- باوکە داوای لێبووردن دەکەم، دەبێ بمبەخشی، ئایا تۆیش وەک ئێمە باوێشک دەدەیت؟

قەشە "فاکتۆس" گوتی:

- نەخێر، خوشکێ.

- کەواتە ناپژمی؟
- بەڵێ خوشکم، ڕاستت گوت. نەخێر ناپژمم.
- ئەی ئارەقە؟
- نەخێر خوشکێ، ئارەقیش ناکەم.
دوای ئەم پرسیار و وەڵامانە، ژنە بە ترسەوە گوتی:
- باوکی ئایینم، ڕێم بە پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم. لە ڕاستیدا هەموو ئافرەتانی گوند حەز بە زانینی دەکەن.
- قەی‌نا خوشکم. ئەوەی بە خەیاڵتدا دێت، بپرسە.
- ئاخر باوکە شەرم دەکەم.
- شەرمی ناوێ . پرسیارەکەت بکە.
- هین . هین . باوکی ئایین تۆیش وەک ئێمە . چۆنی بڵێم . تۆش دەس بە ئاو دەگەیێنی؟
- دەستبەئاوگەیاندن؟
- مەبەستم ئاودەستە . ئایا تۆیش ...
قەشە "فاکتۆس" بێ سێ و دوو وەڵامی دایەوە:
- نا . نەخێر . نا
ژنەی خواناس دەستی قەشەی ماچ کرد و لە کڵێسە وەژوور کەوت و بەرانبەر حەزرەتی "مەریەم" ئەژنۆی بە زەویدا دا و دەستی کردە پاڕانەوە. پاشان لە کڵێسە هاتە دەرەوە و بە پەلە خۆی گەیاندەوە ئاوایی.
دەستەی ئافرەتان چاوەڕوانی بوون. هەر کە چاوی پێ کەوتن، بە دەم پێکەنینەوە هاواری کرد:
- فریشتەیە . خۆراک و ژەمی بریتین لە سێ دانە زەیتون و پیاڵەیەک شەراب. وەکوو ئێمە نییە. نە باوێشک دەدات و نە پژمین و ئارەقە . هەر مانای دەستبەئاوگەیاندنیش نازانێ.
لەبەر ئەوە، ئەگەر "فاکتۆس" ئارەزووی فڕین بکا، نابێ کەس سەیری پێ بێ!

کەسانێ پێیان وایە کە دوو-سێ پەنجە لە ژوور سەری "فاکتۆس"ەوە ڕووناکی بەرز دەبێتەوە. ئەم قسانە بە دەوروبەری گونددا بڵاو بوونەوە و "فاکتۆس" ناوی دەرکرد. لە هەندەرانەوە خەڵک دەستەدەستە دەهاتنە دیدەنیی و دەستیان ماچ دەکرد و دوعای خێریان دەخواست. هەر نەخۆشێک دەستی ئەوی پێ گەشتبا، یەکسەر شیفای دەدرا، تەنیا تەماشاکردن بەس بوو بۆ شەل و کوێر و شەکەت. هەر ئەوە دەمە چاک دەبوونەوە.

بەم پێیە ئەگەر قەشە "فاکتۆس" ئارەزووی بکردبایە، ئەوە گەورەترین زانستمەندی دنیای مەسیحییەتی لێ دەردەچوو. بەڵام هەرگیزاوهەرگیز نەیدەویست لە کڵێسا دوور بکەوێتەوە و هەموو هیوا و ئارەزووی ئەوە بوون کە فیداکاری ڕێگەی خوا بێت و لە پێناویدا گیان ببەخشێت. بە داخەوە دەسەڵاتی نییە.

ناتوانێت بڕیاری جەنگ بدا، چونکە نە شیری بە دەستە و نە ئەسپ و ماینی لەژێر ڕکێفدایە. هەر بۆیە هەمیشە مات و مەلوول بوو. ئەوە بوو لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕەبەق لە پاڕانەوە، نە نانی خوارد و نە ئاوی نۆشی. سبەینێی ڕۆژی سێیەم، بەدەم دەنگێکەوە بەئاگا هات:

"ئەی قەشە فاکتۆس! دوعاکانت وەرگیران . هەر ئێستا بەرەو دەریا بکەوە ڕێ و ئاگری ڕووناکیی پیرۆزی ئێمە لەنێو دڵی خواناسەکاندا داگیرسێنە."

"فاکتۆس" دامێنی عەبا ڕەشەکەی لە کەمەر دا و بۆی دەرچوو. شەو و ڕۆژ وەستانی بۆ نەبوو. ماوەی یەک ساڵی خایاند، تا گەیشتە کەناری دەریا. سەرنجێکی شەپۆلەکانی دا و لەسەر گردێکی بەرز خۆی چەماندەوە و ڕووی کردە ئاسمان:

"خواوەندگار . وا گەیشتمە دەریا. ماوەم بدە هێرش بەرمە سەر خوانەناس و بێئایینەکان. با لە ڕێی تۆدا سەر بنێمەوە و شەهید ببم."

کەنار دەریا مەیخانەیەکی لێ بوو. شەوان دەریانەوانەکان دەیانکردە شوێنی بەزم و مەینۆشین و گاڵتەوگەپ و، قاقای پێکەنینیان، بە

تایبەتی هیی ژنان، عەرشی دەهێنایە لەرزین. "فاکتۆس" تێگەیشت کە بەڵێ خوا ئەوی لە خۆڕا نەهێناوەتە ئێرە. داوای لە خاوەن مەیخانە کرد بە سەرۆکی دەریانەوانەکانی بناسێنێت. ئەویش ناونیشانی پاپۆڕێکی بۆ هەڵدا کە لە بەندەرەکەدا لەنگەری گرتووە. قەشە "فاکتۆس" بە پەلە خۆی گەیاندە کەشتی و لە ناخودا[1] وەژوور کەوت. بینیی وا ناخودا ژنێکی لە باوەش گرتووە و سێ ژنی نیمچە ڕووت دەوری ئەو و سێ کەسی دیکەیان داوە و خەریکی "پۆکەر"ن. ناخودا چاوی چەپی بە دەسماڵێکی ڕەش بەستووە و وێنەی ئافرەتێکی ڕووتیشی لە بازوو کێشراوە. کابرا چاوی بە "فاکتۆس" کەوت، گوتی:

- عەبارەش چیت گەرەکە؟ لێرە چی دەکەیت؟

- لە لایەن یەزدانەوە هاتووم، نووری ئەو بخەمە نێو دڵی ئەو جحێڵانەی جەنگی گاور و خوانەناسەکان دەکەن.

- ناخودا پێکەنی و گوتی:

- جا چیت بۆ بکەم؟

- تکام وایە لە کەشتیەکەی خۆتدا جێم بکەیتەوە.

- ئەی عەبارەش، ئاخر تۆ بە کەڵکی چیمان دێی؟

- کە ئێوە خەریکی جەنگ دەبن، من دوعاتان بۆ دەکەم و لە خوا دەپاڕێمەوە سەرتان بخات.

ناخودا قیڕاندی:

- دە توو خوا تەماشای بکەن! ئای لەم کابرایە! تا ئێستا پای هیچ ئافرەتێک بەسەر ئەم کەشتییەی ئێمە نەکەوتووە و، دە فەرمووون عەبارەش دەیەوێت سەفەرمان لەگەڵ بکا! لەوە دەچێت سەفەری ئەم جارەمان پڕ بێت لە بەزم و شادی. زۆرباشە عەبارەش، ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ لەگەڵ سێ کەشتیی دیکەدا بەڕێ دەکەوین.

---

[1] ناخودا: کاپتنی کەشتی

قەشە "فاکتۆس" سواری کەشتی بوو. شەوەکەی هاکەزاییی ڕابوارد. بەری بەیان، زریان و تۆفان هەڵیکرد. "فاکتۆس" ڕەنگی بزڕکا و ترسی لێ نیشت.
بەردەوام دەڕشایەوە. دەریانەوەردەکانیش گاڵتەیان پێ دەکرد.



Scanned with CamScanner

## له چاپدان بووه

ڕۆژێکیان خۆی و ژنەی نووسەرەوەی[1] دووقۆڵی لە چاکە و پیاوەتیی خاوەن کارخانە دەدوان:

- خوا تەمەنی درێژ کات. بەڕاستی پیاوی چاکە. کە هاتمە ئێرە بە هەمیشەیی دایمەزراندم و مانگی هەشتا لیرەی بۆ بڕیمەوە. دوایی کرامە پاسەوانی شەو بە سەودە لیرە. ئینجا بوومە نووسەر و مانگانەم گەیشتە سەوحەفتا لیرە. دواتر ژمێریار بە دووسەوشازدە لیرە و، لێپرسراوی عەمبار بە دووسەوپەنجا لیرە. وا ئێستا بەڕێوەبەرم، مووچەی مانگانەم دووسەوشەش لیرەیە.

ژنەیش خۆی بە قەرزار دەزانی و باسی چاکەی خاوەن کارخانەی کرد:

- منیش سەرەتا بە پاککەرەوە دامەزرام و مانگانەم چل لیرە بوو. دوای ماوەیەک کرامە جلشۆری ماڵەکەی خۆی و مووچەم کرایە شەست لیرە. ئینجا نووسەرەوە بە هەشتا لیرە و، چێشتلێنەر بە سەد لیرە. ئیدی خۆت دەزانی بۆچی پازدە لیرەی بۆ زیاد کردم!

"سەلامەت" لە قسەی ژنە تێگەیشت و گوتی:

- بەرانبەر ئەم هەموو زەحمەتە مانگانەکەت کەمە.

ژنە پێکەنی:

- ئەی خۆت بۆ ناڵێی؟ بۆچی ئەو مووچەی وەریدەگریت زۆرە؟

"سەلامەت" سەیرێکی خانمەکەی کرد. وەبیری هاتەوە کە بەڕێوەبەرایەتیی کارخانە لە هەردووکیان بترازێت کەسی تری تیا نییە. کەمێک بیری لە وەزیفەی ژنە کردەوە و گوتی:

---

[1] نووسەرەوە: تایپیست

- نەخێر، نەخێر. ئیدی من چیترم ناوێت. ئەو مانگانەی وەریدەگرم سەر و زیادە. بەڵام ئەگەر ژن دەبووم، خاوەن کارخانە تۆی وەردەر دەنا و بیست لیرەی دیکەیشی بۆ من زیاد دەکرد. نا، نا . من بەمە ڕازیم. ئا، بەڵێ ڕازیم.



Scanned with CamScanner

## گەشتێک بۆنێو مانگ

لا پەڕەی هەر کام لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەمەریکایی هەڵدەیتەوە، دەیان جار ئاگاداری و بانگەوازی پێکهێنانی کۆمەڵی سەیر و سەمەرە دەخوێنیتەوە—وەک "ئەنجوومەنی مرۆڤی شەش پەنجە،" "کۆمەڵەی بالا بەرزان،" "یانەی ئەو پیاوانەی لە ژنەکانیان دەترسن" و گەلێک بارەگای دیکەی لەم چەشنە. خۆ شەندە لە مەندە کەمتری نییە! وا ئێمەیش "کۆمەڵی گەشتی نێو مانگ"مان پێک هێنا! پێتان وایە کارێکی گرنگمان نەکرد بێت؟

بەندە کە نەک پاریس و نیۆرکم نەدیوە، بگرە هێشتا نە چوومە ئەنکەرە و ئیزمیر و، ڕێگەی دووەم هێڵی "تراموای" نێوان هەردوو گەڕەکی "شیشلی" و "سرکەچی"یە. گەشتێکی نێو مانگم تەواو لا خۆشە. هەر بۆیەشە بەوپەڕی گەرمی و دڵخۆشییەوە بوومە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە.

دەوری خوانچەی[1] فراوێنمان دابوو. باسی گەشتی نێو مانگم بۆ خاوخێزان دەکرد. چاییمان خوارەدەوە و قاوەمان نۆشی. لەسەر قەنەفەیەکی نزیک زۆپاکە دانیشتم، بیرم لە گەشت دەکردەوە. لەناکاو خۆم لە ڕێگادا بینییەوە. وەک لە جیاتی گۆشت و ئێسقان، "مازۆت"م لەژێر پێست کرابێت، هەستم بە لەشسوکی دەکرد و بەرەو ئاسمان دەفڕیم. دەنگێک هاتە گوێم، هانی بەرز بوونەوەی دەدام:

- بفڕە، گیانە . بفڕە، مەترسە!

ئیدی بەرزەوە بووم. هەوەڵ لە نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی بەرزتر بووم. پاشان لە کرێی خانوو، ئینجا لە هەقدەستی بەرگدروو.

---

[1] خوانچە: سینی

هەرچەندەی بەرزتر دەبوومەوە، هەندێک وزەم لێ کەم دەبووەوە. دەترسام لەو بەرزاییەوە چەشنی ئەو کەسانەی لە بارێکی نائاساییدا بەرز دەبنەوە، بکەومە خوارێ و تەپڵەی سەرم بەر زەوی بکەوێت.

هاوارم کرد:

- کۆمەکم کەن.

دەنگێک پێی گوتم:

- ئارامت بێ. ئەوەندەت نەماوە.

- کەڵک نادا. کونەکان زۆرتر دەبەن. ئەگەر نەگەنە هانام، تیا دەچم.

-ئەوا تانکیی گازێکمان بۆ ڕەوانە کردی.

تانکیی گاز گەیشت. دووبارە بەرزبوومەوە.

ئەوە بوو خۆم لەسەر مانگ بینییەوە. چەند ئادەمیزادێکی خۆمانئاسایی دەوریان دام. یەکێکیان وەک سەرکاریان بێت، گوتی:

-بەخێر بێن.

-سپاستان دەکەم.

سواری دەزگایەک بووین. هێندەی چاونووقاندنێک گەیشتینە شارێکی گەورە. چووینە فەرمانگەیەک لە بەردەرگاکەیدا نووسرابوو "زانکۆی مانگ."

کە گیرفانەکانیان پشکنیم، زۆر تووڕە بووم. ویستم نارەزایی دەرببڕم، پۆلیسەکان ماوەیان نەدام:

- ئێرە زەمین نییە. حەوسەڵە و کاتی گوێدانە قسەی پووچ و بێکەڵکمان نییە.

منیان بردە شوێنێک هەر لە تیاترۆکانی وڵاتی خۆمانی دەکرد، خەڵکەکە وەک ئەوە دەچوون لە یاریگەی تۆپانێ دانیشتبن.

بەڵام وەکوو ئێمە هاواریان نەدەکرد "پاس دە . خێرا ڕاکە . گۆڵ کە." لەبەردەم تەختەیەکیان وەستاندم، پرۆفیسۆر دەستی بۆم درێژ کرد و گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەمەی وا لە بەرچاوتانە، نموونەی گیانلەبەرێکی سەر ڕووی زەمینە. لە دەرسەکانی ڕابردووماندا بە دووروودرێژی ئەم بابەتەم بۆ باس کردوون. ئێستا باسی چۆنیەتیی پەیدابوونی زەمین دەکەین و بزانین خەڵکەکەی ئەوێ لەکوێوە هاتوون.
پرۆفسیۆر درێژەی بە قسەکەیدا و گوتی:
- دانیشتووانی سەر ڕووی زەمین وا دەزانن مانگ پارچەیەکی زەمینە و جیا بووەتەوە. کەچی بابەتەکە بە پێچەوانەی زانیاریی ئەوانەوەیە. نزیکەی "٥٠" هەزار ساڵی ڕووناکی لەمەو بەر، شێت و ملهور لەناو مانگدا ژمارەیان زۆر دەبوو. هەڵساین شێتخانەی فراوانمان دروست کردن، بەڵام لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا جێگەی شێتێکی تیا نەما و بە کردەوەی تورەهات گزیرەکانیان ئازار دەدا. سەرەڕای ئەوەی کە مەترسیی ئەوە هەبوو نەخۆشییەکەیان بڵاو بێتەوە. هەرچەندەی هەوڵمان دا و کۆشاین لە خەڵکیان دوور خەینەوە، بێسوود بوو. ناچار بووین دانیشتووانی سەر ڕووی مانگ لە دەست ئەو شێت و بێئەقڵانە ئاسوودە بکەین. بڕیارمان دا پارچەیەک لە مانگ جیا بکەینەوە و ئەوانی تێدا نیشتەجێ بکەین.
گوێگرەکانی پرۆفیسۆر تێکڕا هەڵسانە سەر پێ و گوتیان:
- میکرۆب . میکرۆب.
پرۆفیسۆر بە دەست هێمنی کردنەوە و گوتی:
- ئێستا ئەوانە چەند دانە تۆپ و فرۆکەیان دروست کردووە، بەو خەیاڵەی هێرش بهێننە سەر ڕووی مانگ و داگیری بکەن.
تا دەهات هەراو هۆریایان زیاتر دەبوو:
-مبیانکوژن . پارچەپارچەیان کەن.
نەمدەزانی چی دەڵێن. چەند کەسانێک تاویان دامێ. یەکێکیان لە پاڵەوان و وەرزشکاری دەکرد، توند بەرۆکی گرتم و پڕی دایە قورگم. کەوتمە لرخەلرخ و خۆبادان و بە زەحمەت لە چنگی خۆم ڕزگار کرد.



Scanned with CamScanner

ژن و منداڵەکانم دایانە قاقای پێکەنین. وا لەسەر قەنەفەوە کەوتمە خوارێ، بڕبڕەی پشتم ژانی کرد.
بەڵێ، ئەوەی بینیم خەون بوو!
دەستێکم بە قوڕگمدا هێنا و گوتم:
- پڕۆفیسۆر ناهەقی نەبوو . بەڕاستی شێتین!



Scanned with CamScanner

لە سەرانسەری ئاواییی "گلۆر"دا هاوتای لاوێکی ژیر و میرکوڕ و هۆشمەندی وەک "محەممەد" پەیدا نەدەبوو.
سەرەڕای قۆزی و نەوجەوانیی، تا بڵێیت دامێنپاک و بێگەرد بوو. نە ئارەقی دەخواردەوە و نە قوماری دەکرد و نە چاوی لە عەرز و ناموسی کەس بوو. شەو و ڕۆژ حیسابی باوکی ڕادەگرت. کەچی بەو هەموو خوڕەوشتە پاکەیشیەوە، تا ئێستا نەزاندرا هۆی چی بوو وا شەوێکیان لە پرخەی خەودا "محەممەد"یان کوشت و کزەیان لە جەرگی باوکی کڵۆڵی هەستاند.
عەباس ئاغا گەلێک ئاخ و داخی هەڵکێشا.
ماوەیەکی زۆریش ئەوەی خۆراک بێت تامی نەکرد. بەڵام چ سوود؟ نە بە غەم و پەژارە و نە بە مانگرتن کوڕی جوانەمەرگی زیندوو دەبێتەوە.
لە بەدبەختی و چارەرەشیی "عەباس،" کوڕی بچووکتری دەمڕووتێکی لات و گەلحۆ بوو. تەنیا شتێک فێری بوو بێت، ئازاردانی خەڵک بوو. بە مەست بەدوای ناموسی ئاوایینشینەکانەوە دەسووڕایەوە و، ئەگەر یەکێک نقەی لێوە بهاتایە، ناودەمی پڕ لە خوێن دەکرد.
"عەباس" ئاگای لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کوڕەکەی بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هەر ئەوی بۆ مابووەوە و بە هۆی مەرگی برا گەورەیەوە، ئامادە نەبوو کەس لە گوڵی کاڵتر پێ بڵێت! مەترسیی ئەوەیشی هەبوو دوژمنەکان ئەو کوڕەیشی لەناو ببەن. بۆیە دۆست و ناسیاوەکانی ئاوایی و گوندەکانی دەوروبەری ڕاسپاردووە کە هەرکەسەی پیاوێکی ئازا و سەردەستەی لێ هەڵکەوت، یەکسەر ئاگاداری بکەن.

ئەم هەواڵە لە چایخانەی ئاوایی و لە زارێکەوە بۆ زارێکی دیکە بڵاو دەبووەوە. خەڵکەکە تێگەیشتن کە بەڵێ "عەباس" بەدوای "پاڵەوان"ێکە ئاگای لە کوڕەکەی بێت و، ئەگەر یەکێکی وای دەست بکەوێت، ئەوە پارە و خانووبەرە و زەویی دەداتێ. هەندێک کەسیش لەو بڕوایەدا بوون عەباس ئاغا دوژمنی خۆی ناسیوە و هەر ئەمڕۆ و سبەی تۆڵەی لێ دەسێنێتەوە. ئیدی ڕۆژ نەبوو دە-دووازدە کەس نەیەنە لای. بەڵام هیچیانی پەسەند نەدەکرد.

شەوێکی زستان "عەباس" و خانمی دەوری ئاگردانیان دابوو. چاوەڕوانی کوڕەیان دەکرد بێتەوە. لەناکاو غەڵبەغەڵب و سەگوەڕیان بەر گوێ کەوت. هەردووکیان پەشۆکان. چونکێ وەڕەی ناوەخت نیشانەی زەلامە و خوا بە خێری بگێڕی شتێک ڕوو دەدات. ئەوەندەی نەبرد تەپەیەکی گەورە لە دیواری دیوەخانەکەیانەوە هات. پیرەمێرد گورج هەڵسایە سەر پێ و لە نۆکەرانی ڕاخوڕی:

- عەلییە کەچەڵ، بزانە کێیە.

عەلییە کەچەڵ تا بەردەرگای حەوشە چوو، پاشان بە هەشتاو گەڕایەوە:

- گەورەم نێرە فیلێک هاتووە، سەرتاپای چەک و چۆلە، تەنیا "تۆپ"ێکی کەمە.

"عەباس" لە خۆشیدا وەخت بوو شێت بێت. گوتی:

- زووکە بیهێنە ژوورەوە.

عەلییە کەچەڵ کەتە زەلامی هێنا ژوورێ. لە ڕاستیدا جبەخانەیەکی تەواو بوو. لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری چەکە. دوو جووتە سمێڵی پێوەن هەر لە شاخی ئاژەڵ دەچن. بە دەنگێک کە هەر لە گەواڵەی بەهارانی دەکرد، شەوباشی لە "عەباس" کرد. عەباس ئاغا بە دیدەنیی کابرا شاد بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە ئەو کەسەیە من بۆی عەوداڵ بووم." بە گفتێکی شیرین وەڵامی دایەوە:

- فەرموون. یا خوا بە خێر بێن.



Scanned with CamScanner

پاڵەوان تفەنگی لە شان داگرت و پشتی لێ کردەوە.
هەر پارچە چەکێکی بە قوژبنێکی دیواردا هەڵپەسارد و چوار مەشقی لێی دانیشت. "عەباس" فەرمانی دایە نۆکەری کە ئەسپی "پاڵەوان" داکەن. خۆیشی لە بەرانبەر کابرا دانیشت و گوتی:
- ئێ پاڵەوان . بڵێ بزانم . تۆ خەڵکی کوێی، چ کارەی؟
پاڵەوان قتووی تووتنی لە بەرباخەڵی شەرواڵ دەرهێنا.
جگەرەیەکی پێچایەوە و ئاگری دا. دوو-سێ مژی توندی خێواندێ و تەسبێحێکی دەنک درشتی گرتە دەست و گوتی:
- قوربان لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم. بیستوومە جەنابت بەدوای زەلامێکی وەکوو منا گڕ دەخۆی.
"عەباس" گوتی:
-چۆن زانیت؟
"پاڵەوان" یەک-دوو جار کۆکی و گوتی:
- دۆستێکی خۆشەویستم لە تۆ خاستر نەبێ، کەسانێکی دوژمن بوون. داوای کۆمەکیی لێ کردم. بە گیانی تۆ، هەر ئەو دەمە سواری ئەسپ بووم و خۆم گەیاندە قەڵاکەی. کە گەیشتمە ئەوێ، لە ترسان هەموویان سەرگەردان بووبوون.
"عەباس" بە پێکەنینەوە گوتی:
- بۆ ئەگەر لەوێ بووایەن، چیت دەکرد؟
- هەمووانم دەکوشتن. ئەی چۆن! جەنابت هێشتا من ناناسی. لای من پیاوکوشتن و ئاوخواردنەوە وەک یەک وان، پێنج کەس چییە؟ ئەگەر بەرەنگای دەستەیەکی دوژمن ببمەوە، هەموویان ڕەوانەی جەهەنم دەکەم.
"پاڵەوان" ئحمێکی دیکەی کرد و گوتی:
- دۆستێکی ترم لەگەڵ چەند کەسێک لە زەراعەت و کشتوکاڵ هاوبەش بوون. کاتێک خەبەرمان پێ گەشت دەبێتە شەڕ و گێچەڵیان. یەکسەر خۆم گەیاندێ. لە ئێوارەوە تا نیوەی شەو شەڕمان کرد.



Scanned with CamScanner

خۆر هەڵات، بینیم لاشەی حەو کەسم لە دەوروبەری خەرماندا بەڵاگێڕی تۆ کردوون.
عەباس ئاغا" پرسیی:
- حەو کەس؟
- ئەرێ بە گیانی تۆ. جا حەو کەس بۆ من چین؟ لای خۆمانەوە، هەر کەسێ ناوی منی گوێ لێ بێ، تەزووی بە لەشا دێ. جارێکیان کوڕی دۆستێکم کوژرابوو. پیاوە بکوژەکە هەرچی ماڵ و سامانی دۆستمە بە تالان بردبوو. هەر کە ڕاسپاردەم پێ گەیشت "فریام کەوە،" وەک با خۆم گەیاندێ و تەواوی عەشیرەتەکەم لە پیاو و ژن و منداڵ قڕ و زیندەبەچاڵ کردن.
سێ-چوار پیاڵە چای ئاودییو کردن . باسی ئازایەتی و نەبەردییەکانی خۆی دەگێڕایەوە . حیکایەت شەو کۆتایی نەهات و تا نوێژی نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمی خایاندن. خەڵکی ئاوایی بە کۆمەڵ دەهاتنە ماڵی عەباس ئاغا و تامەزرۆی بینینی پاڵەوان بوون، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد لە دەرگا بدات.
عەباس ئاغا شان و شەوکەتی پاڵەوانی بەدڵ بوو. بەڵام ئەمە دنیایە، با زیاتر دڵنیا بێت! بانگی نۆکەری کرد و گوتی:
- عەلییە کەچەڵ، شکوری خوا دەکەم ئەوەی ئێمە دەمانویست، پەیامان کرد. بەڵام پیاوی چاک بە، با تاقیی بکەینەوە.
عەلییە کەچەڵ گوتی:
- ڕاست دەکەیت، ئاغا. وا باشترە.
عەباس ئاغا گوتی:
- دەمەو ئێوارە ڕەوانەی گردەکانی دەوروبەری ئاواییی دەکەین، تۆ بەر لەو برۆ خۆت قایم بکە و، هەر کاتێک لێت نزیک کەوتەوە، دەنگی بدە بزانە چ دەکا.
- بەسەر چاو قوربان.



Scanned with CamScanner

- هەتیو ئاگادار بە، نەیقەومێنی. کابرا جینگزە با زەبرێکت نەگاتی. ئەگەر زانیت ئەنجامی باش نابێ خۆتی لێ ئاشکرا بکە و مەسەلەی بۆ بگێڕەوە.

- خاترجەم بە، گەورەم.

عەلییە کەچەڵ ئەو قامچییەی گا و گۆلەکەی پێ لێ دەخوڕێت، بە دەستییەوە گرت و بۆی دەرچوو. لە نساری گردێکدا خۆی نایە سەنگەر. پاڵەوان نزیک کەوتەوە. لەناکاو عەلییە کەچەڵ دەرپەڕی و قامچیی بە هەوادا سووڕاند و قیژاندی:

- نەجووڵێی.

کابرا جڵەوی ئەسپی توند کرد و چەقی. عەلی قایمتر نەڕاندی:

- دابەزە.

پاڵەوان لەرزی. عەلییە کەچەڵ قامچیی با دا و گوتی:

- زووکە دابەزە.

پاڵەوان لە جیاتی لە ئەسپ دابەزێ، وەک شەپلە قوڕ تەپییە سەر زەوی.

عەلییە کەچەڵ تێی ڕاخوری:

- جلەکانت داکەنە.

پاڵەوان فەرمانی بەجێ هێنا. عەلی گوتی:

- وەرە پێشەوە.

کابرا بە ترس و لەرز لێی نزیک کەوتەوە. عەلی ئەمری کرد:

- ڕووت بە.

جلی داکەند و فڕێی دانە سەر زەوی. عەلی قیژاندی:

- شەرواڵیشت داکەنە.

پاڵەوان کەمێک داما. لە ڕووی نەهات یەکسەر شەڵواڕ داکەنێت. بەڵام کە عەلییە کەچەڵ دووبارە قامچیی وەشاند، کابرا بە پاڕانەوەوە گوتی:

- بەسەر چاو، قوربان . تورە مەبە. هەرچی ئەمر دەکەی بەسەر چاو.



Scanned with CamScanner

- زووکە دەی.
پاڵەوان شەرواڵی داکەند و بە تکا و پاڕانەوەوە گوتی:
- ڕوخسەتم بدەن دەرپێم لەبەر بمێنێ، هەر وەختە لەسەرمانا بمرم.
- قەوچەقەوچ. دەی جلوبەرگەکانت لەسەر زینی ئەسپ دانێ.
عەلییە کەچەڵ سواری ئەسپ بوو. گەڕایەوە ئاوایی. عەباس ئاغا لێی پرسی:
- ئەی خۆی کوانێ؟
- وا بەدوامەوە دێ.
- کورە حیزباوکە سەرمابردوو دەبێ و دەتۆپێ. زووکە بڕۆ بیهێنەوە.
ئەوەندەی نەبرد فسفس پاڵەوان تەکەتەک هاتەوە. عەباس ئاغا کە چاوی بە سنگ و ورگ و ڕیشی کەوت، پێکەنیی و گوتی:
- ئەوە چییە؟ ئەی تۆ نەتگوت لەشکرێک دەبەزێنم.
پاڵەوان بە شەرمەوە گوتی:
- ئاغا، هەر مەپرسە. نازانی چیم بەسەر هات!
- ئێ چۆن دەبێ، تاکە کەسێک، لە قامچی بەو لاوە هیچی پێ نەبێت، وا ڕووتت بکاتەوە؟
- قسە لێرەدایە. من قامچیم نەبوو. ئەگەر منیش قامچیم دەبوو، نیشانم دەدا هۆقەیە ماست چەند کەرەی لێ دەردەچێ. وام بەسەر دەهێنا کە تا عومری ماوە لەبیری نەکات، حەیف هەموو جۆرە چەک و جبەخانەم هەبوو، تەنیا قامچیم نەبوو . حەیف!

# ئەپارتمان

تـا بڵێیـت شـوێنە تازەکەمـان کـاری تـێ کردبووین. تەنـانەت ژنەکەم دەسـتبەرداری خەو و قسـەکردن بووبـوو. وەک هەمـوو خاوەنماڵێـک فێــری ڕەوشـــت دەبـــووین، بە تـــایبەت کە ژنە زۆر ســـەبرۆکە و لەسەرخۆ ناوی دەهێنام و بە "عەزیز . سەروەرم" بانگی دەکردم.

تێکڕای خێزانی من لە سێ کچی ترشاو و دوو کوڕی سەربەگێچەڵ و خەسـوویەکی هـێمن و کـڕ و بێـدەنگ و خـۆم و ژنـم پێـک هـاتووە. خێزانێکی هەشت نەفەریی بەختەوەرین.

پاش ئەوەی بە خێرە بووینە خاوەنی خانوو، ئیدی دڵم ناهێنێت بە ژنم بڵێم "دایکی منداڵان" و زۆربەی جار منیش هەر بە "عەزیز . شـەریکی ژیـانم" بـانگی دەکەم. لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە پێوەنـدیی خێـزانەکەم گەلێک بەتینە. ئەوەتـا پۆسـتەچی شـایەتە و هەمـوو نامەکـانی خێـزان هەر بۆ یەک ئەدرەس دێنێت!

ئەپارتمان حەوت بەشی لێکجیاکراوەیە و هەر کەسە خۆی بە خـاوەنی بەشـێک دەزانێـت. کە ئـێمە هـاتین، سـێ بەشـی زیـاتر چـۆڵ بـوو. فەرمانبەری خانەنشینەکە و ژن و کوڕی لە نهۆمی یەکەمدا بوون. لە نهۆمی سـێیەمدا پارێزەر و ژنـی و، لە نهۆمی بەرانبەریشـدا پیـاوێکی دەڵاڵی لێ دەژیا. پاشان ڕادیوسازێک هاتە نهۆمەکەی سـەرووی ئـێمە و، حیسـابدارێک بـۆ بەشـی چـوارەم کە خـانوویەکی بچکـۆلانە بـوو. نهۆمی یەکەم و بەشـێکی دواوەی ئەپارتمـان هێشـتا نەفرۆشـرابوو. بە شـێوەیەکی کـاتی دەرگەوان و ژن و منـداڵەکانی تیـا دەژیـان. لەبەر ئەوەی لەسەر نەخشەی ئەپارتماندا شوێنی دەرگەوان دیاری نەکراوە، هەر کە نهۆمی یەکەمـین فرۆشـرا، ئیـدی دەرگەوان بـێ ڕێ و شـوێن مایەوە و، پێوسیتی کرد چارەسەری وەزعی خۆی بکا.



Scanned with CamScanner

جەنابی پارێزەر بەڕێزترین و بەناوبانگترین دانیشتووی ئەپارتمانە. لە ڕاستیدا گەلێک زانا و هۆشیارە. ناوەناوە دوو کەس تووشی گێچەڵ و کێشمەکێش دەکا و کێشەیان دەباتە دادگا. ئیدی خۆی دەبێتە بریکاری یەکێکیان و، پارەیەکی چاکی وەگیر دەکەوێت و کارەکە وەکوو خۆی لێ دەکاتەوە. ئەم کردەوەی پارێزەر نەک هەر لە گەڕەکەکەی خۆماندا باوە، بگرە لەنێو پاس و کەشتییشدا هەر کە دوو کەس قسەیان نەگاتە یەک، ئەوە ڕێگەی دادگایان نیشان دەدا و هەقدەستی خۆی وەردەگرێت.

مووچەخۆرە خانەنشینەکە و ژنەکەی لە نهۆمی یەکەم دەژیان و ئاگایان لە هەموو جووڵانەوە و هاتوچۆیەک بوو.

دەنگوباسی تەواوی دانیشتووانی ئەپارتمان دەزانن. پێم وایە هەر بۆیەیش نهۆمی یەکەمی ئەپارتمانیان هەڵبژاردووە! ئەم ژن و مێردە یەک دەقیقە چییە بەر پەنجەرە بەر نادەن. وەک لە سوپادا سەرباز بن و ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

تەنانەت ئەگەر پیرەمێرد پێویستی بە چوونە سەرئاو بووایە، ئەوە بانگی ژنەی دەکرد جێی بگرێت. کابرا لەبەر ئەوەی نەخۆشیی شەکرەی هەیە، زووزوو ڕێی سەرئاو دەگرێتە بەر. جاری وا دەبوو دامێنی خۆی تەڕ دەکرد، کەچی پێش پەنجەرەی جێ نەدەهێشت!

ئەگەر شەوان دەگەڕامەوە ماڵ، ئەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ئەپارتمان و دەنگوباسی خاووخێزانی خۆمە، هەموویانم لە یارۆی خانەنشین دەبیست. فێڵ و دەهۆی ژنی پارێزەر و زیادە مەسرەف و دواکەوتنی قەرزەکانی جەنابی حیسابدار و ئەو هەموو ڕکاتە نوێژانەی ژنەکەی قەزایان دەکاتەوە—دەیان ڕووداوی ئەوتۆ کە بە هەواڵی بەپەلە دەژمێردران و بڵاو دەبوونەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەوە، یارۆی دەڵاڵ کە لە بەشی بەرانبەری ئێمەدا بوو، تا بڵێیت پیاوێکی هێمن و کەمدوو بوو.

هەفتەیەک دووای ماڵ داگرتن و بارگە ڕێک خستن، دراوسێکان بەخێرهاتنیان کردین. پاشان ئێمەیش چووینەوە خزمەتیان.
هەموومان، ئەگەر کەم و ئەگەر زۆر، زیاتر لە نیوەی تەمەنمان لە کرێچێتیدا بەسەر بردووە. وا بە خێر لە چنگ خاوەنماڵی بێویژدان ڕزگار بووین.
بە ڕاستی لە قۆناغێکی سەیردا دەژیاین. بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەگەر خاوەن موڵکی تایبەتین، بەڵام لە ڕووی ڕەوشتەوە نەگۆڕاوین، ڕێزی بێپایانی یەکترمان دەگرت و سبەینان وامان "بەیانی باش" و "سەلامەلەیکەم" دەکرد کە هیچ لۆردێکی ئینگلیز ئەو نەزاکەتەی نەبێت.
ڕۆژێکیان دراوسێی بەرانبەر کە هەمان جەنابی دەلالی خانووبەرە بوو، هاتە میوانیمان. پاش قاوە و چایی، هەستم بە نارەحەتی کرد. ویستم بچمە سەرئاو، کەچی ڕەوشتی خاوەنماڵیم ڕێی نەدام. بە بیانووی ئەوەی دەچمە دەرەوە ڕۆژنامە دێنم، خۆم گەیاندە سەرئاو.
کە هاتمە دەرەوە، ژنم و خەسووم گوتیان:
- وەک بڵێی ئەم کابرایە شێتە!
- بۆ؟
- هیچ . لەوەتەی تۆ لە دەرەوەی، ئێمە چاودێریی دەکەین.
- باشە هیچی کردووە؟
- پەتێکی بە دەستەوەیە ئەندازەی دیواری ژوورەکەی پێ دەگرێ.
- باوەڕ ناکەم.
لە کونی کلیلەوە دیقەتێکم دایێ. ڕاستیان دەکرد.
جەنابی دەلال ئەوا زۆر بە وردی و لەسەرخۆوە پانی و بەرینیی دیوارەکان ئەندازە دەکا. گەڕامەوە ژووری، بە تەنگاوی پەتی خستە نێو گیرفان و بەڵگەی نەدامێ. دووبارە هاتمە دەرەوە و خۆم نایە سەنگەر. ئەو خەریکی ئەندازەگرتن بوو. منیش هەڵم کوتایە سەری و ماوەی شاردنەوەی پەتەکەم نەدا و، بەسەیدا قیڕاندم:



Scanned with CamScanner

- ئەوە چ کارێکت بەم پەتە هەیە، ها؟
- ئەندازەی ئەم دیوارەم دەگرت.
- بۆ ئەندازەی دەگری؟
- بزانم ژوورەکانی ئێوەیش بەقەد ژوورەکانی ئێمەن، یا نا. باوەڕ بکە ئەمە جاری سێیەمە ئەندازەیان دەگرم. بەڵام بەداخەوە هەر وەکوو یەک وان. نە کەم و نە زیاد.
تێگەیشتم. بەڵێ، دراوسێی هێمن بەبێ ئاگاداریی ئێمە ئەندازەی ژوورەکانی گرتووە و هێشتا هەر باوەڕی نەهاتووە. ناهەقیشی ناگرم. ئەگەر وا تێبگات و ژوورەکانی ئێمەی فراوان و گەورەتر بێنە بەرچاو. چونکە ژوورەکانی خۆیان پڕن لە کەلوپەل و شتومەک و ئەوانەی ئێمە لە چەند پارچە بترازێن حەشتەبایان تێدا نییە. ئەڵبەت ئەم مەسەلەیەم بە دراوسێکان نەگووت.
حەزم کرد کابرا لەسەر ئەندازەگرتن و پەتراکێشان بەردەوام بێت و ماوەیەک سەرگەرمی بکات. ئەویش یەک و دووی لێ نەکرد و مەترەی بۆ خستە کار. تا وای لێ هات ماوەم دا هەموو ژوورەکان و سەرئاو و ناندینەکەیش[1] بە پەتی ڕەنگاوڕەنگ ئەندازە بگرێت. کاتێک نەبێت کە زانیم لە دەردەسەری بترازێت، هیچی تر نییە!
جەنابی دەلاڵ مەسەلەی خانووی ئێمەی گەیاندە دراوسێکان و هانی دابوون کێشە بەرنە دادگا، بەو هەنجەتەی[2] کە بەڵێ هەموو بەشەکانی ئەپارتمان یەک ئەندازە نین و، کەچی بە یەک نرخ فرۆشراون!
پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەرودراوسێ تێبگەیەنم.
لەم بارەیەوە ماڵ و عەیال گوتیان:
- دەبێ تۆ شکات بکەی، نەک ئەوان!
بە سەرسووڕمانەوە گوتم:

---

[1] ناندین: موبەق، متبەق، مەتبەخ
[2] هەنجەت: بیانوو



Scanned with CamScanner

- شکاتی چی؟
هەرسێ کوڕەکانم و دوو کچ و ژن و خەسووم، هەریەکە پەتێکی لە گیرفانیەوە دەرهێنا و پێکڕا گوتیان:
- جاری دەیەمە خانووی کابرای ڕادیۆساز ئەندازە دەکەین. بۆمان دەرکەوت کە هیی ئەو لەوەی خۆمانە گەورەترە. لە کاتێکدا کە نرخی هەموو بەشەکانی وەکوو یەکە. بۆ دەبێ خانووی ئەو گەورەتر بێ؟
بە ساردی وەڵامم دانەوە:
- ئێوە بە هەڵەدا چوون.
هاواریان لێ هەڵسا:
- یەکێکمان ئا . ڕەنگە بە هەڵەدا چووبێ، بەڵام هەرحەوتمان هەڵە بکەین؟! تۆ دەبێ لەمڕۆ زووتر نییە شکات بکەی.
- ناکرێ. ئەندازەی بەشەکان وەکوو یەکن. باوەڕ ناکەم کەم و زیادیان هەبێ.
ژنم گوتی:
- بۆ کێ گوتوویەتی پان و بەرینیی زیادە؟
- ئەی کوێی گەورەترە؟
هەر حەوتیان یەکدەنگ گوتیان:
- بەرزی یەکەیان. گەرماو و سەرئاویان لە هینەکەی ئێمە بەرزترن.
- چەند بەرزترن؟
- سێزدە سانتیمەتر.
یەک لە کیژەکانم ڕووداوی گێڕایەوە:
- هەر کە چوومە سەرئاو، درکم بەم شتە کرد و بە دایکمم گوت. ئەویش هەر ڕای وا بوو. هەمووموان بەیەکەوە چووینە ژوورەوە. هاتینە سەر ئەو ڕایەی کە زۆر بە وردییەوە ئەندازەی بگرین و بزانین چەند بەرزترە.
- باشە چۆنتان ئەندازە گرت؟
ژنم گوتی:

- هەوەڵ من چوومە سەرئاو. ژنی خاوەنماڵ سەرقاڵی چاتێکردن بوو. ئەوەم بە هەل زانی و دایکم بەرەو سەرئاو پەلەکێش کرد و پاڵیم دایە دیوار و سەرکەوتمە سەرشانی. باوەڕ بکە سێزدە سانتیم بێ کەم و زیاد لەوەی خۆمان بەرزترە.

خەسووم فەرمووی:

- ئەگەر باوەڕیش ناکەی، ئەوە خۆت ئەندازەی بگرە.

- چۆن؟

- زۆر ئاسانە. تۆ دەچیتە سەرئاو و، منیش بە بیانووی دەسشۆرین دێمە ئەوێ.

- ئەگەر کەسێ هاتە ژوورەوە؟

- بۆ چ قەوماوە؟ کە یەکێ لە سەرئاو بێ، کێ مافی هاتنە ژوورەوەی هەیە؟

-ئەی دوایی؟

- دوایی سەرکەوە سەرشانم.

- باشە ئەگەر ئەو کاتە یەکێ ئێمەی بینی؟

- بابە گیان، خۆ ئێرە فەسادخانە نییە کەلەبچە بکەنە دەستمان.

گوتم:

- ئاخر کردەوەی وا لە ڕەوشتی کەسێک ماڵی هەبێت، دوورە.

- توو خوا ئەگەر واز لەم قسانەت نەیێنی. هەمووی چەند دەقیقەیەکە و دەبڕێتەوە. تۆ هەر چەندە قورسیشی، بەڵام قەیناکا ڕاگیرت دەکەم..

جانابی ڕادیۆساز و خێزانەکەیمان ئاگادار کردنەوە،کە بەڵێ ئەمشەو میوانین.

هەر دوای بیست خولەک دانیشتن، خەسووم چووە دەرەوە و ژنەکەم ئامـاژەی بۆ کردم. ویستم هەڵسم، کەچی ڕادیۆساز حەکایەتێکی دوورودرێژی بۆ گێڕامەوە.



Scanned with CamScanner

نازانم چەندی خایاند. ئەوەندەم وەبیرە کە ژنە حاڵیی کردم دوو سەعاتی ڕەبەقە دایکی لە سەرئاوی ماڵی دراوسێکەماندا چاوەڕوانی منە. لە قرچەقرچی ددانەکانیەوە دیار بوو کە زۆر ناڕەحەتە.

بە بیانووی پێویستیی دەستشۆر، هاتمە دەرەوە.

دیار بوو خەسووم تاقەتی چووبوو. پێم گوت:

- ئێستا چی بکەین؟

- پێڵاوەکانت داکەنە و سەرکەوە.

بە زەحمەت خۆم بۆ ڕاگیر دەکرا. ئەویش وەک داربی لەژێرمەوە دەلەرزی. هەرچەندی دەمکرد، دەستم نەدەگەیشتە میچی سەرئاوەکە.

داوام لە خەسووم کرد کە شەیتان بە لەعنەت بکات.

زۆر توورە وەلامی دامەوە و گوتی:

- کەمێ هەوڵ بدە. دەستت دەگا.

هێزم دایە خۆم، ژنە لە ژێرمەوە ترازا و کەوت و، منیش تەپەم لێوە هات و بەسەر ئاوێنەیەکی گەورەدا کەوتم. خوێن فیچقەی کرد.

خاوەنماڵ و خێزانەکەی خۆم کە گوێیان لە ئاوێنەشکان بوو، ڕژانە سەرئاو و ئێمەیان بینی لە پاڵ یەکتردا ڕاکشاوین و دەستیان کێشاین.

ڕۆژی دوایی، لە دەمی مووچەخۆری خانەنشین و ژنەکەیەوە ئەو باسە بڵاو کرایەوە:

"ئاخرزەمانە . خوایە بمانپارێزی! قوڕمساغی بێشەرەف شەش منداڵی زرتەزەلامی هەن، کەچی هێشتا دەستی لە ساختەچییتی بەر نەداوە. دوێنێ شەو لە سەرئاوی ماڵی ڕادیۆسازدا یەخەی پیرە خەسووی دەگرێ. ژنەی بەسەزمان هەرچەندی دەپاڕێتەوە، گوێی ناداتێ. ژنەیش ناچار ئاوێنەی سەرئاوەکە بە سەر و کەللەیا دەکێشێ! ئاخر کەس نییە بەو بێناموسە بڵێ کار و کردەوەی نارێک دەکەی، جەهەننەم. دەبڕۆ لە کاولگەی خۆتدا ملت بشکێنە؟ بۆ ماڵی خەڵک پیس دەکەی؟



Scanned with CamScanner

بەم جۆرە ڕیسوا و لەکەدار بووین. خوا قبووڵ ناکات، ژنی پارێزەر و دەلاڵی خانووبەرە لەم پێناوەدا هەوڵێکی چاکیان دا!

وەک باوە، زۆربەی زۆری ئافرەتان کە لە مێردیان تێر دەبن، زەوق و هەوەسیان دەکەوێتە سەر ئاژەڵی ماڵی، بە تایبەت پشیلە. خانمەکەی جەنابی دەلاڵی عەقاری سەبووریی بە پشیلە دێ و چەند دانەیەکی ڕاگرتوون. خۆ خانمی پارێزەریش لەو کەمتر نییە. سەرەڕای سێ-چوار کوڕ و کچەکەی کە خوا پێی داوە، ئەمەتا حەوت-هەشت نێرە کتک نان دەدات.

ئیدی بە هۆی ئەو پشیلانەوە ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو ئافرەتەوە. ژنی پارێزەر دەچێتە ناو کەوەر و کەرەوزەکانی باخچەی ئەوان. ئەڵبەت دەبێ ئەوەتان پێ بڵێم کە لە بەرانبەر ئەپارتماندا و لە ڕووبەرێکی تەسکدا چەند باخچەی سەوزەیان دروست کردووە و هەریەکەیان دانیشتوویەکی ئەپارتمان سوودی لێ وەردەگرێت. بە هۆی ئەو وەزعەوە ژنی دەلاڵ ساتێک چییە لە باخچە غافڵ نابێ و ڕۆژ تا ئێوارە لەنێوان هەردوو خانمدا قیڕە و هەرایە.

ژنی دەلاڵ تا بڵێیت ئافرەتێکی وەسواس و خاوێنە. ڕۆژ نییە بەرگە دۆشەگ و سەرین نەشۆرێت و هەر لەکەیەکیان پێوە بێت، وا هەست دەکا بە دامێنی خودی خۆیەوەیە. ڕۆژی جارێکیش ژوورەکانی گسک دەدا و پاکیان دەکاتەوە. ژنی پارێزەریش تا بڵێیت پەڕپووت و کەمتەرخەمە. بەری بۆ پشیلەکانی بەرەڵڵا کردووە و بە کەیفی خۆیان لەو نهۆم بۆ ئەم نهۆم جرتوفرتیانە.

ئەگەر ژنی کابرای دەلاڵ ناڕەزاییی دەربڕیبا، وای وەڵام دەدایەوە:

- چی بکەم، خوشکم؟ خۆ ناکرێ لە ژوورەوەیان بکەم. شوکر خۆیشت پشیلەت هەیە و شارەزایانی.

ڕۆژێک پشیلەیەکی ژنی پارێزەر گوڵدانێکی گرانبەهای ژنی دەلاڵی دراوسێیان دەشکێنێت. ژنە دەڵێت:



Scanned with CamScanner

- ده ئاگاداری نێره کتکەکانت بە. نە ژیانمان ماوه و نە ئابڕوو. ئاخر چۆن وا دەبێ؟!
- دڵگیر مەبە، خوشکم. سەدەقەی سەرت بێ. ئەگەر زۆر نارەحەتی، گوڵدانێکت بۆ دەکڕم.
- ئێ خۆ هەر گوڵدان نییە. ئەمەتا دیواری باخچەکەیان تێکداوه و، مەپرسە چییان بەسەر باخچەکەدا هێناوە.
- بەساقەی دەمت بم چ شەکرێکی لێ دەباری! بۆ دیوار موڵکی ئێوەیە وا ئەم بەزمەی بۆ دەگێڕی؟! دیواری باخچە موڵکی هەموومانە. لەوانەیە یەک-دوو ڕۆژێکی دی بڵێی دیواری ساڵۆنی دانیشتن و چاوەڕوانییش هەر هیی ئێوەیە!
دابونەریت و کەسایەتیی خاوەنماڵ وردەوردە بە هۆی پشیلەوە لەناو دەچوون. تا گەیشتە ئەندازەیەک ڕۆژێک ژنی دەلاڵی خانووبەرە هاواری لێ هەڵبستێت و بڵێت:
- هێی ژنی پارێزەر، ئاگاداری پشیلەکانت بە. ئەگینا بە خوا دارکارییان دەکەم.
- حەددت نییە.
- کچێ وریای دەمت بە. پێت دەڵێم پشیلەکانت ڕاگیر بکە. ئەوانە کەی پشیلەن؟ دوێنێ نەختێ کەرەوزم لەبەردەم میوانان دانا، کەچی بۆنی پشیلەکانی تۆی لێوە دەهات. شەرم ناکەی؟ حەیا ناکەی؟
دووای ئەم گفتوگۆیە، شەڕە مەست دەستی پێکرد و هەندێک مووی قژی یەکتریان ڕنی. ئەو ڕۆژە ئەپارتمان لە من بترازێت، پیاوی تێدا نەبوو. ناچار خۆم کوتایە نێوانیان و گوتم:
- ئەمە کردەوەی کرێچی و بێڕێ و جێیە. ئەمە قابیلی ئێوە نییە!
هەر ئەوەندە، یەکسەر یەخە و بەرۆکی یەکتریان بەردا و هەریەکە خۆی بە ژووردا کرد. ئەگەرچی دوای ئەو ڕووداوە شەڕەشەق و هەراوهۆریا هەر بەردەوام بوون، بەڵام قەت نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دەست لە بەرۆکی یەک بنێن.



Scanned with CamScanner

***

له هەوەڵ مانگەکانی هاتنمان بۆ ئەم ئەپارتمانە، گیروگرفتێکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەو پـــارەوەی دەدرایە پاســـەوان، ڕووی نەدا. بەڵام زۆری نەخایەند کە جەنابی خانەنشینی سوپا ئاژاوە و ناکۆکیی نایەوە. کابرا نــاڕەزا بـــوو بەوەی هەریەکە لە دانیشـــتووانی ئەپارتمـــان مـــانگی بیستوپێنج لیرەمان دەدا.

دەیگوت:

- مـن ئەو پـارەیە نـادەم. دەبـێ کەسـانێک بیـدەن کە سـێ تـا چـل پلیەکانەیـان لە بەردەم دەرگـایە. ئەگەر نۆبەتـدار بیسـتوپێنج لیـرە بە ناوی خوێنگرتنەوە وەربگرێ، بەر دەرگای مـن لە سـێ پلیکان زیـاتر نییە. مانـای نییە هەمـوو وەک یەک پـارە بدەین. دەبێ مـن پـارەیەکی ئێجگار کەم بدەم، یا هەر هیچ نەدەم! من خۆم سووتەمەنی و خەڵووز لە عەمبار دەردێنم و ئەوەی کار بێ بە نۆبەتداری ناکەم.

ئیدی کە دەگەڕاینەوە مـاڵێ، ئەو کـابرایە تـا دەنگـی هەبـوو هـاواری دەکرد:

- کـوانێ یەکسـانی؟ ئەوەی نـاوی یەکسـانیی کـۆمەڵایەتییە، مانـای نـازانرێ! کـاکە کەس بەزەییـی بە کەسـا نـایێ. کەس ڕوحـم بە کەس ناکا! ئەوە من با گـاورێکیش بم. ئاخر ڕەوایە لەبری خـاوێنکردنەوەی مەترێـک زەوی بیســـتوپێنج دانە لیـــرە بـــدەم و، ئەوەی لە نهـــۆمی سێیەمیندا دانیشتووە، هەر بیستوپێنج لیرە بدا؟!

کەم تــا زۆر گوێمــان لە ورتەورت و قســـەکانی کــابرای خانەنشـــین دەبوو. کەسمان وەڵاممان نەدەدایەوە و لێی بێدەنگ بووین. ئەو کاتە نەبێت کە پارەی کارەبای نەدا و، گوتی:

- من ئامادەنیم پارەی کارەبای دەرەوە بدەم. یەکەم: شـەوان لە مـاڵی خۆمدا ناچمە دەرەوە تا پێویستیم بە ڕووناکیی گڵۆپەکانی کووچە بێ و، بە سێ دانە پلیکانەیش دەگەمە دەرگا. ئیدی بۆ پارە بدەم؟!



Scanned with CamScanner

لەو بگـــرە و بەردەیەدا ژنەکەم و خەســـووم لەگەڵ فەرمـــانبەری خانەنشـــیندا بەشـــەڕ هـــاتن و ئەوەی بە دەمیانـــدا هـــاتووە، نەیانگێراوەتەوە.

دەمەدەمـی ئێـوارە گەڕامەوە مـاڵێ، هەردووکیـان تـا بڵێـی تـووڕە و تەوەزل بـوون. لە ترسـی ئەوەی نەبـادا بەر غەزەبیـان بکەوم، هـیچم لێیان نەپرسی. ناچار ئەوەی ڕووی دابوو بە درێژی بۆیان گێڕامەوە:

- باشمان نەکرد؟ ئەو جنێوانەی شایان نین؟

گوتم:

- چاکتـان کـرد. مـن لە جـێگەی ئێـوە بوومـایە، هەردوو قاچەکـانی ژنەکەیم دەشکاندن. ئای دەمتان خۆش بێ! بۆ پارە نەدەن؟

بەیـانییەک خەریکـی ڕیشتاشـین بـووم. ژنەکەم بە پەلە خـۆی بە ژووریدا کرد و گوتی:

- زووکە، زوو وەرە!

- چی بووە؟

- هەڵسە، هەڵایە. ژنی کابرای ڕادیۆساز و ژنی دەڵاڵ وا شەڕەکەن.

- ئاخر چۆن بێم؟ دەموچاوم هەمووی کەفە.

- قەیناکا. ڕەنگە تا تۆ ڕیش دەتاشی، شەڕ نەمێنێ.

بە دەستێکەوە سابوون و بەدەستی دیکە گوێزان. خـۆم دایە پەنـای دەرگای دەرەوە.

ژنەکەم گوتی:

- نیـو سـەعات بەر لە ئێسـتا، ئەو کـاتەی دەرگەوان خەریکـی خاوێنکردنەوەی بەردەرگای ماڵی دەڵاڵ دبێت، ژنەکەی دێتە دەرەوەو پێی دەڵێ:

- بڵێ بزانم، ئێمە پارەت نادەینێ؟

- با، چۆن نایدەن، خانم.

- وەکوو ئەوانی تر، یا نا؟

- بەڵێ خانم، ئێوەش وەکوو ئەوانی دیکە بیستوپێنج لیرەم دەدەنێ.



Scanned with CamScanner

- ئەی بۆچی ماوەی دوو سەعاتی ڕێک بەر دەرگای ماڵی ڕادیۆساز خاوێن دەکەیتەوە، کەچی تەنیا چەند دەقیقەیەک لەبەر دەرگای ئێمە دەمێنیتەوە؟! تۆ وا دەزانی سەری مانگ ئەو پارانەی وەریاندەگری لە گیرفانی موبارەکی ژنی ڕادیۆساز دەردێن؟
- نەخێر، دەزانم ئەو خۆی بە تاک و تەنیا نایدا.
- دەبێ ئەوە بزانی کە ئەو پارەیەی لەو چەتیوە وەردەگری، پارەی هەموومانە.
لەو کاتەدا ژنی کابرای ڕادیۆساز دێتە دەرەوە و دەڵێ:
- کچێ، هێی ژن . ئاگاداری زمانت بە.
- درۆی تیا نییە. ئەرێ وەڵلا. هەموومان دەزانین کاروباری ناو ماڵی خۆت بەم نۆبەتدارە نەنکمردووە دەکەی. دەمەوێ بزانم چ جیاوازی یەک لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هەیە، وا بە گەرمی ئیشوکارتان بۆ دەکا!
من لێرەدا گەیشتمە شەڕ و گێچەڵ. ژنی کابرای دەلاڵ گوتی:
- چۆن ماڵتان بۆ خاوێن دەکاتەوە و شتومەکتان بۆ دەکڕێ، دەبێ بۆ ئێمەشی بکا. پێویستە ئێمەش بە ئەندازەی ئێوە سوودی لێ وەربگرین.
ژنەی ڕادیۆساز قیژاندی:
- دەڵەقوڕ، ئاگاداری دەمت بە. من لەو کەسانە نیم تۆ بیری لێ بکەیتەوە! ئەی تۆ نییت کوڕەکەت لە قۆنداغە دەپێچی و لە باوەشی دەرگەوانی دەنێی و دەچیتە سینەما؟ دەمم مەکەرەوە . وس بە.
- خەڵکینە شایەد بن، ئەم ئافرەتە بێئابڕووە چ بوختانێکم پێ دەکا. ئەوە من شکاتی لێ دەکەم. ئێوەش دەبێ شایەدیم بۆ بدەن.
ژنە وەک کەسایەتیی خاوەنملکێتیی وەبیر بێتەوە، کەمێ بێدەنگ بوو. پاشان گوتی:
- حەیف، دەم لە دەمی ژنێکی وەکوو تۆ بنێم.



Scanned with CamScanner

- به قوربانم بی. چاک نەبوو بوونە خاوەن خانوو. ئەگینا کەی ئەم قسانەت دەزانی! خانوو بە قستی بانقە، ئیدی ئەم هەموو ناز و فیزەی بۆ چییە؟

لە دەرگا نزیک کەوتمەوە. هەموو دراوسێکان خۆمئاسایی لەپشت دەرگای ماڵەکانیانەوە وەستاون.

شوکری خوای پێ دەوێت کە ڕادیۆساز لە ماڵ نەبوو، ئەگینا خوا بە خۆی دەیزانی چی بە ژنی دەڵاڵ دەکرد!

بەیانیی ڕۆژی دوواتر، کابرای خانەنشین لەگەڵ ژنەکەی هاتنە ماڵی ئێمە. بەبێ ئەوەی باسی ڕووداوی دوێنێ بکەن، کەوتنە باسکردنی گێچەڵی ئەو دوو ژنە:

- بەڕاستی ئەم جۆرە کردەوانە ناپەسەندن. بابە خەتای دەوڵەتە کە خانوو بە هەرزان و بە قیست دەفرۆشێ و، هەر کەسە هەڵدەستێ و دەبێتە خاوەن خانوو!

خەسووم گوتی:

- ڕاست دەفەرمووی. ئەمانە جێگایان کولخانەیە[1]. خوا خێری دەوڵەت بنووسێ کە ئەوانەی کردنە خاوەنی ئەپارتمان.

داد و فیغان

ئیدی ئەستەمە بتوانم لەم ئەپارتمانەدا بژیم. لە بەدبەختی خۆمانە، چونکە قەرزای بانقم و تاپۆم نییە، ناتوانم خانوو بفرۆشم. ئەگینا ئامادەم زۆر لە نرخی خۆی هەرزانتر هەراجی بکەم. ئەسڵەن شایانی دانیشتن نییە و کرێچیاتی سەد قات باشترە!

ئەو کاتەی نهۆمی ژێرمانەوە بەتاڵ بوو، ژیانێکی ڕێکوپێکمان دەبردەسەر، بەڵام لەوەتەی جەنابی دکتۆر کرێویەتی، ژیانی لێ تاڵ کردووین.

---

[1] کولخانە: توونی گەرماو



Scanned with CamScanner

دکتۆر منداڵی نییە، خۆی و ژنی سبەینان دەچنە سەر کاریان، بەڵام خوانەکا بگەڕێنەوە ماڵ.
کە هۆی ئەمەمان لێ پرسین، فەرموویان کە منداڵەکانی من زۆر بەناو ماڵدا هاتووچۆ دەکەن و دەنگی پێڵاوەکانیان کاسی کردوون.
لە ترسی ئەوەی نەکا خانووەکەمان تێک بچێت، ئەوەی دەنگ بێت لە ماڵی ئێمەوە نایەتـــە پێکەنین و نە گریان و نە پژمین. ئەگەر بپژمین، پشتە ماڵ و پەڕۆ لە دەم و چاومان دەپێچین، نەکا دکتۆر دارکاریمان بکات!
خوا خێری ژنەکەم و خەسووم بنووسێت، فریامان کەوتن و چوونە خزمەتـــی دکتـــۆر و مەســـەلەیان بڕانـــدەوە. بەڵام ئەم جـــارە دەردەسەرییەکی دیکەمان بۆ پەیدا بوو.
دکتـــۆر دەیگـــوت، شـــەوان لە خەودا پرخەپـــرخ دەکەم. ئیـــدی لە نیوەشەواندا دەکەوتە گیان ژوورەکان و ئێمەی لەخەو ڕادەپەڕاند.
ئەمە سەرەڕای ناڵەو شیوەنی خێزانی ڕادیۆساز، بێویژدانە هەر کە دەگەڕایەوە مـــاڵ، ژن و مناڵەکـــانی یەکەیەکە دەدانە بەر مســـت و تێهەڵدان.
کابرا گوێی نەدایە دراوسێتی، شەوێکیان حەوسەڵەم چوو، لێی وەدەرکەوتم و چوومە بەردەرگایان. دەرگای کردەوە. منیش پەڕی پەڕی ئەدەب و نەزاکەتەوە گوتم:
- دەبێ بمبووری. ئێوەیشـــم عەزێـــت دا. وەک بڵێـــی هاتوهـــاوار لە ماڵتانەوە دێ. تکاتان لێ دەکەم، کەمێ لەسەر خۆ بن!
ڕادیۆساز توند یەخەی گرتم و شیڕاندی:
- هاتوهاوار لەکوێ دێ؟
- لەماڵی تۆوە ...
وەک لقە درەختێک منی بە دەستەوە گرتبوو، گوتی:
- بە چ بۆنەیەکەوە؟
- کاکە من چوزانم . خۆتان دەزانن.



Scanned with CamScanner

- پێم ناڵێی هاتوهاواری چی؟
- خۆت باشتر دەزانیت لە ژوورەوە چ باسە، بۆ لە من دەپرسی؟!
- نەخێر دەبێ بیلێی.
جا من چووزانم لەسەر چی هەرایانە! کابرا وای دەنەڕاند، دار و بەردی ئەپارتمانی هێنابووە لەرزین.
خەڵکەکە پەیتاپەیتا لەماڵەکانیانەوە دەهاتنە دەرەوە.
ژنی دەلال، ڕووسوور بێ، فریام کەوت. لە پلیکانەکانی بەردەم ماڵیانەوە سەرکەوت هەردوو دەستەکانی نایە قەدی و قیژاندی:
- ئاخر نا سەلامەت، تۆیش بە ناخێری گیانت دراوسێیت؟ لە دەست هاوار و شیرەشیری ژن و مناڵەکانت هەر وەختە ڕاکەین. شەوێک نییە و دووان نییە، بڵێین قەی‌ناکا . لە جیاتی دەستیان بەسەردا بێنی، دارکارییان دەکەی! بە خوا ئەگەر من لە جێگەی ژنت دەبووم، دەمزانی چیت بەسەر دێنم . ئەو کات دەتزانی ژن چییە!
کابرا بەرۆکی بەر دام و چووە ژووری . منیش ژنەم بەڕێ کرد و گەڕامەوە ماڵەکەی خۆمان و گوتم:
- ئەمانە کەی مانای ئەپارتمان دەزانن؟ ئەمانە جێگەیان گووفەک[1] و زبڵخانەیە. ناپیاوی ناکەسبەچە ئەوەندەی نەما دەستم بە خوێنی گلاو بێ . بە قوربانی ژنی دەلال بێ کە بە هانای گەیشت، ئەگینا دەمکوشت!

[1] گووفەک: سەنێرگا، سەرانگوێلک

# یەکەم کۆبوونەوە

بینـا لەسـەر خواسـتی دەفـتەردار، بەوەی کۆبـوونەوەیەکی گشـتی ببەسـتین و هەنـدێ گیروگرفتەکـانی ئەپارتمـانی تێـدا بـاس بکەیـن، کۆبـــوونەوەیەکی بەجـــێ و ڕێکوپێکمـــان ســـاز دا. کەم تـــا زۆر گیروگرفتمان هەبوو.

ئەو شەوە چووینە ماڵی دەفتەردار، ڕادیۆساز بەرەو پیریم هات، وام زانی پرشەقم دەکا، بۆیە هەر زووبەزوو خۆم ئامادە کرد، کەچی بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی منەوە زۆر بە گەرم و گوڕییەوە چاک و چۆنیی لەگەڵدا کردم و پاشان منی گرتە باوەش و ماچی کردم. منیش هەمان هەڵوێستم لەگەڵ دکتۆردا هەبوو.

دوای ئەوەی دەسـتە ژنـان مـاچ و مووچیـان تەواو بـوو، کۆبـوونەوە دەسـتی پێکـرد. یەکەم کاروبـاری بـرادەران، هەڵبژاردنـی سـەرۆکی کۆبوونەوە و دەستنیشانکردنی سەرۆکی ئاپارتمان بوو. بە زۆرینەی دەنگ مووچەخۆری خانەنشین بە سـەرۆک هەڵبژێردرا. ئینجا بەدوای نێوێکدا گەڕاین لە ئاپارتمانی نێین.

نێوی دیـار و بەناوبانگمـان هەڵگێڕ و وەرگێڕ کـردن، کەچی پەسـەند نەکران. لە نیوەی شەودا کۆتاییمـان بە کۆبـوونەوەکە هێنـاو بڕیارمـان دا کۆبوونەوەی دواتر لە ماڵی پارێزەدا ببەسترێ.

لەو کۆبـوونەوەیەدا، کـاکی پـارێزەر بە دووردرێژی لەبـارەی نـاوەوە دوا، گوتی:

- نـاو بـۆ ئەپارتمـان پێویسـتە. هەڵـبەتە ئەگەر نـاوەکە لە نیشـتمان و یادگارەکانی خۆماڵی بێ گەلێ چاکترە.

دکتۆر گوتی:

- من پێشنیار دەکەم ئەپارتمانەکەمان نێو بنێین "ئاهەنگ."

سەرۆک گوتی:

- ئاهەنگ چییە؟



Scanned with CamScanner

- ئاهەنگ. ئاهەنگ ئیدی.
رادیۆساز گوتی:
- بە ڕای من ناوی بنێن "ئەپارتمانی یەککگرتوو،" چونکە دانیشتوانی بە ڕاستی بەتفاق و یەککگرتوون.
دەفتەردار گوتی:
- ئەپارتمانی یەککگرتوومان زۆرن.
ئەو کاتە ڕوویان لە من کرد:
- بۆچی تۆ ناوێک پێشنیار ناکەی؟
- من هیچم بە خەیاڵدا نایێ، بەڵام ئەگەر ناوی بنێن "کۆمیتە،" وا بزانم خراپ نییە.
بە گاڵتەی تێگەیشتن. ماوەیەک پێکەنین.
دکتۆر گوتی:
- "چوست" چۆنە؟
خانەنشین گوتی:
- باوکە گیان چوستی چی؟ بۆ ئێمە دەرچوووی کۆلێجی سوپاین؟
پاشان دوو کۆبوونەوەی دیکە، بگرە پێنج کۆبوونەوەیش هەر بۆ دۆزینەوەی ناوێک بەستران، کەچی هەر ئاکامیان نەبوو.
لە دوایین کۆبوونەوەدا کە لە ماڵی ڕادیۆسازدا بەسترا، داوایان لێم کرد شەکرێک بشکێنم. هەندێ بیرم کردەوە و، گوتم:
- چۆنە ناوی بنێین "پیرۆز"؟ ئەپارتمانەکەمان تازەیە و، خۆیشی وشەکە پەسەندە.
ڕادیۆساز دەموچاوی بەیەکدا دا و سوور هەڵگەڕا. تۆ مەڵێ ژنی ناوی "پیرۆز"ە و من نازانم!
- ئەم ناوە قۆڕە چییە؟! بە تۆ بڵێن ماڵەکەت لەکوێ یە؟ بڵێی لە پیرۆزم!
بە دەست و بە سەر ئاماژەم بۆ دەکرا. ژنەکەم لێوی دەکرۆشت. گوتم:

- بۆ پێشنیارەکەم داوای لێبوردن دەکەم.
خانەنشین گوتی:
- پێی ناوێ. دەزانین تۆ پیاوێکی گاڵتەچیت و گاڵتە دەکەی.
لە ترسی گیانم گوتم:
- ئا، ئا . گاڵتەم کرد.
رادیۆساز بە تووڕەییەوە لێم وە دەنگ هات:
- ئەم جۆرە گاڵتانە کەرێتین.
ئەپارتمانمان ناو نا "ئاهەنگ." وامان پیشان دەدا کە هەمیشە لە ئاهەنگداین.
سێ-چوار هەفتەی نەبرد سەرۆکی ئەپارتمان دەستی لە کار کێشایەوە. دەمانزانی حەز بەو دەستلەکارکێشانەوەیە ناکا و، هەر بۆ ئەوەیەتی خۆی قورس بکا و هیچی تر. هەندێ لالاینەوە و تکامان لێ کرد. ئیتر وازی لە دەسلەکارکێشانەوەکەی هێنا.
خالۆی نانەنشین بەرەبەرە لە کووچە و بازاڕدا ناوی دەرکرد و ناوی خۆیان لەبیر کرد. لە شیرفرۆشەوە دەگری تا کەناس و میوەفرۆش و جلشۆر و کۆڵبەر، هەمووی هەر بە "سەرۆک"یان ناو دەبرد.



Scanned with CamScanner

# کێ زۆرتر دەڵێ؟

لەسەر دابەشکردنی خەرجی و پارەی بەکارهێنانی ئاو، لەنێوان دراوسێکاندا ناکۆکی سەری هەڵدا.
چەند کۆبوونەوەیەکی بە پەلە و نائاسایی بەستران. لەبەر ئەوەی خانووەکانیان تەنیا یەک سەعاتی ئاویان هەیە، خەڵکەکە وەک یەک پارەی ئاویان دەدایە سەرۆک و ئەویش دەیدایە شارەوانی و پسووڵەی وەردەگرت. بەڵام دکتۆر ناڕەزاییی دەربڕی و گوتی:
- ئەم کارە دادگەریی تیا نییە. باشە بۆچی ئێمە وەکوو ئەوانی دیکە پارە بدەین؟ کەی من و ژنم بە ڕۆژ لە ماڵین؟ پاشان ئێمە ئاوی بۆری نە بۆ چێشت و نە بۆ خواردنەوە بەکار دەهێنین. بۆچی ئێمە بە قەدەر فلانە کەس—واتا من—پارە بدەین؟ ئەوان هەشت کەسن و ئێمە دووان؟
ژنەکەم و خەسووم بەبێ ئەوەی ماوەی من بدەن، گوتیان:
- دکتۆر گیان، بۆ سێ-چوار قرووش خۆت تەنگاو دەکەیت؟
دوایی تێگەیشتم بۆ ناڕەحەت بوون. گوایە دکتۆر وای نیشان داوە ئێمە ئاوی نیشتمانی بۆ خواردنەوە و چێشتلێنان بەکار دەهێنین.
خانمی جەنابی دکتۆر کە لەیەکێک لە بانقەکاندا فەرمانبەرە، ڕووی لە مێردەکەی کرد و گوتی:
- جا گیانە بۆ باسیان دەکەیت؟ ئاوی بۆری دەخۆنەوە ناخۆنەوە هەقیانە. بۆچی خەرجی و مەسرەفی هەشتسەر خێزان وا سووک و ئاسانە؟ ئێمە بۆیە ئاوی شووشە دەخۆینەوە چونکە دوو کەسین.
ژنەکەم توورە بوو، گوتی:
- کچێ درێژەی مەدەرێ. من وەکوو تۆ نەزۆک نیم—منداڵم دەبێت. تۆش ئەگەر خێرت دەبوو، دەزای.
خەسووم گوتی:



Scanned with CamScanner

- ڕۆڵەگیان، خۆتی پێوە مەشغووڵ مەکە. دیارە ژنی نەزۆک ڕقی لە ژنی منالّدارە!
ئەندامان بڕیاریان دا، پارەی ئاو بە گوێرەی ژمارەی سەری خێزان بدرێت. هەڵبەت لەو بڕیارەدا من و خێزانم زەرەرمان بوو. ژنی دەلالّی خانووبەرە بەبێ ئەوەی ناوی کۆرپەی هەشت مانگەیان ببات، گوتی:
- ئێمە دوو کەسین. منداڵەکەمان لە تەمەنێکی ئەو تۆدا نییە، لە شیری من بترازێ هیچی تر ناخوات.
ژنەکەم گوتی:
- نەخێر وانیە. منداڵی ساوا لە گەورە زیاتر ئاوی دەوێ. بۆچی پەڕۆکۆنەی منداڵەکەتان ناشۆری؟
بە هەر حاڵ شەڕوشۆڕی ئەوانمان بڕاندەوە.
بڕیاریشمان دا هەتا هەریەکە و پێوەری ئاو دەکڕێت، پارەکەی بە گوێرەی سەر خێزان وەربگیرێت، بەڵام ئەم جارە باسی ئەو میوانانە کران کە دەستەدەستە دێنە ماڵی جەنابی دەفتەردار و ماڵەکەی بۆتە کاروانسەرا. هەموومان لەوە ناڕازی بووین. ژنی کابرا بە ناز و عیشوەی ملکانە لێمان بەدەنگ هات:
- دەبێ ئەوە بزانن کە ئەسڵەن ئاو ناگاتە خانووەکەی ئێمە. ناچارین ئاوی کانزایی بۆ هەموو جۆرە کارێک بەکار بێنین!
دوای ئەو "کۆنفرانس"ـە و، پاش ئەوەی گوێمان دایە گفتوگۆکانی دکتۆر لەمەڕ زیانی ئاوی بۆرییەوە، بەوەی کە گەلێک نەخۆشی لەگەڵ خۆیدا دێنێت، قیامەت لە ماڵەکەی ئێمەدا بەرپا بوو!
خەسووم، ژن و منداڵەکانم منیان تاوانبار کرد و گوتیان:
- لە سبەینێ زووتر نییە دەبێ وەکوو ئەوانی دیکە ئاوی کانزایی بکرین.
هەرچەندە بە دڵم نەبوو، بەڵام ناچاریان کردم. دوای چەند ڕۆژێک، ئاگام لێ نەبوو، خەسووم پلیکانەکانی بەردەرگای بە ئاوی کانزایی



Scanned with CamScanner

دەشۆری. بە تایبەت ئەو کاتەی ژنی دکتۆر تێپەڕ دەبوو، هەڵبەتە بە دەنگێکی بەرز تا دکتور گوێی لێ بێت، دەیگوت:
- سندانی لێدا . کاشی بە ئاوی بەلوەعە پا نابێتەوە. بە ڕاستی ئاوی ئەم شووشەیە موجیزەیەکە بۆ خۆی.
خۆم بۆ نەگیرا، گوتم:
- دایە گیان، دەزانی ئاوی کانزایی بە چەندە؟!
- ئا. بەڵێ، دەزانم.
- ئەی بۆ کاشیی پێ دەشۆی؟!
-- دڵت هیچ نەکا. هەر ئاوەکەی بۆریە و لە شووشەم کردووە. بۆ ئەوەی ژنی دکتۆر دڵگیر بێ!
پاش ئەوەی بابەتی پارەی ئاومان چارەسەر کرد. لەسەر داوای سەرۆکی ئاپارتمان لە ماڵی دکتۆردا کۆ بووینەوە.
کە گەیشتینە ئەوێ، ژنەکەم چەند جار ژنەکەی دکتۆری ماچ کرد. زۆرم لا سەیر بوو! کۆبوونەوە بۆ دەمەزراندنی دەزگای گەرمکردنەوە تەرخان کرابوو. چونکە خۆم موفلیس بووم، بۆیە دژی ئەو بیرۆکەیە وەستام. سەرۆکی ئەپارتمانیش گاڵتەی بەم بەزمە دەهات! جەنابی پارێزەریش گیرفانەکانی گەرمن و هەر بۆ ئەوەی خۆی بە پۆڵدار و دەوڵەمەند نیشان بدات، دەیگوت:
- ئەگەر وا بڕوات، ناچار دەبم تەنیا لە خانووەکەی خۆمدا ئەم دەزگایە دامەزرێنم!
سەرۆک گوتی:
- لاریمان نییە. بەڵام ئەمەیش بزانە کە دامەزراندنی دەزگای وا تەنیا دەردەسەرییە.
پارێزەر گوتی:
- دەردەسەریی چی؟
- چۆن؟ من لە تۆ زیاتر هەوای گەرم بەکار بێنم و، هەردووکمان وەک یەکیش پارە بدەین؟!



Scanned with CamScanner

ژنی دکتۆر گوتی:
- ئێمە بە ڕۆژ لەماڵ نین و، دەبێت بەقەدەر نیوەی ئەوانی دیکە پارە بدەین.
دەفتەردار گوتی:
- ئێمەیش ساڵی دوو جار بە سەفەر دەچین بۆ ماڵی خەسووم!
جەنابی پارێزەر فەرمووی:
- باشە، بە بۆچوونی ئێوە دەزگا بە چی کار بکا؟
- خەڵووز چۆنە؟
- ئاخر خەڵووز پاک نییە.
- ئەی نەوت؟
- خراپ نییە. بەڵام ئەویش دەنگی لێوە دێ!
- کەواتە گازۆلین بەکار دێنین. هەرزانە و دەنگیشی نییە.
پاشان هاتنە سەر دەردانی چاڵی ئاودەستخانە. وامان بڕیار دا کە هەندێک پارە کۆ بکەینەوە و دەست بە دەردانی بکەین.
کاکەی دەلاڵ گوتی:
- ئەی مانگی ڕابردوو پارەمان نەدا؟
سەرۆک تووڕە بوو، نەڕاندی:
- دیارە متمانەم پێ ناکەن. ئیدی خولەکێک چییە سەرۆکایەتی ئێوە ناکەم. فەرموو ئەمەیش پارەکەی داوتانە!
دەفتەردار گوتی:
- منیش لەم ئاپارتمانە بێخاوەنە ڕەزیل و سووک بووم. بۆ خۆم شوێنێکی دیکە پەیدا دەکەم.
دکتۆر گوتی:
- قوربانە، ئەگەر شوێنێکت پەیدا کرد منیش ئاگادار بکەوە.
ژنی ڕادیۆساز قسەی هێنایە سەر مەسەلەی ئاودەستخانە:
- ئێوە بیر لە ئاودەستخانە بکەنەوە.
ژنی کابرای دەلاڵ گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەوەی پڕیان دەکاتەوە، با خۆیشی چاڵەکان دەردا.
ڕادیۆساز گوتی:
- بە ڕای من هەندێک پارە بۆ ئەم بابەتە کۆ بکەینەوە. با بە گوێرەی سەرخێزان بێ.
خەسووم گوتی:
- ئێوە تەماشای زۆریی ئێمە مەکەن. باوەڕ بکە هەفتەی جارێکیش ناچینە سەرئاو!
ئەو شەوە هیچ بڕیارێکمان بۆ نەدرا. کەچی بەوپەڕی دڵسۆزی و گەرمییەوە شەوباش و خواحافیزیمان لە یەکتر کرد.



Scanned with CamScanner

هەمووممان بەبێ جیاوازی، هەر لەگەڵ یەکەمین تیشکی خۆرەوە تا دەمی ئێوارە ئەوەی بە خەیاڵماندا دەهات، جنێومان حەوالەی خاوەن ئەپارتمان دەکرد!
بەوەی کە هەریەکەو بە جۆرێک فێڵی لێ کردووین. لە ڕاستیدا کەسمان بەو فێڵەمان نەدەزانی، تا ئەو کاتە نەبێت کە جەنابی پارێزەر ئاگاداری کردینەوە.
بۆیە هەریەکەو کردمانە بریکاری خۆمان. دەفتەردار شکاتی لە درزی سەقفی ژوورەکان هەبوو. ڕادیۆساز لە تێکچوونی بەلوعەکانی بۆریی ئاو. دەلاڵ بەوەی دیوارەکان گەچیان بەرداوە. خانەنشین و دکتۆر لەوەی ئاودز ژیانی خستوونەتە مەترسییەوە.
من بۆ خۆم شکاتم نەبوو، کەچی پارێزەر بە هانامەوە هات. لە کاتێکدا پەنجەی بۆ درزەکانی دیواری ناندینەکە درێژ دەکرد، دەیگوت:
- خاڵۆ، تا زووە شکات بکە. بۆ نەتبینی دیوارەکانت چۆن درزیان بردووە؟ ئەگەر بڕوخێن زیان بە هەموومان دەگەیەنن.
- کاکە ئەو گەچە بەری داوە!
- ئەگەر دەتزانی خاوەنی ئەم ئەپارتمانە چەند بێویژدانە، وات نەدەگوت.
- وەبیرم هاتەوە. ئەو کاتەی بەڵێنمان واژوو کرد، گوتی: "ئەگەر کەسێ پرسیاری لێ کردی بە چەندت کڕیوە، بێژە پەنجاهەزار لیرە. ئەگەر بڵێی حەفتاوپێنجهەزار، دەبێ زیاتر باج بدەیت."
- بە ڕاستتە؟
- ئەی خۆ لاسامەحەڵلا درۆناکەم. تۆ خۆت دەزانی، یەکێ باج نەدا چەند بێناموسە.
- تۆیش لەو کارەی ئەو شەریک بووی؟!



Scanned with CamScanner

- ڕاسته. ئاخر دەفتەردار دۆستم بوو. خۆیشی هەفتەیەک بەر لە ئەو خانوێکی بە هەشتاهەزار لیرە کڕی و چلهەزار لیرەی نووسی.
جەنابی پارێزەر قەناعەتی پێ کردم. شکاتم لە خاوەن ئەپارتمان دایە دەست پارێزەر. لەو کاتەدا خەبەریان هێنا دز و جەردە حەشتەبایان لە ماڵی دکتۆردا نەهێشتووە.
دوای ئەو ڕووداوە دکتۆر بڕیاری دا کەتیبەی ئاسن لە پەنجەرەکانی ماڵەکەی قایم بکا، بەڵام دانیشتوانی ئەپارتمان تێکڕا دژی بڕیاری دکتۆر وەستان. بەپێی خاڵێکی یاسایی کە دەڵێ "کەس بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوانی دیکە دەستکاری شێوەی دەرەوەی ئەپارتمان بکا." ئەگەر دکتۆر بە پێچەوانەی ئەو خاڵە بجووڵێتەوە، شکاتی لێ دەکەین.
چەند ڕۆژی نەبرد، دووبارە دز سەردانی ماڵی دکتۆریان کردەوە و ئەوەی بۆیان هەڵگیرا، بردیان. دکتۆر گەلێک خەمناک و مەلوول بوو، گوتی:
- ڕێم بدەن پەنجەرەکان شیشبەند بکەم. دەترسم ئەم جارە دار و دیواری خانووەکەم بدزن!
کێ دژی شیشبەند بوو؟ خانەنشین. دەیگوت:
- هیچ لە وەزع ناگۆڕێ. باشە بۆ ماڵەکەی ئەو دەدزن و ماڵەکەی من نادزن؟ ئەگەر ئەوان کەسیان لەماڵ نەبێ، دز لە ئاسن دەگەڕێتەوە؟!
کەس نییە بەو دکتۆرە بڵێ: "تۆ موحتاج نی، باشە بۆ ژنت دەنێرییە سەر کار؟ بۆ ژنەکانی ئێمە بەنی بەشەر نین کە بیستوچوار سەعات لەماڵەوەن؟!"
باشم وەبیر نەماوە، بەڵام هەفتەیەک دوای ئەوەی تەخیچکەمان بۆ قاپ و لەنگەری دیوار دابوو، لە دەرەوە گەڕامەوە، ژنەکەم گوتی:
- ئەمڕۆ سێ کەس لە شارەوانییەوە هاتن. لەو پسوولەیەی بەدەستیانەوە بوو، دیارە دراوسێکان شکاتیان لێ کردووین. بەڵام هیچیان وەگیر نەکەوت.



Scanned with CamScanner

تـا بلّێیـت بەم هەواڵە دڵگیـر بـووم. پـاش لێکـۆڵینەوە، زانـیم جەنـابی ڕادیۆساز و جەنابی دەلاڵ شکاتیان کردووە.

ڕۆژێکــی دیــکەش، ژنەکەم تەلەفــوونی بــۆ کــردم. هەر ئەو کــاتە ڕووخسەتم وەرگرت و بە تەڕدەستی خۆم گەیاندەوە ماڵ. ژن گوتی:

- گوێت لێیە؟

- ئا. بەڵێ، گوێم لێیە!

- ئەی بۆ وەستاوی؟!

بەر لەوەی ڕێگەی پۆلیسـخانە بگرمە بەر، خـۆم کوتـایە مـاڵی دەلاڵ و گوتم:

- بزانە چۆن ئێوەم گرت؟

ژنی بە سەرسووڕمانەوە وەلامی دامەوە:

- بە خوا هیچمان نەکردووە، یەک-دوو بزمارن لە دیواریان دەکوتم.

- ئەمە چ جۆرە تێکدانێکە؟! کار لە دیوارەکانی ئەپارتمان دەکەن؟!

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە ئاگام لێ بـوو ڕادیۆسـاز تەختە و کـانتۆر و مۆبیلیات دەباتە ماڵەوە. بەبێ ئەوەی ئاگادار بێت، شکاتم لێ کـرد—بە هەنجەتی قورس و گرانیی کەلوپەلەکان!



Scanned with CamScanner

## دەرگاوان چی بکات؟

بەر لەوەی جەنابی دکتۆر خانووی ڕووبەڕووی ماڵی خانەنشین بکڕێت، دەرگاوان لەوێ دەژیا. بەڵام ئەو ئێستا سەرگەردان و ئاوارەیە. بە ڕاست، دەرگاوان چی بکات؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێنج-شەش کۆبوونەوەی ڕێکوپێکی هەفتانەمان ساز دا. وەلێ چونکە خاوەن ئەپارتمان شوێنێکی تایبەتی بۆ دەرگەوان تەرخان نەکردووە، ئێمەیش ئەوەی چارەسەر بێت بۆمان نەدۆزرایەوە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، چونکە سەرۆکی ئەپارتمان کاری بە دەرگاوان نییە و پارەی نەدەدایێ، هەر ئەوەی بە زیادە دەزانی، کەچی بۆ هەندێکمان گەلێ پێویست بوو.

لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا سەرۆک گوتی:

- لەبەر ئەوەی دەرگاوان ڕێ و جێی نییە، بە ڕای من خواحافیزیی لێ بکەین!

ویستم وەڵامێکی توندی بدەمەوە، بەڵام ژنەکەم و خەسووم بە چاو و دەست ئاماژەیان بۆ دەکردم. تێگەیشتم ئەگەر لێی وەدەنگ بێم، ڕەنگە ڕێسەکەمان لێ ببێتە خوری و کچە بچکۆلانەکەم نەبێتە نەسیبی کوڕی کابرا!

دەمێکە کچە بە نهێنی و بە ئاشکرا عەشقبازی لەگەڵ کوڕەکەیدا دەکات. هەڵبەت تەمای ئەوەم هەبوو کە لێیان تێک بدەم. ئاخر ناکرێت تا خوشکی گەورەی لەماڵدا بێت، ڕەزامەندی لەسەر خوازبێنیی ئەو بدەم! شەیتانم بە نەعلەت کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: "هەر کامەیان بڕۆن، دەردەسەریم کەم دەکەنەوە." هەر بۆیە پشتگیریی ڕای خانەنشینم کرد:

- بۆچی ئێمە بەر لەوەی بێینە ئێرە، دەرگاوانمان هەبوو؟

دکتۆر گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئاخر ئێستا جیاوازە. باشە جەنابی سەرۆک، ژێرزەمینی ئاپارتمان بۆ چییە؟

پارێزەر گوتی:

- دیوارەکانی چۆنن؟

- ئێستا بەتاڵە. هەندێ خەڵوزمان تێدا هەڵگرتووە. بەڵام یەک مەتر ئاو و شێی هەیە.

پارێزەر گوتی:

- زۆر باشە. ماشەڵلا دەرگاوانەکەی ئێمە باڵا بەرزە. بە بۆچوونی من ئەگەر شوێنی لەوێ بۆ دروست بکەین، ئەوە وەک شا لەوێ رادەبوێرێ.

دەلاڵ گوتی:

- ئێوە بیر لە تەڕی مەکەنەوە. خاترجەم هاوینێ وشک دەبێتەوە.

دکتۆر گوتی:

- ئەگەر فریا نەکەوین، دیوارەکان دەڕمێن.

هەندێک سندووقە پرتەقاڵمان لەسەر یەک دانان و تەختێکمان بۆ کابرا دروست کرد، لە کۆبوونەوەی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، جەنابی سەرۆک فەرمووی:

- خۆتان دەزانن، دەرگاوانەکەی ئێمە فریشتە نییە. خۆمانئاسایی پێویستی بە خواردن و بەتاڵکردنەوە هەیە. لە هەموویشی گرنگتر، پێویستی بە سەرئاو هەیە. ژێرزەمینیش سەرئاوی لێ نییە. ئێستا لە ئێوە دەپرسم: ئەگەر کابرا تەنگاو بوو، بۆ کوێ بچێ؟!

دکتۆر گوتی:

- پرسیارێکی بەجێیە. وای بە باش دەزانم لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەم باسە بکەین.

- باشە تا ئەو کاتە چی بکا؟

هەچەندە مەسەلەمان هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، ئەنجامێکی وامان دەست نەکەوت. بۆیە بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکەمان جێ هێشت.



Scanned with CamScanner

لەو کۆبوونەوەیشدا هەریەکەو پێشنیارێکمان کرد. جەنابی دەفتەردار لەو ڕایەدا بوو کە سەرئاوێکی لەناو باخچەکەدا بۆ دروست بکەین.
ژنەی سەرۆکی ئاپارتمان نارەزاییی دەربڕی:
- چـۆن دەبـێ، لەجیـاتی ئەوەی سـبەینان پەنـجەرە بکەیـنەوە و کزەبـایەکی خـاوێن هەڵمـژین، چـاو بە دەسـت و شـەرواڵی دەرگـاوان هەڵبێنین؟!
ژنەکەی منیش گوتی:
- منیش دژی ئەوەم. ئاخر بۆنی تەرەسی گێژمان دەکا!
گوتم:
- بە ڕای مـن، دەرگەوان هەر ڕۆژەی لە ئاودەسـتخانەی یەکێکمانـدا دەس بە ئاو بکەیەنێ. دەتوانین بەسەر هەفتەیدا دەبەش بکەین و هەر جارەی نۆرەی ماڵێک بێ. جەنابی سەرۆک بەرنامەیەک ڕێک بخا و تەواو.
برادەران دایانە قاقای پێکەنین و، یەکێک گوتی:
- بەڵێ، وا دانیشتووین نانی ئێوارە دەخۆین. لەناکاو زەنگیان لێدا و، دەرگامان کردەوە. جەنابی دەرگەوانە و سەرئاوی دەوێ!
دەفتەردار گوتی:
بە خوا هەرگیزاوهەرگیز ڕازی نیم، سەرئاوێک ژنەکەم بەکاری بهێنێ، خەڵکی بیانیی بچێتێ.
ڕادیۆساز گوتی:
- سێ مانگ دەبێ دکتۆر کەلوپەلی هێناوەتە ئەو خانووەی دەرگاوانی تێـدا دەژی، هەڵـبەت لەو مـاوەیەدا کـابرا چارەسـەرێکی بـۆ خـۆی دۆزیتەوە. وای بە چاک دەزانم، هەر وا بمێنێتەوە.
لەو کۆبوونەوەیەیشـدا هیچمـان بـۆ نەکـرا. هەنـدێک قـاوە و چاییمـان نۆشی. سبەینێ، بیستمان دەرگەوان بۆ گوندەکەی خۆیان گەڕاوەتەوە. پاش ڕۆیشتنی ئەو، گەلێک ڕووداو و گیروگرفتی جۆراوجۆر سـەریان هەڵـدا، دواجـار، ڕادیۆسـاز خـانووەکەی خـۆی بە کـرێ دا. پـارێزەر

فرۆشتی و له شوێنێکی دیکه خانووی کڕی. دەفتەردار کردییە نووسینگەی مامەڵەکردن. دکتۆر بەدوای یەکێکەوە بوو لێی بکرێت. جەنابی فەرمانبەری خانەنشین و سەرۆکی ئەپارتمان جێگەی نەبوو بچێت و هەر لە هەمان نهۆمی یەکەمدا مایەوە. ئێمەش هەر بە ئومێدی ئەوەی هەر ئەمڕۆ یان سەبینێ کوڕی کابرا لەگەڵ دایکیدا دێنە خوازبێنیی کچەکەمان، وامان بە پەسەند زانی بمێنینەوە.
سیستەم و کۆنترۆڵی ئاپارتمان بە هۆی دەرگاوانەوە شڵەژاو تێک چوو.
چەند ڕۆژێکە دەرگاوانێکی دیکەمان ڕاگرتووە.
بەڵام یارۆ بە هۆی سەرقاڵی و فرەکاریی نێو ئەپارتمانەکانی دەوروبەرەوە، تەنیا چەند سەعاتێک لای ئێمە کار دەکات. ئیشەڵلا ئەگەر کوڕی کابرای خانەنشین هاتە خوازبێنیی کچەم و زەماوەندیان کرد، ئێرە جێ دەهێڵم و خانووەیەکی فراوانتر دەکڕم!



Scanned with CamScanner

## ستوونی کارەبا

پۆلیسی یەکێک لە شارەکانی بەریتانیا ئاگادارکرانەوە کە پیاوێک بە ستوونی کارەباوە بەستراوەتەوە.
ئەو کەسە کێ بوو؟ ناونیشانەکەیتان پێ نالێم. بەڵام ئێوە ڕووداوێکی وا بهێننە بەرچاوتان و ئەگەر لە تورکیادا دەقەوما، ئەوە بەم شێوەیە دەبوو:
- تۆ کێی؟
پۆلیسێکی تورک ئەم پرسیارەی لێ دەکرد. لەبەر ئەوەی وەڵامی نەدەدایەوە، پۆلیس فیتفیتەی دەردەهێنا و هەر هەندەی چاونووقاندنێک، دەیان پۆلیس دەڕژانە ئەو ناوە.
پۆلیسی یەکەم دەیگوت:
- ئەمەتا کابرایەک بە ستوونی کارەباوە بەستراوەتەوە.
- کێ بەستوویەتیەوە؟
- نازانم.
- بیکەینەوە؟
- نەخێر. دەستی لێ مەدەن، با تووشی دەردەسەری نەبین. واز بێنە با مەعاون ئاگادار بکەینەوە. بزانە مردووە؟!
پۆلیسی یەکەم لە کابرا ڕادەخوڕێت: "یارۆ وەڵام ناداتەوە."
پۆلیسەکانی دیکە ئەم ڕووداوە دەگەیێننە مەعاونی ئێشکگر. ئەویش دادگەر و پزیشکی تایبەت تێدەگەیەنێت. دادوەر فەرمان دەدات: "کابرا بهێننە پۆلیسخانە و بە توندی چاودێریی بکرێ، نەبادا سیخوڕ و قاچاغچی بێ!"
دوای پێنج سەعاتی ڕەبەق، دەست و قاچەکانی دەکەنەوە و دەیبەنە پۆلیسخانە.
ئێستا فەرموون، با بچینە بەریتانیا.

هەرکە دوو پۆلیسەکە چاویان پێی دەکەوێت، یەکسەر ئازادی دەکەن.
یەکێکیان دەڵێت:
- ببوورن. جەنابتان ناوتان چییە؟
- ناوم ***ئارنۆلد ماشینگ***ـە.
چونکە ئەم ناوەیان زۆر جار بیستووە، هەردووکیان دەچەمێنەوە و سڵاوی لێ دەکەن.
یەکێکیان دەڵێت:
- مامۆستا ***ئارنۆلد ماشینگ***ی پەیکەرتاش دەفەرمووی؟
- بەڵێ، خۆمم.
- ئەو مامۆستا ***ئارنۆلد ماشینگ*** ی ئەندامی ئەکادیمیای پادشاییی بەریتانیایە؟
- بەڵێ، من ئەندامی ئەکادیمیای پادشاییی بەریتانیام.
- خۆیەتی. داوای لێ بوردنت لێ دەکەین. تەشریف دەفەرموونە پۆلیسخانە، یان ئۆتۆمبیل بێنین دەچیتە ماڵەوە؟
- لەگەڵتان دێمە پۆلیسخانە.
بەم جۆرە ***ئارنۆلد ماشینگ*** ی پەیکەرتاشی ئەندامی ئەکادیمیای پادشاییی بەرتانیا پێش دوو پۆلسەکە دەکەوێت و دەچێتە پۆلیسخانە.
دە با سەرێکی تورکیا بدەینەوە. دوو پۆلیس بە زەحمەت پەتەکە شل دەکەنەوە. یەک لە پۆلیسەکان هەندێک جنێوی ڕێکوپێکی حەواڵە دەکات و دەڵێ:
- ئادەی پێشم کەوە. کەس نەبوو بەم ناپیاوە بڵێ ئەم بەستنەوەت لەچی؟ زووکە بڕۆ دەی.
کابرایان هێنایە پۆلیسخانە. مەعاون لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکا:
- ناوت چییە؟
وەڵام ناداتەوە.
- هێی لەگەڵ تۆمە. ناوت چییە؟
- خالید.



Scanned with CamScanner

- کارت چییە؟
- پەیکەرتاش.
- چی؟
- پەیکەرتاش.
- یانی چی؟ چ دروست دەکەی؟
- پەیکەر. پەیکەری ئادەمیزاد . هی ئاژەڵ.
لەوە دەچێت نارەحەت بن؟! با بگەڕێینەوە بەریتانیا، چونکە ڕووداوەکە هیی ئەوێیە و ئەوەی تورکیا خەیاڵە.
- قوربان کێ ئێوەی بەستووەتەوە؟ دوژمن و پیاوخراپ نەبن؟
- نەخێر، نەخێر . خانمی ژنم ئەم کارەی کردووە.
- چۆن؟ خانمی بەڕێزتان؟!
- بەڵێ.
- بە ڕاستی سەیرە!
- جەناب، سەیرت پێ نەیێ. خۆم ئەم داوایەم لێی کردووە.
- باشە ئەگەر بە زەحمەتی نازانن، دەکرێ بفەرموون هۆیەکەیمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟
بەر لەوەی وەڵامی پەیکەرتاشی بەناوبانگی بەریتانیامان گوێ لێ بێت، با سەرێکی تورکیا بدەینەوە:
- بڵێ بزانم، کێ تۆی بەستۆتەوە؟ دز . قاچاغچی؟
- نەخێر.
- کورە نەبادا بۆ پارە و پوول وایان کردبێ؟!
- جا کوانێ پارەم تا دز تەماحی تێ بکا؟
- دەنا دوژمنەکانتن؟
- نەخێر، کەس دوژمنم نییە.
- ئەی بۆ ناوی نابەی کابرا؟ بڵێ کامە سەگباب بوو؟
- گەورەم ژنەکەی خۆم بوو.



Scanned with CamScanner

- ئای بێئابڕوو! وای کە بێناموسە! ئاخرزەمانە! تەنیا خۆی بوو، یا دۆستەکەیشی لەگەڵدا بوو؟
- تەنیا خۆی بوو.
- کابرا تۆ دەڵێی و ئێمەش باوەڕمان کرد. ئاخر ناپیاو، چۆن تاکە ژنێک تۆی بۆ دەبەسرێتەوە، ها؟
- من خۆم پێم گوت.
- ناپیاو، گاڵتەجاڕی تۆین؟
- بە خوا. قوربان، من خۆم تکام لێی کرد.
ماوەیەک مەعاون و جاندرمەکان دایانە قاقای پێکەنین.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی سبەینێ، ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەیەکی پایتەختدا بڵاو کرایەوە:
"دوێنێ گرنگترین ڕووداوی ئەم ساڵمان پێ گەیشت. ئافرەتێک گوایە دووچاری نەخۆشیی "سادیزم" بووە، مێردەکەی خۆی بە سوونی کارەباوە دەبەستێتەوە و کابرا لە ئێوارەوە تا بەیان بەو جۆرە دەمێنێتەوە. درێژەی ئەم هەواڵە لە لاپەڕە "٣"دا بخوێنەوە. وێنەی سەرەوە هیی ئەو ژنە جانەوەرە و مێردە کڵۆڵەکەیەتی کە دوو ساڵ دوای زەماوەندیان گیراوە."
جا ئێستا بگەڕێینەوە بەریتانیا:
فەرماندەی پۆلیس لەپەیکەرتاش دەپرسێت:
- بۆ خانمی ژنتان ئێوەی بەستووەتەوە؟
- من هونەرمەندم. وەکوو هەر مرۆڤێکی هۆشمەند بە کردەوە و شتی نارێک پەست دەبم. نارێکیی شارەکەمان لە ئەندازە بەدەرە. ئەرکی سەرشانی منە یارمەتیی دانیشتوانی ئەم شارە بدەم. ماوەیەک بەر لە ئێستا شارەوانی ستوونی کارەبایی سەدەڵ و بەدەڵ کردوو لە جیاتی ئەو ستوونە دارینە کارەباییە جوان و مێژووییانە، هیی زۆر بلح و بەدی داناوە. شکاتمان لە شارەوانی کرد، بەڵام ئەنجامی نەبوو. چەند وتارێکیملە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردنەوە، کەچی هەر بێسوود بوون.



Scanned with CamScanner

ناچار داوام له ژنەکەم کرد بەم ستوونەوەم ببەستێتەوە بەڵکو ڕای گشتیی پێ بحەپەسێ و شارەوانی گوێ بداتە داواکەمان.
باسەردانێکی تورکیا بدەینەوە:
- تۆ پێش ئێستا له شێتخانه نەبوویت؟ خۆ شێتومێت نییت؟ کوڕی باش، ئەگەر شێت نەبیت، چۆن داوا له ژنەکەت دەکەی بە ستوونی کارەباوە بتبەستێتەوە.
- ڕێم بە بۆت باس بکەم.
- دەی بڵێ.
- من له دیمەنی دەرەوەی شاری ئەستەمبوڵ بێزارم.
- چیت فەرمووو؟ له ئەستەمبوڵ بێزاری؟ نەمگوت شێتی؟ خەڵکی ئەو هەموو زەحمەتە دەکێشن و ئەو هەموو پارەیە خەرج دەکەن و دێنە بینینی ئەم شارە، کەچی جەنابت بێزاریت!
- نارێکیی نەگونجانی ئەپارتمانەکان. بۆ نموونە خانووی هەشتنهۆمیی وەک ئەشکەوت لەسەر چەند بست زەوی دروست دەکەن. شەقام و جادە هەڵکەندراوەکان، فرۆشیارە گەڕۆکەکان. باڕی کووچە تەسک و تاریکەکان. ئەو ڕەنگ و بۆیەیەی کە هەرگیزاوهەرگیز لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن.
- تەماشا، تەماشا . باشە تۆ چ کارەی؟ جەنابت سەرۆکی شارەوانییت؟ وام دەزانی تۆیان له هیچی خۆڕاییەوە بەستووەتەوە. تۆ جێگەت ستوونی کارەبا و شێتخانەیە.
مەعاون ڕووی کردە نووسەری بەردەستی و گوتی:
- بنووسە: ئەو کابرایەی بە ستوونی کارەباوە بەسترا بوو، عەقڵی سووکە. پێویستە پیشانی پزیشکی تایبەت بدرێت.
له ئینگلیستاندا سەرۆکی شارەوانی بەرپەرچدانەوەی "مستەر ئارنۆڵد ماشینگ"ی پەسەند کرد. فەرمانی دا هەمان ستوونە کۆنەکانی کارەبا دابنێنەوە. ئەی ئەنجامی پەیکەرتاشیی خۆمان بە چی گەیشت؟
لەیەکێک له ڕۆژنامەکانی پایتەختدا وا نووسراو بوو:

"شێتێک قۆڵ بەست کرا"
"دوێنێ شەو، کابرایەک کە گوایە بە دیمەنی شاری ئەستەمبووڵ بێزار و نارەحەت دەبێت، بە یارمەتیی ژنەکەی خۆی بە ستوونی کارەباوە بەستبووەوە، گیرا و حەواڵەی پزیشک کرا، دەرکەوت کە کابرا شێتە. بۆیە زنجیربەند کرا و ڕەوانەی شێتخانەیان کردا!"



Scanned with CamScanner

## له کەری شەیتان وەرە خوارەوە!

- له کەری شەیتان وەرە خوارەوە. بەزەییت بە من و دایکتا بێتەوە. بۆ هەر شوێنێک دڵت بخوازێ برۆ. برۆ هیندستان. برۆ بۆ چین و ماچین، بەڵام وەرە بە گوێی باوکی ڕیش‌سپیت بکە و مەچۆرەوە ئەستەمبۆڵ!

- چی، چی؟ ئەم هەموو ڕجا و تکایەم لێ کردی، کەچی هەر دەڕۆی! قەینا برۆ. بەڵام بزانە، ئیدی من و تۆ تەواو. وام دەزانی پیاوی و قسەم ناشکێنی!

- له ئەستەمبۆڵ کارێکی وات بەسەر دێنن، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ئەوەندە ئازار و ئەشکەنجە دەچێژی، مەپرسە. ئەگەر پێشتر ئەو ئەستەمبوڵە نەعلەتیەت دەبینی، ئێستا بڕوات نەدەکرد! تۆ وا دەزانی دار و بەرد و خاکی ئەستەمبووڵ لە زێڕ و گەورهەر و مروارین؟ جا ئەوە زێڕ و زیویش بن، بە من و تۆ چی؟

ڕۆڵە کڵۆل بەسەزمانەکەم، دە تێبگە و لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە.

- کوڕی کەر. دیارە خۆت لە باوکت بە ئاقڵ تر دەزانی؟ بەخوا کەری. من باسی خۆم ناکەم. لە سایەی خوا و سەدەقەسەری دوعای پیاوچاکانەوە، تەنیا جارێک لەوێدا ڕووت کراومەتەوە. ئێستاکێ تۆی نەفام و منال دەتەوێ بچیتە ئەستەمبووڵ تا کڵاوان لەسەری خەڵک دابنێی؟

- هاهاااا. یادی بەخێر، بەڕێوەبەری قوتابخانە جارێکیان ڕۆیشتە ئەوێ، ئێستایش هەر شکوری خوا دەکات کە کەوڵیان نەکرد! ئەوە "ڕەفعەت بەگ" هەر دەیڵێتەوە. کاکە خەڵکی ئەستەمبووڵ دەرپێی مرۆڤ دادەکەنن و بە خۆیی دەفرۆشنەوە!



Scanned with CamScanner

- بۆ "یوسف بەگ" ناڵێی؟ دەیگوت: "لە شەمەنەفەر دابەزیم، کابرایەک بە تاو خۆی تێگرتم و منی کردە باوەش. بە 'ئامۆزا، ئامۆزا' هەردوو ڕوومەتی ماچ کردم! پاشان تێگەیشتم چ قوڕێکی خەستی بۆ گرتبوومەوە. بێویژدانە گسکی لە گیرفانم دا و لیرەیەکی بۆ نەهێشتمەوە تا سورای ئۆتۆمبێل ببم."

- ئەی کاک "جمال" خۆ ماجەرای "یوسف بەگ" دەزانی. دەیگوت، کاتێک لەشەمەندەفەر دابەزیم، کابرایەک "ئامۆزا. ئامۆزا" کەوتە دووام، یەکسەر مستێکی قایمم خێواندێ و گوتم: 'بێشەرەفی ساختەچی، وا دەزانی منیش "یوسف"ـم گیرفانەکانم بە تاڵ بکەی؟! بڕۆ ئەگینا هەر ئێستا دەتدەمە دەست پۆلیس...'

کابرا لێ ی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: 'قوربان دەبێ بمبەخشی، وام زانی ئامۆزاکەمی با یەکتر ماچ بکەین و نابێت هیچت لە دڵدا بمێنێ.'

"جمال" و کابرا دەس لە ملی یەکتر دەکەن. پاشان کە سواری پاس دەبێت، ئەولا پارە، ئەم لا پارە، عانەی پێ نەماوە!

ئەی بەسەرهاتەکەی "سلێمان"؟ لەنێو ئۆتۆمبێلی نێوان ئێزگەی شەمەندەفەر و مەڵبەندی شاردا چەند کچێکی هێن دەوری دەدەن. "سلێمان" وا دەزانێ لە بەهەشتدایە و ئەوانیش حۆری و فریشتەن! بەدەم پێکەنین و گاڵتەبازییەوە ڕێگە دەبڕن. بەندەی خوا کە دێ بلیت ببڕێ، یەک قرانیش لە گیرفانیدا نادۆزیتەوە.

- بەڵێ کوڕە شیرینەکەم. ئەو ئەستەمبوولیانە هەمیشە فێڵمان لێ دەکەن و فریومان دەدەن، ئاخر بە چی باوەڕدەکەی؟ هەموو دوو-سێ ڕۆژ نابێت فاڵگرەوە و خوانەناس لەجیاتی پارە سەفتەیەک کاغەز دەخەنە نێو جزدانی "عوسمانە چوارچاو" و بە ڕۆژی ڕووناک پارەکەی دەخۆن!

- ئێستا بۆ ماتەی چوونە ئەستەمبوڵت هەیە؟ پێت وایە بەرد دەکەیتە نان؟

بە هەر حاڵ، ئەوە من پێم گوتی و ئۆباڵی خۆت لە ملی خۆتە. بەڵام بەر لەوەی بڕۆی، گوێبگرە:

- لەبیرمە مەڕ و بزن و گوێلکە لە ئاواییی ئێمەدا تا بڵێی هەرزان بوو. بە پێچەوانەیش لە ئەستەمبووڵ دەست نەدەکەوتن. هەڵسام لە دێهاتەکانی دەوروبەردا سەد دانە مەڕ و بیست سەر گوێلەکەم کۆ کردنەوە و سێ-چوار شوانم بە گەڵدان و بەرەو ئەستەمبووڵ ڕەوانەم کردن، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ئەستەمبوول بە نەزان و دواکەوتوومان لە قەڵەم نەدەن، پانتۆڵێکم کڕی و کراسێکی سپی و بۆینباخێکم لێی توند کرد و شەپقەی پێشتلایشم هەبوو، نامە سەرم و، ئەستەمبووڵ خۆت بگرە. هەڵبەت بیر و هۆشم هەر لای ئەو چەند قرۆشە بوون و چاوەڕێی ئەوە بووم گیرفانم بەتاڵ بکرێ. تکام لە چەند کەسێک کرد ئەگەر لە ئەستەمبووڵ نزیک کەوتینەوە، ئاگادارم کەنەوە تاوەکوو دراوەکانم بەسەر بکەومەوە و قایمیان بکەم. پێم بەر زەوی کەوتن کەوتمە بەر پاڵەپەستۆ. هەرچەندە کردیان زەفەریان پێ نەبردم و دەستم لەسەر کیسەی پارەکە بوو. ئەو کاتەی خەریکی کڕینی بلیتی کەشتی بووم، یەکێک دەستی درێژ کرد، گوتم:

- دەستت بکێشەوە!

- کابرا گوتی: چی قەوماوە؟

گوتم:

- هیچ نەقەوماوە، بەڵام بەر لەوەی موحتاجی نانی شەوم بکەی، ئاگاداری دەستەکانت بە!

دوای ئەم کێشمە کێشە. کەوتمە سۆراخی بلیت.

ئافرەتی بلیتفرۆش گوتی:

- نرخی بلیتەکەی تۆ دەکاتە پانزە لیرە و نیو.

- خانم گیان، نەختێ هەرزانتری حیساب بکە. خۆ ئەمە یەکەم جار نییە بلیتتان لێ دەکڕم.

- نرخ دیاری کراوە و کەم و زیادی بۆ نییە.



Scanned with CamScanner

بە پێکەنینەوە گوتم:
- وەک بە غەشیشمان بزانی! کەمێ هەرزانتر حیساب بکە، با ببینە موشتەری.
ژنە تورە بوو. قیژاندی:
- نابێ. دەڵێم نابێ.
خەڵکێکی زۆرم لە دواوە وەستا بوون، هاواریان لێ هەڵسا:
- دەی مامە. یان بیکرە، یانیش لاچۆ. کەشتی خەریکە بەڕێ دەکەوێ.
تێگەیشتم کە بەڵێ ئەم هەموو ساختە و پاختەیە بۆ ئەوەیە پارەکەم بدزن.
ژنە پرسیاری کرد:
- چەند دانە بلیتت دەوێ؟
- ئەگەر هەرزانیان بفرۆشی، هەموویان دەکڕم. بەڵام جارێ بۆ نموونە بلیتێکم بدەرێ بزانم بابەتەکە چۆنە.
خەڵکەکە بە پاڵەپەستۆ لە سەرەیان وەدەر نام. خۆشم هەر وام تەما بوو، ئەگینا گیرفانیان دەبڕیم!
ئیدی بێ بلیت سواری کەشتی بووم. کاتێک داوای بلیتیان لێ کردم، گوتم:
- نەمبڕیوە، چەندتان پارە دەوێت دەیدەم.
- بیست و یەک لیرە.
- چی؟ بە پانزە لیرە نەمکڕی، بۆ غەشیمتان دەست کەوتووە؟!
- کاکە غەشیم مەشیم نییە. شەش لیرەکە سزایە.
بیست و یەک لیرەیان لێ سەندم، زانیم خەریکی پلانن. هەندەی نەبرد یەکێکیان لێم نزیک کەوتەوە و گوتی:
- زەحمەت نەبێ ئاگرت هەیە؟
بەو خەیاڵەی تا جگەرەکەی دادەگیرسێنێ، کیسەی پارەکەم دەربێنن. کابرا چاوەڕوانی چەرخی دەکرد.
گوتم:



Scanned with CamScanner

- برۆ خاڵە گیان، برۆ. خوا ڕزقت بدا. بە چیم تێدەگەیت؟ نەخێر ئاگرم نییە.
لە کەشتی دابەزیم لەناکاو چوار فرتە پۆز خۆیان لە جانتام ئاڵاند. هەر وەخت بوو شێت بم. بەم نوێژی نیوەڕۆیە تاڵان بکرێم! لە من بکێش و لەوان بکێش، هەر چواریان تێکڕا هاواریان دەکرد:
- باوکە دەستت لادە، بەردە با بڕۆین درەنگە.
ئەگەر بەخەونیش ئەم ڕووداوەم ببینیبایە ڕەنگە باوەڕم نەکردبایە. دوای نیو سەعات بگرە و بەردە کە گوایە حەماڵ و باربەرن، جانتام لە دەست دەرهێنان.
ناونیشانی ئوتێلێکم لا بوو. کەسی وام بەرچاو نەکەوت جێگەی متمانە بێ و پرسیاری لێ بکەم. ماندوو بووم. پیرەمێردێکم ڕووبەڕوو هات، گوتم:
- مامەگیان، گەڕەکی "سرکەچی" لە کام لایە؟
- سواری ئەم "ترام"ـە بە، دەگەیتە ئەوێ.
سواری ترام بووم. بلیتیان هێنا. بەر لەوەی بیبڕێ، گوتم:
- پارەکەی چەندە؟
- پێنج قروش؟
گوتم:
- وەک تۆیش بە غەشیممان بزانی! وا دەزانی قەت ڕێگەم بەم شارە نەکەوتووە! توو گۆڕی باوکت ئەگەر هەرزانتری حیساب نەکەی. ئاخر کوڕی باش من کووچە و گەڕەک بە گەڕەک شارەزام و چاک دەزانم ئێوە بە چیمان دادەنن!
کابرا گوتی:
- کەواتە فەرموو دابەزە و بە پێ برۆ. باشتر شارەزای ئەستەمبووڵ دەبی!
بێویژدانە دای بەزاندم. هیلاک و ماندوو خۆم گەیاندە ئوتێل.
مەڕ و گوێلکەکانم فرۆشتن و چواردە هەزار لیرەم خستنە باخەڵ.



Scanned with CamScanner

ئەو شەوە تا سپێدە خەو نەچووە چاوانم.
دەمزانی ئەگەر بە زمانی لووس و فریودانیش پارەکەم نەبەن، ئەوا بە زۆرەملێ دەیبەن.
هاتمە شەقام و ڕۆژنامەیەکم کڕی. گەڕامەوە ئوتێل، چاو بە ڕۆژنامەدا دەخشێنم. ڕۆژنامە هیی هەفتەیەک لەمەو بەرە!
خۆراکی نیوەڕۆیشم هەر لە چێشتخانەی ئوتێدا خوارد و بە قەدەر نرخەکەی "سێرڤس"یان لێ سەندم.
سەرتان نەیەشێنم. پارەی ئوتێلم دا و سواری پاس بووم. هۆی ئێزگەی شەمەنەفەر مەڕۆ، هەر کەسەی لێم نزیک دەکەوتەوە، شانێکم حەواڵە دەکردێ و دوورم دەخستەوە.
ئافرەتێک پارچە کاغەزێکی نیشان دام:
- ئەرێ ئەم ئەدرەسە چۆن بدۆزمەوە؟
گوتم:
- خوشکی خۆم، جا بۆ بە من ئێژی؟ بە یەکێ بێژە کە شارەزا بێت. بڕۆ خوشکم، بڕۆ لە شوێنێکی دیکەدا نان پەیدا بکە!
لە بان تەختێک دانیشتم و دەستم لەسەر کیسەی پارە دانا. ترس و غایەلەی سەیر و سەمەرەم لێ نیشتبوون. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "ئەگەر خوا دەیکرد ئەم جارە پارەم بە سەلامەتی دەبردەوە، یەک بەرخم سەر دەبڕی و دەم کرد بە خێر." زەلامێکم لێ پەیدا بوو، گوتی:
- دەکرێت پێم بڵێی سەعات چەندە و شەمەنەفەری "قەیسەری" کەی دەڕوا؟
زانیم کابرا چاوی لە پارەکەمە. قیژاندم:
- بڕۆ هەی بێشەرەف، ئەگینا خراپت بەسەر دێنم. بەغەشیمم تێدەگەی؟ بڕۆ ئەم پرسیارە لە یەکێک بکە لە سەعات بزانێت! بۆ من لێپرسراوی ئێزگەم بزانم شەمەندفەر کەی دێت و کەی دەڕوا؟!
کابرا لێم هەڵگەڕایەوە و تووڕە بوو. گوتی:



Scanned with CamScanner

- بێنــامووس، هــیچم نەگوتــووە. بــزانە قەت پیــاو نــابن. هەروا بە کەرایەتی دەمێننەوە. هەر ئێستا پیشـانت دەدەم. وەڵڵاهـی دەبێ تۆبە بکەیت. قیژاندی "پۆلیس، پۆلیس!"

دەمودەســت پــۆلیس پەیــدا بــوو. وام دەزانــی ئەویــش گیرفــانبڕە. مـاوەیەکی خـۆش تـێم ڕوانـی تـا بـزانم بە ڕاسـت پۆلیسـە. کـابرا تـا شەقازلە دەگرێ، کوتایە بناگوێم.

بە پــاڕانەوە و دەردەســەری وازیــان لــێ هێنــام. لەو کــاتەدا ژنێکــی عەبابەسەرم لێ نزیک کەوتەوە و "ئێوارە باش"ی لێ کردم. خۆم گێل کرد، وام نیشان دا کە بەڵێ "کەڕ"م. سڵاوەکەیم وەرنەگرتەوە. بۆچی واز دێنــێ؟ لێـی دوورکەوتـمەوە و لە قـوژبنێکی ســاڵۆنەکەدا وەســتام. بەدوامدا هات. بۆ هەر کوێ دەچووم، وەک سایە لێم جیا نەدەبووەوە. ناچار پاڵم دایە دیوارێکەوە. ژنە گوتی:

- دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم.

- فەرموو بیڵێ.

لە دڵی خۆمدا گوتم: "خوا بۆ خۆی دەزانێ چ کەڵەکێکە."

- مـن خزمەتچیـی کـابرایەکم تـابڵێی بەشــەرەف و مـاقووڵە. شــتێکی بەسەردا هاتووە، خەریک بوو لە تاوا خۆی بکوژێ.

ژنە قوتـوویەکی گەورەی دەرهێنـا و قەبـاغەکەی هەڵدایەوە. پڕی بـوو لە گەردنبەند و سینەڕێز و مێخەک و زێڕ و زیو. گوتی:

- ئەم زێڕ و زیوە هیی ژنەکەیەتی. هێناومە بیانفرۆشم.

گوتم:

- جا من موشەریم؟ بۆ کەرم؟

- نا خاڵەگیان نا، نایانفرۆشمە تۆ. هەر بۆ ئەوە بوو بـاوەڕ بکەی ئەم سەڕاف و زێڕنگەرانە چەند بێویژدانن و چۆن مـاڵی خەڵک دەشکێنن. دەیانەوێ لە هەوەنتە پارەیان دەست بکەوێت. ئەگینا ئەم هەموو زێڕە بـایی پـانزەهەزار لیرەن. بە خـوا ئەگەر یەکێ ئەمـانە بکڕێ، یەکســەر دەبێتە پارەدار و خاوەن سەرمایە.



Scanned with CamScanner

گوتم:
- کەسی لە من گێلترت دەست نەکەوت تا ئەمانەی پێ بفرۆشیت؟
- براله، به هەڵەدا چووی. من و تۆ پارەی وامان کوانێ؟ دەرد و خەفەتی زەمانەیە بۆت باس دەکەم. ئێستاکێ دڵم تەسکین بوو. خوا حافیز.
بەزەیـیم بەو کەسـە دەهات بە پارەو دراوی نازدار ئەم شتە ناهەموارانە دەکڕێت لەناکاو دوو زرتە زەلامم لێ پەیدا بوون. یەکێکیان شانێکی لە شانم دا و دەستی بە لەشم خشاند.
گوتم:
- کابرا. کوێری؟
- ببورە. ئەرێ ئافرەتێکی عەباوەسەرت نەدیوە؟
- با.
-- بۆ کوێ چوو؟
- چۆن ئافرەتێ بوو؟
- ژنێکی کورتەباڵا، قوتوویەکی بە دەستەوە بوو.
- ئێستا لێرە بوو. بۆ پارەی بردوون؟
- پارەی چی؟
لێم هاتنە پێشەوە. گوتیان:
- لێت ناشارینەوە، ئێمە هەردووکمان سەڕافین. ئەو ژنەی باسی دەکەین، بوخچەیەک مرواری و گەوهەر و زێڕی هێنایە لامان. ئێمەیش وامان زانی ماڵی دزێنییە و لە پانزەهەزار لیرەمان زیاتر نەدایە. گوتمان هەر ئەو کاتەیە و ناچار دەبێت بە پانزەهەزارەکە دەیانفرۆشێت، کەچی نەگەڕایەوە. باوەڕ بفەرموو دووسەدهەزار لیرە نرخێتی.
هەر ئەوە بوو نەدەگریان. هەقیان بوو. چاکە خۆیان ناکوژن!
یەکێکیان گوتی:
- پێمان ناڵێی بۆ کوێ چوو؟



Scanned with CamScanner

حەزم نەکرد وا بە سووک و ئاسانی سەدوحەفتاوپێنجهەزار لیرە قازانج بکەن!
بە پێچەوانەی ڕێگەی ژنەکەوە بەڕێم کردن. گوتم:
- فرسەتە و لە دەستی نەدەی.
کەوتمە دوای ژنە. زۆر دوورکەوتبووەوە. چەند جارێک بانگم کرد، بێسوود بوو.
پاش نیو سەعات گورگەلۆقێ و ئارەقڕشتن، خۆم گەیاندێ و گوتم:
- ئەوە بۆ کوێ دەچی؟
بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دامەوە:
- ئەی تۆ بۆ کوێ دەچی؟ ئەوە من ناچارم بڕۆمە لای سەڕافێک و هەر نرخێکی هەبێت، ئاغام لە ترس و تەنگانە ڕزگار بکەم.
- باشە بۆ خۆت هیچت پێ دەبڕێ؟
- ناوەڵڵا. خوا نەکا. من نان و نمەکم کردوون، چۆن شتی وا دەکەم.
- بێنە بینافرۆشە خۆم.
- بەسەر چاوان. موشتەری لە تۆ باشتر لەکوێ پەیدا دەبێ!
پاش مشتومڕێکی زۆر، شتەکانم بە چواردە هەزار و پێنج سەد لیرە کڕین.
گەڕامەوە ئێزگەی شەمەنەفەر. شەمەنەفەر بەڕێ کەوتبوو. زۆرم لا مەبەست نەبوو. "بە نرخێکی باشیان دەفرۆشمەوە، ئینجا دەگەڕێمەوە لادێ."
نەبادا خوانەناسێ ڕووتم بکاتەوە، هەڵسام بوخچەم لەژێر پشتوێن شاردەوە. ڕێگەی بازاڕم گرتە بەر. بردمنە لای زێڕنگەرێک. کابرا چاوی پیا خشاندم و پێکەنی.
- براله، ئەمانەت لە سفر و شووشە دروست کراون. لە دوو-سێ لیرە زیاتر ناکەن. بڕۆ بازاڕیش بەڵکو پێنج-شەش لیرەت بۆ بکەن.

له دڵی خۆمدا گوتم: "ڕەنگە ئەم برادەرەیش قۆڵبڕ بێ! با چەند زێڕنگەریکی تریشی پێ بکەم." بەڵام هەر قسەی کابرایان دووپات دەکردەوە:

- برادەر، ئەمانە لە سفر و شووشە دروست کراون، لە دوو-سێ لیرە زیاتر ناکەن!

جا ڕۆڵە منێکی وا وشیار و زیرەک فریو بدرێ، مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ چی بەسەر تۆ دێنن! ئەو ئەستەمبووڵییانە هەموو شتێکیان لەدەست دێ!



Scanned with CamScanner

## ئەمە شێت بوو!

سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی، چاو لە ژێر چاویلکە زیت، دوای یەک-دوو "ئحم." دەستی پێ کرد:
برادەرانە بە وردی بیر بکەنەوە، ئەم جۆرە کارانە بە پەلە ناکرێن. دەبێت بە تەواوی شت هەڵسەنگێنین.
ئەندامێکی لاوی ئەنجوومەن، سەد دەقی لە فەرمایشتەکانی دا و، گوتی:
- بەڵێ پێویستە بیرێکی باشی بۆ بکەینەوە، ئەگینا کاروبارمان ئاڵۆزە!
سەرۆکی ئەنجوومەن بە دڵنیاییەوە درێژەی بە قسەکانی دا:
- سەرۆکی شارەوانی شێت بووە. ئیدی کەڵکی بەڕێوەبردنی شارەوانیی نەماوە.
هەموویان تێکڕا گوتیان:
- بەڵێ شێت بووە!
ئەندامێکی دەموچاو ئاوڵەیی گوتی:
- نابێت ئێمە دووبارە شێتێک هەڵبژێرینەوە.
ئەندامە لاوەکە وەڵامی دایەوە:
- هەوەڵ پیاوێکی باش بوو، هەر کە ڕای خۆمان داین، شێت بوو!
ئەندامێکی پیرەی چرچ و لەڕ کە دەمی دەجووڵاندەوە، ددانە دەستکردەکانی سەمایان دەکرد، گوتی:
- نازانم ئەمە چ بەدبەختییەکە ئەوەی دێت و شێت دەبێ؟! لەوەتەی من ئەندامی ئەم ئەنجوومەنەم، سەرۆکێکی ژیرم نەدیوە!
سەرۆکی ئەنجوومەن قسەکانی بڕی:
- برادەران. واز لەم قسانەتان بێنن. ئێستاکێ دەبێ سەرۆکێکی شارەوانی پەیدا بکەین.
ئیدی هەر ئەندامە و ناوی دوو-سێ کەسی هێنا.

وەکو باویشە ئەوانەی دیکە هەزارویەک عەیبوعاریان لێ دۆزییەوە، سەرۆکی ئەنجوومەن وەک ئیلهامی بۆ هاتبێت قیژاندی:
- سەبرکەن دۆزیمەوە. مەبەستم "نەسیم بەگ"ە.
ئەرێ وەڵلا نەسیم بەگ. ئێوە دەڵێن چی؟
- بە خوا پیاوی چاکە.
- بە خوا پیاوێکی بەشەرەفە و خوێندەوارێکی بەرزیشە.
- زۆر زۆر باشە.
- ئای کە دڵسۆزە، ئای کە بەڕەوشتە.
- پیاوێکی ئیشکەر و لەسەرخۆیە.
هەر بابایە و بە بەژن و باڵای "نەسیم بەگ"دا هەڵدەدا.
ئەندامە پیرەکە گوتی:
- من باوەڕناکەم بیکات!
ئەوانی دیکەیش بەدوای ئەودا گوتیان:
- ڕاست دەکەی. زەحمەتە ڕازی بێ!
- منیش هەروا دەڵێم!
- من سی ساڵە دۆست و برادەری ئەوم. چاکی دەناسم. لەو جۆرە کەسانە نییە.
سەرۆکی ئەنجوومەن بە نابەدڵییەوە گوتی:
- ئەی باشە چی بکەین؟ ئەمەتا یەکێکی لایەقمان دۆزیەوە کەچی ئێوە دەڵێن نایکا!
پاشان بڕیار درا چەند ئەندامێکی ئەنجوومەن سەرێکی ماڵی "نەسیم بەک" بدەن. لەبەر ئەوەی "نەسیم بەک" ئاگاداری مەسەلەیە و دەزانێت لەپشت پەردەدا چ باسە.
داواکەی ئەنجوومەنی پەسەند نەکردوو گوتی:
- دەتانەوێت منیش شێت بکەن؟!
- ئەستەغفیروڵلا. بابە شێتومێتی چی؟! تکا دەکەین قسەمان نەشکێنی.



Scanned with CamScanner

- ناتوانم!
- قوربــان ئەم ئەركە پێویســتی بە شــانە و پەیوەنــدی بە خزمەتــی گەلەوە هەیە و ناتوانی خۆتی لێ لا بدەی. ئێمە دڵنیاین جەنابتان تاكە كەســن كە بتوانێــت ئەو هەمــوو گێــرِی و بەرەڵاییــیەی شــارەوانی چارەسەر بكات.
بە هەر حاڵ "نەسیم بەگ"یان قەناعەت پێ هێنا:
- بە مەرجێ قبوڵی دەكەم ...
- فەرموو، فەرموو. هەرچی مەرجت هەیە بیانڵێ.
- بەو مەرجەی دەســـت لە كڵكەلەقــێ و دووزمـــانی و چەنەبـــازی هەڵگرن، دەعــوەت و دەعوەتكــارییش نەمێنــێ. چــاوەڕێی كــردەوەی ناهەق و چەوتیش لە من مەكەن.
- قەبووڵمانە.
بەڕای گشــتی "نەســیم بەگ" كــرایە ســەرۆكی شــارەوانی. ئەو ڕۆژە چــووە گــوێی كــار، زیــاتر لە ســەد دانە بروســكەی پیرۆزبــاییی پــێ گەیشت، زەرفێكی كردەوە و بروسكەی خوێندەوە:
"بەڕێوەبەری بەڕێز. ئەی ڕۆڵەی گەل و نیشتمان"
بێ ئەوەی هیچیان لێ بخوێنێتەوە، هەموویانی خستنە تەنەكەی زبڵ و دەستی بە پاڕانەوە كرد: "خوا، بە بەگەورەیی خۆت بمپارێزی."
ئەوەندەی نەبرد سەرۆكی ئەنجوومەنی شارەوانی بە چەپكە گوڵێكەوە خۆی بە ژووورێدا كرد:
- سەرۆكی ئازیز! قارەمانی گەورە!
"نەسیم بەگ" وەك هەموو كەرەستەی ژوورەكەی بە سەردا بكەن، وا بوو. هەر وەخت بوو یەخەی دابدڕێت.
بەوە كەیفساز بە كە لەناكاو دەرگا كرایەوە، بەڵام چیی بینی؟ ئەندامە پیرەكەی ئەنجوومەن چەپكە گوڵێكی لەژێر باڵدایە و دارعەسایەك بە دەســتەوە، بەرەو مێزی بەڕێوەبەر هەنگاو دەنێت. گوڵەكانی دایــێ و خۆی چەماندەوە و پڕی دایە دەستی "نەسیم" ماچ بكات.



Scanned with CamScanner

"نەسیم بەگ" بازێکی داو کشایە دواوە.
لەو کاتەدا چەند ئەندامێکی ئەنجوومەن وێکڕا هاتنە ژوورەوە. "نەسیم بەگ" وەک چۆلەکە و چاوی بە هەڵۆ بکەوێت، ترسی لێ نیشت:
- خوایە، هۆش و گیانم بپارێزی!
سکرتێری ئەنجوومەن دوای پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحاڵی، ئاگاداری کردن کە "ئەمشەو لەسەر شەرەفی جەنابتان دەعوەتێک لە سالۆنی شارەوانیدا ساز دەکرێ."
"نەسیم بەگ" ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد.
گوتی:
- کەیفم بەم جۆرە دەعوەتانە نییە.
هەر چۆنێکی بێت، سەلماندی. چۆن دەعوەتێک؟ نە سەری دیارە و نەبن. بەر لەوەی دەست لە خۆراک هەڵگرن، سەرۆکی ئەنجوومەن دەستی پێکرد:
- برادەران، ئەمشەو لەسەر شەرەفی ئەم پیاوە ئازایە کە خۆی بەخت کرد و سوکانی کەشتیی بە دەستەوە گرت، ئاهەنگ دەگێڕین.
"نەسیم بەگ" لە قینـدا پێکەنی. ئەندامە چرچەکەی ئەنجوومەن نەڕاندی:
- بژی سەرۆکی تازە!
ئەوانی دیکەیش بەدوایدا:
- سەرۆکی ئێمە لە هەموو دنیادا تاکی نییە. پێویستە شانازیی پێوە بکەین.
ئیدی کرا بە چەپڵەڕێزان و تەقەی فلاشی کامێرا.
دوای شێوخواردن، چوونە سالۆنێک و دەستەیەکی سەماکەر بایان دەدا.
لەنێو بەزمی خواردنەوە و بێهۆشیدا، سەرۆکی ئەنجوومەن سەری بردە بناگوێی سەرۆکی شارەوانی و گوتی:
- مۆڵەتم بدە سبەینێ زوو بێمە خزمەت جەنابتان.



Scanned with CamScanner

- بۆ؟
- ئەگەر ماوەی قەسابەکان بدەی بۆ خۆیان ئاژەڵ سەر ببڕن، ئەوە ئامادەن پارە بدەن.
- چیی تر؟
- نانەواکانیش ئامادەن.
"نەسیم بەگ" تاقەتی گوێدانە قسەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نەما و هاواری کرد:
- دەست لەکار دەکێشمەوە. نایکەم. لاچن لەبەر چاوم. نایکەم.
هەر بەو تووڕەییەوە بۆی دەرچوو.
ئەندامانی ئەنجوومەن دەوری سەرۆکی ئەنجوومەنیان دا و سکرتێر گوتی:
- مەسەلە چییە؟
کابرا بەوپەڕی خوێنساردی و بێباکییەوە وەڵامی دایەوە:
- هیچ نییە. ئەمەش شێت بوو!
وەک ئەوەی ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەندامان بەس بێت، پیرە گوتی:
- کوڕینە با کاتمان بە فیڕۆ نەدەین. هەر ئێستا کۆبوونەوەیەک ببەستین و سەرۆکێکی ژیر هەڵبژێرین!



Scanned with CamScanner

- بەڕای تۆ، مووچەخۆرێکی دەوڵەت مانگانەکەی تەنیا شەشسەد لیرە بێ، دەتوانێ تەلەفزیۆن، ساردکەر و جلشۆر بکڕێ؟
- ئەقڵم نایگرێ. ئەو پارەیە بەشی پێویستیی ژیان ناکا. ئەو هەموو شتانەی چۆن پێ دەکڕێ!
- دە ئەوە من نەک هەر ئەوانە، بگرە ڕیکۆردەر و مۆبیلیاتی ستیل و ڕایەخی گرانقیمەتیشم کڕی و ئەوەی کەموکووڕی بێ، نیمانە.
- دیارە بەرتیلت وەرگرتووە. یانیش پارەیەکی چاکت لێ داوە.
- ئۆ هۆو، خوا سەلامەتت کا. نەختێ ئاگاداری زمانت بە. ئەو قسەیە لەکەسێکی دیکە قبووڵ ناکەم!
- ئەی چۆن پەیدات کرد، ها؟ خۆ گەنجینەی قاروونت نەدۆزیوەتەوە؟
- گەنجینەی چی؟ گوێ بگرە با بۆت باس بکەم. ماوەی دوو ساڵ دەبێت کە ژنەکەم ژیانی لێ تاڵ کردووم. بۆ چەند دانە کورسیی دار و تەختە، ڕۆژ تا ئێوارە هەراو و هۆریایەتی: "ئابڕومان لای خزم و ناسیاوان چوو. هەندێ کورسیمان بۆ بکڕە با بیخەینە ژێر میوانەکان." منیش بەردەوام دەمگوت باشە. ئەم مانگە دەیکڕم، مانگی داهاتوو دەیکڕم، بەڵام کە سەری مانگ دەهات، مووچەم وەک گۆشتی قوربانی دابەشی سەر نانەوا و بەقاڵ و گۆشتفرۆش دەکرد. ئەوەندەمان بۆ نەدەمایەوە، وەک بەنی ئادەم پانزە ڕۆژ خۆی پێ بەڕێوە ببەین. بێزار و وەڕس بووم، بڕیارم دا بیرێک لە چارەنووسی خۆم و ژن و منداڵەکانم بکەمەوە. پێم گوت: "ئاگادار بە. ئەگەر لەم ماوەیەدا خانووەیەکی بەتاڵ هەبوو، ئەوە بە کرێی دەگرین."
ژنەکەم پێکەنی: "ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ کرێی دوو کیلۆ مریشکت بە زەحمەت بۆ دەدرێ. نۆبەتی خانووی سەربەخۆیە!"



Scanned with CamScanner

گوتم: "خۆت نارەحەت مەکە. نەخشەیەکی ئەوتۆم کێشاوە، هەر مەپرسە. با خانوویەک بە کرێ بگرین، ئەنجا دەزانی چ مێردێکت هەیە!"

دووای گەڕان و هەواڵپرسین، خانوویەکی بەتاڵمان دەست کەوت. مانگی بە پەنجا لیرە چووینە ناوی. بەیانیی ڕۆژی دووەم بە ژنەکەم گوت: "ئێستا تەواوە. جا بفەرموو، ئەوەی دڵت بیخوازێ، بۆتی دەکڕم"

"پیاوەکە، تەنیا چەند کورسیی دارم دەوێ."

"هەر ئەوەندە؟!"

"ئەگەر هیچت لەدەست دێ، ئەوە مێزێکی نانخواردنیشمان پێویستە."

"ئەمەیش بوو بە قسە؟ داوا بکە، مەترسە. کۆمەد، مۆبیلیات، تەلەفزیۆن، بڵێ. شەرم مەکە."

ژنم بەسەر سوڕمانەوە گوتی: "کابرا هەرگیز ناشێ لە کەلاوە کۆنەکەی ئەو لا خەزێنەت دۆزیبێتەوە؟ "

"نەخێر. خەزێنەی چی؟ هەڵسە جلەکانت بپۆشە با بچینە بازاڕ، کەرەستەی پێویستت بۆ دەکڕم. هەستە با بڕۆین."

ژنە باوەڕی نەدەکرد. گوتم: "زووکە. با شەومان بەسەردا نەیێ."

بە پەلە جلی دەبەری کردن. خۆمان کوتایە فرۆشگایەکی گەورە. بە فرۆشیارم گوت:

"باشترین سەلاجەتان کامەیە؟"

پرسی:

"لەماڵەوە چەند کەسن؟"

"پێنج کەس."

"ئەم سەلاجە هەشت قەدەمییە بەرن، جوان و هەرزانە و باشیش کار دەکا."

"لەمە گەورەترتان نییە؟"

"ئۆی؟ قوربان دووانزە قەدەمیشمان هەیە."



Scanned with CamScanner

"دووانزه قەدەمەکە چاکترە."
ئاوڕم لە ژنەکەم دایەوە و گوتم: "کام ڕەنگە هەڵبژێرین؟"
ژنەی بەستەزمان چاوی زەق کردبوو، دیقەتی منی دەدا و قسەی بۆ نەدەکرا. گوتم:
"دامەمێنە. زووکە پەسەندی بفەرموو. ئەمەیان چۆنە؟"
"زۆر جوانە."
بە کابرام گوت: "زەحمەت نەبێ، ئەمەیان بپێچەرەوە."
سەددانە لیرەم بۆ ژمارد و چەند دانە کاغەزیشم ئیمزا کردن، کە هەموویان بایی سێهەزاروپێنجسەد لیرە بوون.
پاشان لاماندایە فرۆشگایەکی دیکە. بە ژنەکەمم گوت:
"حەزت لە جلشۆر نییە؟"
"بەڕێ وەڵا، بەڵام ڕووی دەسکورتی ڕەش بێ!"
گوتم: "خۆت سەغڵەت مەکە. تۆ پەسەندی بکە و حەقت نەبێ."
"ئەی قستەکەی چۆن دەدەیتەوە؟"
"بێقەزا بی، دەڵێی ڕۆژنامە ناخوێنیتەوە؟ ئاخر ئازیزی من، لەم وڵاتەی ئێمەدا کەسێ هەیە قەرزار نەبێ؟! ئیشەڵڵا کە دەوڵەت لە ساڵی "٢٠٠٠"دا بەرزی کردمەوە، ئەوە منیش هەرچی قەرزە دەیدەمەوە!"
خاوەن فرۆشگا لێمان هاتە پێشەوە: "قوربان: ئەمرێکتان هەبوو؟"
"بەڵێ. جلشۆرمان دەوێ."
"لە کامەیان دەفەرموون؟ هەرزان، گران؟"
"گران بێ، هەرزان بێ، گرنگ نییە . تەنیا جۆرەکەی باش بێ و مۆدێلی تازە بێ."
کابرا گوتی: "ئەمەیان بەرن. تەواو ئۆتۆماتیکە. ئاو دەکێشێ و جل دەشۆرێ و وشکیان دەکاتەوە."
گوتم: "ئەی نییە خۆیشی ئوتووی بکا؟"
"تا ئێستا ئەو بابەتەمان بۆ نەهاتووە."



Scanned with CamScanner

ڕووم له ژنه‌كه‌م كرد: "خانم، كامه‌یان په‌سه‌ند ده‌كه‌ی؟ باش ته‌ماشا كه‌، خۆت به‌كاری دێنی. نه‌بادا پاشان په‌شیمان ببیته‌وه."
ژنه‌ی كڵۆڵ كه‌ تا دوێنێ جووتێ گۆره‌ویی تازه‌ی له‌ پێ نه‌كردبوو. به‌ په‌له‌ وه‌ڵامی دایه‌وه: "ئه‌مه‌یان زۆر باشه!"
سه‌د لیره‌ قیستم دا و، دووهه‌زاروپێنجسه‌د لیره‌ ده‌فته‌ری قه‌رزم ئیمزا كرد.
پاش ئه‌وه‌ی جلشۆرمان ڕه‌وانه‌ی ماڵه‌وه‌ كرد، چووینه‌ فرۆشگایه‌كی دیكه‌ی مۆبیلیات. "هه‌زار ڕه‌حمه‌ت له‌ گۆڕی باوكی ئه‌و كه‌سه‌ی قیستی په‌یدا كرد. ئه‌گینا من و ئه‌م ساڵ چۆن ده‌ژیاین؟!" له‌به‌ر ده‌رگای دوكانه‌كه‌دا به‌ ژنه‌كه‌م گوت: "بڕۆ پێشێ و په‌سه‌ندییان بكه."
"چی په‌سه‌ند بكه‌م؟"
"بۆفیه‌. مۆبیلیات. ته‌ختی نووستن. كورسی!"
له‌ویش پێنجهه‌زار لیره‌مان خه‌رج كرد و، چووینه‌ دوكانی ڕایه‌خفرۆشێ. ژنه‌ واقی وڕ مابوو، گوتی: "حه‌یده‌ر!"
"وس به‌. قسه‌ نه‌كه‌ی. ئێمه‌ش مافی ژیانمان هه‌یه!"
دوای بگره‌ و به‌رده‌، سێ پارچه‌ قاڵیمان كڕی. سه‌د لیره‌م دا به‌ قاڵیفرۆش و نازانم چه‌ند كاغه‌زی قه‌رزم ئیمزا كرد.
ده‌وڵه‌مه‌ندێك زامنمان بكا، چونكه‌ متمانه‌ به‌ مووچه‌خۆری ده‌وڵه‌ت ناكه‌ن!
له‌ ماوه‌ی بیستوچوار سه‌عاتدا ماڵمان ڕازانده‌وه‌. به‌ تایبه‌تی ئه‌و په‌رده‌ ڕه‌نگا و ڕه‌نگانه‌ ئێجگار دیمه‌نی ژووره‌كانیان جوان كردبوون.
دره‌نگی شه‌و گه‌ڕامه‌وه‌ ماڵ و گوتم: "ببینیت گیانه‌كه‌م؟ ئه‌وه‌ی كه‌ره‌سته‌ی ژیانه‌ هه‌مانه‌. به‌رانبه‌ر به‌م كرده‌وه‌یه‌، منیش داوای فیداكارییه‌كی بچكۆلانه‌ت لێ ده‌كه‌م." ژنه‌ به‌سه‌ر سوڕمانه‌وه‌ گوتی: "فیداركاریی چی؟"
گوتم: "هه‌ر كاتێ پێویستی كرد، ئه‌وه‌ پێت ده‌ڵێم!"

ئیدی ماڵ و منداڵ بە جارێ نوقمی ناز و نیعمەت بوون. ئەوەندەی نەبرد یەکەم ئاگاداریم بۆ هات. بەسەر خۆم نەهێنا. پاشان کە چاوم بە پۆستەچی بکەوتایە، دەمگوت: "ئەمڕۆ چەند دانە ئاگاداریم هەن؟"
"سێ دانە."
"ئەی دوێنێ چەند دانەم هەبوو؟"
"چوار!"
کار لە کار ترازا، وای لێ هات پۆستەچی داوای یاریدەدەرێ بکا. ئیش کەوتە دادگا، ڕۆژ نەبوو جەڵبم نەیەتە دوا. پاشان دادگا بڕیاری خۆی دا.
بە ژنەکەمم گوت: "گیانە، وادەی فیداکاری هاتووە."
وای دەزانـی داوای خەرجیـی ڕۆژانەی لـێ دەکەم، گـوتی: "ئەگەر بە تەمایت لە ئەنگوستیلە و گەردنبەن بفرۆشێ، زەحمەت مەکێشە."
"نا چاوەکەم، من لەو کەسانە نیم شتێ ببەخشم و داوای بکەمەوە."
"ئەی چی؟"
"تەنیا چەند ڕۆژێک ئینجازەم بدەرێ!"
"دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟ دەتەوێ ڕابکەیت و جێم بهێڵی؟!"
"نەخێر، بـۆ هـیچ کـوێ نـاچم. ئەو کەلاوە ڕووخـاوەی بەرانبەرمـان دەبینی؟ ئەدرەس و نیشانەی خۆمە. لەمڕۆ بەدواوە ئەچمە ئەوێ. هەر چەند ڕۆژێکە و سـەر و کەللەی مووچەخۆرانی جێبەجێکـاری بەدەر دەکەون، باوەڕ بکە هەر کە چاویان پێم بکەوێ، قەرزاریش دەبنەوە!"
ژنەکەم نەخشـەکەی بەدڵ بـوو. بە لـێفە و دۆشـەگێکی دڕاو و پـارچە جلێکی شڕەوە چوومە نـاو کەلاوەکەوە. دەمەو نیوەڕۆ بـوو، لە دەرگـا درا، بە بیجـامەیەکی پینەکـراوەوە دەرگـام کـردەوە. یەکێکیـان گـوتی: "هاتووین هەرچی لەناو ماڵتا هەیە، دەستی بەسەردا بگرین."
ئەوان هــاتنە ژوورێ. منـیش یەکســەر خــۆم کوتــایە نێـوجێ. وەک دایکمـردوو. دامە قـوڵپی گریـان و شـین و واوەیـلا. گـوتم: "ئێـوەیش وەک ئەوانی دیکە، چیتان لەدەست دێ، بیکەن!"

یەکێکیـان وەک دڵـی پـێم بسـووتێ، گـوتی: "بـۆ چیـت لـێ قەومـاوە؟ خێزانت تەمەنی درێژی خۆی بۆ بەجێ هێشتووی؟"
"نەخێر. ژنە بێشـەرەفەکەم دەسـتی لەگەڵ کابرایەک تێکەڵاو کـردووە. بەبێ منداڵ و کەرەستەی ناوماڵ جێی هێشتووم!"
زۆربەی زۆری مووچەخۆرەکـانی بـاج دڵ ڕەق و بێبەزەیـین. کەچـی ئەویان لەگەڵ من دەستی بە گریان کرد. لەوە دەچوو تازە دامەزرابێ! زۆر بە زەحمەت هێمنم کردەوە. گوتی: "بەسەرهاتەکەت جەرگی بڕیم. خاترجەم بە تەنیا قیستت لە مووچە دەگێڕینەوە."
"فەرمان فەرمانی خۆتـانە. ئەگەر حەز دەکەن ئەم لێفە و دۆشـەکەیش بەرن، بەڵکو لە سەرما بمرم و لەم ژیانە ڕزگارم ببێ."
کە خـاوەن قەرزەکـان لە بـابەتەکە تێگەیشـتن، هـاتنە فەرمانگەکەمـان: "خاڵە گیان. لە دەورت گەڕێم. ئێستا وا بڕیارە پاش چوار مانگی دیکە قیستت لێ بگێڕنەوە، قیستی یەکەم بدەرە مـن. بە خـوا منیش قەرزارم و دەفتەری قەرزی زۆرم لەسەرن."
یەکێکیان لێی پرسیم: "ئەرێ براڵە، مانگانەکەت چەنە؟"
"پێنجسەد لیرە."
هەر کە بیسـتی، مـووی تێک چەقـین و دەسـتی کـردە جنێودان. گـوتم: "کـوڕی بـاش، بـۆ جنێـو دەدەی؟ ئەگەر ڕاسـت دەکەی بە دەوڵەت بڵێ مووچەکەم زیاد بکا، تاوەکو پارەکەت بدەمەوە!"
"ئاخر بێ ویژدان، بەدبەختێکی وەک من، دەبێ ئارام بگرێ تـا جەنابـت بە سەدوبیستوشەش لیرە پارەی ئەو هەموو شتانە دەدەیتەوە. ئینجـا ئەگەر حەزت کرد قیستەکانی منیش بدەیتەوە!"
فرۆشـیاری کەرەسـتەی ئاشـخانە گـوتی: "بـرادەران، قیسـتی مـن بە پەنجـاوچوار مانـگ تەواو دەبـێ. تکـا دەکەم، بـا لە مـنەوە دەسـت پـێ بکات. خوا دەزانێ لە هەمووتان موستەهەقترم."
سـەڵاجەفرۆش گـوتی: "وا دەزانـی قەرزاری ئـێمە نییە! پێویسـتە ئەم یارۆیە دە ساڵ قیست بە من بداتەوە."



Scanned with CamScanner

گـوتم: "ئەگەر بەدڵتــان بــێ، بەنــدە پێشــنیارێکم هەیە. مــن دەڵــێم ناوەکانتان لەسـەر پارچە کاغەزی جیا بنووسنەوە و تیروپشکی بۆ بکەن، ناوی هەر کامەتان دەرچوو، لەوەوە دەستی پێ دەکەم."
هەموو تێکرا سەرنجێکی منیان دا.
بەپێــی تیروپشــک، دوایــن کەســێک کە دەبــوو‌ایە قیســتی بــدەمێ، فرۆشیاری مۆبیلیات بوو. بۆ دڵدانەوە، پێم گوت: "لالـۆ، تـۆ دەبێ گازەندە لە بەختی خۆت بکەی، بەڵام قەی ناکا. ئیشەڵڵا کە دەوڵەت ساڵی دووهەزار پلەی بەرز کردمەوە، ئەوە بەڵێنی پیاوان بێ، هەموو پارەکەت بە جارێ بدەمەوە!"



Scanned with CamScanner

## گومانم لەوەدا نییە، ئاهی ژنی پێشوومە، ئاوا بەد بەخت و ڕەنجەڕۆی کردووم!

ئەگەر چی بە هەزار سوێند و قورئان مەسەلەی تەڵاق گوناهی منی تیا نەبوو. وەک بڵێی ژنە بۆ ئازاری من دروست کرابێت، هەموو شتێکی بە پێچەوانەی ئارەزووی منەوە بوون. منیش هەر بۆ ئەوەی بەڵگەی نەدەمێ، بە هانەم پێ بگرێت، ئەوەی داوای کردبا، ئەوە یەکسەر جێ بەجێم دەکرد. بەڵام بۆچی ڕازی دەبوو؟! لەسەر شتێکی کەم، یا لە سەر دوو قسەی پڕوپووچ و بێناوەڕۆک، چەند سەعاتە دەیکردە هەرا و شیرەشیر.

کە زانیم بێسوودە و ئیدی تەواو چاکبوونی بۆ نییە، بەم وەزعەیش ناکرێت تەمەنێکی دوور و درێژی لەگەڵدا بەرمە سەر، ناچار تەڵاقم دا و لێی جیا بوومەوە. ئەوەی ویستی، پێیم دا. ئەو مەرجەی هەیبوو، قەبووڵم کرد و گیانی خۆم بە ساغ و سەلامەتی لە چنگ ڕزگار کرد.

یەک-دوو ساڵ هەروا زگوردی و بێژن مامەوە و گوتم:

"قیر و سیا، تاک و تەنیا ناڕەحەتم قەی ناکا. وەرە مەردی خوا بە و نەچیتە ژێر باری ژنهێنان!"

بۆچی خزم و برادەر و ناسیاو،ماڵیان ئاوەدان، واز دێنن؟

لە گوێیان دەخوێندم: "ئەمە کەی ژیانە؟ پیاو هەر دەبێ ژن بێنێ" و، لەم بابەتە قسانە. ئەو کاتە بوو "ڕەحیمە"م ناسی. ئەگەرچی هەر هێشتا ترسی ژنی پێشووم لە دڵدا بوو، بەڵام "ڕەحیمە" ئەوەندە زمانلووس و گفتشیرین بوو، مەپرسە. هەرچەندەی دەمکرد و دەمگوت، باییی تۆزقاڵێکیش تووڕە نەدەبوو. وێردی سەر زمانی "بەسەر چاو" بوو.

سەرنجی دەدایێ تا بزانێت چیم لە دەم دێتە دەر، هەر ئەو کاتە جێبەجێی دەکرد.



Scanned with CamScanner

بەم هەموو ڕەوشتە جوانە و بەم هەموو دڵسۆزیەوە، لە بەر خۆمەوە گوتم:
"وا چاکە جارێ هەر بەدەستگیرانی بمێنینەوە. با تاقیکردنەوەیەکی لەگەڵدا بێ."
"ڕەحیمە" ئەم پێشنیازەی بەدڵ بوو. بە پێکەنینەوە گوتی:
"بەسەر چاو، گیانەکەم. ئەوەی تۆ مەیلت لەسەر بێ، ئەوە بەدڵی منیشە."
لە چاکەی "ڕەحیمە" هەر وەخت بوو شێت ببم. ئاخر دەکرێت ژن ئەوەندە گوێڕایەڵی مێردی بێت؟!
لە دەورانی دەستگیرانیدا دوو-سێ عەیب و عاری "ڕەحیمە"م بۆ ئاشکرا بوون. یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە "ڕەحیمە" نینۆکی خۆی دەکرۆشت. دووەمیان هەر کاتەی قژی شانە کردبا، مووی زیادەی دەکردە نێو تەپڵەکی جگەرەوە. لە هەردووکیانیش قوڕ و بێماناتر ئەوە بوو دەنکە شقارتەی بەکارهێنراوی دەخستەوە نێو قاڵبە شقارتەکە! جاری وا دەبوو جگەرەی برادەرێکم دادەگیسرساند، دەنک ئاگری نەدەگرت و تەریق دەبوومەوە.
ڕۆژێکیان بە دەم پێکەنینەوە گوتم:
- ئەرێ ڕەحیمە گیان، بۆ هەوڵ نادەی واز لەم ڕەوشتانە بێنی؟
ئەویش هەر بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:
- ئەڵبەت وازیان لێ دێنم. بەسەر چاو.
چەند جارێک ئاگام لێ بوو کە چای بۆ دەهێنام، ئەوەندە پیاڵەی پڕ دەکرد، هەر کە شەکرم تێ دەکرد، بڕێک چا دەڕژایە نێو ژێرپیاڵەکەوە. گەرەکم نەبوو بە بیرخستنەوە و ڕووشکاندن ببنە هۆی ئەوەی بە پیاوێکی بەهانەگرم لەقەڵەم بدا، بۆیە مات و بێدەنگ دەبووم. بەڵام "ڕەحیمە" سەرنجێکی منی بدایە، بەشەرمەوە دەچوو. دەیگوت:
- بەسەر چاو، ئیدی وا ناکەم.

ئەوەندە خۆشحاڵ بووم، خۆم بە بەختیارترین پیاوی سەر ڕووی ئەم زەمینە دەزانی. ماوەی دەسگیرانی کورت کرایەوە و ناوی خوامان لێی هێنا.

سبەینەی بووک و زاوایەتیمانە، خەریکین نانی بەیانی دەخۆین کە "ڕەحیمە" دیسانەوە تا لێواری پیاڵەی پڕ لە چا کرد. دوو جاریش نینۆکەکانی کرۆشتن. ویستم جگەرەیەک داگیرسێنم، سەیرم کرد دەنکە شقارتە سەریان پێوە نییە. گەلێک دڵگیر و مەلوول بووم. بەڵام یەکەم ڕۆژە، چی دەڵێیت؟ لە ڕۆژانی دووەم و سێیەمدا بێزار بووم، گوتم:

-ڕەحیمە گیان، بە قوربان، ئەگەر لە بیرت بێ، لە کاتی دەسگیرانیدا باسێکی وامان کرد و تۆ خۆت وادەت دامێ.

"ڕەحیمە" دایە قاقای پێکەنین:

- بەسەر چاو. ئیتر تەواو.

ئەوەندە بە گەرموگوڕی وەڵامی دەدامەوە، خەجاڵەتی دەکردم!

لەوە دەچوو "ڕەحیمە" تەنیا ئەم وشانە بەڵەد بێت.

"بەسەر چاو. گیانەکەم. باشە ئازیزم. هەقی تۆیە." ئەمانەیش هەر قسەن و کردەوەیان بە دوادا نایەت!

چونکە هەر بۆ ڕۆژی دواتر، شتەکانی دووبارە کردنەوە و بە تایبەت نینۆککرۆشتن کە زۆر پێی قەڵس دەبووم. ئەگەر بۆم بکرابایە، هەرچی ددانی هەبوو هەڵمدەکێشان!

وەکوو دەڵێن، هێشتا هەر لە مانگی هەنگوینەکەدا بووین کە بەیانییەکی ڕۆژی هەینی بەرنامە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد.

ساتە وەختێک بوو لە جێگا هاتبووینە دەرەوە.

تەماشایەکی "ڕەحیمە"م کرد، وا خەریکە نینۆک دەکرۆشێت. ڕووم لێ وەرگێڕا. هەوڵم دا بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵ بم. بۆچی دەکرا؟ وەک ئاشێکیان گڕ دابێت و قایشەکەیان لە ملی من قایم کردبێت. "ڕەحیمە" بەردەوام پەنجەی لە دەمدا بوو. زۆر تووڕە بووم. گوتم:



Scanned with CamScanner

- ڕەحیمە!
- بەڵێ گیان!
- دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، بەڵام توو سەری باوکت دڵتەنگ مەبە.
- ئای لەم قسانە! جا بۆ دڵتەنگ دەبم؟!
- چاکە. ئەی تۆ وادەت نەدابوو ئیتر نینۆک نەکرۆشی؟ ئێ باشە بۆ وا دەکەی؟ تۆ نازانی من دڵم پێی دەگوشرێ؟
- بەسەر چاو، ئیدی ببڕاوبڕ وا ناکەم.
- مەمنوونتم، بە ڕاستی هاوسەری چاکی. ئا زەحمەت نەبێ پیاڵەیە چام بۆ تێ کە.
"ڕەحیمە" چای هێنا. سپاسم کرد. شەکرم تێ کرد و کەچکم سووڕاند، ژێر پیاڵە پڕی بوو لە چایی. گوتم: بەڵێ "ڕەحیمە" بە ئانقەست وا دەکا!
بە ڕووی خۆمم نەهێنا. بێسوودە! ئای کە حەز دەکەم جارێ بێژی "نا". ئای کە حسێبم لە مست دەنا، بەڵام بێویژدانە دەرفەتی نەدەدامێ و، بۆ هەڵەیەکی ئێجگار بچووک، سەد جار داوای لێبووردنی دەکرد.
بەرەبەرە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بێزار و دڵتەنگ دەبووم. ژنی یەکەمم ئەگەر خراپەیشی هەبووبێ، ئەوەندەی هەبوو کە قسەیەکی دەکرد و تەواو. ڕەنگە بە بڕوای خۆیەوە ڕاست بووبێت. کەچی "ڕەحیمە" دەزانێت کردەوەکانی ڕاست نین و هەر لەسەریشیان بەردەوامە!
ڕۆژێک، سەرۆکی ئەو کۆمپانیایەی ژیان و دواڕۆژی منی پێوە بەندە، خۆی و خانمی ژنی هاتنە میوانداریمان.
"ڕەحیمە"م بانگ کرد و بردمە قوژبنێک و پێم وت:
- ژنە خۆشەویستەکەم، بەساقەت بم، پیاڵە پڕ چا نەکەیت. لەبەردەم میوانان نینۆک مەکرۆشە. تۆ دەزانی من پێی قەڵس دەبم و ئەوەی قسەیە لەبیرم دەچێتەوە.
- بەسەر چاو، حەقت نەبێ.

گەڕامەوە ژووری. سەرۆکی کۆمپانیا جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو. بەدوای چەخماخەکەیدا دەگەڕا.

دەستبەجێ شقارتەم دەرهێنا و هەرچەندەی کردم دەنک ئاگری نەگرت. هیی دووەم، هیی سێیەم، چوارەم و پێنجەم، دەرکەوتن هەموویان بەکار هێنراون. لەشەرماندا سوور هەڵگەرام. جەنابی سەرۆک چەخماخەی لە گیرفانیەوە دەرهێنا و جگەرەی داگیرساند. مژێکی لێ دا و داینایە ناو تەپڵەکەکەی بەردەمی. ئەوەندەی نەبرد بۆنی قژی "ڕەحیمە" پەرش و بڵاو بووەوە. جا وەرە شێت مەبە!

جەنابی سەرۆکی کۆمپانیا، کەمێک ڕووی خۆی وەرگێڕاو گوتی:

- نیازم وایە بەشێکی نوێ لە کۆمپانیادا بکەمەوە و تۆ بکەمە لێپرسراوی ئەو بەشە.

دەمویست سپاسی بکەم. لەو کاتەدا "ڕەحیمە" بە سینیی چاییەکەوە هاتە ژووری و بۆ ژنی سەرۆکی کۆمپانیای ڕەوانە کرد. خوانەناسە ئەوەندەی پڕ کردبوون، هەر کە ژنەکە دەستی بۆ درێژ کرد، نیوەی ڕژایە سەر کراسە ئاوریشم و گرانبەهاکەی. ژنە پێی مەلوول بوو، منیشی شەرمەزار کرد. بۆ "ڕەحیمە" هەر بەمەندە دەوەستێ؟

هەر فڕێکی لە چای دەدا، نینۆکێکی لەگەڵدا دەکرۆشت.

میوان باسی بەهرە و توانای منی دەکرد و لە ئایندە و دواڕۆژی کۆمپانیا دەدوا. منیش هەموو هۆش و بیرم بەندی هەڵسان و دانیشتنی "ڕەحیمە" بوون. بە دەست و بە چاو و برۆ، هەوڵم دەدا تێبگەیەنم، ئیدی نینۆک نەکرۆشێت. هەر بۆیە نەمدەزانی سەرۆکی کۆمپانیا باسی چی دەکات و هیچی لێ تێنەگەیشتم. وەڵامی سەیر سەیرم دەدایەوە!

جەنابی سەرۆکی کۆمپانیا دەیویست بزانێت ئایا ئامادەم ئەو بەشە بەڕێوە ببەم یان نا؟ گوتی:

- بە ڕای تۆ چەنێ پارەی دەوێت؟

وەک لەگەڵ "ڕەحیمە" شەڕمان بێ. قیژاندم:



Scanned with CamScanner

- زۆر باشە. نەخێر پێویستە. ئاخر کەی ئەمە ڕاستە. بەڵێ. نەخێر!
بەجارێ خۆم بۆ نەگیرا. بەردەوام دەکۆکیم.
کەچی "ڕەحیمە" لە فاکوفیکی خۆی نەدەکەوت.
گوتم "واباشە تێیبگەیەنم".
هەڵسام و دەستم دایە قاپی کێک و بۆ میوانانم ڕاداشت. ژنی سەرۆکی کۆمپانیا دەستی هێنا، دانەیەک هەڵگرێت. بۆ دەمی خۆ برد، ئەو کاتە من بیرم لای نینۆکی "ڕەحیمە" بوو. هاوارم کرد:
- بەسە ئیدی. ئەوەندە مەخۆن!
ژنە لە شوێن خۆی هەڵسا و کێکی فڕێ دا و بە تووڕەییەوە بەرە و دەرگای ژووری میوان ڕۆیشت!
پاشان نازانم چیم گوتووە و چیم گوێ لێ بووە. هەر ئەوەندەم لە یادە کە "ڕەحیمە" بخنکێنم. بە دەستێک قورگیم دەگوشی و بە دەستەکەی دیکەم لە سەریم دەدا و دارکاریم دەکرد. قسە لێرەدایە. لەم بگرەوبەردە و کێشمەکیشەدا، "ڕەحیمە" دەپاڕایەوە و دەیگوت:
"بەسەر چاو، بەسەر چاو، گیانەکەم. ئازیزەکەم، بەسەر چاو."
جەنابی سەرۆکی کۆمپانیا و خانمی ژنی، بە زۆر "ڕەحیمە"یان لەژێر چەپۆک و پێلەقە ڕزگار کرد. پاشان بێ ماڵئاوایی تەشریفیان ڕۆیشت.
لە ڕێگادا، ژنە بە مێردەکەی دەگوت:
ئای لەم کابرا شێتە. ئەم هەموو پاڕانەوە و بەسەر چاوە، کەچی نامەردە خەریک بوو بیکوژێ!
مێردی دەیگوت:
- ڕاست دەکەی، وەزعی تەواو نەبوو.
لە سایەی دلۆڤانی و مەرحەمەتی "ڕەحیمە" خانەوە نەک هەر بەشی تازەی کۆمپانیام پێ نەبڕا، بگرە دوای هەفتەیەک بە یەکجاری وەدەریان نام!
ویستم لە "ڕەحیمە" جیا ببمەوە و تەڵاقی بدەم.

پاشان شەیتانم بە نەعلەت کرد. دەزانم لەم دنیای وا پان و بەرینەدا، ژنی وا هەن گەلێک کردەوەی لە "ڕەحیمە" ناڕێکتر دەکەن و تەقەی سەریان دێ. هەر نەبێ ژنەکەی من "بەسەر چاو"ی لە دەم دەبارێ. کە ئەمە بۆ خۆی ڕەوشتێکی هەرە بەرزە!

***



Scanned with CamScanner

لە کۆتاییدا، منی مووچەخۆر پشت ئەستوور بەو چەند لیرانەی پاشەکەوتم کردبوون، کەڵکەڵەی ئۆتۆمبێلکڕین دای لە مێشکم! وەک خاوەنی چەند کۆشک و تەلار و چاپخانە بم، ڕۆژ نەبوو سەرێکی پێشانگای ئۆتۆمبێل نەدەم.

ژنەکەم بە مەسەلەی زانی. ڕووگرژ و توڕە، گوتی:

- خوا بە خێری نەگێڕێ، هەمووی پێنج-شەش ڕۆژێ نابێ لە نان و چایی نەجاتمان بووە. دەتەوێ محتاجی نانی شەومان بکەیتەوە؟!

خەسووم گوتی:

- ڕۆڵە چیت لەم کارانە داوە؟ ئەوانەی ئۆتۆمبێل دەکڕن لە هەزار لاوە وەردەگرن. نازانم تۆ بە چی دەنازی؟

مانگانەت لە پێنجسەد لیرە زیاتر نییە. بە ناخێری گیانت، مەگەر ئەو پارەیە تەنیا بانزینی پێ بکڕی، دەبێ مانگی پانزە ڕۆژ پیادە بی!

قسە و ئامۆژگاری و ورتەورتی خێزانم، نەک هەر کاریان تێ نەکردم، بگرە زیاتر هاندەرم بوون. گوتم:

- بەخوار هەر دەبێ بیکڕم!

ژنە گوتی:

- باشە چەندت پارە هەیە؟

- پێنجهەزار لیرە.

- تڕحێو، جەناب بە پێنجهەزار لیرە ماتۆڕ نافرۆشرێ.

- بزانە چۆن دەیکڕم!

لە ڕاستیشدا کریم. بەڵام چۆن ئۆتۆمبێلێ؟ هەر مەپرسە! لەو مۆدێلانە بوو کە چەند ساڵ بەر لە جەنگی جیهانی دەرکەوتوون. لاشەی یەک پارچە لەرزۆک.



Scanned with CamScanner

سووکانم گرته دەست، بەو هیوایەی منالەکانم کەیفیان پێی ساز بێت، بەرە و گەڕەکەکەی خۆمـانەوە بـۆی دەرچـووم. کەچـی هەر چاویـان پێی کەوت، هاواریان لێ هەلسا:

- ئەم پارچە ئاسنەت بە چوارهەزار لیرە کڕیوە؟

بە ڕووی خۆمدا نەهێنا و گوتم:

- ئێـوە بە دیمەنـی دەرەوەی نەخەلەتـێن. ماشـەللا یەک مەکیـنەی لەسەرە، لە هەموو دنیا تاکی نییە!

ژنەکەم گوتی:

ئیشـەللا بەسـەرماندا وەردەگەڕێ و لەم ژیـانە کـولەمەرگییە ڕزگـار دەبین.

بە هەزار ڕجـاو تکـا، مـاڵ و منـدالم ڕازی کـردن، ڕۆژی هەینـی پیاسـەیەکیان پـێ بـکەم. خەسـووم بە هـیچ شـێوەیەک ئـارەزووی سواربوونی نەبوو. بە هەر زەحمەتێک بێت، ئەویش لە کەری شەیتان دابەزی و ئایەتول کورسییەکی حەوالە کرد.

هێشتا شەش‌سەد مەترێکمان نەبڕی بوو، کوڕەکەم قیژاندی:

- باوکە، دەرگای سندووقی دواوە کەوت!

خەسووم نەڕاندی:

- کـورە دەرگـای سـندووق بە جەهەنـم، بـزانە یاپراخەکـان تێـک نەچوون؟

خـۆم و کـوڕم، ڕاکێش‌ڕاکـێش دەرگامـان هەلگـرتەوە. هەر چەنـدەی کردمان بۆمان چاک نەکرایەوە، ناچار ئامانەتی میوە فرۆشێکمان دا:

- ئینجازە دەفەرموون تا سبەینێ لێرەی دانێین؟

- قەی ناکا. بەلام پێنج لیرەم دەوێ.

- باشە دەیدەین.

- دەبێ پێشەکی وێری بکەن.

- بۆ؟

ئەگەر دووایی نەهاتنەوە، ئەوە کەس دوو لیرەی پێ نادا!



Scanned with CamScanner

پارەکەمان ژمارد و کەوتینە ڕێ. یەک-دوو کیلۆمەتر نەڕۆیشتین، کرایە هەڵلا. وام زانی تەواو. هاوارم کرد:
- یەکتر بگرن وەرنە ئەم لا. دوعا بکەن.
تەقەیەکمان لێوە هات و شتێک بە زەوی کەوت.
کچە بچکۆلانەکەم گوتی:
- باوە ئاگادار بە، دەرگای دەستە ڕاست دەکەوێ!
ئەو دەرگایەیشمان لای دوکاندارێکی تر جێ هێشت.
خەسووم گوتی:
- دەرگاکەی تریشی لا دانێ. با ئیتر نەوەستین.
گوتم:
- ئەمەیان قایمە.
خۆزگە بە گوێم دەکرد! دوای سەد مەتر ڕێگا، ئەویشیان پەڕی. ئیدی ماوەی ئەوانی دیکەم نەدا، هەردووکیانم لێ کردنەوە و لەگەڵ ئەوەی سێیەم لای جگەرە فرۆشێکم دانان.
گوتم:
- تەواو ئێستا بە کەمالی سەڵتەنەتەوە پیاسە و گوزەری خۆمان دەکەین.
خەسووم هاتە جواب:
- ڕاست دەفەرمووی. هیچ نەما شل بێتەوە و بکەوێ!
لە ڕێگادا ژنەکەم و خوشکەکەی مەرجیان دەرکرد. ژنەکەم دەیگوت:
- ئەم جارە تایەی دەردەچێ!
خوشکەکەی دەیگوت:
- نەخێر سەقفەکەی هەوا دەیبا!
هەرچەندە قسەیان نەهاتە جێ، بەڵام ئەم جارەیان مەکینەی پەکی کەوت. سەرەتا تەقەیەک، پاشان وەک پیرەمێردی هەشتاساڵە دەستی کردە کۆکە و پژمین.



Scanned with CamScanner

لە دڵی خۆمدا گوتم: "ڕەنگە خاوەنەکەی لاوی زەمانە خۆی بوو بێ، لە سەمای چاچا و تویست بەو لاوە هیچ نەزانێ."
هەریەکە و لایەکمان گرت و ڕامان چڵەکاند. چرقەچرقی لێ پەیدا بوو. هەرچەندە هەوڵمان دا، کاری نەکرد. دەڵێن کە ئاوی ئۆتۆمبێل تەواو بێ، زمانی ژنان دەکرێتەوە.
یەکسەر دەستیان پێ کرد:
- بزانە چۆن تووشی ئەم بیابانەت کردین!
ژنەکەیشم بە قسە هات:
- خۆ بەکرێ نەگیرابووی ئا وا سەرگەردانمان بکەی!
دوای چاوەڕوانییەکی دوور و درێژ، لۆریەکمان لێ پەیدا بوو. شۆفێرەکەیم ڕازی کرد بە پەنجا لیرە "کادیلاک" بە دووای خۆیەدا ڕابکێشێتە بەردەگا. ڕۆژی دووەم پەنجا لیرەیشم دایە "کرێن" و بردمە لای فیتەر، یارۆ سەرنجی ئۆتۆمبێلی دا و گوتی:
- مەگەر خوا، ئەگینا چاکبوونەوەی بۆ نییە. خۆت دەزانی ئەم ئۆتۆمبیلانە باویان نەماوە.
لێی پاڕامەوە:
- قوربانی دەستەکانت بم، وەستا گیان. هیممەتێ.
گوتی:
- با بزانم. چارەیەکی دەکەم.
سەعات نۆ و دەی شەو دەرگای دوکانەکەیمان گاڵە دەدا و بەیەکەوە بەرەو ماڵ دەبووینەوە. وەک گێلی دەست کەوتبێت، دوای پانزە ڕۆژ، ئینجا گوتی:
- لالۆ، ئەمە کلیلی دوکان. بەیانی کە هاتی، یەکەم سلفی ئەو ئۆتۆمبێلەی دوێنێ هێنایان، بکەرەوە. پاشان سەیری ڕۆنی ئەم ئۆتۆمبێلە ڕەنگ سەوزە بکە. منیش ئەوەندە دواناکەوم، دێم.
ئیجازەی ساڵێکی ڕەبەقم لە ڕێگەی دوکانی فیتەر و نێو ڕادێتەر و سلفدا بردە سەر. ڕۆژێکیان وەستا گوتی:



Scanned with CamScanner

- براله. خۆ من سەرەتایش پێم وا بوو ئەم ئۆتۆمبێلەی تۆ چاکبوونەوەی بۆ نییە. وەرە بە گوێی برابچووکی خۆت بکە. ناوی خوای لێ بێنە و پارچەپارچە بە "تەفلیش" بیفرۆشە. وەڵڵاهی قازانجی زیاترە! پیاوێکی بە ویژدان بوو. مووچەی مانگێکی "گەراجانەی" لێ وەرگرتم!
گوتم:
- وەستا گیان، گەردنم ئازاد بکە.
- ببورە برا. خوا حافیزت بێ.
چوومە لای سکرابچی و گوتم:
- ئۆتۆمبێلێکی لەو جۆرەم هەیە. دەیکڕی؟ زۆر هەرزانی حیساب دەکەم.
یارۆ پێکەنی و گوتی:
خۆ زۆرت ناوێ؟
- خاتر جەم بە. خاترت دەگرم.
کابرا قیژاندی:
- کوڕی باش. خاوەنی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە دەست هەقیشمان دەدەنێ، کەچی جەنابت داوای پارە دەکەی؟!
چوومە خزمەت یەکێکی دیکە. هێشتا تایبەتمەندیی "کادیلاک"ـم باس نەکردبوو، گوتی:
- بەسە بەس، پێویستمان نییە.
هەر ڕۆژە، فیتەرەکەی خۆمان، دەستی بە منجە منج کرد. ناچار ئۆتۆمبێلم هێنایەوە کۆڵان. ئیدی شەوان مەست و مەیخۆر دەیانکردە باڕ و مەییان تێدا دەنۆشی.
دراوسێ و خەڵکی گەڕەک شکاتیان کرد. جنێوی هاتوچۆکەرانیش سەربار. هەر خەڵکە و کراس و پانتۆڵی دەدڕێ. ناچار کرێنێکم بەکرێ گرت و ئۆتۆمبێلم فڕێ دایە دووری شار.



Scanned with CamScanner

دوو ڕۆژی نەبرد، زەنگی دەرگا زڕەی هات. دەرگام کردەوە، پۆلیسی هاتووچۆ بوو. گوتی:

- قوربان، مزگێنی. ئۆتۆمبێلی جەنابتان دۆزرایەوە!

- جا چۆن زانیتان ئەوەی منە!

- چۆن نازانین؟ لەم شارەدا، کوا ئۆتۆمبێلی وەکوو هیی تۆ؟ بەخوا ژمارەی مەکینە و شاسیشی تەواوە.

بارکردن و داگرتن و حەماڵی، پێنجسەد دانە لیرەم چوون. کۆبوونەوەیەکی فراوانی خێزانیمان بۆ بەست . بڕیار درا ئۆتۆمبێل بخرێتە دەریا!

سەعات دووی نیوەی شەو، بە خۆم و بە دە کەسەوە ئۆتۆمبێلمان خزاندە نێو دەریا. سبەینێ، لە ڕێگای دایرەدا، بینم وا کرێنی پۆلیسی هاتوچۆ خەریکە کادیلاک دەردێنێ. لەو ترسەی نەبادا تاوانبار بکرێم کە بە ئانقەست خستوومەتە ناو دەریاوە، بە پەلە خۆم گەیاندە فەرمانگەی پۆلیسی هاتوچۆ و گوتم:

- دووبارە ئۆتۆمبێلی منیان دزی!

بەڕێوەبەر بەسەرسوورمانەوە گوتی:

- بە ڕاستی سەیرە. ئۆتۆمبێلی تۆ تەنیا مارکەی دیارە. من نازانم ئەم پارچە ئاسنە بەکەڵکی کێ دێ؟

ئەمجارەیش سێسەد لیرەم چوون، ئەم ئۆتۆمبێلە نەفرەتییە دەردەسەرێکە بۆ خۆی.

نزیکەی دوو-سێ ڕۆژ دەبێ، ئاسنبڕێکی گەورەم کڕیوە. هەر شەوی دوو کیلۆی لێ دەربڕمەوە و لە دەسماڵێکی دەپێچم و فڕێ دەدەمە دەریا.

ئومێدەوارم بەم شێوەیە، بتوانم تا دوو مانگی دیکە کادیلاک لەناو بەرم! !

***



Scanned with CamScanner

من و مستەفا ساڵەهای ساڵ بەیەکەوە لەیەک قوتابخانەدا بووین و لەیەک پۆلدا وانەمان دەخوێند.
لەوەتەی مستەفا ڕیشی هاتووە، دۆستی پیاوی پارەدارە و هاتوچۆی خەڵکی دیار و ناسراو دەکا. تەنانەت لە منداڵیشیدا گەڕەکەکەی خۆمانی جێ دەهێشت و ڕووی دەکردە کووچە و گەڕەکی دەوڵەمەند و پارەداران و، لەگەڵ منداڵ و مەزنی ئەوێ یاریی دەکرد. یەک-دوو جار یەک-دوو منداڵی دەوڵەمەندانی بەدوو خۆی دەدا و دەیگوت:
- ئەمە کوڕی فلانە خاوەن کارخانەیە. ئەمە وەچەی فیسار بازرگانە. ئەمە کوڕی فلانە دکتۆرە.
بەم حاڵەیشەوە، نازانم چۆن پیاوێکی گەورە و ماقووڵی لێ دەرنەچوو؟! دوای ئەو هەموو ساڵانە، لە فەرمانگەی "سەرژمێری"دا دەمەزرا و ڕەوانەی بەشێکیان کرد.
چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا چوومە سەردانی کاک مستەفا. پاش هەواڵپرسین و چاک و چۆنی، گوتی:
- وەرە با بە بازرگانەکانی ئەم ناوەت بناسێنم.
گوتم:
- مستەفا گیان، تۆ هێشتا هەر وازت لەم ڕەوشتەت نەهێناوە؟ من ماندووم و ئەوەی تاقەت بێ، نیمە. لە جیاتی ئەوە، بڕۆینە چایخانەیەک و هەندێ قسەی ڕزیو و بە تاڵ بە با دەین.
- کورە لەسەر ڕێگەمانن. مەرحەبایەکیان دەکەین و ئەهـ .
لەیەکەم گۆڕەپانی شارەوە لامان دایە یەکەمین دوکان. دوکانێکی تا بڵێی پڕ لە کوتاڵ و کەرەستە و کەلوپەلی جۆراوجۆر بوو. لایەکەی دیکەیشی مێز و قاسەی پارە و دەفتەری حیساباتە.
مستەفا بە خاوەنی دوکانی ناساندم و ئەویشی وا بۆ باس کردم:
"کاکە حیلمی. یەکێکە لە پیاوە ماقووڵەکانی گەڕکەکەی خۆمان."

دانیشتین، چاک و چۆنی و بەخێرهاتنی کردین. چای بۆ راسپاردین. دیـواری دوکـــان بە ئـــالای ڕەنگاوڕەنـــگ و دروشـــمی حـــزب ڕازێنـراوەتەوە. لە ســەرووی هەموویشــیانەوە، وێـنەی "عیسـمەت ئینۆنۆ" لەگەڵ چەند دروشمێکی تایبەتی حزبی "کۆمار" هەڵواسراون. وێنەیەکی گەورە و زەلامی حیلمییش لەو کاتەدا کە دەستی "عیسمەت ئینۆنۆ" ماچ دەکات.

قسە هات و سوعەبەت تەواو بوو، باسی ئاووهەوا و ڕێگەوبان و گرانیی خۆراک و کەلوپەل کران. دوایش مەسەلەی حزبی تێ کەوت. مەپرسە کاک حیلمی چەند گەرموگوڕ لەبارەی حزب و بەرنامەکانی ئایندەوە دەدوا! وەک ئەوەی ئەویندار و دەرویش بێت، دەیگوت:

- ئامادەم تا دوادڵۆپی خوێنم لە ڕێگەی حیزبدا بڕێژم. کاک مستەفا نەشئە و زەوقی لە قسەکانی حیلمی وەردەگرت و دەیگوت:

- هەر بژی کاک حیلمی.

مستەفا ڕووی لە من کرد و گوتی:

- ئەمانە حەوت بران، یەک لە یەک باشتر. بەلام کاکە حیلمی شتێکە و گاڵتەی پێ ناکرێ. بە ڕاستی گەلێ ڕۆشنبیرە.

حیلمی گوتی:

- بەڵـــێ. وا مەزانـــن ئـــێمەی لەم شـــارە بچکـــۆلانەدا دەژیـــین، بێسەروبەرین، بە خوا لە مەڵبەندی پارێزگاریشدا ڕێکخستنی وامان نییە.

نەمزانی مەبەستی کام ڕێکخستنەیە! ڕێکخستنی حیزب، یان هیی دەوڵەت و میری؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەگەر ئەم پرسیارە بکەم، ڕەنگە دوو-سێ سەعات کاتمان بەفیڕۆ بچێ!"

چاییمان نۆشی و داوای ڕوخسەتمان کرد و هاتینە دەرەوە. مستەفا تەمای ئەوە بوو بمباتە دوکانێکی دیکە، گوتم:

- لە دەست ئەمەیان ڕزگار بووین، تووشی یەکێکی دیکەمان دەکەی؟



Scanned with CamScanner

- ئاخر نابێ. ئەمە برای حیلمییە. ناوی وایفە. لە حیلمی بچووکترە، بەڵام پیاوی باشە.
ڕازی بووم:
- با بڕۆین. بزانین چۆن پیاوێکە!
چووینە ژوورەوە. دوکانەکەی ئەویش لایەکی پڕە لە کەلوپەل و، لایەکەی دیکەی دەفتەر و حزبایەتی. ئەگەر جیاوازیەکی هەبێت، ئەمەیان لایەنگری حزبی "عەدالەت"ـە.
کابرا وێنەی ئەسپێکی هەڵواسیوە و لە ژێریشەوە دروشمەکانی حزبن. وێنەیەکی گەورەی "سلێمان دەمیرێل" لەسەر ڕووی هەموانە و کاک وایف چەماوەتەوە و دەستی ماچ دەکات.
بە هێواشی بە مستەفام گوت:
- ئەمانە چۆن هەڵکەوتوون. یەکێ لە "حزبی عەدالەت" و یەکێ لایەنگری "حزبی کۆمار"ـە؟!
پەنجەی بۆ دەمی برد و گوتی:
- وسسسس.
دانیشتین. قاوە خورایەوە. کاک وایف دەستی پێکرد:
- دەمیرێل، گەورەترین سیاسیی مەملەکەتە و هاوتای لە هیچ حزبێکی دیکەدا نییە.
ئەوەندە باسی دەمیرێلی کرد، وڕ و گێژی کردین.
تا بەردەرگای دوکان لەگەڵمان هات. خواحافیزیشمان لێ کرد، کەچی هەر بە بەژن و باڵای سەرۆکی حزبیدا هەڵدەدا!
پێچمان کردەوە. ئیدی مستەفا مۆڵەتی نەدام و یەکسەر خۆی کوتایە دوکانێکەوە:
- ڕۆژ باش، حەمدی خان. چۆنی؟ باشی؟ چاکی؟
- فەرموون، فەرموون. یا خوا بەخێر بێن.
مستەفا کابرای پێ ناساندم:
- کاکە حەمدی خان.

داوای دوو فنجان شیری کرد. گوتم:
- سپاست دەکەین. بە خوا دڵمان نایبا.
پێکەنی و گوتی:
- خۆ گامێشم بۆ سەر نەبڕیون!
لە شوێن خومدا وشک بوومەوە. ئەم هەموو وێنە و دروشمی "حزبی ئیعتیمادی میللی"یە چین بە دیواردا هەڵواسراون؟ بۆ هەر کوێیەک بڕوانی، قۆچ و شاخی کێوین!
سەرم بردە بناگوێی مستەفای هاوڕێم:
- خۆ ئەم برادەرە لە حزبێکی دیکەدایە!
مستەفا ماوەی قسەی نەدام. داوای لێ کردم بێدەنگ بم. کاک حەمدی وێنەی خۆی و "فەیزی ئۆغلی"ی بە دیواردا هەڵواسیوە. کابرا زانیی لە ئەندازە بەدەر سەرنجی وێنەکە دەدەم، بە دەنگ هات و گوتی:
- بەڵێ برادەر، باوەڕ ناکەم جگە لە "فەیزی ئۆغلی"ی ڕابەری حیزبەکەمان، کەس ئەوەندە سەر لە سیاسەت دەربکات. تا بڵێی سەرکردەیەکی کارامە و بەکارە. دڵنیا بە بەم زووانە دەسەڵات وەردەگرین. جا وەرە تەماشای بەرنامە و پلانمان بکە. وڵاتەکەمان دەبێتە بەهەشت.
ئەویش وەکوو براکانی، زۆر بە بەژن و باڵای حیزبیدا هەڵدا:
- ئەگەر "فەیزی ئۆغلۆ" نە دەبوو، وڵاتەکەمان لەسەر نەخشە نەدەبینرا!
هەرچۆنێک بێت، یاخەمان لە چنگی ڕزگار کرد و هاتینە دەرەوە. بە مستەفام گوت:
- وا دیارە دەستبەرداری کردەوە قۆڕەکانی پێشووت نییت؟
قسەکانم تەواو نەکردبوون، دەستی گرتم و یەکسەر بۆ ناو دوکانێک هەڵی کوتا. گوتم:
- ئەمە تەمای چیت هەیە؟



Scanned with CamScanner

- ناکرێ سەردانی هەموویان بکەین و نەچینە لای کاک جەبار. ئەگەر بزانێ چووینەتە لای براکانی و سۆراغی ئەومان نەکردووە، توورە دەبێ.

وەک بەرخی قوربانی سەرم بۆ دانەواند و لە دوکانی جەبار وەژوور کەوتین. دیوارەکانی دوکانەکەی یەک پارچە دروشمی "حزبی دیموکرات" بوون. بە مستەفام گوت:

- بۆ کاک مستەفا، ئێمە هاتووینە تەماشاکردنی پێشانگای حزب؟

وەڵامی دامەوە و گوتی:

- چ زەرەر دەکەی؟ بۆ خۆت تەماشا بکە. ئەوەندە هەیە زۆر قسە مەکە!

کاک جەبار بە پیریمانەوە هات. دەستی گرتین و دایناین:

- یا خوا بەخێر بێن، ئازیزەکانم.

بان مێزەکەی جەبار پڕی بوو لە وێنەی "بیزبێگلی"ـی ڕابەری "حزبی دیموکرات." لە وێنەیەکدا جەبار دەستی ماچ دەکات.

دوای هەواڵپرسین، جەبار گوتی:

- قوربان چ دەفەرموون؟

- نا هیچمان ناوێ. بە گیانی تۆ قاوە و چایی و شیرمان خواردووەتەوە.

- ئاخر ناکرێ لێرەشدا شتێ نەخۆنەوە.

سەرو دانە ڕەحەتەللوقمێکان بۆ هات. پێشەکی و ڕێخۆشکەرە تەواو. کاک جەبار گوتی:

- ڕۆشنبیرێکی وەکوو مامۆستا "بیزبێگلی" لە هەموو دنیادا هاوتای نییە. تا ئێستا چەرخی گەردوون یەکێکی وا نەزاوە و نازێ!

ئەگەرچی وامان نیشان دەدا کە گوێ لە قسەکانی دەگرین، بەڵام یچیان تێنەدەگەیشتین!



Scanned with CamScanner

نوقلمـان ئـاوا کـرد. بە ئەسـپایی مسـتەفام تێگەیانـد و لە ناوەڕاسـتی قسـەکانی کـابرادا هەڵسـاینە سـەر پێ و خواحافیزیمـان لێی کـرد. لە بەردەرگا بە مستەفام گوت:

مستەفا گیان، توو شەرەفت ئیدی سەردان و میوانداری بەس بێ. با بڕۆین لە کونجێکدا دانیشین.

توند مەچەکی گرتم:

- براله، ئەگەر نەجم پێی بزانێ، مەپرسە چەند پەست و دڵگیر دەبێ!

چ غەڵەتێکم کردووە هاتمە سەردانی مستەفا؟! چارم ناچارە. چووینە دوکانی نەجم. چ ببینم باشە؟ دار و دیوار یەک پارچە بە وێنەی "ئەلب ئەرسەلان" ڕازاونەتەوە. لە سەرووی هەموانیشەوە وێنەی گورگێکە کە دروشمی حیزبەکەیە. لە مستەفام پرسی:

- ئەمەیان لە کامە حزبدایە؟

- حیزبەکەی ئەم بەم زووانە دامەزراوە. کاک نەجم خۆی لێپرسـراوی ئەم ناوچەیە.

دیار بوو کاک نەجم چاوەڕوانی ئەم قسەیەی دەکرد.

هەڵسـایە سـەر پێ و لەبـارەی ڕێکخسـتنی حیزبەوە دوا. دڵـم خـۆش بوو، چونکە هەر نەبێت ئەمەیان هیچی بۆ داوا نەکردین. بەڵام دوو-سـێ خـولەکی نەبـرد، شـاگردی چـایچی دوو پەرداخ شـەربەتی لەبەردەمدا دانایین.

"نەجم" قسەی بێسەروبەری سەبارەت بە سیاسەتی نـاوخۆ و دەرەوە دەکردن. باسی سیناتۆرە فەڕەنسـاییەکانی دەکرد. لە بـارەی قاچـاغی تلیاک و هیرۆیینەوە دەدوا. هێواش بە مستەفام گوت:

- مستەفا گیان، با بڕۆین تا نەقڵیشاوەتەوە.

- گوێ مەدەرێ. ئەمانە لەم جۆرە قسانە هەر دەکەن.

ڕووم کردە نەجم و گوتم:

حیزبەکەتان ناوی چییە؟ کێ ڕابەرتانە؟

وەڵامی دامەوە:



Scanned with CamScanner

- ناوی "لایەنگرانی کۆمار"ە و ڕابەرەکەمان "کەمال قەساب"ـە. لەو دوو سێ مانگی ڕابردووەدا نزیکەی سێسەد تا چوارسەد ئەندامی "حزبی کۆمار" دەستیان لە کار کێشایەوە و لە حزبەکەی ئێمەدا ناونووس کران.

خوایە کەی لە دەست ئەم مستەفایە نەجاتم دەبێت؟! چووینە دوکانی برای شەشەمین. کاک شادان خەریکی وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئافرەتێکی شۆخ و جوان بوو. چاوی بە ئێمە کەوت، چەکوش و بزماری دانا و گوتی:

- بەخێر بێن، فەرموون. یا خوا بەخێر بێن.

سەرەتا وای دەزانی ئێمە پشکنەری ڕێکخستنین و لە مەڵبەندی گشتییەوە هاتووین، گەلێ ڕێز و حورمەتی گرتین. پاشان کە ئێمەی ناسی، دەستی کردە ساختەچێتی:

- نوێنەرایەتیی ئافرەتانی پێشکەوتوویان بە من سپاردووە. لە ڕاستیدا حەزم نەدەکرد، بەڵام چار چییە. پیاو دەبێ گوێڕایەڵی کۆمەڵگەی خۆی بێ!

گوتم!

- کاکە شادان، ڕێکخستنی ژنان چ کارەیە؟

- پرۆگرامەکەی ئێمە ڕاستکردنەوەی سیاسەتی وڵات دەگرێتە خۆ. بەم زووانە خانمان پێک دێنین هەموو دایەرە و وەزارەتەکان دەکەونە ژێر دەستی خۆمان.

بە سووکی بە مستەفام گوت:

- با بڕۆین!

ئیدی چاوەڕوانی مستەفام نەکرد و بۆی دەرچووم. مستەفا کەوتە دوام و توند بازووی گرتم:

- براله، لەسەر خۆ. بە خوا تەنیا یەکێک ماوە!

بازووی خۆمم ڕاتەکاند و گوتم:

- وازم لێ بێنە. ئەم گاڵتەبازاڕییە چییە؟



Scanned with CamScanner

- تۆم بمری، ئەمەیان شتێکی تایبەتە. پەیوەندیی بە هیچ حیزبێکەوە نییە. ئاخر شوورەییە نەچینە لای!

ڕۆیشتینە دوکانەکەی. شوکر ئەوەی وێنە و دروشم بن، لە دوکانەکەدا نەبوون. پاش سڵاو و هەواڵپرسین، گوتم:

- زەکی گیان، براکانی تۆ هەریەکە و لە حیزبێکدان. چۆنە تۆ حیزبی نییت؟

زەکی پێکەنی و گوتی:

- ئێوەی شارستانی، وەک دێهاتییەکان زیرەک نین. ئێمە حەوت براین و تا بڵێی یەکگرتووین. بڕیارمان داوە هەر یەکەو لە حیزبێکدا کار بکەین. بۆ ئەوەی هەر حیزبێک دەسەڵاتی وەرگرت، ئەوە یەکێکمان هەبێت بەرژەوەندیمان بپارێزێ. بۆیە هەمیشە نانمان لە ڕۆندایە.

بە سەرسوورمانەوە گوتم:

- ئەی تۆ لە کامە حزبدای؟

کاکە زەکی دایە قاقای پێکەین و گوتی:

- لەوانەیە چەند ڕۆژێکی دیکە حیزبی تازە دامەزرێ و لە هەموو حزبەکانی کە هەن، بەهێزتر بێ و ئێمە کەسمان تیادا نەبێ. جا من خۆم حاڵی حازر یەدەکم و بۆ ڕۆژانی داهاتوو هەڵگیراوم!



Scanned with CamScanner

## بەلاشاوا

کابرای پاڵکەوتووی نزیک خانووی تێکدراو، ناوەناوە دەبوورایەوە و هۆشـی دەهـاتەوە بەر. داد و هـاوارێکی بـوو کە ئەو دەوروبەرەی بێزارکردبوو. خەڵکێکی زۆر دەوریان دابوو. دەیگوت:

- زەوی هیی خۆمە، خانوومە هیی خۆمە، ئەمەش قۆچان و تاپۆ.

دەستیشی درێژ دەکرد، ئەپارتمانێکی شەش‌نهۆمی نیشانی خەڵکەکە دەدا و ناوی دەنا "بەلاشاوا."

- کێ ڤیلای منی تێک داوە؟ کێ فەرمانی کرد؟ ئاخر بۆ تێکیان دا؟ دیارە فیلی فیلبازانە!

لە قەسەکانی بـووەوە. سـەرێکی هەڵبـڕی و سـەرنجی خـانووی ڕووخێنراوی دا و بوورایەوە.

خاوەن ئەپارتمان چەمایەوە سەر کابرا و گوتی:

- هەڵسە کاکە، هەڵسە. ئەمڕۆ فەرمانی یاسا بوو. دوایی دەزانرێ هەڵەی تیا کراوە. هەڵسە، داد و بێداد پارە ناکەن. جا ماڵی دنیا چ قیمەتێکی هەیە؟ !

پۆلیسێک لە نزیکیانەوە وەستابوو، گوتی:

- تا ئێستا لە حەشتەبا نەگەیشتووم و نازانم باسی چ دەکەن. با یەکێکتان حاڵیم بکا.

کابرا گوتی:

- بە چاوان. با بۆتی بگێڕمەوە.

یارۆی پاڵکەوتوو، لە شوێن خۆیدا هەڵسایەوە و قیژاندی:

- کورە قسە نەکەی. تۆ گوناهباری، کەچی کلکەلەقێیش دەکەی؟ جەنابی باشچاوەش خۆم بۆت باس دەکەم.

پۆلیس گوتی:

- ئەوەی کەمتر درۆ دەکا، با تێمگەیەنێ.



Scanned with CamScanner

کابرا وەهای بۆ پۆلیس گێڕایەوە:
- ئەم خانووبەرەی دەبیی تێک دراوە، ئەوە موڵکی خۆمە. چل ساڵ لەمەو بەر بە هەزار کوێرەوەری و قوڕبەسەری دارم خستە سەر بەردی. ئەو کاتە ئێرە چۆڵەوانی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: "فلانی، با ئەو عاردەی لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، ئاوەدانی بکەمەوە. هەر نەبێ منداڵەکانم سێ مانگەی هاوین لە شیڕوهۆڕی شار ڕزگار دەبن." ژنەکەیشم ئەم بۆچوونەی منی پەسەند کرد. لە ئەورووپاوە نەخشەم بۆ هێنا و لە ماوەی ساڵێکدا خانوویەکی قنجم سازکرد و باغەوانێکم بۆ ڕاگرت.
ئیدی هاوینان لە ڤێلای پان و بەرین چەشنی بەهەشت و، زستان دەگەراینەوە خانووە بچکۆلانەکەی شار. پاشان دەوروبەری ڤێلا ئاوەدان کرایەوە. هەر خەڵکە و چەند مەتر زەوییان دەکڕی و لە پارە نایرسیتەوە.
ئەوە بوو کارەبا و تەلەفۆنیشی بۆ ڕاکێشران و من ئەم کابرایەم ئەو کاتە ناسی کە تازە لە گوندەوە هاتبووە شار و نۆبەتداری ئەپارتمانی بەرانبەری ئێمەی دەکرد. وەک جێگەی نووستنی نەبێ، پێی گوتم:
- جەناب، ڤێلاکەی ئێوە حەوت-هەشت مانگی ساڵ بەتاڵە. بەو هەموو پان و بەرینییە، تەنیا باخەوانێکی پیری لێ یە. ئەگەر ئیجازە بفەرموون، شەوان لە ژێرزەمینەکەیدا بنووم.
گوتم:
- بەخوا دەبێ بیری لێ بکەمەوە.
- قوربان خێرت دەگاتێ. شەوان جێگەی نووستنم دەبێ و پاسەوانیی خانووەکەی ئێوەش دەکەم. ئەگەر لەسەر خێر لە هاویندا هاتنەوە ئێرە، ئەوە کاری بازاڕ و هەر فەرمانێکی هەتان بێ، بەچاوان جێبەجێی دەکەم.
گوتم:
- ئارام بگرە، پاشان ئاگادارت دەکەمەوە.



Scanned with CamScanner

بۆ ڕۆژی دواتر، کابرایەکی ناردە لام:
- کارێکی خێرم پێت کەوتووە.
خۆی پێ ناساندم. خاوەن ئەپارتمانی تەنیشتمانە.
گوتم:
- گوێم لێتە، فەرموو.
- لەبارەی مستەفای نۆبەتدارەوەیە.
هەر کە ناوی نۆبەتداری هێنا، زانیم باسی چی دەکا:
- کەسی نییە و بابایەکی غەریبە. خۆت دەیبینی، شڕۆڵ و بێپارە و دراوە. ئەگەر جێگەی یەک تەختی بدەیتێ لێی بنوێ، گەلێ خێرە. پێشینییان گوتوویانە: "چاکە ون نابێ."
شەو داهات و گەڕامەوە ماڵ. تا بڵێی ژنەکەم کەیفساز و زەوقلی بوو. دەستی لە مل کردم:
- ئای کە ڤێلای خۆشە. بەڵام نازانم بۆ دڵم بڕوا نادا!
- چۆن؟
- هیچی وا نییە. باشە ناکرێ زستانیش هەر لێرەدا بمێنینەوە؟
- چۆن دەکرێ! ئەی قوتابخانەی منداڵەکان؟
- نازانم. هەست دەکەم، دوای ڕۆیشتنمان یا ڤێلا ئاگر بگرێ، یا بڕوخێ. شتێکی وا. نازانم!
- ئەوە نییە باخەوانمان هەیە؟
- باخەوان پیرەمێردێکی کڵۆڵە. کەی دز و جەردە شەرمی لێ دەکەن؟
- ئافرەت ئەو نوقڵانە بێسەروبەرانە چین؟
- ئەگەر نوقڵانەیش بن. بەڵام من نارەحەتم.
خۆیشم گومانم پەیدا کرد. گوتم:
- یەک-دوو کەسی دیکەیشمان بەکرێ بگرتبایەن، یارمەتیی باخەوانیان دەدا و پاسەوانیشیان دەکرد.
یەکسەر مستەفای نۆبەتدارم وەبیر هاتەوە. قوڕبەسەرە خۆ تەنیا جێگەی بەرەیەکی دەوێت. گوتم:

- دڵنیا بە. هەر ئەمڕۆ و سبەینێ یەکێ پەیدا دەکەم. کابرایەکی غەریبی بێکەس، ئەوە چەندە جارە واسیتە دەکا.
- مستەفا نەبێ؟
- تۆ لەکوێ دەزانی؟
ڕەنگە واسیتەکان هەوەڵ چووبنە ماڵ و پاشان هاتبنە دوکان! کە گەڕاینەوە مستەفامان هێنایە ڤێلا.
نایەتەوە بیرم چەندی خایاند، نامەیەکم لە باخەوانەوە پێ گەیشت: "زووکە وەرە. مستەفا کەلوپەلی گواستوونەتەوە میوانخانە و لەوێ لێی دەنوێ!"
خۆم بۆ سەفەر ئامادەکرد. دیسانەکێ ژنەکەم کەوتە ڕجا و تکا و گوتی:
- ئەگەر هەر ڕۆیشتی، نابێ دڵی مستەفا برەنجێنی!
- چۆن! باخەوان نووسیویەتی و دەڵێ کەلوپەلی بردووەتە میوانخانە. ئەگەر وا بێ، تەمێی دەکەم.
- پیاوەکە، بۆ سەعاتێ خۆت بخەرە شوێنی ئەو. بەم زستانی وا سارد، چۆن لە ژێرزەمیندا بنوێ؟ ئەو خانووە گەورە چی بەسەر دێ؟! ئەگەر داماوێکی هەژار لە شوێنێکی گەرمدا بنوێ، گوایە چ دەقەومێ، ها؟
کەمێ بیرم کردەوە. هەقیەتی. کێ دەڵێت ئەگەر دنیا گەرم داهات، مستەفا ناچێتەوە ژێرزەمینەکە؟
دە ڕۆژی نەبرد، باخەوان تەلەفۆنی کرد:
- جەناب، قوربانت بم زووکە وەرە.
لە تەلەفۆندا گوێم لە هەرا و هۆریا بوو، گوتم:
- ئەوە چ هەرایە؟
- قوربان، مەپرسە. قیامەتە. وەرە سەیری ڤێلات!
- چی بووە؟



Scanned with CamScanner

- ڤێلات بۆتە خان! کاک مستەفا خێزانێکی هەشت کەسیی هێناوتە ئێرە. دەڵێ بە تەنیا هەڵناکەم و بێزار دەبم!
- ئەی ئەو بگرە و بەردە، چیە؟
- کاک مستەفای خۆمانە لەگەڵ منداڵ و تواڵان یاری و حەنەقان دەکا!
ژنەکەم بە بابەتەکەی زانی، ئەویش بەندەئاسایی گەلێ دڵگیربوو.
بەرەبەری بەیان بوو، لە خەویی هەڵساندم و گوتی: "دۆزیمەوە."
درێژەی بە قسەکانی داو گوتی:
- ئەگەر لە کونجێکی خانووەکەماندا کۆلێتێ دروست بکەین، چۆنە؟
گوتم:
- بۆچی گیانە، سەگ و پشیلە ڕادەگرین؟ !
- بۆ مستەفای دروست بکەین. ئیدی ڤێلامان بەتاڵ نابێ.
سەرم لەژێر لیفەوە دەرهێناو گوتم:
- نەخێر، نابێ.
ژنە دەستی کردە پاڕانەوە و عیشوە و ناز:
- توو خوا ئەگەر قسەم بشکێنی. پاش ئەو هەمووساڵانەی تەمەن، یەک داوام هەیە، ئەویشم بۆ جێبەجێ ناکەی؟!
جارێکی دیکەش بە قسەی ژنەکەمم کرد. لە کیسەی خۆمانەوە کۆلێتێکمان لە قوژنبێکی ڤێلاکەدا دروست کرد.
دواجار بیستم کە مستەفای چەمبەری، پاسەوانیی هەموو ئەپارتمانەکانی گەڕەک دەکا و پارەیان لێ وەردەگرێ و کۆلێتەکەی ئێمەیشی بەکرێ داوە.
لەو ماوەیەدا، سەرم قاڵ و پڕکار بووم، ڕێک نەدەکەوت سەرێکی ڤێلا بدەم. تەنیا لە دۆست و ناسیاوەوە دەنگوباسم گوێ لێ دەبوو. یەکێک دەیگوت:
- مستەفای پاسەوانت نەبینیوە؟
- نا، نەخێر. بۆ؟



Scanned with CamScanner

- بۆتە خاوەنماڵ و دەرامەت. لە لایەکەوە نۆبەتداری دەکا و خانوو بەکرێ دەدا. ناوەناوەیش تاکسی لێ دەخورێ.
یەکێکی دیکە دەیگوت:
- مستەفا، هێشتا هەر جلوبەرگە کۆنەکەی لەبەردایە. بەڵام بەم زووانە دەبێتە ملیۆنێر!
گوتم:
- بیستوومە دەڵێن دوو ئۆتۆمبیلی هەن؟
- تۆ دەڵێی چی؟ ئەوانە کۆنن. دووی دیکەی کڕیون و نهۆمێکی نوێی دروست کردووە.
من و ژنەکەم، وامان دەزانی کاک مستەفا خانووی کڕیوە. دەمانگوت: "یاخوا زیاتریشی دەبوو. قوڕبەسەرە لە ژێرزەمین و کوڵخانانـدا زۆری ئازار کێشاون."
بەهارێ باخەوانەکەمان بۆ مووچەوەرگرتن هات.
باسی مستەفا کرا. گوتم:
- ئێ، پێمان ناڵێی مستەفا خانووەکەی چۆن دروست کردووە؟
- جەناب هەر مەپرسە. سەرەتا هەر هەندەی کۆلیتە سەگێ بوو.
- نزیکی ڤێلای ئێمەیە؟
- زۆر نزیکە، هەر بیست مەتر دوورە.
پاح. تازە بە ناخێری گیانمان تێگەیشتین!
پرسیم:
- قەت نەبێ، هەر هەمان کۆلیتی بۆمان دروست کرد، فراوانی کردبێ؟
- ئەی چۆن! چەندم هاوار کرد گوێتان نەدامێ!
زۆر ڕجا و تکام لە مستەفا کرد کە ڤێلا جێ بهێڵێت، بەڵام سوودی نەبوو. ناچار شکاتم کرد: "لەسەر موڵکی من، بەلاشاوای سازداوە. ئەمر بکەن تێک بدرێت." دادگا لایەنی منی گرت. هەواڵی ڕوخاندنی بەلاشاوام شەو بە تەلەفۆن پێ گەیشت. کارو کاسبیم جێ هێشت و



Scanned with CamScanner

هـاتم. ئێسـتاکەش وەکـوو دەبینـی، لە جیـاتی بەلاشـاوای مسـتەفا، خانووی منیان ڕماندووە.
منیش شکاتم لەو کەسە هەیە، دەستووری ڕوخاندنی داوە!
مستەفای نۆبەتدار، دڵی کابرای دەدایەوە و دەیگوت:
- براله، زیـان له نیوەی بگەڕێتەوە قـازانجە. وەرە پیـاوی چـا بە، واز لەم شکات و شکاتکارییە بێنە. تـوو خـوا ئەوەیـش ڤـێلا بـوو؟ ناهەقیـان ناگرم، ئەوانەی بۆ خانووتێکدان هاتبوون، سەیری ڤێلای تۆیان کرد و دیقەتـی ئەپارتمـانە شـەش نهـۆمەکەی منیـان دا، نەیـانزانی کامەیـان بەلاشـاوایە و، خـانووی تۆیـان ڕوخانـد. مـن تـاوانم چییە؟ پێم نـاڵێی چەندت زیان لێ کەوتووە؟!
باش چاوەش هەردووکیانی دایە پێش خۆ. خـاوەنڤێلای تێکدراو بەدەم ڕێگاوە ورتەورتی بوو. پۆلیس لێی نزیک بۆوە و گوتی:
- کاکە، دەکرێ منیش داوایەکت لێ بکەم؟
- جا منی بێچارە، چیم لەدەست دێ!
- داواکەی مـن پێوەنـدی بە شـکاتکردن و دەعـواو و گـێچەڵەوە نییە. ڕوخسـەتی منیش بـدە کـونجە بەلاشـاوایەک لەسـەر مـوڵکەکەی تـۆدا دروست بکەم. ئەگەر پاش دوو ساڵی دیکە، ئەوانەی دێن تێکی بدەن، بەلاشـاوای ئەم کابرایەیـان نەڕوخانـد، ئەوە دوو دانە تفـی خەسـتم لە نێوچـاوان بـکە. دەی قبـووڵ بـکە. دەسـکورتێکی وەکـوو مـن دەکەیـتە خاوەن خانوو. تۆڵەیش لەم بێ ویژدانە دەکەیتەوە!

***



Scanned with CamScanner

# شاجوان

لەبەردەم شووشــەی وێنەگـرەکەدا لە بـای ئۆغلـۆ خەڵکێکـی زۆر بـۆ بینینی وێنەی شـاجوان کۆبووبـوونەوە. بە شووشـەکەوە وێنەیەکـی گەورەی شاجوان هەڵواسرابوو ـــ وێنەی ڕوخساری. هەندێک وێنەی دیکەیش بە کراسـی تەنک و پۆشـاکی مەلەوانـی و بە کـورتی وێنەی هەمەچەشن. وێنەیەکیشیان لەکاتی خەودا.

ئایـا پیاوەکـان لە ژنـان فزوولتـرن؟ کەس نازانێـت. تێکهەڵپـرژانێکە لەبەردەم وێنەگرەکەدا هەر مەپرسە. لەدواوە هیی وا هەبوو دەیقیڕاند:

- پێویســت بە لێبووردبـوونەوە ناکـات، ئەوەی تەماشـای کـردووە، لاچێت. با ئەوانی دیکەیش ببینن.

ئەوەی لەبەردەم وێنەکەدا ڕاوەستاوە، لەکوێ لە تاودا گوێی لە قسـەی ئەوانەی دواوە دەبێت؟

- ئا ئەوەیە شاجوان؟ ئەوە شاجوان نییە، ئەوە شای ناشیرینەکانە.

- بەو خوایە ڕاست دەکەیت. پێنج خولەک لەسـەر شـەقامەکەدا زرت بوەستە، سەد کچی لەو جوانتر بەبەردەمتا ڕادەبوورن.

- ئا دەی خاتوون، لەسەر ئەملایش ڕاوەستە با ئێمەیش بتبینین.

- لەشولاری؟ توو خوا ئەو ڕوخسارە جوانە؟

- نووران سەد کەڕەت لەم جوانترە.

- گیانی دایکت. تۆ تەماشـای ئەو لووتەی بکە چۆن بەسـەر دەمیدا شۆڕ بووەتەوە، دەڵێی دەنووکی مریشکی پیری شامییە.

- بنوارە گوێچکەی، هەر دەڵێی چارۆکەی کەشتییە.

- چیت دەوێت هەی ... ؟

- ئەو قاچە زلانە.

- باشە ئەوە کێ بە شاجوانی هەڵبژاردووە؟ ئەوەی وای کردووە، لە ژیانیدا کیژی جوانی نەدیتووە.



Scanned with CamScanner

- تۆ هەرچی شتی دیکەیە بیخەرە ئەولا. تەماشایەکی ئەو دەمە زلەی بکە. ئای ئەوە کاتێک پێدەکەنێت، چەندە ناشیرین بێت. خۆ ڕوخساری دیار نامێنێت.

- ئەی ئەو شتە چییە بە گۆنایەوە؟

- تەقەڵ.

- وا بزانم ئەوە شوێنەواری تەقەڵە.

- بە یارمەتیتان با ئێمەیش ببینین.

- هەمووشتێکی ناشیرینە. لە گشتیشیان زیاتر، ئەو چاوە زەقانەیەتی. بڕۆی هەر پێوە نەماوە.

- ئەگەر ئەمە بنێرن بۆ پێشبرکێی شاجوانی، ئەوا دەماندەنە بەر تانە و بە تەوسەوە پێمان دەڵێن: "ئەوە وڵاتەکەتان کاول بووە؟ شتێکی جوانی تێدا نییە؟"

خودا دەزانێت ئەوە کێیە. لەوانەیە لەبەر واستە هێنابێتیان.

- باشە براکەم، ئاخر ئەگەر دامەزراندن بووایە لە فەرمانگەیەکدا قەینا، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە هەموو وڵاتەکەمانەوە هەیە. ئەمە هەمووومانی پێوە بەندین.

- تەماشایەکی ڕوخساری بکە، دەزانی کێیە.

- بە خوا من بەدڵم نییە.

- منیش.

- تۆ تەماشای ئەو چرچانەی ورگی، تۆ بنۆڕە ئەو سنگە!

- وەڵڵا شوورەییە. باشە لە وڵاتدا کەس برابوو، ئەمە نەبێت؟ تۆزێک گەنجیش بووایە، داخەکەی سوکتر دەبوو.

- بۆ پێشەوە، بێزەحمەت.

- سەد جارم بە فاتە وت بڕۆ و بەشداری ئەو پێشبرکێیە بکە، کچێ.

- نەخێر. هیچ شتێک لەپێناو نیشتماندا عەیب نییە.

- خوا دەزانێت ئەمە کێیە؟



Scanned with CamScanner

- تا واسته و بەرتیل وەستابێت، مافی یەکدی بخورێت، ئاشمان هەر وا دەگەڕێ.
- ئەوە بۆ پاڵ دەنێی؟ کە نۆرەت هات ،تۆیش دەیبینی. ئەگەر دیمەنێکی تۆزێ جوانیش بووایە، هەقی خۆت بوو پاڵ بنێی.
کۆمەڵێکی نوێ:
- دانیت بینیوە؟ ئەوە چییە ئەوەندە شاشە؟
- دانەیەکیان قرۆل بووە.
- ئەوەی بەوە بڵێت شاتەڕەماش، ئەوە بێزەوقە.
- پاش دوو هەفتە لەبەردەم شوشەی وێنەگرەکەدا هەمان قەرەباڵغی هەر هەبوو. وێنەکەیش هەر هەمان کەس، بەڵام بە یەک زیادە نووسینەوە لە سەری سەرەوە: "ئەم کچەی کە هەڵمانبژاردبوو، ئێستا بووەتە شاجوانی گەردوون." پاڵپاڵێن ملی خەڵکی دەشکاند.
- ڕۆحەکەم، هەرکەس دەچووە ئەوێ، ڕەپ دەبوو و دەبووە پەیکەر. دەی با ئێمەیش بچین بیبینین.
ئەوەی دەچووە بەرانبەر وێنەکە، ئەوانەی پشتەوەی بیر دەچووەوە.
- بە ڕاستی بەبێ واسیتە، هەقی خۆیەتی.
- ئاشکرایە، بنواڕە ئەو پەیکەر و لەش و لارەی؟
- بنیادەم تێر ناخوات لە سەیری!
- گومانم هەیە حەڤدە یان هەژدە ساڵە.
- تەماشای ئەو چاوە خومارانە بکە؟ سەوز .
- نا سەوز نییە، وەنەوشەیییە، لەنێوان سەوز و شیندایە.
- ماشەڵڵا خوایە لە دەسکردت.
- خوا لە چاوی بەد بیپارێزێت. تەماشای ئەو لەشە هارمۆنییەی بکە.
- خاڵەگیان با ئێمەیش تۆزێک لێی بنواڕین.
- هێواش کاکە، پێ مەنێ بە پێما. خۆ کوێراییت نییە؟
- ئەڵڵا لەو خاڵەی سەر کوڵمی، دەڵێی کوتراوە.
- لە ژیانما کیژۆڵەی وا جوانم نەبینیوە.

- ئەگەر لە هەموو گەردووندا پێشبڕکێی شاجوانی بکرێت، ئەبێت هەر ئەمە هەڵبژێردرێت.

- گەلۆ، دەزانن ئەو کچە خەڵکی کوێیە؟ دەزانن هەموو تایبەتمەندییە جوانەکانی ڕەچەڵەکی خۆمانی تێدا کۆ بووەتەوە. تۆ تەماشای ئەو ناسکییەی، خوایە گیان!

- پاڵ مەنێ، چاوی چاوم. خۆ مێوژ بەش ناکەین.

- قژی زۆر خاو و نازارە. بڕوانە ئەو قژانەی چۆن لەسەر شانی خەویان لێ کەوتووە.

- هەموو شوێنەکانی جوانن. دەتوانی یەک شوێنی ناشیرینم بۆ بدۆزیتەوە؟

- وا بزانم خودا ڕۆژێکی داناوە تەنیا بۆ دروستکردنی ئەمە.

- براقۆ. ئەگەر شاجوان و زۆرانبازەکانمان نەبوونایە، یەک کەس لەم جیهانەدا نەیدەناسین.

- بیستووتە: دەڵێن یەک کەس لە دنیادا نەماوە باسی شاجوانی خۆمانی نەبیستبێت.

- بڕوانە چەندە بەری و پاک دەرەکەوێت.

- هەموو شتەکان هاواری ئەوە دەکەن کە لە خێزانێکی ڕەسەنە.

- پاڵ مەنێ چاوە ڕاسەکەم. کە نۆرەت هات، تۆیش بە دیداری شاد دەبی.

- شتێک بڵێم؟ تەنانەت ئەگەر واستەیش هەبێت، جوانی هەر خۆی دیارە.

- نەخێر لێرەدا شەرەفی وڵاتەکەمان بەرباس کەوتووە. واستە و شت لەگۆڕێدا نییە.

- هاوڕێیان بە ڕای ئێوە کێ لە هەڵبژاردنەکاندا سەر دەکەوێت؟ دیموکراتەکان یان نیشتمانییەکان؟



Scanned with CamScanner

- من هەستم زۆر بەهێزە بۆ ئەو شتانە. هەر لەو ساتەوەی یەکەم جار وێنەی ئەم کچە حەڤدە یان هەژدە ساڵەم بینی، زانیم دەبێتە شاجوان. بۆیە جوان گوێ بگرن:

- ئەم کەڕەتە دیموکراتەکان دەیبەنەوە.

***



Scanned with CamScanner

وەکوو گوتوویانە، نەگبەتی کە هات، بە لێشاو دێت. ئەو شەوەی کاک کەمال و خێزانەکەی سەردانیان کردین، هیچ خواردنێکمان لێ نەنابوو. دایک بە کوڕەکەی گوت:

- بڕۆ ئەو دوکانەی سەر سوچەکە و هەندێک خواردەمەنیی لەقوتوونراو بێنە!

- چ جۆرە لەقوتوونراوێک دایکە؟

- هەر جۆرێکت پەیدا کرد بیهێنە. مەحشی، فاسۆلیا ...

لە سالۆنەکەدا لەگەڵ میوانەکان دانیشت و پاش ماوەیەک تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد، دیار بوو وەڕز بووە، چونکە دەیزانی خواردنەکە دوا دەکەوێت.

لەبارەی وێنەکەوە دواین، لەبارەی چیرۆک و ڕۆمانیشەوە قەیری دواین، ئەم بابەتە ئاوکێشە. دەنگێک لە چێشتخانەوە هات. تەقەتەقێکە کەس بە کەس نییە. کەمال بە ئاوازێکی جیاواز لە قسەکان گوتی:

- وا چێشتخانەیش قڕەی تێ کەوت.

- دەی ئا وا مەیکەرەوە. کوا کلیلی کردنەوەی موعەلەبات.

- ئا بمدەرێ.

- وازی لێ بێنە، ڕۆحەکەم. ئا دەی چەقۆیەکم بەرێ.

قیژە بەرز بووەوە.

ڕۆیشتم. دیتم خوێن لە دەستی ژنەکەمەوە فیچقە دەکات. لەسەر زەوییەکەیش قوتوو، چەکوش، کلیلی کردنەوەی قوتوو، سێ چوار چەقۆ.

- ئەوە ئەو گرمەگرمەتان لە چییە؟ میوانەکان چاوەڕێی خواردنن و ئێوەیش لێرە شەڕتانە؟

دایکم گوتی:



Scanned with CamScanner

- به ژنەکەتم گوت قوتووی موعەللەبات ئا وا ناکرێتەوە.
کچەکەم خەریکی تیمارکردنی دەستی دایکیەتی و، دایکیشم قوتووەکەی بە دەستەوە گرتووە تا بیکاتەوە، لەگەڵیشیدا قسە دەکات:
- ڕۆحەکەم، هەمووشت ڕێگەی خۆی هەیە. توو خوا بینراوە قوتووی خواردن بە چەکوش بکرێتەوە؟ ئێوە گوێ بۆ قسەی لە خۆتان گەورەتر ناگرن.
ویستی قسەی زیاتر بکات، بەڵام هاواری لێ بەرز بووەوە:
- ئەی خوا هەقتان لێ بسێنێت.
ئینجا قوتووەکەی فڕێ دا.
- تۆ تەماشای قوتووی ئێسا کە! جاران خۆمان قوتوومان بە دەستی خۆمان دروست دەکرد، "بسم الله"مان دەکرد و یەکسەر دەکرایەوە.
هاتە نۆرەی من قسە بکەم. چاوم نووقاند و زارم کردەوە. ئەوەی جنێو تا ئەو ڕۆژە فێری بووبووم، هەموویم بە کوڕەکەم گوت کە چوو بوو ئەو قوتووەی کڕیبوو.
- باشە تۆ عەقڵت نییە؟ نابێت ئەو کاتەی لە دوکانەکە دەیکڕی، یەکسەر بە خاوەن دوکان بڵێی ئا دەی بۆم بکەرەوە.
- باوکەگیان، وەڵاهی پێم وت. بەڵام وتی نایکەمەوە. خۆتان بیکەنەوە.
- چۆن نایکاتەوە؟
- نایکاتەوە. جارێکیان بۆ یەکێکی کردبووەوە، دەماری بڕیبوو، بە هەزار حاڵ گەیاندبوویانە نەخۆشخانە. گوتی بڕۆ سەلام لەو کەسە بکە کە بۆت دەکاتەوە.
چوومەوە ژووری میوان. بێگومان کەمال گوێی لە دەنگوباسەکە بووبوو، پرسیی:
- ئەو قرمەقرمە چییە؟ ئەگەر لەسەر بابەتی خواردنە، خۆتان زەحمەت مەدەن، ئێمە هەر بەتەمای ڕۆشتنین.



Scanned with CamScanner

- نەخێر. چۆن دەکرێت برۆن؟ چۆن دەیێڵم لەم کاتەدا برۆن؟ کوڕەکەمان هەڵەیەکی کردووە، خواردنی لەقوتوونراوی کریوە، کەچی دوکاندارەکە سەرەکەی بۆ هەڵنەپچڕیوە. دایکی ویستوویەتی بیکاتەوە، دەستی خۆی بریوە. دایکیشم ویستی بیکاتەوە، ئەویش دەستی خۆی لە دوو شوێندا زامار کرد. ئێستا ئەوەتا ناردوومەتەوە بۆ دوکانەکە بۆی بکەنەوە و بێتەوە.
ژنەکەی کەمال گوتی:
- موعەللەبات! سا بەو خوایە دراوسێکەمان هەفتەی ڕابردوو کڕیبووی، هەموو ئاواییەکە کۆ بوونەوە، کەس نەیتوانی بۆی هەڵیپچڕێت.
کەمال چەقۆیەکی چەندسەری لە باخەڵی دەرێنا و بە ژنەکەی گوت:
- ئەمەتان بینیوە؟ ئەمە تەنیا قوتوو ناکاتەوە، ئەمە خەزێنەیش دەکاتەوە ... خەزێنە.
براکەی کەمال شتێکی لە گیرفان دەرهێنا و گوتی:
- چەقۆکەت تەمەنی بەسەر چووە، هەڵگرتنیشی نارەحەتە. ئەمە دەڵێی عوودە، بەڵام تایبەتمەندیی زۆری هەیە. ئەگەر بەمسەردا بیگریت، سەری زەیت هەڵدەکەنێت. بەو سەردا بیگریت، سەری ساردی هەڵدەپچڕێت. ئەگەر کلیلی خەزێنەکەت لێ ون بوو، ئەم پارچەیان دەیکاتەوە. چواردە تایبەتمەندیی هەیە، لەگەڵ خۆم بۆ ئەمریکا بردم، پێویستە لەسەر هەموو تاکێک دانەیەک لەمەی پێ بێت.
کەمال:
- من لە ڕێگەی باوباپیرانمان لا نادەم. ئەمە لە باوکمەوەیە. نەک قوتووی خواردن، بیرە نەوت هەڵەتەکەکێنێ.
کوڕەکەم بە قوتووەکەی دەستییەوە خۆی بە ژووردا کرد:
- لەوەیشی کە دەیفرۆشێ و لەوەیشی کە دەیکڕێ. ئینجا فڕێی دا.
کەمال پێکەنی:
- ئا بیهێنە بۆ ئێرە.



Scanned with CamScanner

چەقۆ میراتەکەی باوکی دەرێنا، قوتووی لە بەینی هەردوو ئەژنۆی گیر کرد و لەو کاتەیشدا جنێوی بە فرۆشیارەکە دەدا.

- ئەو دوکانداره کەرە. باشە ئەوانە کەی بۆ دوکانداری دەشێن؟ ئامان خوایە گیان، ئامان.

خۆشبەختانە لە ماڵەوە دەرمانخانەیەکی چکۆلەمان هەبوو. خێرا دیتۆڵ و لۆکە و لەزگەمان هێنا. دەستیمان تیمار کرد، بەڵام پانتۆڵە دڕاوەکەیمان هیچ بۆ لێ نەکرا.

بەو بۆنەیەیشەوە بیڵێین، زمانپیسی وەک کەمال بە دایکدا نەهاتبوو. هەزار جنێوی بەیەک هەژمار دەکرد. جنێوی تەڕی وای دەزانی، ئاوی لێ دەچۆڕا.

- ئەمە قوتووی موعەلەبات نییە، ئەمە قوتووی نهێنی و خەونەکانە. باشە خۆ لەناوەکەیدا نهێنیی دەوڵەتی تێدا نییە کە ئا وایان دروست کردووە، دوو یان سێ پارچە مەحشی تیایە و تەواو.

براکەی کەمال گوتی:

- ئا دەی بمەنێ و، لێیشمەوە فێری کردنەوەی بین.

کلیلە ئەمریکییەکەیش دادی نەدان، هەر ١٤ تایبەتمەندییەکەی تاقی کردنەوە و هیچ بەدەستەوە.

- نەفرەت لە دایکی. خۆ کەس نازانێ باوکی کامەیە تا جنێوی پێ بدەین.

خێزانەکەی کەمال گوتی:

- ئا دەی بزمارێکی گەورەی دیوارم بۆ بێنن، خۆ هیچ شتێک دادی نەدا.

گوتم:

- ئا دەی ئەو قوتووەم بۆ بێنن.

تەورەکەم گرت بە دەستەوە و چوومە چێشتخانە. تەماشایەکی قوتووەکەم کرد وەک دوژمنێک کە باوکمی کوشتبێت. من نامەوێت بیکەمەوە، دەمەوێت لەت لەتی بکەم. بیتەقێنمەوە، بیکوژم. بە هەموو



Scanned with CamScanner

هێزم لێم دا، قوتوو بەرزبووەوە بۆ دیوار و دواتر سەقف و دواتر پانکەکە و ئینجا تەوقەسەری من و دامی بە زەویدا.

- ئەی نەفرەت لە باوکت. باوک حیز... !

سەرم بەقەد گوێزێک هەڵئاوسا. کەمال گوتی:

- تەنیا ئاسنگەر دەتوانێت بیکاتەوە.

ژنەکەم گوتی:

- ئاسنگەر؟ بەڵێ، ژێرەوەی ئەو ماڵەی دراوسێمان ئاسنگەرییە. لەوانەیە ئەو بتوانێ.

هەموو دەوری قوتووی خواردنیان داوە وەک ئەوەی دەوری قومبەلەیەکی نەوەوییان دابێ ئا وا زیتەی چاویان دەهات.

لەو کاتەی ژنەکەم دەیویست قوتووەکە ببات بۆلای ئاسنگەر، تەقە لە دەرگا درا:

- کاکە ئەوە ئەو دەنگەدەنگە چییە لەماڵتانەوە دێ؟ ئیشەڵلا شتێکی ناخۆش ڕووی نەداوە.

باوەڕ ناکەم کارگە لەبەر سێ یان چوار پارچە مەحش، ئا وا بە توندی قوتوویەک دروست بکات.

دوای ئەوەی ژنەکەم هەموو چیرۆکەکەی بۆ ژنی ئاسنگەرەکە باس کردبوو:

- ئای خوشکەکەم. هەر مەپرسە چیمان بەسەر هات بە دەست ئەم قوتووەوە، خوێنی خەست کردینەوە. چەندین جۆر بریندارمان هەیە. هەیە دەستی، هەیە پانتۆڵەکەی، هەیە سەری. ئیتر ئا وا.

ژنی ئاسنگەرەکە گوتی:

- یا ئەڵلا ... یا ئەڵلا.

- ئەرێ پیاوەکەت دەتوانێ بیکاتەوە؟

کەمال:

ئەگەر درێلی پێ نەبێت، ناتوانێت بە خوا.

براکەی کەمال:



Scanned with CamScanner

به خوا دریلی ئاسن دادی نادا، ئەبێت دریلی پۆلای بۆ بێنین.
ژنەکە گوتی:
ئەگەر مێردەکەم لە ماڵەوە بووایە، دەیتوانی، بەڵام لێرە نییە. بەڵام سانیع لە ماڵەوەیە. ئەو دەنێرم بۆتانی بکاتەوە.
- دادە گیان، ئەوە کاری سانیع نییە.
- بۆچی وا دەڵێی؟ زۆر کارامەیە، هەرچەند دوانزە ساڵ تەمەنێتی، بەڵام زۆربەی کارەکان دەزانێت. ئەو نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و دەستی کردووە بە پیشەوەری.
هەموومان وەک تابۆی مەرگ تەماشای ئەو قوتووەمان دەکرد و کوڕەیش هات و لەسەر زەوی داینا.
گوتمان:
- چۆن ئەم کوڕە بەبێ ئامێر دەتوانێت بیکاتەوە؟
- ئێمەی گەورە نەمانتوانی ئێستا ئەم منداڵۆچکەیە لەکوێ دەتوانێ؟
- هێواش ڕۆڵەکەم، زەحمەتی خۆت مەدە.
کوڕە قوتووەکەی بە دەستی چەپ گرت، بە دەستی ڕاست کردییەوە. وەک ئەوەی ئاو بخواتەوە، ئا وا کردییەوە.
- فەرموون بەڕێزان.
ئەو دەیکردەوە و ئێمەیش دەممان داچەقابوو.
- ئەوە چۆن کردتەوە، کوڕەکەم؟
- بۆ ئێوە خوێندەواریتان نییە؟ ئەوەتا لەسەری نووسراوە: "قتووەکە لەسەرەوە بگرە، بەلای چەپدا بیسوڕێنە."
لە تاو سەرسووڕمان، هەر بیرمان چوو دەستخۆشیی لێ بکەین.

***



Scanned with CamScanner

حیکمەتی پەیکەرتاشم فرە خۆش دەوێت. پیاوێکی شاپیاوە. تاکە عەیبی گەورەی ئەوەیە زۆر بەڕێز و هەستیارە. بۆ پانزە ساڵ دەچێت دەیناسم. دۆستایەتییەکی قووڵ لەنێوانماندایە. ئەو بە "خاوەنشکۆ" و "پیاوە بەڕێزەکە"من بانگ دەکات. ئەوەندە لەگەڵمدا بەڕێزە، خەڵک وا دەزانن گاڵتەم پێ دەکات.

لە سەرەتای یەکناسینمانەوە وام دەزانی کە پێم ڕادەبوێرێت، چونکە کەسێکی ئاسایی وەک من، لەکوێ دەکرێ وەک سەرۆکشارەوانی یان پارێزگار گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت. ئەوە گاڵتە نەبێت، چییە؟

پاش چەندین ساڵ تێگەیشتم لەو ئەدەب و ڕێزە زۆرەی کە لە قسەکردندا بەکاری دێنێت. ئەو لە کۆشکدا کاری کردووە، بۆیە ئەوەندە بەڕێزە. باپیرەی سپاسالاری سوڵتان عەزیز بووە. ئیدی لەکوێ کوڕەزای سپاسالاری سوڵتان بە گفتێکی ئاسایی دەدوێت!

کاتێک دەڵێی "مەجدفین" خێرا ئەوانەت بیر دەکەونەوە کە لە کەشتییەکەی "بەربەرۆس"دا بوون. سنگیان تووک داپۆشیوە، بالآیان هێندەی عەموودێک، باسک و بازوویان قایموقۆڵ، هەر بە قاچ کەشتییەکەیان دەجووڵاند.

ئەو کاتەی کە وڵات بە دۆخێکی ئابووریی ناهەمواردا تێپەڕی، حیکمەتیش جلوبەرگ و قژ و شێوازی ڕۆیشتنی گۆڕی، هەموو تایبەتمەندییەکانی کەسانی هەژاری لە خۆیدا بەرجەستە کرد.

لە دێر زەمانەوە ڕۆژانی دووشەممان بۆ ماڵی کۆنە دۆستێکمان دەچووم، کاتێک لەوێ یەکترمان دەبینی، ڕێک وەک کراکوز و عیواز دەدواین:

- جەنابی موبارەکتان.
- یا حیکەت. پێم مەڵێ جەنابی موبارەک.

- بەسەر چاو، خاوەن شکۆ.
- ئەوەیشم پێ مەڵێ.
- فەرمانتە، گەورەم.
- تۆ من دەکوژی. وا باشترە پێیشم نەڵێیت گەورەم.
- بەسەر چاوان، ئەفەندی. بەسەر چاو ئیدی ناڵێم گەورەم.

خۆ ئەوە نەبێت تەنیا لەگەڵ مندا بەو شێوەیە بدوێت، لەگەڵ کڕیار، دراوسێ، خەڵکی گەڕەک و داروبەردا هەر وایە.

پێویستیش بوو لەسەر خەڵکی ڕێزی بگرن و بە شیرینی لەگەڵیدا بدوێن. سەرباری ئەوەیش، پێویست بوو موجامەلەی بکەن، بەڵام من موجامەلە و شت نازانم، ئەویش پێی خۆش نەبوو کەس بە ڕوخساری ترشاوەوە ببینێت.

ماڵەکەی خنجیلانە بوو، دوو ژووری هەبوو، لە ژوورە گەورەکەیاندا دادەنیشتین، ئەو کاتانەی دەمویست بچمە سەر کورسی دانیشم، دەیگوت:

- پشوو بە.
- گەورەم لەوێدا ئاسوودە نییت، فەرموونە ئێرە.

لەسەر دۆشەکە لۆکەکە دادەنیشتم.

- ئاهـ ببورە. بە خودا لەوێدا ئاسوودە نییت.
- کێشەم نییە.

ڕۆیشتە ژوورەکەی دیکە و دوو یان سێ پشتیی هێنا، دانەیەکی خستە پشتم و دانەیەک بۆ لای چەپم و .. ئینجا گوتی:

- تکاتان لێ دەکەم خۆتان نارەحەت نەکەن، بە ئاسوودەییەوە چۆنتان پێخۆشە ئاوا دانیشن.
- من ئاسوودە دانیشتووم، تۆ خەمت نەبێت.
- بەو خوایە ئێوە مورتاح دانەنیشتوون.
- نا براکەم، بگرە زۆریش ئاسوودەم.
- توو ئەو خوایە بڵێن: ئایا ئاسوودەن یان نا؟



Scanned with CamScanner

هەر بواری نەدا دوو قسە بکەین.
ئێوە لێرەدا ئازاد و مورتاح نین. وەرنە ئێرە با پاڵ بدەنەوە. من لە سووچەکەدا دانیشتم، ئینجا چەند پشتییەکی بۆ هێنام.
- سوێندم دان، ئایا لێرەدا ئاسوودەن؟
- مورتاحی مورتاحم، براکەم. تۆ هیچ خەمت نەبێت. سوێند بە خودای زەوی و ئاسمان مورتاحم.
- وا هەستەکەم مورتاح نین. هەواکە بێزارتان دەکات؟ با پەنجەرەکان داخەم.
- ئاوا باشترە.
- ئایا بێزار نەبوون؟
- نەخێر.
- خۆرەکە وەڕزی نەکردوون؟ ئێستا پەردەکە دادەدەمەوە.
- نا براکەم، بەم شێوەیە عەیبی نییە.
- هەستەکەم جەنابی موبارەکتان مورتاح نین.
- چۆن؟ بۆچی تۆ وا هەستەکەی من نەخۆشم؟
- نا، مەبەستم ئەوەیە شوێنەکەتان باش نییە.
- با، زۆر چاکە. زۆریش.
- فەرموون بچینە ئەولاتر، ئەوێ کەمێ باشترە.
- چووینە ئەولاتریش.
- توو خوا ببورن.
- ئەستەغفیرولڵا، بورانی چی؟ ئەوە چی دەڵێی؟ مەگر چی بووە تا داوای لێبوردنی لێ دەکەیت؟
- بێزار بوون؟
- نەوەڵا بێزاری چی.
- ئیدی ئێمە هەر ژوورە و ژوور، هەر سووچە و سووچمان بوو، ئەویش هەر خەریکی هێنانی سەرین و پشتی بوو.
- ئایا ئاسوودەی؟



Scanned with CamScanner

- بەڵێ، ئاسوودەم.
- توو خوا ئارام دانیشن. ماڵ ماڵی خۆتانە.
- وایە، وەڵا. ماڵ ماڵی خۆمانە.
- خۆیشتان دەزانن دۆخەکە ئا وایە. بمبورن.
- داوای لێبوردنی ناوێت.

هیچ قسەیەکی نەدەکرد بێجگە لە ببورن و بێزار مەبن و ئاسوودە بن.

لە کۆتاییدا خواردنەکە گەیشت.

- فەرموون، گەورەکانم.

لە کاتی نانخواردنەکەیشدا دەستی کردەوە بە پرسیار:

- تۆ لەسەر ئەم کورسییە مورتاح نییت.

کەوچکێکم کردبوو بە دەممدا و خەریک بوو برنجەکە لە دەمم نێم، گوتیەوە:

- نەخێر، گەورەم. ئێوە ئاسوودە نین، ئێستا کورسییەکی دیکە دێنم تا ئارام دانیشن.
- نامەوێ، عەیبم نییە.
- فەرموون، بێزەحمەت. فەرموون، فەرموون.
- سپاس، وا خەریکم دەخۆم.
- ئەی بۆ زەڵاتەکە ناخۆن؟
- دەخۆم، دەخۆم.
- ئایا خوێی کەمە؟
- نەخێر.
- توو خوا ببورن.
- ئەستەغفیروڵلا.
- فەرموون، فەرموون.
- سپاس تێرم خوارد.
- توو ئەو خوایە ئەگەر نەخۆی.



Scanned with CamScanner

- تا زمانە بچکۆلەمم خواردبوو، بەڵام ئەو هەر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بخۆم. بۆیە دەستم پێ کردەوە.

- تێگەیشتم، خواردنەکەتان بەدڵ نەبوو.

- وەڵڵا زۆریش بەلەزەتە، دەستی ئەوە خۆش بێ لێی ناوە.

- دە تـوو خـوا بخـۆن. دەی فەرمـوون. دوو قـاژیش لەو پیتـزایە هەڵگرن. بەس بمزانیایە بۆچی ناخۆن؟

- خواردمان، خواردمان. تێریشمان خوارد.

دوای نان بەبێ ئەوەی دوو کەلیمە قسە بکەین، هەستاین و هاتینەوە. سبەی ئێوارە، تەقە لە دەرگا درا، دیتم حیکمەتە.

- فەرموو، حیکمەت بێگ.

- نامەوێت ببمە زەحمەت بۆتان.

- ئەوە چ قسەیەکە، خۆشحاڵ بووین بە بینینت. فەرموو.

- زۆر بێزارتان ناکەین.

- فەرموو.

- مەبەستم ئەوەبوو بزانم بێزار نەبوون؟

- ئەستەغفیروڵڵا، پیاو.

- ئایا ئاسوودە بوون بە سەردانەکەمان؟ ئەوە ئەو شتەیە کە بۆی هاتووم.

- بەڵێ زۆر ئاسوودە بووین.

- بەو خـوایە نەمـانتوانی پێویسـتییەکانی ئارامیتـان بـۆ دەسـتەبەر بکەین.

- بەرێزەکەم، بە خوا زۆر موڕتاح بووین.

- نەخێر، موڕتاح نەبوون.

- خوا بەو سەرەوە شایەتە زۆر موڕتاح بووین.

- نا بە خوا، دڵم دەڵێ زۆر ئاسوودە و موڕتاح نەبوون.

ئیدی ئارامم لەبەر بڕا. تا هێزم تیا بوو، قیڕاندم. هەموو دراوسێکان هاتنە دەرێ.



Scanned with CamScanner

- کوره گوتم موڕتاح بووین. هەی سەگ ...
حیکمەت لەپشتی دەرگاکەوە خۆی حەشار دا و گوتی:
- نا، گەورەم. بە خوا ئاسوودە نەبوون. توو خوا ببوورە. زۆر وەڕز بوون، وا بزانم.

***



Scanned with CamScanner

پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتییەوە کرد و گوتی:
- بێزەحمەت، حەسەن بێگم دەوێت.
- خۆم حەسەن بێگم، فەرموو.
- ببورن. بێزارم کردن، گەورەم.
کە گوتی گەورەم، گوتم: ئەستەغفیروڵڵا
- من خاوەنی ڕۆژنامەی "هونەر"م.
- زۆر چاکە.
- دەمویست بتانبینم. دەکرێ؟
کابرا وا دەزانێت بینینی من داواکاریی فەرمیی دەوێت.
- بەڵێ، بێگومان دەتوانی.
- سبەی سەعات چوار. لە دوکانی ئیلان، ئەوەی ساردەمەنییەکە.
- دەکەوێتە کوێ؟
- نازانی؟
- دەکەوێتە شەقامی ئیستیقلالەوە، شەتین بۆکسالی شاعیر و عەلی جەمالی نووسەر و حوسێن کەمالی هۆنەر دەچنە ئەوێ.
لەسەر شوێن و کات ڕێک کەوتین. بیستۆکی تەلەفۆنەکەم دانایەوە.
لە هەمان ڕۆژدا نامەیەکم پێگەیشت:
"بەڕێز حەسەن، دەمەوێت بۆ بابەتێکی زۆر گرنگ بتانبینم. ڕۆژی هەینی لە ماڵی خۆمان چاوەڕێت دەبم. تکام وایە ئامادە بیت. ڕێزم قەبوڵ بکە."
تووشی سەرسوڕمان بووم چونکە من لەو کەسانە نەبووم کە زۆر نامەیان بۆ دەنێردرێت یان پەیوەندی زۆریان پێوە دەکرێت. یەک چرکە. با خۆمتان پێ بناسێنم. باڵام کچان سەرسام دەکات، کورتییەکەیم مەبەستە. سەرم هێندەی سەربازێکی خانەنشینکراوی

حەفتاساڵەی پێوە ماوە. بەپێی هەرچی پێوەری دنیا هەیە، ناکرێت من نووسەر بم، بەڵکو پیشەوەرێکی بچکۆلانەی ئەم دەوروبەرە. گرنگی بە پۆشاک نادەم. بەپێی تێگەیشتنی من پۆشاک تەنیا بۆ داپۆشی هێڵە سورەکانە و پارێزگارییە لە سەرمای دەمبەگوێزانی زستان و گڕەی گەرمای گرنجگرنجی هاوین.

بێگومان پێڵاو بەبێ گوێرەوی لەپێ دەکەم. بۆ بەشی سەرەوەی لەشم کراسێک و خوارەوەیش پانتۆڵێک. تەواو.

ڕێم کەوت لە برادەرێک لەسەر شەقام، پێی گوتم:

- خاوەنی گۆڤاری "هونەر"لە دوکانی شیرینییەکە چاوەڕوانی تۆیە. بێگومان تکات لێ دەکات لە گۆڤارەکەیاندا بابەت بنووسیت. لێی پرسیم:

- ئایا بۆ هەر چیرۆکێک سەد لیرەی بدەمێ بەسە؟ یان بە سەد لیرە ڕازی دەبێ؟

منیش گوتم:

- حەز دەکەی خۆت قسەی لەگەڵا بکە.

چوومە شیرینیخانەکە. ئەی خوایە کام لەمانە بێت؟ بیرم چووبوو لێی بپرسم وەک هاوسەرگیرییەکانی ناو ڕۆژنامە، گوڵێکی سوری لەگەڵ خۆی بهێنابایە تا بمناسیبایەتەوە. زۆر سەیرە، ئەو خاوەن ڕۆژنامانەی کە لەوانەیە ڕۆژانە ١٠٠٠ نووسخە لە ڕۆژنامەکانیان لە سەرانسەری وڵاتدا نافرۆشرێت، چاوەڕێن هەموو خەڵک بیانناسنەوە. یان ئەوانەی دوو کتێبیان نووسیوە، لە دڵی خۆیاندا وا گومان دەبەن ئەو خەڵکە هەر لە دوورەوە بەدییان دەکات و دەبێت گشت کەس بیانناسن.

دەستم کرد بە گەڕان ... دیتم کابرایەک هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی لەبەردەمیدا پژاندوون. قلیانێکیشی بە لالێوەوە ڕاگیر کردووە. یەک تاڵە موویش بە سەریەوە نەماوەتەوە. سەرێکم لێ بردە پێشێ و گوتم:



Scanned with CamScanner

- ئێوە خاوەنی گۆڤاری فلانن؟
سەری سوور ما، وای زانی کرێکارم لەوێ و گوتی:
- بۆچی؟ یەکێک پەیوەندیی پێوە کردووم؟
- نەخێر. ئێمە ڕێککەوتنمان هەبوو لێرە یەکدی ببینین. من حەسەنم.
- کام حەسەن.
خۆی لەگێلی دا.
- ئەوەی کە دوێنێ قسەمان کرد.
- تۆ ئەو کابرایەی؟
زاری تەتەڵەی دەکرد.
- فە فە ... فەرموو.
بێگومان دڵکرمن بوو، بڕوای نەدەکرد:
- تۆیت ئەو چیرۆکانە دەنووسی؟
- بەڵێ، منم.
- ئایا ئەوە ڕاستە کە تۆ دەیاننووسی؟
- بە قورئان من دەیاننووسم. خوا کوێرم بکا ئەگەر درۆ بکەم.
- سەیرە!
- بێناموسم ئەگەر درۆ بکەم.
خەریک بوو دەیگوت ئا دەی دانەیەک بە بەرچاوی خۆمەوە بنووسە. جارجار پێی دەگوتم "ئێوە." کاتێکیش سەیری ڕواڵەت و پۆشاکەکانمی دەکرد، دەیکردەوە بە "تۆ." جارێک ئێوە و جارێک تۆ.
پرسیم:
- جەنابتان بۆچی ویستبووتان من ببینن؟
سەری سوڕ مابوو، گوتی: من ئێوەم بانگ کردووە تا بتانبینم!
ئینجا بیری کەوتەوە:
- ئاهـ ڕاستە، وەڵا چیرۆکم دەویست.
کابرا چیرۆکی دەویست، وەک ئەوەی بیەوێت خۆم بکڕێت.
- بە چاوان. بۆتانی دەنووسم.



Scanned with CamScanner

تـا ئێسـتایش چـاوێکی لە جلوبەرگەکـانمە و بە دەنگـی بەرز هـاوار دەکات:

- سەیرە، ئێجگار سەیرە!

دوو-سێ قسەی دیکەمان کرد.

- بەسەر چاو، چیرۆکتان بۆ دەنووسم.

- گۆڤارەکەمـان هەفتـانەیە. هەر هەفـتەی دوو چیـرۆکم دەوێـت. پێویستە لە ڕۆژی خۆیدا بیگەیەنیتە دەستم. لە کـاردا گاڵتە و گەپـم نییە. ئەوە مەرجی یەکەمم. مەرجی دووەمیشم: نابێت هیچ هەڵەیەکی نووسین لە دەسخەتەکەتدا هەبێت. ئاگادار بە.

- بانی چاو.

- باشتر وایە بە ئامێری نووسینەوە بینووسیتەوە.

هـاوڕێکەم پێشم کەوت و لە خـاوەنی ڕۆژنـامەکەی پرسـی: ئایـا سـەد لیـرەکەی وەردەگرێـت؟ چـونکە ئێسـتا خۆیشـی باسـی چـۆنیەتیی وەرگرتنی پارەکەی دەکات؟

هەستایەوە سەرپێ و گوتی:

- لە شوێنێکی دیکە کارم هەیە، من دەڕۆم.

سەرێکی وەرچەرخاند و گوتی:

- زۆر بە خێرایی چیرۆکەکان ئامادە بکەی. بە نیازی دیدار.

- یەک چرکە بەڕێزەکەم، خۆ قسەمان لەسەر پارەکەی نەکرد.

- ئاسـانە، لەبەرانبەرتـدا کەسـێک هەیە کە مافـت نـاخوات. ئەگەر چیرۆکەکانم بەدڵ بوو، ئەوا بۆ هەر چیرۆکێک پێنج لیرەت دەدمێ. بە دڵتە؟

- وەڵڵا زۆر کەمە.

- خۆت دەزانی.

منـیش قەبـوڵم کـرد. لەپـاش ئەوە، پەیوەنـدیم بەو کـابرایەوە کـرد کە نامەکەی بۆ ناردبووم.

- سڵاو، من بەرێز حەسەنم.

لە داخی کابرای گۆڤاری هونەر، سکم ئاوسا بوو.

- نامەکەتـانم پـێ گەیشـت، بەڵام زۆر داوای لێبـووردن دەکەم، بە خودا ناتوانم ئامادەی بانگێشتەکەت بم.

- تکایە بەڕێزەکەم. تکا دەکەم.

- بە خوا ناتوانم.

- سبەی؟

- بـا تەماشـایەکی دەفـتەری دیـدارەکانم بکەم. ئـای، بە خـوا سـبەی گیراوە. هیچ کاتێکم نییە.

- ئەی دووسبەی؟

- ببـــورە، دووســـبەی هەر باســـی مەکە، دووســـبەی مەجـــالی سەرخوراندنیشم نابێ.

- گەورەم، بابەتەکە زۆر گرنگە.

- ئێ باشە چیتان دەوێت؟ فەرموون؟

- دەمانەوێت گۆڤارێکی نوێ چاپ بکەین، چیرۆکمان لێت دەوێ.

- لەبەر ئەوە دەتەوێت بێمە بەردەم پێت؟

- ببورە گەورەم. باشە ئێوە چیرۆک دەنووسن؟

- نەخێر، کاتم نییە.

- بەڵام ئاخر گەورەم.

- ئاخر و ماخری تێدا نییە. نـاتوانم. بـابەتەکە پەیوەندیی بە مـاددەوە نییە، بوارم نییە. کاتم نییە. کارم زۆرە.

- لەبەر کەرامەتی ئێمە، گەورەم.

- کاتێک گۆڤارەکەتان دەرچوو، بیرێکی لێ دەکەمەوە.

- واتە پەسەندتان کرد. زۆر زۆر سپاس. ئێوە شـایەنی نووسـینن لە گۆڤـاری زۆر گەورەتـردا، نەک ئەم تـازەیەی ئـێمە. ببـورن کەمیشـە، بەڵام ئێمەیش سەرەتامانە و ئێستا بۆ هەر چیرۆکێک تەنیـا ١٠٠ لیرە دەتوانین بخەینە خزمەتتان. ڕاتان چییە؟

- کەمە. من بۆ ١٠٠ لیرە پێنووس ناگرم بە دەستەوە.



Scanned with CamScanner

- شەرمەزارم مەکە، گەورەم، با لەسەر ١٢٥ لیرە ڕێک بکەوین.

- لەبەر ڕێزی خۆت، پەسەندی دەکەم. بەلام من گاڵتە و گەپ نازانم، دەستاودەست پارەکە وەردەگرم.

- بەسەر چاو.

- هەموو یەکشەممانێک کەسێک دەنێرن بۆ وەرگرتنی چیرۆک لە من.

- فەرمانتە.

ڕێک کەوتین. تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

***



Scanned with CamScanner

# شێتێک هەڵهات

خەریک بووم بەرەو ئەمین ئۆنوو دەچووم، کاتێک گەیشتمە لای پردەکە، هاوارێک کەوتە بەر گوێم:

- هەڵات. ئەرەوەڵا هەڵات. پۆلیسەکان دەستیان کرد بە ڕاکردن.

خەڵکەکە هەموو ڕەپ ڕاوەستان، لەیەکدییان دەپرسی:

- ئەوە چی بووە؟

- ئەو شێتە لە دەستی پۆلیس هەڵاتووە.

پیرەژنێک:

- ئای پۆلیسەکانمان چییان لێ هاتووە؟ جاران هەر کەسێکیان بویستایە، یەکسەر دەیانگرت. کەچی ئەمڕۆ هەموو کەس بە ئاسانی لەدەستیان ڕا دەکات.

پیاوێکیش نزیکی من بووەوە و گوتی:

- خەریکن دنیا هەڵدەگێڕنەوە لەبەر ئەوەی شێتێکیان لێ هەڵاتووە؟ وەک ئەوەی ئێمە ژێر ببین.

پیاوێکی دیکە:

- نەخێر چاوەکەم. ئەوە شێتێکی ترسناکە. تا ئێستا سێ کەسی ناردووەتە ئەو دنیا.

لەگەڵ کابرا بەڕێگادا دەڕۆیشتین. شتی خۆش خۆشی لەبارەی شێتەکانەوە بۆ دەگێڕامەوە. شتی پێکەنیناوی. زۆر بە وردییەوە دەیگێڕانەوە. بە شێوەیەک نەتدەتوانی خۆت بگریت و پێنەکەنیت. کابرایش زۆر شۆخ و بە ویقار بوو.

- گوێ ئا لەم بەسەرهاتە بگرن. لە یەکێک لە شێتەکانی شێتخانەیان پرسی: ئێرە چەند شێتی تیایە؟

وەڵامی دانەوە؟



Scanned with CamScanner

- ئێوە لە دەرەوە ژمارەتان چەندە؟ بۆ نموونە تەماشای ئەو کابرایە بکەن. منیش نواڕیمە ئەو کابرایە، گوتی: لەوانەیە ئەوە شێتێکی هەڵاتوو بێت.

لەوانەیە لەبەر ئەوەی شێوە و بیچمی لە کەسێکی ساغ نەدەچوو، جارجار بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد و جارجاریش هێواش، لەناکاو خێرا و دواتر ڕۆیشتنەکەی هێواش دەکردەوە.

- بێگومان ئەوە شێتە.

پێم گوت:

- ئادەی با هەواڵی لێ بدەین تا بێن بیگرن.

تەماشای کابرام کرد کە ئەو ئاماژەی پێ دا، تاوێک پێدەکەنێت و تاوێک بێدەنگ دەبێت، ئەوەندەت زانی ڕووی گرژ کرد. هەندێک شتی بەدەستەوە گرتووە. گوتم:

- بە خودا ئەوە شێتە. ئادەی با هەواڵ بە پۆلیس بدەین.

- گوێ لەو دوو کەسەی بەردەممان بگرە.

لە بەردەممانـدا کابرایەکی قەبە و کابرایەکی درێژ بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد:

- فرۆشیارەکە دەگریت؟

- بە چەند لیمۆ؟

- بە پەنجا قروش.

- وەرە ئێرە.

هەر لێرەوە سەرەو خوار لەسەر ئەم پردەوە فڕێی دەدەمە خوارەوە، ئینجا دەچمە لای فرۆشیاری بەقدۆنس:

- بە چەند باقە؟

- بە دە قروش.

- ئای غلوجی ئای.

یەکێکی دیکە دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- کشتوکاڵ، براکەم لە سەرەتادا کشتوکاڵ. پاشان ئازادی. یەک بست بەبێ کشتوکاڵ نەماوەتەوە. تەنانەت لەناو ئینجانەکانیشدا پیازم چاندووە. ئەگەر هەموو هاونیشتمانییەکان وەک منیان بکردایە، ئەوا کێشەی پیاز چارەسەر دەبوو، بۆ نموونە خەیار و فاسۆلیا، ئەگەر هەمووان لە ماڵەکانیاندا گوڵە خەیاریان لێدابا، یان شەتڵە تەماتە و بیبەر، ئایا گرفتی تەماتە و خەیار لە وڵاتدا دەما؟

دووان پێکەوە قسەیان دەکرد بەبێ ئەوەی کەسیان گوێ لەوی دیکەیان بگرێت.

قەبەکە گوتی:

- تێلا هاورێکەم تێلا، ئەو چاوانەی ماچ دەکەم. ڕاستە دەڵێن لە بەهەشتەوە هاتووە. ئەم گەلە تێلا نەبێت، هیچ چاریان ناکات.

یەکێک بە ئاستەم دەنگی دەگەیشتە ئێمە، دەیگوت: بەر لە دەستوور، پێویستمان بە فاسۆلیایە. براکەم لەدوای فاسۆلیایش پێویستمان بە چەوەندەری شەکرە.

لە برادەرەکەمم پرسی:

- ئایا شێتەکان یەکن یان دووان؟

- نازانم.

- ئەوەیش دوو شێتی دیکەن، با پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەین.

هەر لەو کاتەی لە پلەکانەکانەوە دادەبەستین تا هەواڵ بە پۆلیس بدەین، کچێکی جوان بە پلەکانانەکاندا سەر دەکەوت، سەرەڕای ئەوەیشی هەوا زۆر سارد بوو، کەچی ئەو جلێکی تەنک و کورتی پۆشیبوو، دوو تازە جەحێڵ بەدوایەوە بەدەم قسەکردنەوە تەماشای سپیایی لاڕانیان دەکرد:

- هەر دەڵێی دەفتەرە، دەفتەر.

- کچێ ئا قسەیەکم بۆ بکە.

- ئای خۆزگە من بەردەبوومەوە و تۆیش دەکەوتیت بەسەرمدا.

- ئۆی خوایە ئۆی.



Scanned with CamScanner

کچەی کە لاڕانی دیار بوو، بە جانتاکەی کێشای بە کوڕەکاندا و هاواری کرد:

- ئەو دووانە هەڵاتن!

بە برادەرەکەمم گوت:

- لەوانەیە ئەم دووانەیش شێتی هەڵاتووبن.

لە پلەکانەکان دابەزیین، سەرنشینانی کەشتییەکە چاوەڕێ بوون دەرگا ئاسنینەکە بکرێتەوە و بڕۆن. برادەرەکەم گوتی:

- گوێ ئا لەو دووانە بگرە.

کابرا بە ژنەکەیی دەگوت:

- بە خوا سەری خۆم هەڵدەگرم و هەڵدێم. لەدەست ئێوە بار دەکەم.

- هەڵێ. بۆ کوێ دەڕۆیت برۆ، وەڵا من بەر لە تۆ هەڵدێم. هەر خەڵکەو مەمنونن شوویان پێ بکەم. تەماشایەکی خۆت بکە بزانە چەند دزێوی.

یەک شەقازلەی لە لای چەپی دا، سووری کردەوە. جنێو لەم و قەپ لەو. گریان و زاری. قیامەت هەستا.

برادەرەکەم:

- با هەڵێین خێرا تا نەهاتوون وەک شاهید بمانبەن.

لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لە سەری پردەکە، گوێبیستی قیژەیەک بووین، ژنێک دەقیژێنێت:

- پۆلیس لەکوێیە؟ وا ڕفاندمیان. ئای لەم شارە؟

برادەرەکەم دەستی کرد بە گێڕانەوەی شتی دیکە لەبارەی شێتەکانەوە. بەدەم قسەی خۆش و پێکەنینەوە گەیشتینە قەدی کۆی، ئەوەندەمان زانی دوو پۆلیسمان لێ قوت بوونەوە، برادەرەکەمیان گرت:

- ئەوە چۆن هەڵاتیت ئەی کوڕی قە...؟ پێشمان کەوە.

- برادەرەکەم گوتی:

- بە نیازی دیدار هاوڕێ.



Scanned with CamScanner

ویستم شوێنی کەوم و بچەمە لای، بەڵام نەیانهێشت. گوتم:

- هەزار جار بە نیازی دیدار، هاوڕێ گیان.

***



Scanned with CamScanner

# پەیوەندیی بە منەوە نییە

پۆلیس، بیگرن! پۆلیس، بیگرن!
هەموو ڕاوەستابوون تەماشای ئەو کابرایەیان دەکرد، لەناو خەڵکەکەیشدا چەند پۆلیسێکی تێدا بوو، بەڵام وەک بڵێیت حەپەسابوون و گوێیان لە هاواری ئەم کابرایە نەبوو.
- پۆلیس، بیگرن! ئەی پۆلیس، دەی بیگرن!
سەیر بوو، هەموو پۆلیسەکان واق وڕ مابوون.
کابرا دەستی وەک بڵندگۆ لێ کرد و نای بە دەمیەوە و هاواری کرد:
- پۆلیس، بیگرن! ئەی هاوار بیگرن! بیگرن بی ...
کابرا قەرەباڵغییەکەی بڕی و چووە لای ئەو پۆلیسەی لەسەر شۆستەکە وەستابوو:
- گەورەم دەتوانیت لەگەڵم بێیت؟
- چییە؟ چی قەوماوە؟
- ئەوە خەریکن لەو کابرایە دەدەن. هەموو گیانیان شین و مۆر کردووەتەوە.
- پەیوەندیی بە منەوە نییە.
- من پۆلیسی هاتوچۆم، پەیوەندیم بە ئۆتۆمبێل و دروستکردنی تاسەوە هەیە.
کابرا دەستی کردەوە بە هات و هاوار.
- پۆلیس! ئەرێ پۆلیسێک لەم ناوەدا نییە؟!
پۆلیسێک زۆر بە پەلە لەوێوە تێپەڕ دەبێت، شوێنی دەکەوێت:
- گەورەم. یەک خولەک. لەویا لە پیاوێک دەدەن، با بچین بە دەمیەوە.
- من هەقم نییە. ئەوە هێزی دوو پەیوەندییان بەو کارانەوە هەیە. من پۆلیسی ڕەگەزنامەم.

کابرا بە هەڵەداوان ئەمسەر و ئەوسەری ئەو ناوەی بوو، بەوپەڕی دەنگی دەیقیڕاند:

- پۆلیس! وا ئەو کابرایەیان کەرکوژ کرد.

ئا، ئەوە لەولاوە پۆلیسێک دەرکەوت، خێرا خۆی گەیاندە لای:

- تکایە لەگەڵم وەرن، ئا لەویا تاوانێک ڕوو دەدات.

- پەیوەندیی بە منەوە نییە، من پۆلیسم، بەڵام پۆلیسی باجم.

قەرەباڵغییەکە زۆرتر دەبوو، هەڕای کرد بۆلای پۆلیسێکی دیکە کە لەگەڵ یەکێک لە دوکاندارەکاندا خەریکی قسەکردن بوو.

- گورەم، وەرە فریا کەوە. ئەو کابرایەیان هەلاهەلا کرد.

- پەیوەندیی بە منەوە نییە، من پۆلیسی شارەوانیم.

پۆلیس زۆرن، بەڵام یەک دانەیان پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە.

- باشە پۆلیسێک لەم ناوەدا نییە؟! پۆلیس! پۆلیس!

- بێزەحمەت تۆ لە چ هێزێکیت؟

- لە هێزی دوو.

- چ سوتفەیەکی چاکە. ئەوەتا لەو پیاوە دەدەن، وا هەموو لەشیان شکاندووە.

- هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە، وایە من لە هێزی دووم، بەڵام کاری من پەیوەندی بە دزییەوە هەیە.

کابرا ڕای کرد بۆ مەیدانەکە و لەوێ پۆلیسێکی بینی.

- بێزەحمەت لەگەڵم وەرە، لەوێ لە کابرایەک دەدەن.

- هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە.

- بەڵام خۆ تۆ لە هێزی دوویت!

- وایە، بەڵام من پەیوەندیم بە کاروباری زەویی زیادەڕەوەوە هەیە. پێویستە پەیوەندی بە پۆلیسێکەوە بکەیت کە کاری بە شەڕ و تاوانەوە هەبێت.

گەڕایەوە دواوە و چووەوە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە و پۆلیسێکی دیکەی گرت:



Scanned with CamScanner

- ئایا تۆ لە هێزی دوویت؟
- بەڵێ.
- لەبەشی شەڕ و تاوانەکان؟
- بەڵێ.
- وا ئەو کابرایەیان بێکەسکوژ کرد، فریای کەوە.
- لەکوێ؟
- لەویا.
- پەیوەندیی بە منەوە نییە.
- بۆچی؟
- ناوچەی من نییە، من بەرپرسم لە ناوچەی سورماکیر.

کـابرا گەڕایەوە دواوە کە هێشــتا جۆشوخرۆشــەکەی تێـدا مــابوو، گەیشت بە پۆلیسێکی دیکە:

- بێزەحمەت تۆ لە هێزی دوویت؟
- بەڵێ.
- لەبەشی شەڕ و تاوان؟
- بەڵێ.
- بەرپرسیت لەو ناوچەیە؟
- بەڵێ. چی رووی داوە؟
- دەخیلتم. لای کادانەکەدا خەریکە کابرایەک سارد دەکەنەوە.
- پەیوەندیی بە منەوە نییە، من ئەمڕۆ مۆڵەتم.

یەکێک لێی نزیک بووەوە و چپاندی بە گوێیدا، گوتی:

- بــراکەم، منــیش بە هەمــان کارەســاتدا تێــپەریم. کەس نەهــات بەدەممەوە، ئەگەر پۆلیســت دەوێت، بـڕۆرە مەیـدانەکە و هـاوار بـکە: "ئەم ڕەزالەتە چییە؟"

وای کرد.

- ئەمە چ ڕسواییەکە، لەکوێ ڕسوایی ئا وەها هەیە؟

ویستی لە باسی ڕسواییەکە بەردەوام بێت، هێندەی چاوتروکاندنێڵ، تەوقیان دا و گرتیان و پێیان وت:

- ئادەی بەرەو بنکەی پۆلیس.
- ئێوە کێن؟
- پۆلیسی سیاسی—پۆلیسی ناوشار.
- پۆلیسی شار و پۆلیسی سیاسی؟

بەرپرسی شاورلێدان دەستی کرد بە فیقەفیق. یەکەم کەس پۆلیسەکە ئامادە بوو کە لە پشوودا بوو. دواتر بەرپرسەکەی ناوچەی سورماکیر. تا شاورەکە زیاتر لێدەدرا، ژمارەی پۆلیسی ئامادەبوو زیاتر دەبوو.

دیتی کابرایش کە ئامۆژگاریی کردبوو بچێت هاوار بکات، ئەویش لێرەیە.

- خۆ تۆ پۆلیس نەبوویت؟
- ئا دەی ببەن بۆ بنکەی پۆلیس.

کابرایش کە لێدانەکەی خواردبوو، دنیایەک خوێنی لەبەر ڕۆیشتبوو، شەقامەکەی سور کردبوو. پۆلیسەکە گوتی:

- گوناحە.

پۆلیسی هاتوچۆ:

- ئەوە خزم و کەستانە؟

پیاوەکە:

- نەخێر نایناسم. مرۆڤایەتی نەماوە. من بۆ پۆلیسێک دەگەڕام بگاتە فریای ئەو داماوە.
- ئادەی ئادەی خێرا بڕۆ، خوێنی ئەم کابرایە شەقامەکەی تەواو پیس کردووە. پاش ئەوەی تۆم برد بۆ بنکەی پۆلیس، دێمەوە و غرامەی پیسکردنی شەقامەکەیش لەسەر ئەو دەنووسم.

***



Scanned with CamScanner

## بژی نیشتمان

لە کۆتاییـــــدا، ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا. بەڵام ئایـــــا دۆخەکە گەیشـتووەتە ئەو شـوێنەی کە مـرۆڤ نەتوانێـت بێـدەنگ بێـت؟ یـان ئەوەتا ئارامیان لەبەر براوە؟ یاخود ئەوەتا جێگە بۆ ئەو گشتە شکات و گازەنـدەیە نەمـاوەتەوە؟ یـان یـان. بە هەرحـاڵ، هۆکـارەکەی هەرچیـیەک بێـت، تـازە ئـێمە ڕاسـپێردراوین کـارگەی کشـیری بەرهەمهێنانی مادده کانزاییەکان بپشکنین.

بە لەبەرچـاوگرتنی ئەو گشـتە گلەیـی و گازەنـدە و دەنگـۆی دزیـیە، ئێمەی پێنج پشکنەر بۆ پشکنین ڕاسپێردراین. یەکێک لە ئەندامەکان پسـپۆڕی ژمێریـاری بـوو، دووانیشـمان پسـپۆڕی داڵیـات و منـیش پسپۆڕی کارگێڕی بووم.

هەر دەبێـت بە جـوانی بەدواداچـوون بـۆ ئەو شـکات و داواکارییـانە بکەیـن و پاشـان لە بەنـد بەنـدی بـابەتەکە بکۆڵینەوە. ئەوەیـش یەک هەفتەی تەواوی ویست.

لەوانەیە هێنـدێک سـنووربەزاندنی تێـدا بێـت، بەڵام نەک بەو ڕادەیە. ناکرێت دزییەکە بگاتە ڕادەیەک کە مرۆڤ تووشی شـەکرە بکـات یـان پەستانی بباتە سەروو ژمارەی یافوخیشـەوە—ژمـارەی پەسـتانپێوری جنۆکەکان.

نەدانی باج. باشە با بڵێین ئەوە بابەتێکی هێندە گرنگ نییە، بەڵام خۆ یەک و دووان نین کە پارەی باجیان نەداوە.

باشە ئەی کارپێکردنی کرێکاری دامـاو دە سـەعات لەبری ٨ سـەعات، لە کاتێکـدا بـڕی مـوچە و هەمـوو شـتێک دیـاری کـراوە. بـڕی پـارەی زیادەکـاریش ئامـاژەی پـێ دراوە لە شـەودا یـان لەکـاتی تەواوبـوونی

کاری فەرمیدا. یان لانەکردنەوە و خەرجی‌نەکێشانی هەر برینداریک کە لە کاتی کارکردندا بریندار دەبێت؟ ئەی باسی دەستدرێژی بۆسەر کچەکرێکارە جوانەکان بۆ نەکەین؟ زۆر باشە. وا دابنێین ئەمانەیان پەیوەندییان بە پسپۆڕییەکەی ئێمەوە نییە و پەیوەندیی بە پۆلیسەوە هەیە. ئەی ئەو کەسەی لە کاتی کارکردندا و لە کارگەدا بە هۆی ئامێرێکەوە مردووە؟ بۆچی مووچە بۆ خێزانەکەی نابڕدرێتەوە؟ ئەو دوو کرێکارە داماوەی چاویان بە هۆی ماددەکانەوە تووشی زیان بووە و لەسەر کارکردن بەردەوامیشن بەبێ ئەوەی داوای قەرەبوو بکەنەوە؟

ئێمە هەمووممان پشکنەری تازەلاو بووین، بە گیانێکی بەرزی نیشتمانپەروەرییەوە کارەکەمان بەجێ دەهێنا، تەنیا ساڵ و نیوێک بوو دامەزرابووین.

بەیانییەکیان چوویەنە سەردانی کارگەکە بە ڕوخسارێکی هەتەرەوە[1] و بڕیارمان دابوو کە هیچ ئاسانکارییەک بۆ کەس نەکەین. ئەوەیش واتای ئەوە بوو کە ئێمە بە نیازی گیانکێشانی کەشیر بێگین. مۆڵەتمان پێ بوو. خۆیشمان خاوەن بڕیار بووین.

لەلای دەرگای پشتەوە، پێنج یان شەش کەس چاوەڕێمان بوون. کە گەیشتین، خۆیان پێمان ناساند. یەکەم کەسیان بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو، بەڵام ئەوانی دیکە فەرمانبەری سادە و ژمێریار بوون. بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین. پێدەکەین، قسەی خۆش و گاڵتەیان پێکەوە دەکرد. بەڵام ئێمە لەوانە نەبووین کە بە ئاسانی بکەوینە سەما. بەلای باخچەیەکدا تێپەڕ بووین کە پێوەی دیار بوو چەندە بەخزمەتە. لە بەشی پێشەوە باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی بوو، لەپشتیشەوە ساڵۆنەکانی وەبەرهێنان. ئەو کاتەی لە باڵەخانەکە نزیک بووینەوە، بێدەنگ بە بەڕێوەبەری کارگێڕییەکەم گوت:

---

[1] هەتەر: جددی



Scanned with CamScanner

- ئایا کشیر بێگ دەبینین؟
- ئەوە چی دەڵێی؟ وا لە ژوورەکەی چاوەڕێتانە.
- مەگەر ئاگادارە کە ئێمە دێین؟
- ئاهـ بێگومـان بەڕێـزەکەم. چـۆن دەکـرێ ئەو نەزانـێ؟ بێگومـان ئاگادارە بە تەشریفهێنانتان.

چـوویـنە سـاڵۆنێکی گەورەوە. ڕاسـتیتان بوێـت، زیـاتر لە مۆزەخـانە دەچـوو. باشـە دەبێـت سـاڵۆنی کـارگەکە لەکـوێ بێـت؟ دیوارەکـانی ئەوەنـدەیان وێـنە پێـدا هەڵواسـرابوو، بە ئاسـتەم دەتـوانرا بسـتێک دیـواری سـپی بـدۆزیتەوە. هەنـدێک لەوێنەکـانیش نووسـراوی دەستخەتی عوسمانی بوون.

هەروەها لەملاولایش چەند چەکمەجە و مەدالیا و شتی شوێنەواری هەڵواسرابوون.

لەکاتی هاتنەژوورەوەدا، هەندێک چاوەدزکێم کرد تا بزانم ئەو مەدالیا و شتە ئاسەوارییانە چین؟

توشی سەرسورمان بووم کاتێک بەو گشتە فایل و جانتا و شتەوە چووینە قاعەیەکی وەک موزەخانەوە.

فەرمـوون کەمێـک پشـوو بـدەن، میـوانە بەڕێزەکـان. تکـایە، خۆشەویستان.

بەڕێوەبەری کارگێڕێکەیان کابرایەکی زۆر شیک و ناسک بوو. کاتێک لەسـەر قەنەفە نەرم و شـلەکان دانیشـتین، بیرمـان کەوتەوە هۆکـاری هاتنەکەمانی بۆ ڕوون بکەینەوە.

ئەویش لە سەرەی خۆیدا وەڵامی داینەوە:

"دەزانین، بەڕێزەکانم. هەر فەرمانێکیشتان هەیە، بڵێن با لەخزمەتتاندا بین. بەڵام بەر لە هەمـوو شـتێک، پێویسـتە قـاوەیەک نۆشـی گیانتـان بکەن تا کەمێک بحەسێنەوە.

بەڵام وەڵامەکانی ئێمە بە نزیەکەیی هەر یەک وەڵام بوو. "نا پێویست ناکات." "سپاس." "من ناخۆمەوە." "مێرسی."



Scanned with CamScanner

- کەواتە پێویستە چا بخۆنەوە.
- نا، مێرسی. سپاس. باشتر وایە دەست بە کارەکانمان بکەین. با کشیر بێگ ببینین.
- باشە بەڕێزەکانم. تۆزێکی دیکە بێگ دێت. ئەی شتێکی فێنک نۆش ناکەن؟ شەربەتی پرتەقاڵ، ئاولیمۆ، یان شەربەتی سێوی سوور؟
- نەخێر، تەنانەت ئاویش ناخۆینەوە لە کارگەی کەسێکی وا لار و خواردا.

دەبووایە ئەم سەردانەمان نهێنی بووایە، بەڵام بەخێرهاتن و هاتنەژوورەوەمان لە دەرگای پشتەوە شتێکی دیکە بوو.

دەرگاکە کرایەوە، کابرایەکی کەشخە و بەشان و شەوکەت، سەرشانێکی خۆڵەمێشی بەسەر شاندا دابوو. لەگەڵ هاتنەژوورەوەیدا، فەرمانبەرەکان بەرزەپێ هەستانەوە و یەکیەک و دوودوو دەچوونە پشتیەوە. ئیدی دڵنیا بووینەوە کە ئەوە کشیر بێگە.

لەگەڵ کۆبوونەوەی فەرمانبەرەکاندا، ئێمەیش ناچار بووین شێوازی دانیشتنەکەمان بگۆڕین. ئەو هاوڕێیەمان کە ژمێریار بوو، لەپڕدا هەستایەوە سەرپێ، وەک ڕێزێک بۆ کەسە پلە بەرزەکان، یەکێکی دیکەمان کە قاچی خستبووە سەر قاچ، قاچی ڕێک کردەوە، منیش تەنیا فریای ئەوە کەوتم هەردوو قاچم یەکی بستێک لە زەوی بەرز بکەمەوە.

هەر لەگەڵ هاتنەژوورەوەیدا، دەستی بڵاو کردەوە بۆ بەخێرهاتنمان و ڕووی لێ کردین و گوتی:
- تکا دەکەم منداڵەکان، دانیشن. ئاسوودە بن.
- زۆرم لەسەر دڵ ناڕەحەت بوو کە ئێمەی بە منداڵ چواند. ئەمە چ بێڕێزی و بەکەمزانینێکە؟ تەنانەت بەڕێوەبەری داراییەکە خەریک بوو جگەرەکەی بۆ دابگیرسێنێت، بەڵام من:



Scanned with CamScanner

- قاچم خستەوە سەر قاچ و دووکەڵی جگەرەکەم ئاراستەی ئەو کرد.
کشیر بێگ زیاتر نزیک بووەوە و گوتی:
- یاخوا بەخێر بێن، منداڵەکان. ئادەی بڵێن دەنگوباستان چۆنە؟ چی هەیە؟ چی نییە؟
بیهێنە بەرچاوت، ئەو لە ئەحواڵی دەپرسیین وەک ئەوەی لە باوباپیرەوە برادەرمان بێت. بەڵام دەبێت دەرسێکی دا بدەم بۆ حەوت پشتی بیری نەچێتەوە. بۆ ئەوەی پێی بگەیەنم چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا بکات، رووم تێ کرد و گوتم:
- ئێمە بۆ پشکنین لێرەین. لەبارەی دزی و گەندەڵییەوە چەندین تۆمەت و شکاتیشمان بەدەست گەیشتووە.
پێکەنینێکی دەستکردی کرد، تەنانەت قەشمەریشی پێ دەهات و گوتی:
- کورە ئەوە کەی کێشەیە، ئاسانە ئاسان. کەواتە شتەکە وا نابێت.
رووی کردە لای بەڕێوەبەری کارگێڕی و گوتی:
- ئایا ڕێزتان لەم بەڕێزانە گرتووە؟
- گەورەم خولکمان کردن، بەڵام ئەوان ڕەدیان کردەوە.
- ئای بەدەست ئێوەوە. ئێ بێگومان ڕەدی دەکەنەوە. ئادەی چیتان هەیە بیهێننە خزمەت.
یەکێک، دووان، سیان هەڵەداوان بەرەو مەتبەخ ڕایان کرد شت بهێنن، بەڵام بەڕێوەبەری داراییەکەی ئێمە گوتی:
- نا، نەخێر، پێویست ناکات. ناخۆینەوە.
منیش کە چێژم دەبینی، گوتم:
- هاتووینەتە ئێرە بۆ پشکنین. ئێمە پشکنەرین.
لێمان نزیک بووەوە و گوتی:
- بێگومان ڕۆحەکەم، بێگومان.
ئیدی لەدوای ئەوەوە تێکەڵمان بوو. جارێک دەستی یەکێکمانی دەگرت. جارێک دەستی دەخستە سەر شانی یەکێکی دیکەمان. هاتە



Scanned with CamScanner

لای من و دەستی بە چەناگەمدا دەهێنا وەک ئەوەی لە جەژندا یاری لەگەڵ منداڵان دەکەیت. دواتریش خەریکی ڕێککردنی ملیوانی کراسی یەکێکی دیکە لە برادەرەکان بوو.
بەم هەڵسوکەوتانەی وەک باوک خۆی نیشان دەدا. ئەو کاتەی خەریکی چەناگەی من بوو، زۆرم حەز دەکرد دەستی لا ببەم، بەڵام نەمدەتوانی.
سێ کەس هاتنە ژوورێ، سینی پڕ لە خواردنەوە و کێک و بسکیت بە دەستیانەوە بوو.
پێم گوت:
- ئێستا کاتی ئەوەیە کارەکانمان ڕاپەڕێنین.
کشیر بێگ بە هێمنی وەڵامی دامەوە:
- باشە، بەڵام هەر دەبێت شتێک نۆشی گیان بکەن.
سینی بە جۆرێک خرایە بەردەممانەوە، نەدەکرا هیچ قسەیەک بکەین.
هەرچەندە ناخۆش و ناجۆر بوو، کەچی من زۆر بە هەتەرەوە گوتم:
- هیچ شتێک ناخۆمەوە.
- فەرموون. شەربەتی کاڵەکمان هەیە. تکا دەکەم یەک قوم بخۆنەوە.
تۆ هەر یەک قوم.
شەربەتی کاڵەکم هەڵگرت و خواردمەوە، لە کاتی خواردنەوەکەدا پرسیی:
- ئەی وێنە هەڵواسراوەکانتان بینین؟ تەماشا بکەن، یادەوەریی خۆش خۆشن.
بە دەست ئاماژەیەکی بۆ کردین:
- وەرن تەماشا کەن. ئەم وێنەیە لە کاتی جەنگی ڕزگاریدا گیراوە. ئای لەو ڕۆژانە. ئا بەم شێوەیە وڵاتەکەمان ئازاد کرد، مندالینە. بەڵێ، بەبێ چەک و زەخیرە. بەڵام ئیمان و ورەیەکی پتەومان هەبوو.
تەماشای ئەو وێنەیەمان کرد کە بۆی باس کردین. ئەویش بە ناوماندا دەهات و دەستی دەخستە سەرشانمان.



Scanned with CamScanner

- کورینە، ئەم وێنەیەیش لە ڕۆژی خۆپیشاندانە گشتییەکەدا گیراوە. ئەو ڕۆژەی هەموو خەڵک دژی حوکوومەت ڕاپەڕی. ئا بەم شێوەیە نیشتمانەکەمانمان ڕزگار کرد.

- ئەمە وێنەی یەکێکە لە بەرپرسە هاوچەرخەکانی خۆمان. هەندێکیش نووسراوی بە تورکیی کۆن لەسەرە، ئایا دەتوانن بیخوێننەوە؟ نەخێر؟ ئادەی با بۆتانی بخوێنمەوە: "بۆ برای شیرینم کشیر." ئای ئەوسا زۆر لێک نزیک بووین. یادی بەخێر چ ڕۆژگارێک بوو.

لە یەکێک لە جارەکاندا هەر پێنجمانی خستە ژێر باڵی وەک چۆن مریشک جوجکەکانی دەخاتە ژێر باڵی و نەخشەیەکی تورکیای نیشان داین. پاشان گۆچانێکی بە دەستەوە گرت، ئەوجا چەند ناوچەیەکی نیشان داین.

- ئەوە گەیڤەیە. هەردوولای کێوە. شیوەکەیش لەبەردەمیدایە. ئێمە لەوێ بووین کە دژمن هێرشی بۆ هێناین. من و سەربازەکانم بە هەموومانەوە چەند ئەسپێک و چەند تاپڕێک و سێ ڕەشاشمان پێ بوو.

خەریک بوو باسی پاڵەوانێتییەکانی ئازادکردنی نیشتمانی بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام بە گەرموگوڕی و ورووژانەوە، تەنانەت موچڕکەی بە گیانماندا دەهێنا. مووەکانمان گرژ بووبوون.

دیسانەوە بە دەستێکی هەر پێنجمانی لەبەردەم وێنەیەکی لەچوارچێوەگیراوی دیکەدا کۆ کردەوە. وێنەکە دەقێکی نووسراو بوو بە زمانی تورکیی کۆن.

- ئەمە نامەیەکە بۆ من نێردراوە. گوێ بگرن با بۆتانی بخوێنمەوە: "برا و ڕۆحی ڕەوانم، کەشیر. بێگومان ئەو سەرکەوتنەی بەدەستت هێناوە، بێوێنەیە. ئەو خەڵکە هەرگیز ئەوەیان بیر ناچێت کە تۆ لەپێناویدا کردووتە. چاوەکانت ماچ دەکەم." ئەو دەمانچەیەی بەردەمتان، ئەوە دەمانچەی جەنەڕاڵێکی دژمنە. لە کاتی جەنگدا لێمان

گرتن، من و چوار سەرباز. ئەوانەیش ئەو کەسانەن کە دەستیان هەبوو لە بنیاتنانەوەی نیشتمانەکەماندا.
بەم شێوەیە لەبەردەم هەر وێنەیەکدا هەندێک شتی بۆ دەگێڕاینەوە. تەماشای پسپۆڕی ژمێریارییەکەمانم کرد، دیتم چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و وا خەریکە دەتەقنەوە.
- ئا بەم شێوەیە، ڕۆڵەکانم. ئێمە تێکۆشاین تا وڵاتێکی ئازاد بۆ ئێوە بەرهەم بهێنین.
لەناکاو بێدەنگ بوو، ئینجا درێژەی دایەوە بە قسە:
- دەترسم بەم قسانە نارەحەتم کردبێتن، کوڕینە.
- ئەستەغفیرەڵڵا، گەورەم.
پشکنەری ئابووری گوتی:
- ئێمە سوود لە قسەکانی جەنابت دەبینین.
- ئێمە ئاوا لەگەڵ یادەوەرییەکانماند دەژیین. هیچ نەما نەیکەین. ئەوەی کە بۆم باس کردن، مشتێکە لە خەروارێک. دەی با بگەڕێینەوە و خەریکی کارەکەی خۆمان بین.
بەڵام پسپۆڕی ژمێریارییەکە بەشوێنیدا کەوتە قسە:
- تکا دەکەم گەورەم. بەردەوام بن لە قسە بەچێژەکانتان. چیی دیکە؟
ئەویش هەستا بە باسکردنی گشت وێنە و نیگارەکان.
- دەی وەرن با کەمێک دانیشین، خۆ وێنەکان تەواو نابن.
چووینە ژوورەکەی کشیر بێگەوە. ئەو ژوورە بە مانای وشە مۆزەخانە بوو. تەنانەت سالۆنەکە لە چاویدا هەر هیچ نەبوو. چووین و دانیشتین. بە هەمان گوڕ و تینەوە دەستی کردەوە بە قسەکانی.
- ئێمە لیوایەکی ٤٠٠ کەسی بووین لەگەڵ ٥٠ ئەسپسواردا. چەک و تفاقی زۆر کەممان لە بەردەستدا بوو، بەڵام دژمن لە ڕووی ژمارە و چەکیشەوە هەر لەوەدا نەبوو. هەر کە شێرەکانمان دەستیان بە نەڕە کرد و هوتافی "ئەڵڵاهو ئەکبەر،" یەک دانەیانمان بە زیندوویی



Scanned with CamScanner

نەهێشت. من خۆیشم لەپێشی پێشیانەوە بووم. ڕۆژێکیان فەوزی پێی گوتم: ...

منیش لێم پرسی:

- فەوزی کێیە، گەورەم؟

بەدەم ئاهھەڵکێشانەوە وەڵامی دامەوە:

- تەمەنت چەندە کوڕم؟

- ٢٨ ساڵ، گەورەم.

- ئاساییە ئەگەر نەیناسیت، ئەو کاتە تۆ هێشتا لە سکی دایکیشتا نەبوویت.

لەدوای ئەوە، دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئازایەتیی یەکێک لە هاوەڵەکانی. بڕوا بکەن لەو کاتەدا هەستم دەکرد دڵم گەیشتووەتە ناو دەمم. پاش ئەوەیش باسی چۆنیەتیی شەهیدبوونەکەی بۆ کردین. وەهایش باسی شەهیدبوونەکەیی دەکرد، من وام هەست دەکرد کە لەپاڵیاندام و لەناو ڕووداوەکاندام. بۆ ئەوەی نەگریم، لێوم بە ددانەکانم توند گەستبوو. تەماشای ژمێریارەکەم کرد، دەگریا. دوو پشکنەرەکەی دیکەیش خەریکی فرمێسک سڕین و لوشکەلوشک بوون.

- ئای تخوا، دەبووایە باسی ئەو شتە خەمگینانەم بۆتان نەکردایە.

- نا، تکا دەکەم گەورەم. درێژەی بەنێ.

بە قۆڵی کراسەکەی چاوی سڕی و تەماشایەکی کاتژمێرەکەیی کرد:

- درەنگ کەوتین، منداڵەکان. وا کاتی نانی نیوەڕۆیە و منیش ئێوەم لە کارەکانتان دوا خست.

هەردوو دەستی کردنەوە و ئێمەیش ناچار لەپشتییەوە ڕێگە ببڕین.

سواری ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی بووین. گەورە بوو.

- لەکوێ نانەکەمان نۆشی گیان بکەین، کوڕینە؟

- نا، با ئێمە نەیەین بۆ نانخواردن. مۆڵەتمان بدەن با بچین.

بەڵام قسەکەی پێ بڕیین:



Scanned with CamScanner

- ئەو قسانە چین؟ ئای بەدەست ئێوەوە! چل ساڵ جارێک دێنە لامان، ئێستایش وا دەڵێن؟ من لە جێگەی باوکتانم.
داوای لە شۆفێرەکەی کرد ڕوو بکاتە چێشتخانەی حەمحەم تا لەوێ فراوێن بخۆین.
لە کاتی نانخواردنەکەیشدا باسی دەستکەوت و سەرکەشییەکانی ژیانی خۆی بۆ کردین. نزیکەی دوو سەعاتمان پێچوو.
پاشتر گەڕاینەوە کارگەکە و، کشیر گوتی:
- بەر لەوەی دەست بە کاروبارەکانتان بکەن، پێویستە قاوەیەک نۆشی گیان بکەن.
بەڵام ئەم جارەیان بردینیە هۆدەیەکی دیکەوە. ئەمەیان زیاتر لە مۆزەخانەی مێژوویی دەچوو. وێنەی کۆن، کاغەزی زەرد و چەرم و بەڵگەنامە و ... هتد. دانە بە دانەیش بۆی باس دەکردین.
- بەڵێ، ڕۆڵەکانم. ئەوەی کردوومانە بۆ نیشتمانەکەمان، هەمووی لەپێناو ئێوەدا بوو. ئێوەی گەنجان. بەڵێ، لەپاش جەنگ، دەبووایە نیشتمان لەسەر دوو پێی خۆی ڕاوەستایە. بەڵام ئەی ئەمە چۆن کرا؟ بە پیشەسازی. جارێکیان مستەفا بانگی کردبووم. منیش چوومە لای. دیتم لەسەر مێزێکی پڕ لە خواردنەوە دانیشتووە. ناوچەوانی ماچ کردم و پێی گوتم: "برا و ڕۆحی ڕەوانم، کشیر! ئەوە ئیدی بە تەمای بنیاتنانی کارگەین، ڕۆژ ڕۆژی تۆ و هاووێنەکانی تۆیە." پێم گوت: "ئەی خوایە، ئینجا ئەوە چۆن دەبێت؟ خوێنمان هەیە دەیبەخشین لەپێناو نیشتمانەکەماندا. بەڵام ئەی پارە و پوڵمان لەکوێ بوو؟" ئا بەو چەشنە دەستمان کرد بە باسی شتی سەخت و گرنگ. لە بنیاتنانی ئەم کارگەیەدا تووشی سەختیی زۆر بووم، بەڵام وەک ئەرکێکی نیشتمانی شانم نایە ژێری و بەرگەی سەختییەکانم گرت.
- بڕوا دەکەن یان نا، ڕۆڵەکانم، بەربەرەکانێی دژمن زۆر ئاسانتر بوو. ساڵانێکی زۆر ئێمە گوللەمان دەنا بە نێوچاوانی دژمنەوە. ئێمە چی بزانین لەبارەی پیشەسازی و وەبەرهێنانەوە، بەڵام گوتمان ئەمە



Scanned with CamScanner

ئەرکێکی نیشتمانییە و دەبێ لەئەستۆی بگرین. ئەم کارگەیەمان بەم چەشنە بەرهەم هێنا و ئێستایش هەزار ماڵ لێرەوە قووتی ڕۆژانەیان دەست دەکەوێت.

ڕۆیشتینە شوێنێک لە نهۆمی خوارەوە، چەند وێنەیەکی تێدا بوو بە شریتی ڕەش دەورە درابوون.

- ئەوە شەهیدەکانن. شەهیدەکان لە بەدەستهێنانەوەی نیشتماندا.

بەردەوام بوو لە قسەکردن:

- ئەمانەیش کرێکارەکانمن کە لەکاتی کارکردندا شەهید بوون. ڕێوسەرمی گەورەی بەخاکسپاردنم بۆیان گێڕاوە. خەتمم بۆ خوێندوون. گۆڕی چاک و شایەنم بۆیان هەڵبەستووە. بۆ ئەوەیشی ماڵ و منداڵەکانیان برسی نەبن، بژێویی هەموویانم خستووەتە گەردەنی خۆمەوە و هێناومن لێرە کار بکەن.

- ئەم هەمووە بە هۆی کارەوە لێرە مردوون؟

- نیشتمان سەلامەت بێت!

- بەڵێ، نیشتمان سەلامەت بێت؟

چاوەکانی بە دەسرەکەی سڕی و بەڕێوەبەری کارگێڕیی بانگ کرد.

- ئەم شوێنە هیی من نییە. هیی ئەو گەنجانەیە. ئادەی هەرچی دەفتەر و فایل هەیە بینهێنن و بیخەنە بەردەستیان با کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

تەماشایەکی کردین:

- کە لە کارەکانتان بوونەوە، پێم ڕاگەیەنن.

سەعات پێنجی ئێوارەیە و زەنگ لێیدا، کار تەواو بوو. تاقی ڕۆژ ڕۆیشتنەوە ماڵێ و تاقی شەو دەستیان بە کار کرد.

سێ ڕۆژ لێکۆلینەوەکان بەردەوام بوون. لەو ماوەیەدا شت نەما لەبارەی کشیر بێگ و فیداکاریەکانیەوە بۆ نیشتمان فێری نەبین.



Scanned with CamScanner

له ڕۆی کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت هەموو ئەو گلەیی و گازەندانە درۆن و بە خەجاڵەتییەوە ڕۆیشتینەوە بۆلای کشیر بێگ و داوای لێبووردنمان لێ کرد.

وەک باوک پێکەنینێکی کرد و گوتی:

- شتی وەهایش دەبێت. ئێمە چیمان نەکرد بۆ سەلامەتیی نیشتمان. هەموو شتێک دێت و دەچێت، ئێمەیش لەم دنیا درۆزنە دەچینە دەرێ، ئەوەی مایەی شانازییە، سەلامەتیی نیشتمانە. ئێمە ئەم نیشتمانە بۆ ئێوە جێ دێڵین.

ئێمەیش بە دڵخۆشییەوە وامان دەزانی خاوەنی کارگەکەین. بە ئۆتۆمبێل هێنراینەوە بەردەم فەرمانگەکەمان. بە ئۆتۆمبێلەکەی کشیر بێگ. هەر خۆیشی لێی خوڕی.

***



Scanned with CamScanner

ماددەکە هەرچۆنێک بێت، چ چاک یاخوود خراپ، گومان لەوەدا نییە کە ئێمە بە دانیشتانەوە و بە ئاسوودەیییەوە خەریکی خوێندنەوەین. بەڵام ئەگەر لێم بپرسن کە من چی لێ بکەم، بەر لەوەی بینێرم بۆ چاپخانە؟ دەڵێم: لەبەردەم بەڕێوەبەری چاپخانەدا وەک چۆن خۆم دەیخوێنمەوە، ئێوەیش ئاوەها بیخوێننەوە. ئاخ، گوێ بگرن با بۆتان باس بکەم، بەڵام ئەمە هیچ لە شێوەی خوێندنەوەکەی ئێوە ناکات.

بەڵێ. ئایا لەو کاتەدا دەبێت کە خۆی بە تەنیا لە کتێبخانەیە و سەرقاڵی پەیوەندیی تەلەفۆنی و شتی دیکە نییە؟ چونکە خوێندنەوەی ماددەکان دەبێت پەیوەست و بەبێ دابڕان بێت. ئەگەر ڕاوەستێنرێت، ئەوا وەک زۆڵی لێ دێت...منیش حەزم لە شتی زۆڵ نییە و دەمارەکانم پێی گر دەبێت.

هەر بۆیە چوومە کتێبخانە و دۆسیەی ماددەکەیش لە بنباڵمدا بوو، بە ترسێکەوە نزیک بوومەوە.

- ئۆۆۆ. بەخێر بێیت، حەسەنی کورم. وەرە و لێرە دانیشە.

پرسیم:

- ئایا دەست بکەین بە خوێندنەوەی ماددەکە؟
- یەک خولەک چاوەڕێم کە.
- چوار جگەرەی کێشا و یەک خولەکەکەیش لە زووەوە تەواو بووبوو.

لە سەرەتادا و بەر لە هەموو شتێک، من باشترین بڕگەی هەڵدەبژێرم و دەیخوێنمەوە، ئەوەیش ناوازەیی من نیشان دەدات، چونکە ئاشکرایە هەر لە چرکەی یەکەمەوە بەهای بابەتەکە دەردەکەوێت. مرۆڤ کاتێک دەست بە پێکەین دەکات، ئیدی ماسولکەکانی شل



Scanned with CamScanner

دەبنەوە و توانای خۆکۆنترۆڵکردنی نامێنێت. بەڵام خوا ئەم شەرمە ببڕێت کە بووەتە سێبەر و لێم جیا نابێتەوە، ناتوانم هیچ شتێک بە ڕێکوپێکی بۆ یەکێک بخوێنمەوە، هەر منداڵی تاوانبارم لەبەردەم باوکیدا.

- یەکێک لە پیاوەکان ...

تڕڕڕن تڕڕڕن. دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

- ئەلوو. نەخێر، گەورەم. ئێرە پەیمانگای هونەرە جوانەکان نییە. ئێرە گۆڤاری "ئەکبارا"یە.

دەسکی تەلەفۆنەکەی بە ناڕەزاییەوە دانایەوە و گوێی بۆ من گرتەوە.

- یەکێک لە پیاوەکان ...

تەق تەق. لە دەرگا درا.

- فەرموون.

کرێکاری زەنگۆگرافەکە هاتە ژوورێ و وێنەی بۆ چاپکردن ئامادە دەکرد. پاشتریش دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ لە تاو بەرزبوونەوەی بەهای کاڵاکان. بەڕێوەبەری چاپ تێگەیشت مەبەستی چییە، بۆیە ڕێی لێ گرت و گوتی: "کارەکانت دڵی ئێمە ڕازی ناکات، زۆرمان بەدڵ نین." کابرا چووە دەرێ و منیش دەستم کردەوە بە خوێندنەوە:

- یەکێک لە پیاوەکان ...

تڕڕڕن تڕڕڕن. زەنگی تەلەفۆن.

- ئۆهـ ئوستازەکەم. زۆر سپاست دەکەم. خوا تەمەنتان درێژ بکات. زۆر چاکە. سپاس بۆ خوا. بەسەر چاو. بێگومان. خواتان لەگەڵ.

تەماشایەکی کردم:

- گەیشتبووینە کوێ؟

بەردەوامم لە خوێندنەوە:

- یەکێک لە پیاوەکان ...

دەست دەنێت بە زەنگەکەدا و بە بەڕێوەبەر دەڵێت:

- ئەی لەبارەی کاغەزەکەوە هیچ شتێکتان دەست کەوت؟



Scanned with CamScanner

- نەخێر!
- دەی دووبارە لێیان داوا بکەرەوە.
- بەسەر چاو.
- بنێرە بەدوای تێبینەردا با بێتە لام.
کابرا چووە دەرێ.
- گەیشتینە کوێ، حەسەن گیان؟
- یەکێکی دیکە لە پیاوەکان!
تەقەی لە دەرگا دا. لێی پرسی:
- ئایا بابەتە ئامادەکراوەکانتان نارد بۆ چاپ؟
لەپاش جوابەجەنگێیەکی نیوسەعاتی، یەکلا نەبووەوە کە نێردراون بۆ چاپ یا نا؟
- وتمان چی، حەسەن؟
- یەکێکی دیکە لە فەرمانبەرەکان!
- ترڕڕن ترڕڕن ترڕڕن. زەنگی تەلەفۆن.
- فەرموون.
- ئەمە ڕۆژنامەی "..."؟
- بەڵێ، بەڕێزەکەم.
- زۆر خۆشحاڵ بووم.
- سپاس.
مێرسی.
- یەک خولەک ڕاوەستن، گۆڕستانەکە دەزانیت؟
- بەڵێ.
- شارەوانی لەکوێیە، گەورەم، هەر بەو ڕێگەیدا وەرن بەرەو جادەی ئەنقەرە.
- نەخێر. ناونیشانەکە زۆر ئاسانە.
ئا بەم شێوەیە نزیکەی بیست خولەک خەریکی ڕوونکردنەوەی ناونیشانی شوێنی ڕۆژنامەکە بوو ...



Scanned with CamScanner

ئەوەندەی نەبرد یەکێکی دیکە خۆی بە ژووریدا کرد.
-یەکێک لە پیاوەکان ...
دەست بە زەنگەکەدا دەنێت تا بە ژوورەوە بڵێت:
- چاییەک بێزەحمەت.
- تەقەیەکی دیکە لە دەرگاکە درا.
- فەرموون. وای سەروەر و سەردارەکەم. ڕۆحەکەم. ئەی یا خوا پێڵاوتان سەر چاوم بێت.
یەکتریان لەباوەش گرت و دەستیان کرد بە هەواڵپرسینی یەکتری. پاشان مۆڵەتی لێ وەرگرت.
- یەک خولەک با ئەو شتە بخوێنینەوە کە گەیشتبووینە ناوەڕاستەکەی.
تایبەتمەندییەکی دیکەیشم هەیە. ئەویش ئەوەیە کاتێک زیاد لە کەسێک دادەنیشن و گوێم بۆ دەگرن، زمانم تەتەڵە دەکات و دەنگی وا لە زارم دەردەپەڕێت، خۆیشم سەرم سووڕ دەمێنێت.
تڕڕڕن تڕڕڕن.
- بەڵێ گەورەم.
ڕەش داگەڕا لە توورەییدا.
- چۆن؟ نرخەکان بەرز بوونەتەوە؟
زیاتر توورە دەبێت.
- نەخێر زیادی ناکەم. تەنانەت ١٠ لیرەیش ... بەڵێ. نرخی ماددەکان بەرز بووەتەوە، نرخی چاپ و کلێشە و لە بەرانبەریشدا نرخی گۆڤارەکان. نەخێر، نامەوێت. ناکرێت، ناکرێت.
تەلەفۆنەکەی بە توندی داخستەوە. بەپێی یاسای کار و کاردانەوە، نابێت پاشماوەی توورەبوونەکە خێرا نەمێنێت، بۆیە بە قۆڵۆنیا دەست و ملی فێنک دەکردەوە.
داوای لێ کردم بەردەوام بم لە خوێندنەوە و گوتی:
- دەی بخوێنە، حەسەن بێگ.



Scanned with CamScanner

برۆکانی هێنایە یەک و گوتی:

- نا، نا حەسەن فەنی، نووسینی ئەم جارەتم بەدڵ نییە.
- بەڵێ، ئوستازەکەم.
- دەی با بیخەینە دووشەمەی داهاتوو.
- بەسەر چاو.
- ماددەیەکی دیکە ئامادە بکە.
- بەسەر چاو، قوربان.

بێگومان بۆ دووشەممەی داهاتوو هەر هەمان ماددە ئامادە دەکەمەوە، بەڵام لە سەرەتاکەی لەبری "پیاوێکیان" دەکەم بە "یەکێک لە پیاوەکان." ئەو کاتەیش بەڕێوەبەر دەڵێت: "ئافەرین. سەرکەوتوو بیت لە نووسینەکەتدا ..." ئیدی بەم شێوەیەیش بابەتەکەم چاپ کرا و ئێستایش ئێوە خەریکی خوێندنەوەین و لە کۆتاییەکانیدان. نازانم بەلاتانەوە خۆش بوو یان نا؟ زۆر گرنگ نییە، چونکە بەلای خۆمەوە سەرنجڕاکێش بوو.

***



Scanned with CamScanner

## چیرۆکە وەرگێڕدراوەکە

لە کۆتاییدا لە نووسینی چیرۆکەکە تەواو بووم. سێ مانگ بە شەو و ڕۆژ کارم دەکرد. وەک چۆن خەڵکی بە شان و باڵی خۆیاندا هەڵ دەدەن، ئێمەی نووسەریش هەر واین.

تەنانەت من لە دڵی خۆمدا دەڵێم" :چیرۆکێکی زۆر بەهێزە." بەڵام لەبەردەم خەڵکیدا شەرم دەکەم وا بڵێم.

ڕووپەڕەکانی چیرۆکەکەم کۆ کردنەوە و بردنمە لای یەکێک لە چاپخانەکان. لەوێ پێیان گوتم:

- ئێمە چیرۆکی خۆولاتی چاپ ناکەین.
- بەڵام خۆ ئێوە تەنانەت نەیشتانبینیوە.
- بەڵام سوودی چییە، لە کاتێکدا خوێنەرەکانمان شتی وەهایان نەوێت؟

چوومە لای یەکێکی دیکە لە چاپخانەکان و کاتێک چیرۆکەکەم دانێ، گوتیان:

- ئێمە تەنیا بەرهەمی وەرگێڕدراو بڵاو دەکەینەوە.

چوومە دەزگایەکی دیکە، هەمان وەڵامم بیستەوە:

- ئەگەر بەرهەمی وەرگێڕدراوت لایە، بیهێنە. بەڵام شتی خۆمانە بە ئاسانی نافرۆشرێت.

زۆر سەیر بوو، هەر دەتگوت ئەو وەڵامەیان بەسەر یەکدا خوێندووەتەوە.

سێ دانە مانگ بە شەو و ڕۆژ من کارم کردووە، ئێستایش دەڵێن بەرهەمی وەرگێڕدراو نەبێت چاپی ناکەین. بەرهەمە منداڵەکەم کە سێ مانگ بوو لە سکمدا بوو، ئێستا دەبێ وەک زۆڵ لەبەردەم مزگەوتدا فرێی بدەم.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەدا بوو بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات. زۆربەی هاوڕێکانم لە فەڕەنسی و ئەڵمانییەوە شت وەردەگێڕن، یان ئینگلیزی و ئیتاڵی و تەنیا ناوی مارشا دەکەن بە فاتیمە، خولیۆ دەکەن بە ئەحمەد و بەوەیش بابەتەکەیان چاپ دەبێت و شتێکیش بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. بەڵام ئەی بۆ من هەڵنەستم بە کارێکی تەواو پێچەوانە؟ دانیشتم و چیرۆکەکەم لەباوەش گرت. کۆی ناوە تورکییەکانم گۆڕی بە ئەمریکی، پاشتر نەخشەی شاری نیۆرکم هێنا و ناوی نووسەرەکەیشم کرد بە مارک ئۆبراین. ناوێکی چۆنە؟

چیرۆکم خستە بنهەنگڵەوە و چوومەوە لای یەکەمین چاپخانە کە هەر لەیەکەم چرکەدا بێئومێدیان کردبووم. پاش سڵاو، گوتم:

- چیرۆکێکی مارک ئۆبراینم بۆتان وەرگێڕاوە.
- زۆر چاکە، زۆر. بەڵام مارک ئۆبراین کێیە؟
- ئای! نایناسن؟! شتی وا عەقڵ نایبڕێ. ئەو نووسەرە بەناوبانگە. خۆ بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێڕدراون. قەڵەمم گرت بەدەستەوە، بۆ نموونە چیرۆکی "ململانێ بۆ ژیان" ئەوە ڕۆمانێکی هێندە بەهێزە کە هەر ئەوەندەی نەمابوو ئەمریکا سەرەوژێر بکاتەوە. تا ئێستا نزیکەی ٤ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. ئەوە بێجگە لە وەرگێڕدراوەکانی بۆ سەر زمانەکانی دیکە و ئێستایش من وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی.
- بەڵام مارک ئۆبێەین کێیە؟

هەر بەو شێوەیە دەستم کرد بە باسی ژیانی مارک: "ئەو دەیەم کوڕ، واتە کوڕە چکۆڵەی خێزانەکەی خۆیەتی. باوکی پیاوێکی جوتیاری هەژاری فیلادلفیا بوو. حەزی کردووە ئەم کوڕەکەی ببێتە ڕابەری ئایینی، بۆیە خستوویەتییە کڵێسا تا زانستە ئایینییەکان بخوێنێت، بەڵام ئەو لە تەمەنی چواردەساڵیدا لە خوێندنی کڵێسا دەر کرا، بە هۆی چەقاندنی دەرزییەک بە ڕانی یەکێک لە مامۆستاکانیدا. مارک ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە وەک هەموو نووسەرە گەورەکانی



Scanned with CamScanner

دیکەی ئەمریکا. کاری ماسیگری بووە. پاشتر لە کەناراوەکاندا سەرقاڵی دۆزینەوەی زێڕ بووە و دواتر هەڵهاتووە، وەک خۆیشتان دەزانن و خوێندووتانەتەوە. یەکەم چیرۆکیشی لە تەمەنی چل ساڵیدا بڵاو کرایەوە بەناونیشانی "با یەکدی ماچ بکەین" کە لەوێدا هێز و وێنەی شیعریی زۆر جوان دەخاتە ڕوو. ئەوەی کە من دەمەوێت بە ئێوەی بەڕێز، ئێوەی خاوەن دەزگای چاپ و پەخش بڵێم، ئەوەیە کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان دواتر دەبنە پاڵپشت بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکانیشمان و دەتوانرێت وەک هەوێن بەکاریان بهێنێن.

- تکایە بەرهەمەکانی دیکەیشیمان بۆ وەرگێڕە.

هەر بۆیە تا ئێستا هەژدە کتێبی مارک ئۆبراینم وەرگێراوە و بەردەوامیش دەبم تا زیندوو بم.

سەرباری بەڕێز مارک، کتێبەکانی بەڕێز "..."یشم وەرگێڕاون. بە تایبەتی ئەوەی "پۆلیسی نهێنی." دڵنیام هەمووتان خوێندووتانەتەوە. خۆ ماشەڵڵای لێ بێت بەر زەوی ناکەوێت. ئێستا وا خەریکم لە هیندی و چینیشەوە کتێب وەردەگێڕم.

خوێنەرە خۆشەویستەکان. ئەو بەرهەمانەی کە دەیبینن، ٩٩%یان خۆماڵین و تەنیا ناوەکانیان گۆڕدراون. سەراری ئەم گشتە دەردەسەریە، دڵنیام ڕۆژێک دێت توێژەری ئەمریکی ناچار دەبن خۆیان فێرە تورکی بکەن لەبەر زۆری سەرچاوە. بە ڕاستی زۆر سپاسی مارک ئۆبراین دەکەم. لێرەوە چاوەکانی ماچ دەکەم و هیوای نووسینی بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازم، تا خەڵکی لێرە بێکار دانەنیشن و دوو فلس بۆ ماڵ و منداڵەکەیان پەیدا بکەن.

***



Scanned with CamScanner

# لە دڵی خۆمدا

جاران پێکەنینم دەهات کاتێک یەکێکیانم دەبینی لەسەر شەقام لەبەر خۆیەوە دەدوا. پێی پێدەکەنیم، بەڵام دڵیشم پێی دەسووتا. هەر کاتێک یەکێکیانم لە بازاڕدا دەبینی، ئیدی وازم لە هەموو کاروبارێک دەهێنا و بە جوانی سەرنجی سەر و دەست و جووڵەی لێو و برۆکانیم دەدا. وەها قسەیان دەکرد، دەتگوت یەکێکیان لەبەرانبەرە و دەیدوێنن. جاری وا هەبوو هێندە بەتین لێوەکانی دەبزواندن، دەتگوت تووڕە بووە و لەسەر شتێک ڕێک ناکەوێت. جاری وا هەبو دەیدایە قاقای پێکەنین و لەناکاو بێدەنگ دەبوو، برۆی چەشنی پیتی "لا" دەهێنایە یەک و بە زۆریش بزەیەکی نەدەکرد. هەنگاوەکانی خێرا دەکردن و لەپڕ هێواشی دەکردنەوە.

بەڵێ پێکەنین دایدەگرتم، بەڵام لە ناخەوە هێزێک پێی دەگوتم: "تۆ بڵێی هۆکاری ئەم گشتە قسە و خۆدواندن و هەڵسوکەوتە سەیرانە چی بێت؟"

دوێنێ ئێوارە چوومە دەرێ، بەڵام هێندە خەوم دەهات، وەک بەرماڵی بەر ڕەشەبا بەملاولادا دەهاتم و دەچووم. خۆم بە خۆمم گوت:

- با سواری میترۆ بـبم، ئەگەر یەکێکیشیان دژم وەستانەوە و گوتیان: "کێ بەم بەهارە سواری میترۆ دەبێ؟ بۆچی دوو لیرە هەروا بە بەلاش دەدەیت؟"

تێگەیشتم چی بە دەروونمدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە سەیرێکی ئەملاولام کرد تا بزانم کەسیان چاودێریم ناکەن؟ بەڵام ئۆخەیش کەسی لێ نەبوو.

هەر خۆم بە خۆمم گوتەوە:

- باشترە سواری پاس بم.



Scanned with CamScanner

- پاس ئێستا شلۆقە، بە پێ بڕۆ.
- بەڵێ، تۆ ڕاس دەکەی. هەوا زۆر خۆشە.
- بەڵێ، بەڵێ. تەماشای خەڵکی بکە چۆن پیاسە دەکەن و قسە دەکەن. پێدەکەنن، ژنێک لەگەڵ ئەو هەتیوەدا. ئەو ژنەیش لە باوەشی ئەو سەگبابەدایە، تۆیش وەکوو گوێدرێژ ڕۆژ تاکو ئێوارە کار دەکەی و، شەویش تا مەلای بەیانی بانگ دەدات لاپەڕە ئەمدیودیو دەکەی، بیر دەکەیتەوە، بیر دەکەیتەوە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکت بۆ ئەوەیە خوێنەر کەمێک بخەیتە پێکەنین. تەماشاکە چۆن پێدەکەنن و نازی یەک دەکێشن.
- بەڵێ، لەوەیان لەسەر هەقی.
- ئەی ئێمە مرۆڤ نیین. مەگەر نازانی ژیانت چەند ڕۆژێکە و تێپەڕ دەبێت، هەی گێلە. بڕۆ بۆ سینەما. چەند دیمەنێکی سینەمایی ببینە. سەرێک لەو باغ و مەزرایانە بدە.

لەم کاتەدا یەکێکیان لەپشتمەوە هاواری لێ هەستا.
- هێی. ئەی کەر. تەماشای ئەملاولات بکە لە کاتی ڕۆیشتندا.

لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی سوور بەلامدا تێپەری:
- ئەو کەرەت بینی پۆشاکی مرۆڤی لەبەر کردبوو، لەپەنایشیدا مانگایەکی هەشت مانگە پاڵی دابووەوە؟ بینیت چۆن جنێوی پێ دایت؟ تۆیش هەر بەسەر لاپەڕەکانەوە دانیشە و هەموو بیر و هۆشێکت بەلای نووسینەوە بێت.
- نا، نا. بەو ڕادەیەیش ستەمم لێ مەکە. هێندەیش گەمژە نیم. منیش بەشی خۆم دەزانم.
- چی دەزانی؟ هەڵیتوپەڵیت؟ هەر کار دەکەیت و کار دەکەیت و وایش دەزانی یەکێکی لە بێئەقڵەکانی ئەم سەرزەوییە؟
- ئای! تۆ بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەی، بەڵام ئەی من چی بکەم ئەگەر ئەو کارە نەکەم؟ خاوەنماڵ داوای کرێ دەکات، بەلوعەکەیش

پارەی دەویت. خۆ دوو ساڵ جارێک هەر دەبێت کراس و پانتۆڵێک بکرم.

- ئەی هیچ چارەیەکی دیکە، کارێکی دیکە لەو دەوروبەرەدا نییە؟ ئا تەماشایەک بکە.

یەکێکیان لەو کاتەی کە چوومە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکەوە، گوتی:

- هۆش هەی کەر.

لە کاتێکدا کچەکە قۆڵی لە قۆڵیدا بوو گوتی:

- کورە واز لەو داماوە بێنە، لەوانەیە شێت بێ.

- ئایا کرێی قسەکەت وەرگت؟ هەر شایەنی ئەوەیت. تۆزێک خۆت دانەوێنە. مەترسە ملت ناشکێنم. هەموو ئەوانەی لێرەن، هیچ بەهایەکت بۆ دانانێن. خۆت خۆتت لێ بووە بە فسفس پاڵەوان. برۆ و تۆیش کەمێک بیرت لای بەرژەوەندیی خۆت بێت.

- ئەی عەیب نییە پاش ئەم تەمەنە؟

- کێ دەتوانێت ڕەخنەت لێ بگرێت؟ کێ، بەس پێم بڵێ کێ؟ دنیاکە وای لێ هاتوە کابرا تا نەمرێت، کەس حسابی تورێکی بۆ ناکات. ئیدی تۆیش بە تەمای چییت. خۆ تۆ ناتوانیت درۆیش بکەیت.

- هەندێک جار درۆ لەگەڵ باوکم دەکەم. هەندێک جاریش لەگەڵ منداڵەکانمدا. باوکم لە دەوروبەری هەشتا ساڵیدایە. تاکە ڕێگە بە ڕوومدا کەمێک پێبکەنێت، ئەوەیە درۆی لەگەڵ بکەم. "هەندێک پارەم لە بانک داناوە، دەرامەتی کارەکەیشم زۆر زۆر باشە." ئا بەم شێوەیە درۆی لەگەڵ دەکەم تا کەمێک خۆشی بچێتە دڵیەوە.

- وەرە با لێرە دوور بکەوینەوە. تووشی شتێکم مەکە، دەرەقەتی نەیەم.

- تۆ پاشماوەی ئاژەڵە لەناوچووەکانی—پاشماوەی چاخی بەردین. تۆ لەوان جێ ماوی.

- خۆت ئاژەڵی. خۆت وڵاخی. هەی بێسەروبەر.



Scanned with CamScanner

گرتمیان و بردمیان بۆ بنکەی پۆلیس. لەوێ پیاوێک بە پۆلیسەکەی گوت:

- ئەم کابرایە لەناو ئەو ئاپۆرەی خەڵکەدا دەستی کردە جنێوپێدانم. کوڕەکەم شایەتە.

- چیی پێ گوتی؟

- پێی گوتم: "ئاژەڵ و سووک و ڕسوا ..."

- ئایا تۆ ئەو جنێوانەت پێ داوە؟

- نەخێر، من جنێوم بەخۆم داوە. من بە شەقامەکەدا دەڕۆیشتم و خۆمم دەدواند.

- بۆ مەگەر تۆ شێتی؟

سەرم بزیسکەیەکی پێدا هات و هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. ئیدی لەو کاتەوە هەر کاتێک دەمبەنە بنکەی پۆلیس، پۆلیسەکان دەیکەنە قاقا، دەڵێن:

- وا هاوڕێکەمان هاتەوە.

لە هەمووی سەیرتر، ماوەیەکی زۆرە هەر کاتێک یەکێکیان دەبینم خۆی بۆ خۆی پێدەکەنێت، منیش دەست بە پێکەنین دەکەم.

***



Scanned with CamScanner

ئێستا لەم ڕۆژگارەدا، لە هەندێک ئاوایی تورکیادا، چەندە ئاوابییەکەیش بچکۆلە بێت، هەر یەک یان دوو کەس پەیدا دەکەیت کە ئینگلیزی بزانن، بەڵام ئەی جاری جاران چۆن بوو؟
لە پەڕانپەڕی شاری ئەستەنبوولدا ئەو کەسانە لە پەنجەی دەست تێپەریان نەدەکرد کە ئینگلیزییان دەزانی. ئەوەیشی کە بووبووە هۆی ئەوەی کەس فێر نەبێت، کەمی مامۆستا بوو. خۆ دەوڵەت بڕیاری دابوو وانەی ئینگلیزی بگوترێتەوە، بەڵام پەیداکردنی مامۆستا بۆی کارێکی دژوار بوو.
زۆر گەڕان. لە کۆتاییدا مامۆستای مزگەوتی "ئیدرنە کایا"یان وەگیر کەوت کە لە وڵاتی هیندستان فێرە ئینگلیزی بووبوو. کاتێک لەپاش جەنگی جیهانی دووەم لە فەلەستینەوە چووبووە ئەوێ.
ئیدی لەپاش ساڵانێکی زۆر، بە چرا و فانۆسەوە توانییان لە تاریکییەکدا مامۆستا بدۆزنەوە. دەستی کرد بە وانەگوتنەوە. منیش لە نەوەی یەکەمی خوێندنی ئینگلیزی بووم.
لە ماڵەوە وا خۆم نیشان دەدا کە لەگەڵ مامۆستاکەم بە ئینگلیزی دەدوێم. باوکی داماوم بڕوای کردبوو. لە خۆڕا دڵی پێم خۆش کردبوو.
ئێوارەیەکیان، لەگەڵ باوکم و هێندێک لە هاوڕێکانیدا چووینە "هیبلیە." هێندەمان زانی بێگانەیەک لەبەرانبەرمان قیت بووەوە. ئەی هاوار، کۆمەڵێک فلتەفلتی دەکرد، کەس نەیدەزانی چی دەوێ و دەڵێت.

باوکم لێی پرسیم:

- ئەوە لە چ نەتەوەیەکە؟

وا خۆم نیشاندا کە لە قسەکانی تێدەگەم، بۆیە گوتم:

- ئینگلیزە باوکە گیان.
- ئەی بۆچی لەگەڵی نادوێی؟
باوکم و هاورێکانیشی تێکڕا مکووڕ بوون لەسەر ئەوەی هەر دەبێت من بچم و بیدوێنم.
- دەی قسە بکە. قسەم کرد.
هەموو وەک مێروولەی دەوری شەکردان لێمان خڕ بوونەوە. خۆیشتان دەزانن لەو کاتانەدا نابێت بێدەنگ بیت، گوتم:
- وات ئیز یۆر نەیم؟
هەندێ شتی گوتن کە بۆ من لە زڕەی پارەی ئاسن دەچوون کاتێک دەخرێنە ناو دەخیلەوە. بەڵام هەر نەدەبوو بێدەنگ بم.
- مای نەیم ئیز هەسەن.
کابرا تووڕە بوو. لە ئاوازی دەنگییەوە زانیم تووڕەیە. ئای ئەگەر یەکێک نزیک دەبووەوە و منی ڕزگار دەکرد.
- هاو ئاڕ یو؟
لەوێدا یەکێک لە ئامادەبووان کلکەچاوێکی دامێ و بزەیەکی شاراوەی بۆ کردم لەو بزانەی پاشی کەمێک دەبنە قاقا. لە ڕاستیدا کەوتبوومە ناو گێرە و کێشەوە، بەڵام گەڕانەوە خراپتر بوو.
- وات ئیز زیس؟ یور پێنسڵ؟ ثانکیو ...
کابرا دووکەڵی دەکرد. لە تاوا هەستایەوە و دانیشتەوە و دەستی بەیەکدا هێنا.
- زیس ئیز مای بوک.
ئیدی کابرا نەڕاندی و ئاماژەی بۆلای کاتژمێرەکەی کرد. منیش ملم درێژ کرد بۆلای سەعاتەکەی بۆ ئەوەی وا خۆم نیشان بدەم کە کەوتووینەتە گفتوگۆ. دواتر لە ئاسمانەی دەمیەوە دەنگێکی دەر کرد، مێشکمی زرنگاندەوە، یەکسەر پێم گوت:
- نۆو ... نۆو.



Scanned with CamScanner

دیسانەوە تەماشای سەعاتەکەی کردەوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی
کە هیچ تێناگات. منیش لە پەسا دەمدواند:
- مای نەمبەر ئیز فۆرتی وان.
بەو جۆرە هەر یەکەمان و لە ئاوازێک دەمانخوێند.
- دو یو درینک وۆتەر؟
یەکێک لە هاورێکانی باوکم پرسیی:
- ئەوە چی دەڵێت، کورم؟
ئای خوایە چۆن تووش بووین؟ دەی وەستان قەدەغەیە.
- وەڵا ئەوە دەڵێ زۆر دواکەوتووم و برادەرەکەکانم دیار نەماون، سەعات پێنج و نیویشدەبێ یەک ببینین.
- ئەی تۆ چیت وەڵام دایەوە؟
- منیش گوتم خەمت نەبێت، هەر پەیدا دەبن.
ئەو کابرایەی کە گوتم زەردەخەنەکەی وا خەریکە دەبێتە قاقا، بووبووە قاقا و خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. هەر پێدەکەنی. هەر تەماشای من و کابرای بێگانەی دەکرد. قسەمان هەر بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی کەسمان لەوی دیکەمان تێبگەین.
ئیدی من هەر خەریکم وەرگێڕان دەکەم بۆ باوکم و هاورێکانی و وا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە دەمانویست بگەین.
کابرای قاقالێدەر نزیکم بووەەوە و گوتی:
- ئەو پیاوە ئینگلیز نییە.
نەیهێشت دەم بکەمەوە و بڵێم "با ئینگلیزە"، خێرا خۆی گوتی:
- ئەوە خەڵکی ئەڵمانیایە، بەڵام ئەی خوا عومرت درێژ کا، کوڕە زیتەڵەکە، باشت تووڕە کردبوو.
ئا بەم شێوەیە وەرگێڕانی یەکەمم بە سەلامەتی بەڕێ کرد، بەڵام هیی دووەم هێندە ئاسان نەبوو.
بیرم دێت لە پۆلی دووی ناوەندی بووم. ئەوەیش واتای ئەوەیە کە لە جاران زیاتر دەسەڵاتم دەشکا بەسەر زمانی ئینگلیزیدا. پێویستە

ئەوەیش بڵێم کە ئەو وەرگێڕانەی یەکەم جارم لای باوکم بووبووە مایەی شانازی و هەمیشە دەیگوتەوە. هەر کەس دەهاتە ماڵمان و دەچووە دەرێ، ئیللا و بیللا دەبوایە لە زاری باوکمەوە ئەوەی بیستبایە.

ئەو هاوینە خێزانێکی ئینگلیز هاتنە لادێکەمان و لەوێ نیشتەجێ بوون. باوکم زۆر سوور بوو لەسەر سەردانکردنیان و تێگەیشتن لە گوزەرانیان. من نە ڕۆژێک و نە دووان، هەر خۆم دەدزییەوە و پاساوی وام دەهێنایەوە کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوو. ئەوە بوو ڕۆژێکیان باوکم پەلی گرتم و چووینە ماڵەکەیان. لەدەرگامان دا و کیژێکی جوان هات بەدەممانەوە. تووشی سەرسوڕمان بووبوو، بە خۆمم گوت: "خودایە چی بڵێم؟"

باوکم گوتی:

- ئادەی قسەی لەگەڵ بکە. دەی قسەی لەگەڵ بکە.

ئینگلیزیم بە تەواوی بیر چووەوە.

- لەوانەیە ئەو ئینگلیزی نەزانێت باوکە.

بەڵام خێرا بە درۆی خستمەوە کاتێک بە ئینگلیزی گوتی: "چیتان دەوێت؟"

تێگەیشتم، بەڵام نەمدەزانی چۆنی وەڵام بدەمەوە. باوکم تێگەیشت چیم بەسەر هاتووە، بۆیە بە تورکی پێی گوت:

- کچەکەم ماسیۆ لە ماڵەوەیە؟

لەو کاتەدا گرێی زمانم بەر بوو. بە نیوە تورکی و ئینگلیزی گوتم:

- مستەر لەکوێیە؟

وا بزانم لێم تێگەیشت کە چیم گوت. دەرگاکەی کردەوە و فەرمووی لێ کردین.

لەو ساتەدا پیاوێکی چوارشانەی ڕەقەڵە هەر لە گاردەکان دەچوو، هاتە دەرێ. ئینگلیزی ڕەسەن، بە سەرسوڕمانێکەوە تێی ڕوانین.

باوکم گوتی:

- دەی ڕۆڵە بیدوێنە.
- ئەی چی پێ بڵێم؟
- پێی بڵێ ئێمە دراوسێتانین و هاتووین تا بتانناسین.

هێندەم ئارەقەی خەجاڵەتی ڕشت، نەبێتەوە. ئەو وشانەیشی کە لەبەرم کردبوون، هەموویانم بیر چوونەوە. بەڵام ئەو بە باوکمدا دەیڕوانی لە تەپڵی سەریەوە تا نووکی پێی. هەندێک قسەی قورس و گرپشی کرد.

ئا، بیرم کەوتەوە. مامۆستای قوتابخانەکەمان چیرۆکێکی پێ لەبەر کردبووین. ئەو چیرۆکە. ئەو چیرۆکەم وەک ناوی خۆم لەبەرە. باسی ئازایەتیی مشکێک دەکات لە ئاواییەکدا. چیرۆکێکی ئاسانە و ڕستەکانیشی ئاسانن. دەستم کرد بە گێڕانەوەی:

- ڕۆژێکیان مشکێکی بچووک ...

کابرای ئینگلیز سەری سووڕ ما. ئەوە چی دەبیستێت؟ منیش درێژەم دایە:

- ... برسیی بوو. دەستی کرد بە گەڕان بەدوای خۆراکدا.

دراوسێ ئینگلیزەکەمان تا دەهات پتر سەری سووڕ دەما. تاوێک تەماشای من و تاوێکیش تەماشای بابمی دەکرد. زمانی گۆی نەدەکرد یەک شت بڵێ.

- مشک ڕێی کەوتە عەمبارێکی گەنمەوە، بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەودا پشیلەیەک لەوێ بوو.

باوکم دەموچاوی گەش بووەوە، سەرەڕای ئەوەیشی هیچ تێنەدەگەیشت.

- گوربە خۆی هەڵدا مشک بگرێت، بەڵام مشک هەڵات و پشیلە سوراحیی ئاوی بەردەم کابرای پاسەوانی قڵپ کردەوە. جارێکی دیکە خۆی هەڵدا و ئەم جارەیش شووشەی ڕۆنەکەی سەرەوخوار کردەوە.



Scanned with CamScanner

کابرا خەریک بوو شل دەبوو، بەڵام هێشتا دەموچاوی دەتگوت کولێرەی بەساجەوەجێماوە. پاش کەمێک، بزەیەک و تۆزێک پێکەنینی کرد، ئەوەیش زۆر هانی دام.

- دیسانەوە هەوڵی دا بیگرێت، بەڵام هەر نەیتوانی.

کابرای ئینگلیز یەک قسە زیاتری نەکرد:

- یەس.
- پشیلەکە کیسێک ئاردی لار کردەوە.
- یەس، یەس.

کابرای ئینگلیز دایە قاقای پێکەنین. لە پاش ئەوە بە دەستی دای لە شانمان، واتە فەرموون دانیشن.

- مشکەکە ڕۆیشت.
- یەس.

چیرۆکەکە بەردەوامە. پشیلە بەدوای مشکەوەیە و مشکیش لەم سووچ بۆ ئەو سووچ هەڵدەبەزێت. بەو شێوەیە هەموو شتەکانی ناو کۆگاکەی پژاندن بەسەر یەکدا. لە کۆتاییدا، مشک توانی لە درزێکی دیوارەکەوە بچێتە دەرەوە و کابرای خاوەنماڵ کە هاتەوە، بینیی پشیلە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا کسکۆڵەی کردووە.

دراوسێکەمان زۆر دڵخۆش بوو بەو زمانە ئینگلیزییە شەقوشڕەم. بە چا وکولیچە ڕێزی لێ گرتین.

ئەو کاتانەیشی ئەو دەیدواندم، من بە پێکەنینەوە هەر دەمگوت:

- یەس، یەس.

کاتێکیش لەماڵیان هاتینە دەرێ، پێم گوت: "گود بای." باوکم لێم نزیک بووەوە و گوتی:

- ئەوە چیت پێ گوت، وا هێندە خەنی بووبوو؟
- دیتم کە دەموچاوی دەڵێی ماستی ترشاوە، گوتم با هەندێک شتی خۆشی بۆ باس بکەم.



Scanned with CamScanner

لە بارەی سێیەم وەرگێڕانمەوە هێندەی بیرم بێت لە پۆلی سێی ناوەندیدا بووم. خەریک بووم لە پردەکە دەپەڕیمەوە، بە دوو لاوی ئینگلیزدا هەڵتەقیم. دەیانویست بگەنە شوێنێک. کەوتمە قسە لەگەڵیاندا. تێگەیشتم دەیانەوێت بڕۆنە "بوغاز." دەیانویست بزانن وێستگەی ڕۆیشتن بۆ ئەوێ دەکەوێتە کوێ؟ دەمتوانی قسەیان لەگەڵ بکەم و بۆیە پێم گوتن:

- دەی وەرن با لێرەوە بڕۆین.

منیش هەر بۆ ئەوێ دەڕۆیشتم. مەبەستم لەم کارە زیاتر ڕاهێنان بوو لەسەر زمانەکەم. مامۆستاکەی ئەوسامان زابتێکی خانەنشینکراو بوو، هەمیشە دەیگوت:

- ڕاهێنان دەتانگەیەنێتە ئەنجامی پەسەند.

ئیدی هەروا لەیەکدی تێدەگەیشتین. یەکێکیان کراسێکی لەبەردا بوو لەسەری نووسرابوو "R.C.A." لێم پرسی ئەوە چ واتایەکی هەیە؟ گوتی: "Royal Air Force.[1]" دواتر تێگەیشتم کە زابتی یەدەک و لێپرسراوی هێزی فڕۆکەوانی و لەهەمانکاتیشدا ئەندازیارە لە بنیاتنانی کارگەی کارابۆک بۆ ئاسن و پتەوکاری. لە کاتی کڕینی شتێکدا پێی گوتم:

- کیڤی کلییەر.

لەو وشەیە تێنەگەیشتم. ئەویش زۆر لەخۆی بووەوە کە نەیدەتوانی لەوە زیاتر سادەی بکاتەوە دەیقیڕاند:

- کیڤی کلییەر.

فەرهەنگێکی چکۆڵەم لە باخەڵدا بوو. پەنام بۆ برد، کەچی ئەو وشەیەی تێدا نەبوو.

- پێم گوت:

- کێڤی کلییەر چییە؟

---

[1] هێزی ئاسمانیی شاهانەیی.



Scanned with CamScanner

گوتی:

- کیڤی کلییەر. مەگەر نازانی کیڤی کلییەر چییە؟

خەڵکمان لێ ئاڵوزا، هاتن و بزانن چی لەنێوانماندا دەگوزەرێت. تا یەکێک لە کارمەندەکانی وێستگەکە گوتی:

- ئای لەوە. دوو سەعاتە تێناگەیت دەیەوێت بچێت بۆ کوفاکلەر.

ئاهـ، کەواتە دەتانەوێت بڕۆنە کوفاکلەر. کەچی ئەو دەڵێت کیڤی کلییەر.

بلیتمان کڕی. سوار بووین. ڕوومان کردە کوفاکلەر. هەر کام لەوان دووربینێک و کامێرایەکیان بە گەردنەوە بوو. خەریکی وێنەگرتنی ئەو دەرودەشتە بوون. لە کاتی گەڕانەوەدا، نزیکی بیکۆز، لە خاڵی پشکنینەکەدا پۆلیس دوو گەنجەکەی گرت. بیرم دێت ئەوسا ئەڵمانییەکان هەر وەک خەڵکی ئێرە تەماشا دەکران، بەڵام ئینگلیز و ئەمریکییەکان بێگانە بوون.

هانایان بۆ من هێنا کە بەجێیان نەهێڵم، بۆیە پێکەوە چووینە بنکەی پۆلیسەکە. ئەمە تومەز لە کاتی تێپەڕبوونمان بە ناوچەی بوغازدا، بە دووربین تەماشای دووریان کردووە و بە کامێراکانیشیان وێنەیان گرتووە. ئێشکگری کەناراوەکە پێی زانیون:

- یەکێک لە کافران بە کامێرا وێنەی ناوچەی پیرۆزی بوغاز دەگرێت.

ئیدی هەواڵ گەیشتووەتە ئێرە و وا دەستبەسەریان کردن. لەپاش وەرگێڕانەکەی من، ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئەستەنبوڵ کراین لەگەڵ هاوڕێیەتیی دوو پۆلیس. لەوێ ئازاد کراین لەپاش وەرگتنی دووەم ئیفادە و سڕینەوەی فیلمی کامێراکە.

زۆریان سپاس لێ کردم لەبارەی ئەو یارمەتییەوە. سوێندیان خوارد کە بۆ نانی ئێوارە دەبێت بچمە لایان. بەر لە نان، یەک قاپ ویسکییان خستە بەردەمم. لەو سەردەمەدا کەمترین کەس ناوی ویسکییان بیستبوو، منیش ئەوە یەکەم جارم بوو نۆشی بکەم.

بەردەوام بۆیان پڕ دەکردمەوە. دەمویست پێیان بڵێم: "قەزاتان لە ماڵم تێی مەکەن بەسە." لەتاو سەرخۆشی، "قەزاتان لەماڵم"م بیر چووبووەوە بە ئینگلیزی چیی پێ دەڵێن و ئەوی دیکەیشم بۆ نەدەهات. ئەوەیش سێیەم ئەزمونی وەرگێڕانەکەم. بەڵام چوارەم وەرگێڕانم. دڵنیام تووشی سەرسووڕمانتان دەکات.

لە سەرەتای هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ تورکیا، دەبووایە وەفدی ئەمریکی سەردانیان بکردایە. بەڵام ئەو فەرمانگەیەی من کارم تێدا دەکرد-ناکرێت ناوەکەی بێنم، چونکە نهێنییە- بەڕێوەبەرەکان بەشوێن وەرگێڕدا دەگەڕان، بەڵام بە گۆترە. ئەوە بوو لە کۆتاییدا دۆزیمیانەوە.

بەڕێوەبەری فەرمانگەکەمان ناردی بە شوێنمدا. کاتێک چوومە لای، سێ کەسی لەگەڵدا بوو. پێی گوتم:

- هەڵمانبژاردوویت وەک وەرگێر لەگەڵ بەڕێوەبەری شاندەکەدا.
- ئامان گەورەم. من ئینگلیزیی بەحری نازانم.

یەکێک لە دانیشتووەکان بە توندی وەڵامی دامەوە:

- چۆن نایزانی؟! دەیزانی.
- گەورەم من ناڵێم هەر هیچ نازانم، بەڵام دەڵێم باشی نازانم. پێم خۆشە ئەگەر بەڕێوەبەری شاندە ئەمریکییەکە تورکی بزانێت، ئەوا پێکەوە بە شەقامەکانی ئەستەنبوولدا پیاسەیش دەکەین.
- ئامان خوایەگیان. لەکوێ ئەمریکیەک تورکی بەباشی بزانێت؟
- زۆر چاکە، خۆم فێری دەکەم ئەگەر ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنێتەوە.

یەکێک لە ئامادەبووان وەڵامی دامەوە:

- باشی، باشی.
- من نەمزانیبوو زۆر پاراوم لە زمانی ئینگلیزیدا، بەڵام کە ئێوە لەوە دڵنیان، ئەوە مانای ئەوەیە کە من باش دەیزانم.



Scanned with CamScanner

- بێگومـــان زۆر بـــاش قســـەی پـــێ دەکەی. تەماشـــای دۆســـیەی کەسییمان کردیت. تۆ لە قوتابخانە ئینگلیزیت خوێندووە.
ئەی خـــوایە هـــاوار. وەک ئەوەی مـــن تـــاکە کەس بـــم ئینگلیـــزیم لە قوتابخانە خوێندبێت.
- گەورەم پـێم گـوتن، مـن ئینگلیـزی بە ڕەوانـی نـازانم. بە شـوێن یەکێکدا بگەڕێن کە بە ڕەوانی قسەی پێ دەکات.
- بەڵێ، دەزانـین خەڵکی دیکە هەیە لەدەرەوەی ئەم فەرمـانگەیەدا کە ئینگلیزی باش دەزانێت، بەڵام خۆت دەزانیت ئەم کـارە نهێنییە. بۆیە ئەستەمە ئەم کارە بە یەکێکی دیکە بسپێردرێت. ئەوەیشت بیر نەچێت کە تەماشـای دۆسـیە کەسـییەکەتمان کـردووە و بینیمـان نووسـرابوو "زمانی ئینگلیـزی بە ڕەوانـی و بەبێ گرێ دەزانێت." بۆیە پشتبەسـت بەم زانیارییـانە، تۆمـان وەک تـاکە کاندیـد بـۆ ئەم کـارە دەستنیشـان کردووە. سەربارى ئەوەیش، ئێمە متمانەی زۆرمان پێتە.
بەم شێوەیە بوومە وەرگێڕی فەرمی.
سێ ڕۆژی ماوە بۆ هاتنی شاندە ئینگلیزییەکە. سێ ڕۆژ و شەو بەبێ پسـانەوە خەریکی بیرهێنـانەوەی ئەو شـتانە بـووم کە سـاڵانێک بـوو بیرم چووبوونەوە.
سەرەتا بیرم لە قسەکانی سەرۆکی شاندە دەکردەوە. فڵان و فیسـارم لێ دەپرسێت. ئیدی وەڵامم بۆ گشت ئەگەرەکان ئامـادە کـرد و لەسـەر دەفتەرۆچکەیەکیشم نووسینەوە. لەپاش ئەوە بە جوانی دەرخم کـردن. ئەگەر لەو شـــتانەی لـــێ بپرســـیمایە، ئەوا دۆخەکە زۆر بە باشـــی دەڕۆیشت. دواتـریش لە دڵـی خۆمـدا گـوتم، بە دڵنیـاییەوە پیاسـەیەکی نـاو ئەسـتەنبووڵ دەکەن، باشـتر وایە هەنـدێک شـت لەسـەر مێـژوو و ڕووداوەکانی ناو شارەکە ئامادە بکەم. ئەوە بوو هەندێک زانیاریم لەو بـارەیەوە خڕ کـردەوە. دەیشـمزانی لێپرسـراوی شـاندەکە جەنەڕاڵێکی دەریـاییە. هەسـتام بە نووسـینەوەی هەنـدێک زانیـاریی ئـاوی. هەمـوو شتێکیشم لەسەر "بەربەرۆس" و "سەرۆک تروغوت" لەبەر کرد.



Scanned with CamScanner

له کۆتاییدا شاندەکە گەیشتن. چووینە ئەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ بووبوون. دواتر چوومە ئەو ژوورەی بەڕێوەبەری لێ بوو. بە ئاسانی تێمگەیاند کە من وەرگێڕی ئەوم. هەندێک شتی گوت کە هیچی لێ تێنەگەیشتم.

ئەو هەرچیی حەز لێ بوو، دەیگووت. منیش هەرچییەکم لەبەر کردبوو، دەمخوێندەوە. پێکەوە چووینە دەرێ و لەوێش درێژەما بە قسان دا، بەڵام هەر کامێکمان لە ئاوازێکمان دەخوێند. بۆیە زۆر بێزار بووم، بیرم کردەوە بۆچی فێڵێکی لێ نەکەم و بەردەوام لێی نەپرسم:

- گەورەم سەردانەکەتان چۆن بوو؟

هەندێک شتی گوتن کە بۆ من وەکوو خشەخشی نایلۆن وا بوون.

- ئەی بە نیازن دوای ئەمە بۆ کوێ بچن؟

وەڵامی دامەوە و دیسانەوە هیچ تێنەگەیشتم. بەردەوام پرسیارم لێ دەکرد، بەم هۆیەیشەوە لە شەرم و تەریقبوونەوە ڕزگارم بوو.

باشە سەیر نییە؟ یەک پرسیارم لەو پرسیارانە لێ ناکات کە یەک هەفتەیە خۆمیان بۆ حازر دەکەم. بۆیە دەستم کرد بە باسی بەربەروس و چۆنیەتیی فەتحکردنی شاری ئەستەنبووڵ. ئەو جەنەڕاڵە داماوە وەها بێدەنگ بوو، نەمبینی تا ماوەیەکی زۆر دوو لێوی ببزوێنێت.

بۆ فراوێن گەڕاینەوە ئوتێلەکە. ماوەیەک لەوێ چاوەڕێم کرد، هەر نەهات. یەکێک لە کارمەندەکان پێیان ڕاگەیاندم کە جەنەڕاڵ گەشتی کرد بۆ ئەنقەرە.

شاندەکە بە هۆی وەرگێڕانە لارووێرەکەی منەوە ڕێوڕەسمی گەشتەکەیان گۆڕی. بە هەر حاڵ، لەپاش مانگێک نامەیەکم بۆ هاتبوو، مۆری ئەمریکیی لێ درا بوو. کردمەوە، دیتم لە سەرۆکی شاندەکەوە هاتووە، تێدا نووسرابوو:

- زۆر سپاست دەکەین کە ئەو ماوەیە لەگەڵماندا ماندوو بوویت. سپاس بۆ گەڕانەکەی شاری ئەستەنبووڵ. سپاس بۆ ئەو خزمەتە سەرکەوتووانەت.

لەو ڕۆژەوە، وا چەندین ساڵ تێپەڕیوە و منیش بە هەتەرەوە خەریکی زمانی ئینگلیزیم و ئێستا بە جوانی توانای قسەکردنم هەیە، بەڵام پرسیارێکم لا دروست بووە کە بۆچی ئەوان ناتوانن بەجوانی قسە لەگەڵ مندا بکەن؟ هەست دەکەم هیی ئەوەیە ئەوان وەک من سەعیی زۆریان تێدا نەکردووە.

***



Scanned with CamScanner

## بۆچی ترس؟

کێ؟ من! ها؟ ترسنۆک؟ ها؟! کێ گوتی من دەترسم؟ هەمووان؟ بەڵام چۆن؟ لەکوێ؟ چۆن زانییان من دەترسم؟ درۆزن؟ درۆزنی کوڕی درۆزن. لە یەک کەس ناترسم. بۆچی بترسم؟ باشە پێم بڵێن بۆچی من بترسم؟

ئاه ترس لە خودا؟ ئەوە شتێکی دیکەیە؟ شتێکی سروشتییە، مەگەر نەیانگوتووە لەو کەسە بترسە کە لە خودا ناترسێت؟ مەگەر وا نییە؟ لەوە بترسە کە لە خودا ناترسێت. تێگەیشتیت مەبەستم چییە؟ من بێجگە لە خودا، لە کەسی دیکە باکم نییە. هەمووان وەک من بنیادەمن، ئیدی ترس چ مانایەکی هەیە؟

چۆن؟ لە باوک و دایکم؟ ئۆوۆهـ . دنیا بەو جۆرە بوو کاتێک ئێمە منداڵ بووین. شتێکی ئاساییە مرۆڤ لە دایک و باوکی خۆی ترسی هەبێت! تا چەند ساڵێ؟

ئاشکرایە مرۆڤ لەچاوی دایک و باوکیدا هەر بە منداڵی دەمێنێتەوە، هەرچەندە گەورەیش بێت، وا نییە؟ منیش هەر وا بووم تا گەیشتمە تەمەنی ٤٦ ساڵی. دواتر کۆچی دواییان کرد. بەر ڕەحمەتی خودا بکەون. نەخێر، ڕاستم نەگوت. من ئیدی لێیان ناترسم، چونکە ئەوان مردوون.

بەڵێ، گەورەم؟ لە مردووەکان؟ هەهە.

ئەوە شتێکی نامەعقوولە، ئایا مردوو دەمانترسێنێت؟ باشە ترس بۆچی؟ باشە مردوو چی لەدەست دێت؟ هەر ئەوە بەسە کە مردووە! بە کورتییەکەی من ترس ناناسم. لەوانەیە شتێکی لەو بارەیە بوونی هەبوایە ئەگەر زیندوو بوونایە، بەڵام کە مردوون و بوونەتە ئێسکێکی پووکاوە، ئیدی ترس هیچ مانایەکی نامێنێت. بەڵام چۆن؟ ئەی ئەو



Scanned with CamScanner

کاتەی پوورم مرد؟ بەڵام ئەو کاتەی مرد، شەو بوو. کەس لەماڵەوە نەبوو بێجگە خۆم. لە نیوەشەودا گوێم لە دەنگی بوو، هەڕام کرد بەرەو ژوورەکەی، بەڵام ئەو دنیای جێ هێشتبوو. لەو کاتەدا دەبووایە چیم بکردایە؟ چووم بۆ ئوتێل. بەڵام لەبەر ترس نەبوو! لەو کوڕەی کۆڵانی خۆمان دەترسام؟ نەخێر. هەرگیز. بۆچی لێی بترسم؟ بەڵکو لەبەر ئەوە بوو وەک ئەو پەندە دەڵێت: "لە شەڕ دوور بە و، منەتت بە کەس نەبێت." ئەو کاتانەی ئەو لە کۆڵان بووایە، من نەدەچوومە دەرێ. هەر کاتێکیش ئەو لەوێ نەبووایە، بۆ خۆم پیاسەی کۆڵانم دەکرد!

چیتان فەرموو؟ لە مامۆستاکانم؟ نەخێر. ئەوە ڕاست نییە. بۆچی لە مامۆستاکانم بترسم؟ تۆ مەبەستت لە ترس ئەو ڕێزگرتن و شتانەیە؟ بیهێنە بەرچاوت. تەنانەت ئەو کاتانەیشی کە لێیان دەدام، من هەر ڕێز و خۆشەویستیم نیشان دەدان. چی؟ لە ترسان لە دەستی مامۆستای مێژوو هەڵهاتم، کاتێک لێی دام؟ نەخێر. لەبەر ترس نەبوو، بەڵکوو وەک ڕێزێک بۆ هەیبەت و کەسایەتییەکەی بوو. ئەوە چ قسەیەکی بێمانایە؟ مەگەر دەکرێت خوێندکار لە مامۆستای خۆی بترسێت؟

چیتان فەرموو؟ لە تاقیکردنەوە؟ بێگومان نەخێر. دەلەرزم کاتێک دەچمە هۆڵی تاقیکردنەوە، بەڵام لەبەر بابەتی ترس نییە، بەڵکو خەمم نمرەی بەرزە. چۆن؟ لەبەردەم دەرگای هۆڵی تاقیکردنەوەکاندا میزم بەخۆمدا کرد؟ ئەوە چ بوختانێکە؟ ئەوە بە هۆی خەممەوە بۆ نمرەی بەرز بوو. هەموو کەس ئەو شتەی لێ بەسەر دێت کاتێک دەستی نەگاتە سەرئاو. بەڵێ، گەورەم. تەنانەت لە کەوتنیش ناترسم. مەگەر من لە دووساڵەبوون دەترسم؟ ئای خوایە ئەم خەڵکە چەندە درۆزنن. لە ژنەکەم دەترسم؟ بەس پێم بڵێ کێ ئەو درۆیەی هەڵبەستووە؟ خۆتان و خوای خۆتان، کێ هەیە لە ژنەکەی بترسێت؟ ناکرێت ئەوە ناو بنێیت ترس. ئەوە ژنە. بۆ ئەوەی دانووتان پێکەوە بکوڵێت. بۆ ئەوەی گرفت لە ماڵدا دروست نەبێت. بۆ ئەوەی دراوسێکان پێتان



Scanned with CamScanner

نەزانن و نەبێتە مایەی تێکچوونی پەروەردەی منداڵەکان. ئەگەر نا بۆچی لە ژن بترسێت؟ من لە ژیانمدا لە یەک کەس نەترساوم، تەنانەت ژنەکەم زۆر خۆفم لێ دەکات ... هاهاها.

ئەو کاتەی لە خزمەتی سەربازی بووم؟ ئێ چیی دیکە؟ لە سەرلق؟ من حسابم بۆ سەرۆکلیواکەیشمان نەدەکرد، چ بگات بە سەرلق. بەڕێزەکەم، من لەپێناوی نیشتماندا، ئەو کاتەی خزمەتی نیشتمان دەکەم، لە یەک بوونەوەر ناترسم. باکم نییە. ئەویش مرۆڤە وەک من. ئیدی ترسی چی؟

چی؟ ئەو کاتەی سەرلقەکەمان فەلاقەی کردم؟ ئەوە شتێکی دیکەیە. ئەو سەرلقە و هەموو فەرمانێک ئەو دەری دەکات. هیچ کەس بۆی نییە قسە لە قسەی سەرووی خۆیدا بکات. سەرباری هەموو ئەمانەیش، باش بزانە بە هیچ شێوەیەک لێی ناترسم.

بە درێژاییی تەمەنم لە هیچ کەس نەترساوم. نایشترسم. پێشتریش گوتم.

لە تاریکی؟ بۆچی تاریکی ترسناکە؟ ها؟ چ جیاوازییەک لەنێوان تاریکی و ڕۆشناییدا هەیە؟ هەر یەک شتن. من لە شەویشدا لە ڕۆیشتن بەناو قەبرساندا ناترسم. بە ڕۆژیشدا بە هیچ جۆرێک هەر بەو دەورەدا ناچم. بەڵام یەک شت هەیە با هەر لەنێوانی خۆماندا بمێنێتەوە، بەو خوایە زۆر لە خەون دەترسم. چی؟ کورە ئەوەیش بوختانە. قیژەم لەکاتی خەوندا مەسەلەکە ترس نییە. ئەوە دەمەوێت بەرانبەرکەم بترسێنم.

چیی؟ لە پیاوانی پۆلیس؟ پاسەوان و شت. یان لە پاسەوانی ئوتێل؟ شۆفێری ئۆتۆمبێل؟ کێ ئەو درۆ زلانەی کردووە؟ هەر لە بنەڕەتدا من بە شوێنێکدا ناڕۆم پۆلیس و مۆلیسی تێدا بێت. یان شورتە و مورتە و بەندینخانە و مەندینخانە، من هەر بەو جۆرە شوێنانەدا ناڕۆم. هەموو ئەو شتانەی گوتراون، درۆن—درۆی شاخدار، درۆی باڵدار.

له شێت و سەرخۆش؟ بەو خوایە درۆیە. ئا بەو خوایە ڕاست نییە.
من لە هیچ کامێکیان ناترسم. من کاتێک دەنووم بە هۆی ... لە ژنان دەترسم بە هۆی کورتی ... بەو خوایە بوختانە. ئەوە کێ ئەم گشتە ترۆهاتەی خستووەتە دوامەوە. ئەوانە هەموو دەمهەڵبەستی نەیارەکانمن.

لە مانەوە بە تەنیا لەماڵەوە؟ یان مانەوە لە دەرێ لە درەنگانی شەودا؟ لە هاوکارەکانم؟ لە بەڕێوەبەرەکەم؟

لە مردن بە کارەساتی ئۆتۆمبێل؟ لە دراوسێکان؟ ئێ چی مایەوە؟ لە مجێوری مزگەتەکەی سەر کۆڵانەکەمان؟

گەورەم من ناترسم. لە هیچ شتێک ناترسم. من ناو نراوم بە کوڕە بەغیرەتەکە. گوتوویانە من لە نەخۆشی دەترسم؟ بێگومان درۆیە. من لە نەخۆشی ناترسم. بۆچی؟ گوتم بۆچی؟ ئا بیرم چوو وەڵامت بدەمەوە. ماوەیەکە وام لێ هاتووە، شتم لێ دەپرسن و بیرم دەچێ کە وەڵام بدەمەوە. کاکە گیان، من لە نەخۆشی و مردن باکم نییە، ئەوان لە من دەترسن. ئەگەر ناترسن، بۆچی بە دەورمدا نایەن؟

ئەوە نییە فەیلەسووفەکە دەڵێت: "ئێمە تا زیندوو بین، مردن ناناسین و نازانین چییە. ئەو کاتەی مردین، ئینجا دەزانین." چەند جوانی گوتووە، ئیدی بۆچی بترسین.

ترسان لە بەیانی؟ مەبەستت چییە؟ سبەی چوارشەممە؟ من لە سێشەممە و دووشەممە و پێنج و شەش و هیچ شتێک ناترسم. مەبەستت بێکاربوونە؟ خودا زانایە. کەواتە ئیدی بۆچی ترس لە سبەی؟ خودا کەریمە بۆ سبەی.

ترس لە هەورەگرمە و هەرورەبروسکە و تۆفان؟ بۆچی؟ ئەوانە دیاردەی سروشتین. بۆ مەگەر ئەوانە مرۆڤ دەترسێنن؟ براکەم من ناترسم. من ناترسم ئەگەر ئێستا لەبەردەممدا یەکێکیان ڕوو بدەن.

چی؟ لەوە دەترسم یەکێکیان بمبینن لەو کاتەی دەستم کردووە بە کونەلووتمدا؟ ئای چەندە سەرسارن...

دەترسم لەوەی بانگم بکەن بۆ شایەتی؟ نەخێر. لە تەمەنمدا شایەتی نادەم، تەنانەت ئەگەر بانگیشم بکەن. دەڵێم: نازانم. نەمدیوە ...
بترسم لە تەقەی دەرگا نەبادا یەکێک بێت تاقەتی سەروچاویم نەبێت؟ مەبەستت ئەوەیە؟ یانی تۆ وا دەزانیت دەترسم لەوەی بەریدێکی فەرمی بێت؟ یان بانگێشتنامەی داداگا بێت؟ تۆ وا دەزانیت من لەوە دەترسم داواکاریی قیستی بانک بێت؟ سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەوانە گشتیان درۆن.
لە ئیمزاکردن دەترسم؟ نەخێر مامۆ گیان. من سەرم ئێش نەکات، نایبەستم. هەندێک دەڵێن لەکاتی وەرگرتنی مووچەدا من لە ئیمزای رووپەڕی سەر لیستەکە دەترسم. نەخێر مامۆگیان. ئەوانە گشتیان درۆن. هەڵبەستراون ...
وا دەزانیت من لە زەنگی تەلەفۆن دەترسم نەبادا داوای قەرزەکان بکەنەوە؟
من هەر لە بنەڕەتەوە بڕوام بە ترس نییە. لە شەودا بە دەنگی بەرز دەقیرێنم، خەڵکی وا دەزانن ئەوە ترسە.
لە چی؟ لە کەناریی بەندکراو لە قەفەسدا؟ ئاخخخ. ئەو گشتە درۆیە لەکوێوە دروست کراون؟ چ کارگەیەک توانای بەرهەمهێنانی ئەو هەمووەی هەیە؟ لە چاوبازەڵە و گوڵی دڕکاوی؟ یان گوڵە مێخەک؟ لە بزیسکەی شۆرتی کارەبا؟ نەخێر دکتۆر گیان. لە هیچ کام لەو شتانە باکم نییە. مەمترسێنە. من ناترسم، دکتۆر گیان.
لە دکتۆر؟ چی، دکتۆر؟ لە خۆم؟ یەعنی من لە خۆم بترسم؟ شتی وا هەر بنەمای نییە. مممم ... چ پێویستی بە ترس و لەرز هەیە؟
پشکۆی ترس هەرگیز ناکوژێتەوە، وا نییە دکتۆر گیان؟
من ناترسم، نەخێر. تەنانەت لە پارووەکانی ناو زاری خۆم؟ نەخێر ...

***



Scanned with CamScanner

هەموو ساڵێک ئەم ڕووداوە لە جەژنی قوربانـدا دووپـاتە دەبێـتەوە. ئەوەی کە لە ساڵی هەزار و نۆسەد و .. چەند؟ وا بزانم ١٩٣٧دا بوو، ئەو کاتەی مامم زیندوو بوو.
منیش ئەوسا خوێندکاری ناوەندی بووم. مامم خانوویەکی زۆر خۆش و شازی لە گوندی "ئیرین"هەبوو. خێراخێرا بانگی دەکرین و میوانی دەبووین. ئای چەندە خۆش بوو. مامم دەوڵەمەند بوو، ماڵەکەیشی زۆر شـایانە بـوو. بەڵام ئەوەی وەڕزی دەکـردم، باسـی سـەردەمی سەربازی بوو. لە ماڵی ئەوان هەمیشە باس باسی ئەوە بوو. دەبێت ئەوەیشتان پێ بڵێم کە مامم لە هەشتا و شتێک ساڵدا بوو.
هیچ کاروبارێکی نەبوو، تەنیا لەکاتی خەودا قسەی نەدەکرد. باس و یادەوەریەکانی زیاتر لە سەد جار پاتە کردبوونەوە. هیچیان نەمابوون لەبەرمان نەکردبێتن. هەمیشەیش لە چیرۆکی حەققی پاشاوە دەستی پێ دەکرد.
مـامم قائیـدی هێـزی بەرگریـی دوو بـوو، بەڵام سـەر بە کـام لیـوا، ئەوەیان نازانم. کە دەیگێڕایەوە، ڕێک وات دەزانی تۆیش ئەوەتایت لە بەرەی جەنگدا، هێنـدە بە جۆشـەوە باسـی دەکـرد. هەنـدێک جـار لە جۆشوخرۆشـدا شمشـێرەکەی لە کـێلان بە دیـوارەکەوە دەردەهێـنا و هاواری دەکرد:
- سەد مەترمـان مـاوە بگەینێ. سێ ڕومـانە هەڵدە حەققی. فیشـەک. فیشەک.
ڕۆژێکیان دوژمن تەوقی مامی دابوو، وەک خۆی دەیگێڕایەوە:
- چوار شەوی ڕێک بوو خەو نەچووبووە چاوانمانەوە.
- ئەی بۆچی نەخەوتبوون مامە؟ چیتان کرد مامە پاشا؟



Scanned with CamScanner

مامم پلەی نەقیب بوو، بەڵام ئەو خۆی بە پاشا، جەنەڕاڵ دەزانی. هاورێکانی هەر بە پاشا بانگیان کردووە و خەڵکی دیکەیش وایان زانیوە هەر بە ڕاستی جەنەڕاڵە.

- چوار ڕۆژ بەبێ نووستن. ئەی چی ڕووی دا؟ زەخیرەیشمان پێ نەما. چاوەڕێی هاوکاری بووین، بەڵام هیچ نەهات. خەو بردینییەوە و بە دەنگەدەنگ بە خەبەر هاتینەوە، وامان زانی هاوکاریمان پێ گەیشتووە، کەچی دیتمان وا دژمن بەسەر تەوقەسەرمانەوەیە.

بە گرنگییەوە لێم پرسی:

- ئەی دواتر چی ڕووی دا، مامە پاشا؟

- هەرچۆنێک بوو، ڕیزەکانی دوژمنمان بڕی. دوای ئەوەی ئەوان خەو زۆری بۆ هێنان، ئەم جارە ئێمە دامان بەسەر ئەواندا و بەدیلمان گرتن. بەو شێوەیەیش پلەکەم بۆ"پاشا"بەرز کرایەوە.

ئای کوڕم، سەربازی لە سەردەمی ئێمەدا کارێکی سەخت بوو، وەک ئێستە منداڵبازاڕ نەبوو.

وەک گوتم، هەندێک جار مامم حەماس دەیگرت، دەستی بۆ شمشێری دیوارەکە دەبرد و هاواری دەکرد:

- ١٠٠٠ مەتر مەودامان ماوە. ئادەی تۆپەکانیان بۆ ئامادە بکە حەققی. دەی باروتیان تێکە.

تەواو وەڕز بووبووین لەم چیرۆکانەی مامم. تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی تەنیا لە جەژنەکاندا سەردانیماڵیانمان دەکرد. دەڕۆیشتین و تەنیا یەک شەو لەوێ دەنووستین و دەگەڕاینەوە.

جەژنێکیان کوڕە بچکۆڵەکەی مامم تکای کرد کە لەگەڵمان بێت بە بیانوی ئەوەی ماوەی ١٠ ساڵە مامەیی نەبینیوە.

پێم گوت کە لەوێ بیری نەچێت بە پاشا بانگی بکات نەبادا تووڕە ببێت، چونکە بیست ساڵی خایاندووە تا لە پلەی نەقیبەوە بووەتە پاشا.



Scanned with CamScanner

هەموو خێزانە هەشتکەسییەکەمان لەگەڵی ڕۆیشتین. مەگەر خودا بزانێت چەند جار بەدەم چیرۆکی سەربازییەوە خەو بردووینیەتەوە. هەرچەندە ماڵەکە زۆر گەورە بوو، کەچی هەموومان لە ژوورەکەدا خەومان لێ دەکەوت.

لەو سەردەمەدا تەلەفۆن زۆر کەم بوو، بەڵام مامم دانەیەکی هەبوو. نیوەشەو بە دەنگێک بێدار بوومەوە. وام زانی دەنگی دزە. هاتمە ڕاڕەوەکە، دیتم مامۆژنم دەسکی تەلەفۆنەکەی بەدەستەوەیە.

- ئەوە چییە مامۆژن؟

- هسس، ئەوە چەند سەعاتێکە گوێم لە دەنگی دزە لە سەرەوە، بۆیە تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد و ئاگادارم کردنەوە. هەر لەو ساتەدا یەکێکیان بە پەشۆکاوی هاتە خوارێ، دیتم کوڕە چکۆلەکەی ماممە.

- ئەوە چیتە؟

وەڵامی دامەوە:

- هەر مەپرسە، پێم بڵێ دەسشۆری لەکوێیە؟ هەموو ژوورەکان گەڕام، گشت دەرگاکانم کردنەوە، بەڵام پلاکی گڵۆپەکانم نەدۆزینەوە تا بزانم کامیان دەسشۆرییە. دوو سەعاتە سەرەوەم هەمووی بەیەکدا دا، ئێستایش دەسشۆرم نەدۆزییەوە. توو خوا ئەگەر پێم نەڵێیت کوا؟ لەکوێدایە؟

ئەو دزە کوڕە مامەکەم بوو. مامۆژنم پرسیی:

- ئەی ئێستا چی بە پۆلیس بڵێین؟

- با تەلەفۆنیان بۆ بکەین و پێیان بڵێین. بەڵام لەگەڵ دووەم تەلەفۆندا زانیمان وا نزیک بوونەتەوە.

- کەواتە کە هاتن پێیان بڵێین؟

لەو قسە و باسانەدا بووین، گوێمان لە وەڕەی سەگ و خشەی میلی سیلاح بوو. زەنگی دەرگاکەیان لێ دا و تەقەیان بە شێوەیەکی زۆر بێتام لە دەرگاکە دەدا. هەمووومان لە تاو ئەو گرمەگرمە بێدار بووینەوە، مامم نەبێت. سپاسی خودام کرد لەسەر ئەوە، چونکە ئەگەر



Scanned with CamScanner

بێدار ببووایەتەوە، ئەوا لەترس و حیرسا پەلاماری شمشێرەکەی دەدا و هاواری دەکرد:

- ئەوە چی بووە؟ چی قەوماوە؟

هەموومان کەوتینە سەر نووکی پەنجە. پوورم یەکەم کەس بوو گەیشتە بەردەم دەرگاکە پرسی:

- ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا؟

وەڵام درایەوە:

- ئادەی بیکەرەوە. من پیاوی یاسام، دەی زوو.

منیش پرسیم:

- تۆ کێیت؟

- کاتێک دەرگاکەت کردەوە، دەزانی من کێم. زووکەن کات بەفیڕۆ مەدەن. پێتان دەڵێم زوو ئەو دەرگایە بکەنەوە.

کاتێک دەرگامان کردەوە، دیتمان پۆلیسە و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- کەس نەبزوێ. گوتم کەس تەکان نەخوا.

خۆیشی سەری سووڕ مابوو کە بینیی هەر یەکەمان لە شوێنی خۆماندا ڕەپ بووبووین.

- پەیوەندیتان بە بنکەی پۆلیسەوە کردبوو، ئادەی بزانم چ قەوماوە؟

من وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ، هەڵەیەک ڕووی دابوو. وامان زانیبوو دز هاتووەتە ماڵەکەمانەوە، بەڵام دز نەبوو. داوای لێبووردن دەکەین، دز نەبوو.

پۆلیسەکە بە تەوسەوە:

- هەی هەی. هەڵە بوو، ها؟ کەواتە هەڵەیەک ڕووی داوە، وا نییە؟ دز نەبوو، وایە؟

بە پێکەنینەوە گوتم:

- نەخێر، دز نەبوو. داوای لێبوردنمان هەیە.

لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگی پێ بوو.



Scanned with CamScanner

- بێدەنگ. دڵنیام ئێوە دزەکەتان لێ شاردوومەتەوە. ئادەی وەرنە سەرێ لەگەڵم.
ئێمەیش بەدوای کەوتینە سەرێ، وەک جوجک بەدوای مریشکەوە. تا دڵ حەز بکات، کابرا ڕەق و بێلەزەت بوو.
پاش ئەوەی گشتمان لە ژوورێکدا خڕ بووینەوە، گوتی:
- ئادەی پێم بڵێن کوا دزەکە؟ دڵنیام دوای ئەوەی پاڕاوەتەوە و لالاوەتەوە، ئێوەیش بەزەییتان پێیدا هاتووەتەوە و بەرەڵاتان کردووە، وا نییە؟
پێم وت:
- نە بە خوا، شتی وا نییە.
- ئەی چی؟ کەواتە یارمەتیتان داوە تا بیشارنەوە یان هەڵێت.
- ئێمە بۆ یارمەتیی بەین؟
- باشە ئەی ئەگەر یارمەتیتان نەداوە، ئادەی بیهێننە دەرێ، دەی یالا. پێویست بە دەمەدەمەی زۆر ناکا.
مامۆژنم دەست بە دامێنی پۆلیس بوو:
- وەڵلا، وەبیلا، دز نەبوو.
- پورێ گیان، هەموو وەک تۆ مامەڵە و قسە دەکەن. من دەزانم دەبێت ئەم شتە ئاشکرا بکرێت. ئێوە دزەکە لە پۆلیس دەشارنەوە تا خۆتان دوایی لەگەڵی ڕێک کەون؟ ئادەی.
بەوپەڕی دەنگی خۆیەوە قیراندی و میلی دەمانچەکەیشی هێنایەوە.
دایکم لێم نزیک بووەوە و چپاندی بە گوێی چەپمدا:
- لەم کێشەیە بە ئاسانی ڕزگارمان نابێ، بۆچی ناڵێیت من دزەکەم و لە بنکە ڕێک کەوین؟
بەر لەوەی من هیچ فززە بکەم، هاواری کرد:
- ئەوە چیتانە چپەچپ، هێو؟ خەریکن پلانی چی دادەڕێژن؟ نەخشەی چۆنیەتیی هەڵاتنی دزەکە دادەڕێژن؟

- نه به خوا، کاکی پۆلیس. نه به قورئان. نه به شێخەکەی ئیزمیر. نه دزی لێیه ئەم ماڵه نه مز. هەڵەیەک ڕووی دا و پەیوەندیمان پێوه کردن. تەنانەت پەیوەندیشمان کردەوه به بنکەوه، بەڵام ئەوان ڕایانگەیاند که تازه ئێوه دەرچوون.

- من ئەو قسه قۆڕانه ناچن به گوێما. لەم ماڵەیش ناچمه دەر تا دزێک کەلەپچه نەکەم.

زۆر تووڕه و بێزار بووم له دۆخەکه. من دڵنیام دز بوونی نییه. له دڵی خۆمدا گوتم به شەق وەدەری دەنێم، بەڵام ئەو پێش من کەوت و یەخەی کراسی توند گرتم:

- مادەم دز لێره نییه، کەواته دزەکه یەکێکه له خۆتان. ئادەی تەسکەرەکانتانم بدەنێ.

دەرگاکەیشی لەسەر داخستین. پاش ئەوەی دڵنیا بووەوه که دزێک لەگۆڕێدا نییه، گوتی:

- زۆر باشه. من بۆ خۆم بەشوێن دزکەدا دەگەڕێم. بێگومان دەیدۆزمەوه.

سەرەتا پۆلیسەکه گەڕا و ئێمەیش قونەقون بەدوایدا دەڕۆیشتین. تەنانەت خەریک بوو وامان لێ دەهات که بڕوا بکەین دزێک لەم ماڵەدایه.

پۆلیسەکه هەموو دەرگاکانی ماڵەکەی ئاوەڵا کردن، تەنانەت دەرگای مەخزەن و سندووق و دەسشۆر و گەرماو و ژێر فەرشەکان و سەربان و...

له ماوەی دوو سەعاتدا ماڵەکه بوو به مەزادخانه، کراس تێکەڵی کتێب و شۆربای ناو سەلاجه ببوو. تەنانەت ئەو سەر زله ژێری بەرماڵیش دەگەڕا و دەیگوت:

- پێویسته لەسەر هەر کەسێک به ویژدانەوه کارەکانی بکات نەک لەپێناو پاره و پوولدا. ئەگەر پۆلیسێکی دیکه بهاتایه، لەوانەیه تەنیا به قسەکانی ئێوه دەستی هەڵگرتبا و ڕۆیشتبا، وا نییه؟ ئێوه من فریو



Scanned with CamScanner

دەدەن؟ خۆ مـن یەکێـک نـیم هەر وا بە ئاسـانی فریـو بخـۆم. دەبێت هەریەک لە ئێمە کارەکەی بە ڕاستگۆیی و خۆشەویستییەوە ڕاپەڕێنێ، چونکە هەر کەس کارەکەی خۆش نەوێت، خێری تیا نییە. مەگەر ئێوە وا دەزانن من لەبەر پارە کارەکانم بەجێ دێنم؟ نەوەڵا. هەر کەس لە هەر بوارێکدا پێویستە ڕۆحـی دڵسـۆزیی تیـا بەرجەسـتە ببێت. هەر کەس ئـا وا نەبێـت، بە کەڵکـی دە قـرووش نـایە. ئەم گیانفیـداییە پێویستە، گومـان لەوەدا نییە پارە پێویستە بۆ ژیـان، بەڵام عەشـق و دڵسـۆزی گرنگتـرە. ئـاخ ئەگەر دەمتـوانی ئەو دزە دەسـتگیر بـکەم. بێگومان هەر دەستگیریشی دەکەم، ئەگەر چووبێتە کونی مشکیشەوە. ئێستا پێم بڵێن ئایا شوێنی دیکە ماوە بگەڕێین؟

- لەکوێ ڕێی تێدەچێت دز بچێتە شوێنی وەها؟

- هاها.

بە تەوسەوە پێدەکەنی.

- ئەگەر پۆلیسێکی دیکە بووایە، ئێسـتا بڕوای بە قسـەکانتان کردبوو. هەر دەبێت بیدۆزمەوە. ئێوە لێم دەشـارنەوە. نەخێر. نـاهێڵم لەدەستم دەرچێت.

- براکەم ... بەرێزەکەم، تکات لێ دەکەین گوێمـان لـێ بگرە. لە خۆڕا خـۆت هـیلاک دەکەی. دز لێرە نییە. زۆر مـاندوو بـووی، هـیچ شتێک نییە لەبەر ئەوەی دزێک لەم مـاڵەدا نییە. شـەڵڵا دەسـتمان بشـکایە و تەلەفۆنمان بۆ تۆ نەکردایە.

- بەڵام باشتان کرد کە تەلەفۆنتـان کـرد، چونکە ئێسـتا سـەرسـامتان دەکەم کە دۆزیمەوە. چـاوەکەم دزی ئەم سـەردەمە غەددارن، غەددار. بە بەردەمی پیاودا تێپەڕ دەبن بەبێ ئەوەی پێی بزانیت. ئایا دەکرێت مـاڵ بەبـێ دز؟ وا دەزانـن ئەم گشـتە بەزمورەزمەمـان لە چییە؟ دەی زووکەن بیڵـێن. ئەو جێگەپێیـانە هیـی کـێن؟ ئـادەی پـێم بڵـێن ئەو جێگەپێیانە هیی کێن؟ ئادەی با قاتی سـەرەوە بپشکنین. ڕۆیشـتین و سووچ بە سووچی قاتی سـەرەوەیشمان پشکنی.



Scanned with CamScanner

ماڵەکەمان بەتەواوی پژاند، تەنانەت بۆ ماوەی یەک هەفتە پێویستی بە دیسانەوە ڕێکخستنەوە هەبوو.

کێشەکە لەوەدا بوو تەنیا ژوورەکەی مامم نەگەڕابووین. پۆلیسەکە پێش کەوتبوو، ئێمەیش بەدوایدا. کەمێک نزیک بووینەوە، گوێمان لە قیڕەی مامم بوو بە دەنگەدەنگی ئێمە خەبەری بووبووەوە، یەکسەر پەلاماری شمشێرەکەی دابوو.

بە بیجامەیەکی خوری و کراسێکی خەوەوە و، شمشێرەکەیەوە پەلاماری داین:

- هێزی دووەم ... ئامانجەکەمان ... ژمارە ٣٣، سێ تۆپ ئاڕاستەی گۆشەی ٤٩ بکە. فیشەک بتەقێنن. دەی دەی ...

ئەو پۆلیسە داماوە وەک چۆلەکە فڕی تا لە شمشێری مامم خۆی بپارێزێت. ئێمەیش چووینە ژووری پشتەوە، چونکە مامم وای زانیبوو ئێمە هێزی دژمنین. لە کۆتاییشدا توانیمان ئەو پۆلیسە قایل بکەین کە دز لەم ماڵەدا نییە.

کێشەکە لەوەدایە لەوساوە ئێمە ناتوانین مامم قایل بکەین کە ئێمە دژمن نین و خێزانی خۆینی. بڕواتان هەبێت لەو پۆلیسە ئینکارتری لێ دەرچووە.

***



Scanned with CamScanner

کاتێک تەمەنی لە دەوری دە ساڵدا بوو، زۆر کات دەیگوت:
- ئای ئەگەر جانتام دەبوو! وەک گشت منداڵانی دیکە منیش جانتام هەبا، دەفتەر و قەڵەمم هەبا. ماڵەقولێم بکردبایە.
کاتێک تەمەنی بوو بە سیانزە ساڵ، وەک گشت منداڵان جانتا و قەڵەمی هەبوو، کەچی دەرسی نەدەخوێند و کۆششی نەدەکرد و دەیگوت: "ئای ئەگەر منیش وەک منداڵانی دی کراسی تازەم هەبووبایە. دەزانن ئێمە گشتمان لە یەک ژووردا ژیان بەسەر دەبەین؟ مرۆڤ چۆن لە ژوورێکی وەها بچکۆلەدا سەعیی پێ دەکرێ؟ ئای ئەگەر منیش مێز و کورسیی خۆمم دەبوو، دەتانزانی چیم دەکرد.
دواتر بارودۆخ وای لێهات ژووری تایبەتی خۆی هەبوو، کەچی یەک خولەک کۆششی نەدەکرد، هۆکارەکەیشی ئاشکرا بوو:
- تازەلاوێکی وەکوو من، ئەگەر دە لیرەی لە گیرفاندا نەبێت، چۆن دەتوانێت وانەی بۆ بخوێندرێت؟ ئەگەر پارەم پێ دەبوو، خۆم دەمزانی چیم دەکرد! ئەوسا دەتانزانی من کێم.
گەیشتە ئاواتەکەی خۆی و چوویە زانکۆ، لەوێیش هەر دەیبۆڵاند:
- ئای ئەگەر خوێندن تەواو دەبوو، ئای خوایە چەند خۆشە خوێندن تەواو ببێت. بەڵێ، ژیان شتێکە و خوێندن شتێکی دیکە. ئەو کاتەی لە زانکۆ بوومەوە، شتی ئاوازە دەنووسم. ئای ئەگەر خوێندن تەواو دەبوو.
کاتێک گەیشتە تەمەنی ٢٤ ساڵی، زانکۆیش تەواو بوو، کەچی ئێمە هیچ نووسینێکی ئەومان نەبینی، پاساوەکانیشی دیار بوون.
- نازانم بۆچی هیچ کارێکم بۆ ناکرێت، لەوانەیە ئەگەر سەربازیم تەواو بکردایە، ئەو کاتە گەرم دەبووم لەسەر کار و شەو و ڕۆژ



Scanned with CamScanner

خەریک دەبووم. بەڵێ، شتێک دەنووسم هەمووان باسی بکەن. ببێتە ویردی سەر زاری لادێ و شار. ئای ئەگەر خزمەتی سەربازی تۆزێک زوو تەواو دەبوو.

لە بیست و شەش ساڵیدا ئەویش تەواو بوو، کەچی هیچمان نەدی؟

- وەک ئەوەی خۆم دەمەوێت، ناتوانم شت بنووسم. باشە چۆن دەتوانم بنووسم لە کاتێکدا پارەی دوو کولێرەم لە باخەڵدا نییە؟ پیاو چۆن دەتوانێت بنووسێت لە کاتێکدا کارێکی نەبێت و دوو فلس پەیدا نەکات. ئای ئەگەر کارێکی باشم پەیدا دەکرد، بە خودا شەو و ڕۆژ دەمنووسی.

کاتێک تەمەنی بوو بە بیستوهەشت، بوو بە خاوەنی کار.

- من ناتوانم بنووسم و تەواو. من چۆن دەتوانم بنووسم لە کاتێکدا خانوی خۆمم نییە. تەنانەت ئەگەر کونە گورگێکیش بێت بەسمە. خۆ من ڕادیۆیەکیشم نییە، ئەگەر ڕادیۆیەکم دەبوو، هەمیشە بەدەم گوێگرتن لە مۆسیقاوە ئیلهامی شتی جوانم بۆ دەهات و دەمنووسی.

هاوڕێکەمان گەیشتە ٢٩ ساڵی و شوقەیەکی دوو هۆدەیی بە کرێ گرت، لەگەڵیشیدا توانیبووی ڕادیۆیەک بکڕێت و کەچی هێشتا دەستی بە نووسین نەکرد. چەند ساڵێکیش لە بیری ئەوەدا بوو دەست پێ بکات.

- ئای خوا تەنیایی بکوژێ. دڵم خاڵییە و کێیش بە دڵی خاڵی شتی بۆ نووسراوە؟ تەنیایی مرۆڤ دەکوژێ، ئەوەتا تەنیایی لە هەموو لایەکەوە دەوری لێ داوم.

- کەی بنیادەم دەتوانێ بەبێ پاڵنەر شت بنووسێ؟ ئای تۆ لەکوێیت عیشقە ئەفلاتوونییەکەم؟

هاوڕێکەمان هەم عاشق بوو، هەمیش عاشقی بوون و کەچی هەر نەیتوانی ئەو شتە بکات کە خەونی پێوە دەبینی.

دەیگوت:

- عەشق شتێکی پیرۆزە، بەڵام چ فایدەیەکی هەیە بەبێ هاوسەرگیری؟ ئای ئەگەر ژنم دەهێنا، ئیدی ژیانم سەقامگیر دەبوو. بۆ خۆم دادەمەزرام و ئۆقرەم دەگرت. ئەو کاتە ئەو شتەم دەکرد کە خۆم حەزم لێیەتی. بەڵێ، چرکەیەکیشم بە هەدەر نەدەدا جگە لە نووسین. بەڵێ، شەو و ڕۆژ دەمنووسی.

لە ٣٢ ساڵیدا ژنیشی هێنا. لە ژیانی ژنومێردایەتیدا زۆریش دڵخۆش بوو، کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتا نەیتوانی بنووسێت، چونکە بە قسەی خۆی لەسەر هەقیش بوو کە دەیگوت:

- ژیان سەختە. ناکرێت مرۆڤ داهێنان بکات لە کاتێکدا وێڵی دوای پارووە نانێکە. چۆن دەتوانێت بنووسێت کە هەموو کاتەکانی ڕاکردن بێت بەدوای پێخۆردا؟ هیچ کاتێکی بۆ نەماوەتەوە. ئەوەیش تاکە شتە کە ناکرێت.

کاتێک بوو بە ٣٦ ساڵ، داهاتی زیادی کرد و بەمەیش دۆخی داراییی باشتر بوو، کەچی هێشتا دەیگوت:

- ئەمە چییە؟ شوقەیەکی بچووک، ژووری تەنگەبەر، گیفەگیفی سەیارەی سەر شەقام و گڤەی با لە سەرەوە. کەی بنیادەم دەتوانێت لەناو ئەو گشتە ژاوەژاوەدا داهێنان بکات؟

ئای ئەگەر لە خانوویەکی فراوانتر و ژووری بەرینتردا دەبووین، بۆچی نەمدەنووسی؟ بۆچی نەدەبوومە داهێنەر؟ بێگومان دەبووم.

هاوڕێکەمان لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا چووە ماڵێکی فراوانتر، پێنج هۆدەی هەبوو، هۆدەی گەورە و بەرین. کەچی هێشتایش نەیتوانی ئەوەی دەیویست بینووسێت و بەلای خۆیشییەوە لەسەر هەق بوو کاتێک دەیگوت:

- بنیادەم لەکوێ داهێنانی پێ دەکرێت لە ماڵێکدا کە کەوتووتە ناوەڕاستی شار. ناوەڕاستی شار ڕۆحی مرۆڤ دەکوژێت. هەر کاتێک بارمان کردە ماڵێکی کەناری شار، خانوویەکی بێدەنگ و نزیکتر لە سروشتەوە. وەک دەڵێن: لەوێ گێلیش دەبێتە داهێنەر. بەڵام دەستی



Scanned with CamScanner

شکاوم بۆ ئەو ماڵە. ئای خوایە ئەو کاتە چ شاکاری بخولقێنم؟ شەو و ڕۆژ بێپسانەوە دەنووسم.

لە چل ساڵیدا ئەو ماڵەی خۆی دەیویست، بەدەستی هێنا، ماڵێکی جوان، لە ناوچەیەکی دڵرفێندا، بەڵام ئایا گەرم دەبێت لەسەر نووسین؟ گوێمان لێ بوو دەیگوت:

- ئای بنیادەم چۆن دەتوانێت داهێنان بکات کاتێک مێزێکی چاک و پتەوی نەبێت یان لەوحەی جوانجوان بۆ ڕازاندنەوەی دیواری ماڵەکەی. کەی پیاو دەبێتە داهێنەر کە فەرشی جوان لە ماڵەکەیدا ڕانەخرابێت؟ کەی دەبێتە داهێنەر کە هێشتا بەشداریی ئاهەنگە کلاسیکەکان نەکات، ئاهەنگی موزیکی کلاسیک؟ بەڵێ، بێگومان کە ئەمانەی لەبەردەست بوو، دەبێتە نموونەی داهێنەر. تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو ئەم شتانەم هەبن؟!

بێگومان ئەم شتانەیشی بەدەست هێنا کاتێک تەمەنی گەیشتە ٤٢ ساڵ، هێشتایش داهێنانەکانی دەستیان پێ نەکردووە. دەمانەوێت گوێ لە پۆزشەکانی بگرین:

- ئای ئەگەر ئاگاتان لە حاڵم دەبوو. کەس ئاگای لە دەردی کەس نییە. گرفتی من ماددی نییە. خێزانەکەیشم هەمیشە ئومێدم وەبەر دەنێ، منداڵەکانیشم ژیر و وریان. مایەی ڕۆشنیی چاومن. هەموو شتەکانی ماڵەکەیشم گرانبەها و جوان و ناوازەن. کورسی و مێزی تایبەت بە نووسینیشم هەیە، بەڵام وەک گوتم کەس لە دەردی کەس ئاگادار نییە. ئای بە دەست ئەم مێشانەوە، عەیش و نۆشیان لێ حەرام کردووم. چۆن بتوانم دانیشم و بنووسم کە ئەوان ئا وا بکەن. ئای ئەگەر دەتانزانی چی دەکێشم بە هۆی ئەم مێشانەوە. ئەگەر مێش نەدەبوو، شەو و ڕۆژ دەمنووسی. مێش ناهێڵێت شەو بنووم بۆ ئەوەی ڕۆژ بنووسم. خۆ ئەگەریش پەنجەرەکان دا بخەم، ئەوا هەوای ژوورەکە بۆق دەکات، توو ئەو خوایەی دەیپەرستن، ئامۆژگارییەک

ڕێنـوێنییەکم بـکەن؟ ئەگەر ئەم میشــانە نەدەبـوون، ئێســتا شــتی ناوازەتان دەخوێندەوە.
وەک دەیبینن، هاوڕێکەمـان وا گەیشـتە چل و دوو سـاڵ و هێشـتایش قەڵەمەکەی بەر کـاغەز نەکەوت. بەڵام کەی؟ وا بـزانم ئیشــەڵلا ئەگەر خـوا بیکات و هەمـوو شـتەکان لە خزمەتیدا بن، هەمـو دووشـەممە و پێـنجشـەممەیەک کتێبێـک بـڵاو دەکـاتەوە. نووســەرە بەناوبـانگەکەی داهاتوومان.

***



Scanned with CamScanner

پرۆفیسۆری دەموچاو تاڵ و هەمیشە مۆن خۆی بە ژووردا کرد. تەنانەت بە هیچیش پێناکەنێت. کە هاتە ژووری، هەندێک لە خوێندکارە پسپۆرەکان و چەند دانەیەکیش لە خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکییش بەدوایدا هاتن.

ئەم پرۆفیسۆرە ڕووگرژەمان سەرۆکایەتی بەشی نەخۆشییەکانی چاوی بەدەست بوو. بەڵام لەبەر کەمدوویی و کەم پێکەنین و ڕووتاڵی و نەبوونی بزە لەسەر زاری، هەر دەتگوت جەنەڕاڵی جەنگی جیهانیی یەکەمە. بیچمی هەر دەتگوت کاریکاتێرەکانی سەر ڕۆژنامەکانە. کابرا لە ساردیدا لەگەڵ جەمسەری باکووردا کێبڕکێی بوو. لەوانەیە هەر ئەم تایبەتمەندییانە بووبێتنە هۆی گەورەترین بۆشایی لەنێوان خۆی و ئەوانەی کە دەیانناسی، تەنانەت نزیکترین هاوڕێیشیدا.

لە بوارەکەی پزیشکیدا دکتۆرێکی زۆر نایاب بوو. لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەندامیش بوو. پێگەیەکی تایبەتیشی لە هەموو ئەو دەورووبەرانەدا هەبوو. کتێبە بەناوبانگەکانیشی با بوەستن کە چەندە دەنگیان دابووەوە، ئەوەیش وای کردبوو هەموان ڕێزێکی بێپایانی بگرن.

زۆربەی ئەو جارانەی دەچووە سەردانی نەخۆشەکانی لە بەیانیاندا، تەنیا یەک خولەک، یەک خولەک و نیو یان دوو خولەک دەمایەوە، کە دەڵێم دوو خولەک، ئەوە ئەوپەڕی بوو. پزیشک و خاوەن پسپۆڕییەکانی دیکە زۆر لە پرسیارەکانی دەترسان.

- لە کەیەوە ئەم نەخۆشە لێرەیە؟



Scanned with CamScanner

یەکێک لە پزیشکە نیشتەجێکان کە لە دەستە چەپیەوە راوەستابوو، وەڵامی دایەوە:

- لە دوێنێ شەوەوە، دکتۆر.
- چییەتی؟
- تا ئێستا نەمانتوانیوە نەخۆشییەکەی دیاری بکەین، لە ناو ئازاری بەردەوامی چاوەکانی دەناڵێنێت.

پرۆفیسۆرەکە لە دوورەوە تەماشای چاوی نەخۆشەکەی کرد. هەندێک ورتەورتی کرد کە کەس لێی تێنەگەیشت، ئینجا گوتی:

- ئادەی پشکنینەکان؟
- هەموویانم کردوون، دکتۆر.
- P.E.S

بەڵێ، بەو شێوەیە. زۆر کات لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بە هێمای ئینگلیزی دەدوا و تەنیا تەماشای چاوی نەخۆشەکانی دەکرد و دەچوو.

پرۆفیسۆر بەرەو ژوورەکەی خۆی هەنگاوی هەڵدەهێنا و خوێندکارەکانیش نەخۆشەکانیان بەسەر دەکردنەوە. ئیدی بەو شێوەیە گەشتی یەکەمی سەردانی نەخۆشەکان کۆتایی پێ دەهات لە کاتێکدا دوو خوێندکار لە خاوەن پسپۆرییەکان پشکنینە پێویستەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی دکتۆر خۆی بۆ ئەو نەخۆشەی پێشتر کردبوو.

پرۆفیسۆر سەری بەسەر ئامێری پشکنینەکەدا دانەواند و پاش ماوەیەک لە تێڕوانین، سەرێکی هەڵبڕی و بزەیەکی کرد. ئەوە یەکەم جار بوو ببینن مامۆستاکەیان پێدەکەنێت. پاش ئەوەیش دەستی بۆ کتێبخانەکە درێژ کرد و هەندێک کتێبی گەورە گەورەی دەرهێنا و دەستی کرد بە لاپەڕە هەڵدانەوە. ماوە نا ماوەیەک هەندێ وردە قسەی لێ دەردەچوو وەک "هممم،" "بەڵێ،" "ئێ" و ئەوجا سەیرێکی دوو خوێندکارەکەی کرد و گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئادەی هەموو خاوەن پسپۆڕییەکانم بۆ کۆ بکەنەوە. بەڵکو گشت خوێندکارەکان.

ژووری پرۆفیسۆر جمەی دەهات لە دکتۆر و خوێندکار.

هەمووان سەریان لەم زەردەخەنەیەی پرۆفیسۆر سوور مابوو، ئەوە خێرە ئەو ڕووگرژە وا ئێستا پێدەکەنێت؟ بە ڕاستی سەیرە!

پێدەکەنی، دەتگوت منداڵی هەژارە و لە جەژندا دیارییەکی گەورەی بۆ هاتووە. جێگەی بە خۆی نەدەگرت، هەر بەدەوری ئامێرەکەدا جرتوفرتی بوو. پێشتر ئەوەندە ئارام و بەکاوەخۆ بوو، ئێستایش دەڵێیت دایکی بووکە کە چۆن تەوافی کچەکەی دەکات بەر لە ڕۆیشتن.

ڕووی کردە ئاپۆڕەکە:

- ڕۆڵەکانم. ئەمە دڵخۆشی و شانازییەکی گەورەیە! ئەمڕۆ ئێمە ئەوەتاین لەبەردەم میکرۆبێکی هاوچەرخدا. ئێمە شتێکی نامۆ و دەگمەن دەبینین. ئەوەتا چەندین دکتۆری گەورە لەم تورکیایەدا نەبووە بە نسیبیان کە ئەوە ببین. ئای ئێوە چ بەختێک یاوەرتانە. ئێوە تەنانەت لە سەردەمی خوێنکاریتاندا توانیتان بیبینن. بەخت یاوەرتان بوو ئەم ڕووداوە ببینن. پێویستە بزانن کە ئەم نەخۆشییە زۆر دەگمەنە. ڕێژەی تووشبوون بەم دەردە لە سەد هەزاردا یەکێکە. من تا ئێستا تەنیا دوو کەڕەت ئەم میکرۆبەم دیتووە. یەکەم کەڕەتیان ئەو کاتە بوو کە لە پاریس خوێندکاری دکتۆرا بووم بە یارمەتیی مامۆستاکەم کە نەخۆشەکەیش تازەلاوێکی ئەفریقی بوو.

پێویستە لە ماوەی ٤٨ سەعاتی دەستپێکردنی ئازارەکەیدا نەشتەرگەریی هەناویی بۆ بکرێت. ئەگەرنا نەخۆشەکە لەگەڵ نەمانی ئازارەکەدا چاوەکانی لەدەست دەدات.

تەماشای خوێندکارێکی پسپۆڕیی کرد و پرسیی:

- ئازارەکەی لە کەیەوە دەستی پێ کردووە؟

- لە دوێنێ شەوەوە. هەر ئەمشەویش گەیەنراوەتە نەخۆشخانە.



Scanned with CamScanner

- ئـێ ئەوە واتـای ئەوەیە ئەگەر لە مـاوەی ٢٤ کـاتژمێری دیـکەدا نەشـتەرگەری بـۆ نەکرێـت، چاوەکـانی خۆمـان خـۆش. چـونکە ئەم میکرۆبە تەشەنە دەکات و دەچێتە ناوچەی بینین لە دەماغدا و دەبێتە هـۆی وشـکبوونەوەی نـاوچەکە. بەڵام ئەوە ئێسـتا هەمووتـانم کـۆ کردووەتەوە بێن و بە ڕیز تەماشای میکرۆبەکە بکەن.

بەو جـۆرە هەر یەکە و لە نـۆرەی خۆیـدا تەماشـای میکـرۆبەکەی دەکرد. پرۆفیسـۆریش دەستی کرد بە مژدەدان بە هاوڕێکانی کە ئەو خۆشییەیشی لە خۆشەویستیی کارەکەیەوە بوو.

- شتێکی سەرسوڕهێنەر، مسیۆ. شـتێک کە ناکرێت هەمـوو ڕۆژێـک ببینرێـت. بەڵـێ، ئێـوە تـا ئێسـتا هەر نەتـانبینیوە. بەڵـێ، ئەوە دەگمەنە هاوڕێکەم. بڕوام وایە لە هەموو تورکیادا دکتۆرێکی تێدا نەبێت ئەوەی بینیبێت. ئای چەندە بەجۆشوخرۆشم، گەورەم.

لەپاش دانانەوەی بیستۆکی تەلەفۆنەکە ڕووی کردە ئامادەبووان:

- بینیتـان؟ بەڵام ئەوە پێتـان دەڵـێم ... ئەوەتـا ئەویـش ئەم میکـرۆبە ئۆرجینالەی نەبینیوە. ئەو یەکێکە لە دکتۆرە دەگمەنەکان.

پەیوەنـدییە تەلەفۆنییەکـان چـڕ بـوونەوە. پەیوەنـدیی کـرد بە یەکێتیی پزیشـکانەوە. بە سـەندیکای پزیشـکانەوە. هەر تـاو نـا تـاوێکیش دوو قسەی بۆ ئامادەبووانیش دەکرد.

- ئەم میکـرۆبە لەگەڵ هەوای بەرکەوت، خێـرا دەمرێـت. بـۆیە بە یەکێـک لە نەخۆشـییە گوازراوەکـان دانانرێـت. ئەگەر بگـوازرایەتەوە، ئەوا ئێستا هەموو دنیا کوێر بووبوون. بۆیە جوان تەماشای بکەن و هیچ ترستان نەبێت.

گرنگییەکـی زۆری بەم میکـرۆبە دەدا، دەتگـوت ڕشـتەی مرواریـی دەست کەوتووە ... بە خوێندکارەکانی گوت لەبارەی ئەو میکرۆبەوە بخوێننەوە. لە تاو جۆشوخرۆش بیری چوو شێوەکەی بیخوات.

هەنـدێکیان وێـنەی میکرۆبەکەیـان، لەپـاش گەورەکردنـی بە هەزار ئەوەندە، دروست دەکرد. هەندێکیشیان پەلاماری کتێبەکانیان دەدا.



Scanned with CamScanner

هەموو لایەک بە هەندەوە تەماشای وەزعەکەیان دەکرد. گشت لایەک سەرقاڵ بووبوون بەم میکرۆبە هاوچەرخەوە. بۆیە ئەو ڕۆژەی نەخۆشخانە ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو. نەخۆشخانە لەو ڕۆژەوەی بنیات نرابوو، جۆشوخرۆشی وای بە خۆوە نەبینیبوو. تەنانەت دکتۆری بەشەکانی دیکەیش هاتبوون بۆ بینای بەشی چاو بۆ بینینی ئەو میکرۆبە. پرۆفیسۆریش وەک بلێسەیەک لە ئاگر داگیرسابوو، هەر خەریکی باسی میکرۆب بوو.

درەنگانێکی شەو پرۆفیسۆر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. پاش ئەوەی لە نەریتی خۆی درەنگتر گەڕابویەوە، ئامادەکارییەکانیش لەولا بۆ کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ساز دەکران. بەڵام کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، تا درەنگانێک خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ کۆنگرەکە. ئەم دۆزینەوەیە هەموو دنیا دەتەنێتەوە، بە تایبەت ڕووپەڕە پزیشکییە جیهانییەکان.

ئەم کارە پێگەیەکی بەرزی دەبێت، بۆیە ئەو شەوە تا بەری بەیان نەخەوت. تەنانەت لەو کاتانەیشی خەریک بوو خەوەنووچکە دەیبردەوە، ئەو هەر تەماشای میکرۆبەکەی دەکرد.

سبەینێی ئەو ڕۆژە دکتۆر چووە نەخۆشخانە بۆ دڵنیابوونەوە لە دۆخی میکرۆبەکە. دەیویست لە دۆخی چۆنیەتیی گەشەی میکرۆبەکە تێبگات و دڵنیا ببێتەوە. بەڵێ، میکرۆبەکە گەشەی کردبوو. هەندێک شت تێگەیشت کە لە خۆشیدا خەریک بوو باڵ بگرێتەوە. لەگەڵ هەمووانـدا دەکەوتە پێکەنـین و گـاڵتەـتەنـانەت لەگەڵ خزمەتکارەکانیشدا.

زۆرێک لە پیاوانی زانست لەوێ کۆ بوونەوە بۆ گرتنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکان لەسەر میکرۆبەکە بەردەوام بوون. کاتێکی باشیش لە بەردەستی پرۆفیسۆردا مابوو کە بتوانێت هەندێک تەلەگراف بنێرێتە دەرەوەی وڵات بۆلای هەندێک لە دکتۆرە ناسیار و هاوڕێ و هاوپیشەکانی. لەوێشەوە دەکرا ئەم کارە



Scanned with CamScanner

به جیهانی بناسێنرێت و کۆلێژەکەیشیان ناوبانگێکی جیهانی بەدەست بهێنێت. هەمووان بە ئەوینەوە کاریان دەکرد.

سێ دانە لە خوێندکارانی پسپۆڕیی چوونە ژوورەکەی پرۆفیسۆرەوە، لە خۆشییدا بیریان چوو تەقە لە دەرگاکەیش بدەن و مۆڵەت وەربگرن. هاتنە ژووری و لە ناو دڵەراوکێی خۆشی، هەر خەریکی پەنجەتەقاندن بوون. کاتێک بینیبوویان ئەو میکرۆبە ئەڵقەییە شێوەکەی خۆی گۆڕیبوو بۆ شێوەی درێژکۆلەیی و دەیانویست ئەوە بە دکتۆر ڕابگەیەنن. بۆیە گوتیان:

- شێوەی میکرۆبەکە گۆڕاوە لە فلانەوە بۆ فیسار.

ئەویش گوتی:

- ئادەی هەمووان بانگ بکەن.

هەموو هاتن و ژووری دکتۆر لەناو خوێندکار و پسپۆڕ جمەی دەهات. ئەوجا دکتۆر پرسیی:

- دۆخی نەخۆشەکەمان چۆنە؟

- ئیدی ئێشی نەماوە.

- ئەی چیی دیکە؟

- چاوەکانیشی کو... بوون و هیچ ناب...

دکتۆر دایە قاقای پێکەنین. بە شانازییەوە گوتی:

- تەواو. ڕێک ئەوەی کە خۆم گوتم. پێم نەگوتن ئەگەر لە ٤٨ سەاتدا نەشتەرگەریی بۆ نەکرێت چاوەکانی لەدەست دەدات. بەپێی ئەوەی کە پێریّ بەیانی دەستی بە ئازار کردووە، ئەوا دەبێت ئەم سەر لەبەیانییە کوێر ببێت. ڕێک ئەوەی کە خۆم پێشبینیم کردبوو. پێم نەگوتن؟

یەکێک لە خوێندکارەکان وەڵامی دایەوە:

- با.

- بێگومان ئەوەیە وەراستگەڕانی زانست. پێشتر هەواڵم پێ دابوون.



Scanned with CamScanner

پاشـــان دکتـــۆرەکە و خوێنـــدکارەکانیش بە دڵخۆشـــیی و ســـەماوە چوونەوە بەشـی چارەسـەری چـاو و لەسـەر میکرۆبە هـاوچەرخەکە دەستیان بە لێکۆڵینەوەکان کردەوە.

***



Scanned with CamScanner

# وای لە ئێمەی گرۆی گوێدرێژان

ئێمەی گرۆی گوێدرێژان جاری جاران بە زمانێکی دیکە دەدواین، زمانێک تایبەت بە خۆمان، وەک چۆن ئێوەیش زمانی خۆتانتان هەیە. ئەو زمانە دەوڵەمەند و شیرین بوو. ئاوازێکی مۆسیقیی سەرنجڕاکێشیشی هەبوو. قسەمان دەکرد و گۆرانیشمان دەگوت. نەماندەسەڕاند وەک ئەوەی ئێستا دەسەڕێنین، چونکە سەڕاند دواتر لەناوماندا تەشەنەی سەند. خۆتان دەزانن ئێستا دارونەدارمان بووەتە سەڕە—دڵخۆشی، دڵتەنگی، شایی و شینمان هەر سەڕەیە.

- بەڵام ئەو سەڕینە چییە؟ هیئا، هیئا.
- ئەوانە گوزارشتن لە دوو بڕگەی دەنگیی، یەکەمیان توند و ڕەق، دووەمیشیان بڵند—یەک لەدوای یەک دەر دەپەڕن.
- ئا ئەوە سەڕە سەڕە. تاقە وشەیەک کە لە زمانەکەمانەوە، زمانی گوێدرێژان، بە میرات ماوەتەوە. بەڵام خۆزگە ئەم زمانە چۆن ئا وەها بەم شێوەیە گەیشتووە؟
- ئایا بە لاتەوە گرنگە بزانیت چۆن ئەوە ڕووی داوە؟

کەواتە زۆر باشە. مادەم حەزتان لێیەتی، منیش بە کورتی بۆتانی دەگێڕمەوە. ترس لە زارمانەوە چووە ژووری و خۆی پێچا بە عەقڵمانەوە، ئیدی زمانەکەی خۆیشمان لەبیر چووەوە.

- لە دێر زەماندا، پیرە گوێدرێژێک بە تەنیا لە دارستانێکدا دەژیا. بە زمانی خۆمان چەندین گۆرانیی دەچڕی. پل و پووشیشی نۆشی گیان دەکرد. ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە دوورەوە بۆنێک گەیشتە لووتی. بۆنێکی نامۆ. بۆنی گورگ. گوێدرێژ سەری بڵند کردەوە و تەماشای کرد بۆنی گورگ دنیای تەنیوەتەوە. بەڵام بە خۆی گوت: "نا، بۆنی گورگ نایەت. کوا؟ هیچ بۆنێک نایەت!" جێی بە خۆی نەدەگرت و ئەملا و



Scanned with CamScanner

ئەولای بوو تا خۆی وا تێبگەیەنێت کە هیچ بۆنێک لەگۆڕێدا نییە، بەڵام تا دەهات لەگەڵ زیاتر نزیکبوونەوەی گورگەکەدا بۆنی گورگ پتر تەشەنەی دەسەند.
پیرەگوێدرێژ: "نا! ئەوە گورگ نییە. ناکرێت گورگ بێت." هەر خەریکی خۆقایلکردن بوو کە شتێک بە ناوی گورگەوە لەو دەوروبەرەدا بوونی نییە. بەڵام مەخابن بۆنی گورگ ئەو ناوچەیەی قان دابوو. بۆنەکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی گورگەکەدا چڕتر دەبووەوە.
ئەو لەوێ نزیک دەبووەوە و ئەمیش لێرە زیاتر لە هەوڵی خۆقایلکردندا بوو کە نەخێر، گورگ بوونی نییە و ئەوەی وا نزیک دەبێتەوە شتێکی دیکەیە و گورگ نییە.
- ئەوە گورگ نییە. ئیشەڵڵا گورگ نییە! گورگ لێرە چ کارێکی هەیە؟ چی داوە لەم ناوچەیە؟
پیرەگوێدرێژ هەر خەریکی خۆخەڵەفاندن بوو تا وای لێ هات دەنگێکی دەبیست کە هیچ حەزی لێی نەبوو. دەنگی چرپەی پێی گورگ خۆی خزاندە گوێچکەکانی.
- نەخێر ئەوە دەنگی پێی گورگ نییە. ناکرێت ئەوە گورگ بێت. شوێن نەماوە ئێرە نەبێت گورگ بۆی بێت؟! نا، نا، نایەت! باشە پێم بڵێن بۆچی دێت بۆ ئێرە؟!
گورگ نزیک دەبووەوە و دڵی پیرەگوێدرێژیش تەپەتەپی زیاتر دەکرد و چاوەکانی زەردتر هەڵدەگەڕان. سەرێکی هەڵبڕی، بینیی لە بناری کێوەکەوە گورگێک هەڵەداوان بەرەو لای دێت و پشتی خۆی کردووەتە تەپوتۆز.
- ئاهـ ئاهـ ئەوە گورگە یان من خەو دەبینم؟ لەوانەیە ئەوە ئەسپ بێت و من بە گورگی ببینم.
پاش ماوەیەکی کەم، لەناو دار و دەوەنەکەدا گورگێکی بینی. ئیشەڵڵا شتی وا ڕاست نییە. باشە ئەو نەفرەتییە شوێنێکی دیکەی شک



Scanned with CamScanner

نەبردووە ئێرە نەبێت؟ نا! چاوەکانم ڕەشکەوپێشکە دەکەن. وایان لێ کردووم ئەو شتەی کە دێت بە گورگ ببینم.

- کەمتر لە پەنجا مەتر مەودای نێوانیان مایەوە. دیسانەوە هەوڵی خۆخەڵەفاندنی دایەوە. هەڵیدایە و گوتی: ئومێدەوارم ئەوەی دەیبینم گورگ نەبێت. لەوانەیە ئەسپ، فیل یان هەر گیاندارێکی دیکە بێت. باشە ئەی بۆچی من هەموو شتێکم بە گورگ دێتە پێش چاو؟ خۆ هیچ گومانێکم نییە لەوەی ئەوە گورگ نییە، بەڵام ئەی بۆ کەمێک دوور نەکەومەوە؟

پیرەگوێدرێژ کەمێک خۆی دوور خستەوە و چاوێکیشی هەر لە پاشی خۆی بوو. دیتی وا گورگ بە دەمی داچەقیوەوە نزیکتر دەبێتەوە. ددانە سپییەکانی دەبریسکانەوە و لیک بە قەپۆزیدا دادەچۆڕی.

پیرەگوێدرێژ لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەنگاوەکانی خێراتر بکات، تا وای لێهات خێراترین خێرایی خۆی بەگەڕ خست. تا خۆی لەدەستی گورگی برسی قوتار بکات.

- ئاخ من چەندە بێئەقڵم، پشیلەم لێ بووە بە گورگ. هەر ئەوەیش نا، وا خەریکە لە تاواندا زراوم دەچێت. خۆ ئەوە گورگ نییە.

تا دەهات خێراییەکەیشی زیاتر دەکرد و، جار نا جارێکیش ئاوڕێکی خێرای دەدایەوە و بە خۆی دەگوت: "ئێ خۆ ئەگەر ئەوە گورگیش بێت، قەیچێکا! بەڵام ئیشەڵڵا گورگ نییە."

ئاوڕێکی دیکەیشی دایەوە و بینیی گورگ خوێن بەرچاوی گرتووە، دەمی داچەقاندووە و بە زمان دەمی دەلیسێتەوە.

- نا، نەخێر، ناکرێت ئەوە گورگ بێت.

کاتێک کە لوتی گورگ خشا بە پشتی پیرەگوێدرێژدا و بە کەڵبەکانی پێستی پیری پیرەگوێدرێژی دڕاند، هێز لە ئەژنۆیدا نەما. هەرچەندی هەوڵدا خۆی ڕابپسکێنێت و دەرپەڕێت، بەڵام تازە کەوتبووە ژێر باڵی ڕەحمەتی مام گورگەوە. بۆیە چاوەکانی نوقاند و گوتی:



Scanned with CamScanner

- من دڵنیام تۆ گورگ نییت. ختوکەی پاشووم مەدە. ڕاستیت دەوێت، حەزم لە ختووکەدان و سۆعبەتی چڕنووک و قەپ نییە.
گورگە ددانی بە پشتی پیرەگوێدرێژدا چەقاند و بەشی پاروویەکی لێ کردەوە. ئەوەیش خۆشترین پاروووە، وەک پێی دەڵێن: "ئەوە بەرکوڵەکەیەتی و بەرکوڵێ دەدات لە پلاوێ." پیرەگوێدرێژ ئازار گەیشتە ئێسقانی.
- ئاهـ ئاهـ خۆ ئەوە گورگ دەرچوو.
گورگە هەر پارچەی لە پیرەگوێدرێژ دەپچڕی و ئەویش تەنیا "ئاهـ هیئا، هیئا، هیئا، هیئا"ی لە دەم دەردەچوو.
- هیئا، هیئا.

ئیدی بەڕێزان! لە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژە شوومەوە، بە هیچ گوزارەیەکی دیکە بێجگە لە سەڕین، ناتوانین هەست و سۆزەکانمان دەرببڕین. تەنانەت ئەگەر بەهێزترین بیرۆکە یاخود تیۆرییمان لە زیهندا بێت، هەر ناچارین بڵێین: "هیئا! هیئا!" ئەو دوو بڕگە یەک لەدوای یەکە.
ئەگەر ئەو پیرەگوێدرێژ بەو جۆرە خۆی نەخاپاندایە[1]. ئەوا ئێمەیش ئێستا زمانی تایبەت بە خۆمانمان هەبوو. سترانمان دەچڕی، بەڵام ئاهـ لە ئێمەی گرۆی گوێدرێژان. هیئا. هیئا.

***

[1] خاپاندن: فریودان، خەڵەتاندن

- هاوڕێ! بەم تازەییيانە کیژێکی زۆر شۆخ و شەنگم ناسیوە.
- زۆر جوانە؟
- ئەوە چی دەڵێی! ئەوەتا تەماشای وێنەکەی بکە، بزانە چەندە شۆخە.
- بە ڕاستی شۆخ و شەنگە. دەی پارێزگاریی لێ بکە نەبادا لەدەستی بدەی.
- بەڵێ! بەڵێ. ناهێڵم لەدەستی بدەم.
- تۆ پێم بڵێ؟ خۆشەویستیی خۆیت بۆ دەردەبڕێت؟
- جارجارە ...
- زۆر چاکە، مادەم وایە هەوڵ بدە دڵی داگیر بکەیت.
- خەمت نەبێت! هەوڵی خۆم لەو بارەیەوە دەدەم.

---

- دەنگوباس چییە هاوڕێ؟ چی تازە هەیە؟
- وەڵڵا، همم، هەموو شتێک وەک خۆیەتی. ئا، ئەها ماوەیەک لەمەو بەر باسی ئەوەم بۆ کردیت کچێکی ناسک و جوانم ناسیوە!
- ئێهـ ئێ، ئێ!
- هاوڕێ! زۆرم خۆش دەوێ، وەک شێت خۆشم دەوێ. ناتوانم چرکەیەکیش لێی دوور کەومەوە. ژیان بەبێ ئەو ئەستەم دێتە پێش چاوم. بڕوا بکە دڵم کڵپەی دێ بۆی، کڵپە.
- ئەی ئەویش تۆی خۆش دەوێ؟
- نازانم!
- دەی بەڵکوو بتوانی خۆت بخزێنیتە دڵیەوە.
- بەڵام چۆن؟



Scanned with CamScanner

- مەگەر خۆت نازانی من لەم بوارەدا كولاوم؟ ئەمە هەر ئەو بوارەیە كە خوا منی بۆی دروست كردووە. هەوڵ بە لەنێو دیاری و گوڵدا نوقمی بكەی. ژنان شەیدای گوڵ و دیارین. بە تایبەتیش مێخەكی سوور. بێجگە لەوەیشی كە ئەم گوڵە نیشانەی ئاوەزمەندی و كەسایەتییەكی بەهێزە.

---

- نازانم چۆن سپاست بكەم بە ڕاستی.
- بۆ؟ چی بووە؟
- وەک ئەوەی تۆ گشت حەزەكانی بزانی. بە خوا تۆ ڕێک باسی ئەوت بۆ كردبووم. هەستەكەم ئیدی بە چاوی خۆشەویستییەوە لێم دەڕوانێ. توو خوا پێم بڵێ دوای ئەوە چی دیكە بكەم؟ دە پێم بڵێ!
- پێكەوە بڕۆن بۆ سینەما، بەڵام دەستم دامێنت، نزیكی فیلمی بەرزونزم نەبنەوە. هەوڵ بدە گشت فیلمەكان لە دەوری ڕووداوی كۆمیدی و تراژیدی و ئەو بابەتانەدا خۆیان ببیننەوە. كاتێكیش لە دەرگای سینەما هاتنە دەرێ، بچنە شیرینیفرۆشێک و بانگێشتی بكە بۆ خواردنی شیرمۆزێكی تازە. بێگومان چەند پارچە شوكلاتەیەكیش دەبێت لە گیرفانتدا بێت.

---

- دوێنێ چووین بۆ سینەما. لە كاتی فیلمەكەدا چكلێتم دایێ. دوای ئەوەیش بانگێشتی "شیرمۆزی تازە بە كرێمەوە"م كرد. بە ڕاستی هاوڕێ تۆ زەوقێكی جوانت هەیە. باشە پێم بڵێ، ئامۆژگاریی تۆ چییە؟ ئەگەر ئێمە ئەم كۆتاییی هەفتەیە چووینە ناوچەی "بویوک ئادا" كە دوورگەیەكی سەرنجڕاكێش و جوانە، پێت باشە لەوێ چی بكەم؟
- لە ڕوانگەی ئەزموونی خۆمەوە دەتوانم هەندێک شتت پێ بڵێم. بۆ نموونە، سواری گوێدرێژ بن. بچنە كەناری دەریاكە و كەمێكیش سەما بكەن، بەڵام وریابە سەما لەگەڵ كچی دیكە نەكەی.
- ئاخ هاوڕێكەم. ئاخ، ئەگەر دەمتوانی دڵی بەدەست بهێنم.

- دلنیابە ئەگەر ئەوانەی من پێت دەڵێم وەک خۆیان بیانکەی، بەدەستی دەهێنی.
- بەو خوایە نازانم چۆنت سپاس و پێزانین بۆ دەربڕم.
- ئەستەغفیروڵلا ، ئەوە چی دەڵێی! خۆ من هیچم نەکردووە ئەوە نەبێت کە ئەزموونی خۆمت پێشکەش دەکەم. سا بەڵکو سوودێکی لێ ببینی.

---

- هێو، پێم بڵێ، هەفتەی ڕابردوو خۆشتان ڕابوارد؟
- بەڵێ. ڕۆیشتین و کەیفیشمان کرد، بەڵام، ئێستایشی بەدەمەوە بێت نەمتوانیوە هیچی لێ بەدەست بێنم.
- وتی مێردی هەیە و .. ئیدی هەموو هەوڵەکانم بوونە تۆزی بەر با.
- ئەی پێی نەگوتی کە مێردەکەی خۆش دەوێت یان نا؟
- بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو وەک گوێدرێژ باسی پیاوەکەیی دەکرد. گوایە نازانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات و نازی بکێشێ.
- ئای کە خاتوونێکی داماوە. ئەی باشە بۆچی لێی جیا نابێتەوە؟
- جارێکیان سووچێکی بابەتەکەی هەڵدایەوە و گوتی: "ئەگەر بمتوانیایە پشت بە تۆ ببەستم و متمانەت پێ بکەم، ئەوا لە مێردەکەم جیا دەبوومەوە. بە ڕاستی نازانم چی بکەم! سەرم لێ شێواوە".
- لێی جیا مەبەرەوە. ببە بە دۆستێکی دڵسۆز و پشتیوانێکی بەوەفا بۆی.

---

- چی بوو؟ چیتان کرد؟
- هەر مەپرسە. تا ئێستایش تاقە ماچێکم نەکردووە. زۆر زۆر شەرمنە، بەڵام هیچ گومانم لە خۆشەویستییەکەی نییە بۆم.
- هەوڵ بە زیاتر دیاریی پێشکەش بکەی. هەر نوقمی کە، نوقم لەناو دیارییدا. بۆنی خۆش و شاهانەت بیر نەچێ. بە تایبەتی براندی

"سکاندال." بیرم کەوتەوە، کوتاڵی شینی ئاسمانییشی بە دیاری بۆ بەرە.

- ئەی ئەگەر مێردەکەی بە کارەکەی زانی؟ ئەوسا چی؟

- ئەو لەکوێوە دەزانێ؟ مەگەر خۆی ناڵێت مێردەکەی گێلوویلە؟ ئەگەر حەزیشت لێیە، دەتوانم لەگەڵت بێم بۆ کڕینی قوماش و کوتاڵی جوان.

- زۆر باشە. بە زووترین کات با بڕۆین.

---

- دەنگوباس چییە؟

- خۆش دەگوزەرێ، لەخوا بەزیا بێ.

- دەزانی کاتێک شووشە عەترەکەم دایە دەستی، گوتی: "واو! زۆر سپاس. ئەوە دڵخوازترین بۆنە لای من!" کاتێکیش قوماشەکەم پێشکەشی کرد. بڕوا بکە، لەخۆشیدا، خەریک بوو لە پێستی خۆی دەچووە دەرێ. بەڵام هێشتایش هەردووکمان وەک هەرزەکار مامەڵە دەکەین.

- دەی هەوڵ بە هێندێک لە شیعرەکانی "یەحیا کەمال"ی بۆ بخوێنیتەوە. پێیشی بڵێ، "من دڵم پێتەوەیە و حەز دەکەم دوای جیابوونەوەت لە مێردەکەت، بتکەمە هاوسەری خۆم."

---

- ئەوە تەمەنێکە نەمبینیویت! بۆچی دەرناکەوی؟ لەکوێی؟

- سەرقاڵی دنیام هاوڕێ گیان. ئەو خاتوونەی کە بۆم باسکردی، وا لە مێردەکەی جیا بوویەوە.

- ئەی تۆ مارەی دەکەیت؟

- بێگومان. ئەی بۆچی نا!

- دەی باشە، بەڵام خێراکە و دەستوبرد بکە تا کەسێکی تازە نەهاتووەتە نێوانتانەوە.

---



Scanned with CamScanner

- باوەرت هەبێت نازانم چۆن سپاست بکەم؟

- دوێنێ هاوسەرگیریمان کرد، بڕوا بکە قەرزارتم، قەرزاری ئەو دلخۆشییەم.

- بەو خودایە منیش نازانم چۆنت پاداشتت بدەمەوە، چونکە منیش دوێنێ لە خێزانەکەم جیا بوومەوە.

***



Scanned with CamScanner

# گوربە دڵخۆشەکە

لە پێشـانگایەکی نیگارکێشـاندا، کۆمەڵێـک دۆسـت و ئاشـنا یەکمـان بینیـیەوە، نیگارکێشـەکەیش خـاتوونێکی ناسـراو و بەناوبـانگی دەوروپشتی خۆمان بوو.
لە سەروبەندی گفتوگۆی گەرمدا، ئەم ڕەخنەی لە فلانەکەسی هاوڕێی دەگـرت و ئەو تـوانجی لە فیسـارە بـڕادەری دەدا. هەر لەم سـەروبەندەدا، خـاتوونە هونەرمەنـدێکی دیکە پـڕی دایە و گـوتی:
"هاوڕێیان، دوێنێ شەو خەونێکی سەیرم دی ..."
یەکێک لە شاعیرەکان پێی بڕی و گوتی: "خەونێکی ناخۆش بوو؟"
- نازانم! بەڵام تۆ بڵێی کەس بتوانێ بۆمی لێک بداتەوە؟
هونەرمەند دەستی کرد بە گێڕانەوەی خەونەکەی:
- خەریک بووم لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا بە پێ دەڕۆیشتم. یەکێکیان لە کار دەگەڕایەوە و دانەیەکی دیکە بۆ کار دەڕۆیشت، بەڵام من هەر لەوێ بوو. وا دیار بوو بۆ شوێنێک دەڕۆیشتم. لەپڕ دەنگی یەکێکم بیسـت گـوتی: "مـن ...!" تێکـڕا هەمـوو چـووین بەرەو سـەرچاوەی دەنگەکە، لە کاتێکدا یەکێک لە هاوڕێکانی درێژەی بە قسەکەی ئەو داو گوتی: "پێتان دەڵێم: هەر کەس لە جێگەی خۆی بوەستێت." ئێمەیش وەستاین...
یەکێک لە پەیکەرتاشەکان پرسی: "بۆچی ڕاوەستان؟"
خـاتوونی خەودیتـوو گـوتی: "جا چووزانم بـۆچی وەسـتاین؟ گرنـگ ئەوەیە وەسـتاین. مەگەر نەم گـوت ئەمە تەنیـا خەونە؟" خـاوەنی دەنـگەکە دەسـتی کـردەوە بە قسـە و گـوتی: "هەر کەس لە ئێـوە بـازنەیەک بە تەباشـیر بەدەوری خۆیـدا بکێشـێت." هەنـدێکمان تەباشـیرمان بە دەسـتەوە نووسـا و یەکـی بازنەیەکمـان بەدەوری



Scanned with CamScanner

خوماندا کیشا. بەڵام یەکێک لە ئامادەبووان تەباشیری پێ نەبوو، گوتی: "دەی خۆ من پێم نییە. پێم ناڵێن من دەبێ چی بکەم؟" وەڵامی درایەوە: "ئەوەی تەباشیری پێ نییە، با بە پێنووسەکەی بیکێشێت."
ئەوە بوو هێندێک بە قەڵەم و هەندێکیش بە جاف و هەندێک بە قامیش بازنەی خۆیان تەواو کرد. بەڵام من سەروژێری جانتاکەم بەیەکدا دا، هیچ پێنووسێکم بۆ پەیدا نەکرا. لە بەختی باشی منیش، تەنیا نەبووم، خەڵکێکی دیکەیش هەبوون کە هیچ شتێکیان شک نەدەبرد ... نازانم بۆچی ترسێک خۆی خزاندبووە دەمارەکانمەوە. لە ترساندا وەک شۆڕەبی بەر ڕەشەبا هەڵدەلەرزیم. یەکێک لە هاوڕێکانم کە ئەویش قەڵەمی پێ نەبوو، بە کابرای خاوەنی دەنگەکەی گوت: "دەی خۆ ئێمە قەڵەممان پێ نییە! چی بکەین؟"
وەڵامی دایەوە: "ئەوەی قەڵەمی پێ نییە، با بە خۆی بازنەکە بکێشێت!"
منیش پاژنەی پێم کردە چەق و بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە تا وێنەی بازنەیەک دروست بکەم.
یەکێک لە ئامادەبووان گوتی: "باشە پێم بڵێ، بۆچی بازنەتان دەکێشا؟"
- ئەوە چ پرسیارێکە؟ مەگەر من نەمگوت ئەوە تەنیا خەونێکە؟
یەکێکی دیکە لە هونەرمەندەکان گوتی: "زۆر کات خەونەکان پەیوەندییان بە واقیعیشەوە نییە!"
بەم چەشنە لەبارەی خەون و واقیعی خەونەوە مقۆمقۆ کەوتە نێو ئامادەبووانەوە.
لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەنجامێکی بەسوود، ئەویش خەون شتێکی نالۆژیکییە و هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە.
- پاش ئەوەی گشت لایەک وێنەی بازنەی خۆی کێشا، خاوەنی دەنگەکە داوای لێ کردین کەس لە بازنەکە نەچێتە دەرێ. بەم شێوەیەیش لەنێو بازنەکاندا بەند بووین.



Scanned with CamScanner

یەکێک لە شاعیرەکانمان گوتی: "ئایا ناتوانن لێی بێنە دەرێ؟"
وەڵام درایەوە: "نەخێر، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن."
- ئەی بۆچی؟
- براکەم! بۆ تێناگەی؟ قەدەغەیە، قەدەغە. تێگەیشتی؟
یەکێک لە پەیکەرتاشەکان خۆی پێ نەگیرا و گوتی: "ئەوە زانیمان قەدەغەیە، بەڵام بۆچی؟"
خاتوونی خەوندیتوو پێشی خواردبووەوە لە تاو پرسیاری ئامادەبووان و دانێکی بە جەرگدا نا. ئینجا بەکاوەخۆ گوتی: "ڕۆحەکەم، دەی خۆ پێم گوتن ئەمە تەنیا خەونێکە. مەگەر لە جیهانی خەوندا یاسای هۆ و ئەنجام کار دەکات؟ ئابەم شێوەیە لەنێو بازنەکاندا ماینەوە."
- باشە، بەڵام خۆ تۆ بازنەت نەبوو؟
- ئایا لە هەوادا بیکێشم؟
- بەڵام خۆ نابینرێت، سنوورەکەیشی دیار نابێت.
- ناتوانم لێی دەرچم، بەڵام چۆن؟ خۆیشم نازانم!
- بۆچی نابێت لە بازنەکەت دەرچی؟ بەربەستەکە چییە؟
- لەبەر ئەوەی هیچ کەس لە بازنەکەی دەرنەدەچوو، هەموو چاوەڕێ بووین.
- بەڵام بۆچی؟
- ئاهـ ئۆف، ئاخ، بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟ ئەمە پەنجایەمین جارمە بیڵێمەوە: ئەمە تەنیا خەونێکە، خەون.
- ئای ببورە توو خوا!
- زۆرم حەز دەکرد بازنەکە بسڕمەوە و قوتار بم. چەندین جاریش دەستم درێژ کرد، بەڵام نەڕەی سەرپەرشتیارەکە خێراخێرا موچڕکی بە گیاندا دەهێنام. "هیچ کەس بۆی نییە بازنەکان بسڕێتەوە. دوایی گلەییی خۆتان لەسەر خۆتان." بەم شێوەیە بوومە بەندی دەستی خۆم.



Scanned with CamScanner

یەکێک لە شانۆکارەکان گوتی: "بەڵام تۆ هەر لەسەرەتاوە نەدەبوو بازنەکە بکێشی."

- تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام خۆ من تەنیا دیلێک نەبووم لەنێو بازنەی خۆیدا، چەندینی دیکەیش لەوێ بوون. زۆرم دڵ بەو کوڕە سووتا کە دەیگوت: "وا من بیست ساڵە شەلەل لێی داوم و ناتوانم لەجێی خۆم تەکان بخۆم، بەڵام ئێستا ئەم بازنەیە هەست و شعورێکی لە دەروونمدا هەڵتۆقاندووە کە دەمەوێ خۆم لەم بازنەیە ڕزگار کەم."

- بەڵام تۆ کە شەلەل لێی داوی، ئیدی جووڵەی چی؟ دەرچوونی چی؟

- وەک گوتم، ئەو کاتەی کە بەند بووبووم، وام هەست دەکرد دەتوانم بە پیادەڕۆیی لەو بازنەیە بێمە دەرێ، تەنانەت بە ڕاکردنیش ئەگەر ڕێگەمان بدات بازنەکە بسڕینەوە.

- کشامەوە دواوە، دیتم وا ژنێک لەپشتمەوە نووستووە. لێی ورد بوومەوە، دیتم ڕۆحی تێدا نەماوە. بەڵێ، بەبێ ڕۆح. ئەوەی سەیر بوو، ئەوە بوو قسەی دەکرد! دەیگوت: "ئاخ ئەگەر ئەم بازنەیە نەدەبوو، دەچووم و کەمێک هەوای شانم بەبا دەدا."

لێم پرسی: "باشە ئەوە کەی عەقڵ دەیبڕێت، تۆ مردوویت و قسەیش دەکەیت؟!"

وەڵامی دامەوە: "هەر ئەو کاتەی کە مردم، ئیدی بڕستی سەردان و گەڕانیشم نەما. بەڵام لەوەتەی هاویشتوویانمە ئەم بازنەیەوە، دیسانەوە حەزی گەڕان و سەردانم تێدا ڕوواوەتەوە. ئاخ ئەگەر ئەم بازنەیە نەدەبوو، منیش وەک ئێوەی زیندووان بۆ خۆم دەهاتم و دەچووم، سەردانی شوێنانم دەکرد."

ئاوڕێکم لەدواتر دایەوە، دیتم وا تازەلاوێکی ئیفلیج دەڵێت: "خۆزگە یەکێکتان ڕادەپەڕین و دەهاتن خەتی بازنەکەمتان دەسڕییەوە و منیش لەم بەڵایە ڕزگارم دەبوو."



Scanned with CamScanner

پێم گوت: "خۆ تۆ هیچ کوێت کار ناکات، ئیدی چۆن ئەم بازنەیەت کێشا؟"
وەڵامی دامەوە: "ڕاستەکەی، بەڵام خۆ من ئەم بازنەیەم بە دەستم نەکێشاوە، بە سەرم کێشام، سەرم. ئەوەیشی کێشام تەنیا بازنەیەک بوو."
- گشتمان لێرە گوت و بەندی بازنەکانی خۆمانین. هاتین و بە قەڵەم، دەست یان تەنانەت بە سەریشمان کێشامان و ئێستایش تێیدا دەستەپاچە بووین. ناتوانین لێی بێینە دەرێ.
هەموو هەر ئەم قسانەیان دووپات دەکردەوە. لەم باسوخواسانەدا بووین، تاریکی شەو باڵی بەسەرماندا کێشا.
- یان من شێت دەبم یاخوود یەکێک بێت و قوتارمان بکات.
لەناکاو دەنگێک ڕایچڵەکاندین: "ئاخ ئەگەر یەکێکتان لە بازنەکەتان دەردەپەڕین، ئەوا منیش دووەم دەبووم.
ئا بەم شێوەیە هەر خەریکی گوتنەوەی ئەو دەستەواژە و ڕستانە بووین. دەنگەکان بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوە. بەڵام سەرباری ئەو گشتە هاوار و ناڵەیە، تەنانەت یەک کەسیشیان نەیانتوانی دەرپەڕن و بڵێن، "من ئەو کەسەم کە دەبێت یەکەم کەس بچێتە دەرێ."
دنیا بەتەواوی تاریک بوو. ئێمەیش هەر لە بەندینخانە خۆکردەکەماندا مابووینەوە.
هەر لەو ساتەدا پشیلەیەکی چاوبز، چاوەکانی دەبریقانەوە، خۆی دەکرد بەنێوان بازنەکانماندا، کەسیش نەبوو پێی بڵێ، "ئەوە تۆ بۆ کوێ دەڕۆی؟ یان چی دەکەی؟"
منیش بە خۆمم گوت: "ئای بریا منیش پشیلەیەک بوومایە. وای لەو گوربەیە چەندە دڵخۆشە." هەموو بەندیەکان ئیرەییان بە ئازادیی ئەو پشیلەیە دەبرد.



Scanned with CamScanner

- ئەو پشیلەیە چەندە زیرەکە، وەک ئەوەی بزانێت ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە...

- زۆر بێزار بووم لەدەستی ئەو گوربەیە. هەر لەو ساتەیشدا لەخەو راپەڕیم، هەموو گیانم یەکپارچە ببوە ئارەقە.

ئیـــدی کە لە گێـــڕانەوەی خەونەکەی بـــووەوە، خـــاتوونە هونەرمەندەکەمان گوتی: "ئەوجا ئێستا کێ دەتوانێت ئەم خەونەم بۆ لێک بداتەوە؟"

یەکێـک لەوانەی کە خۆیـان بە شـت دەزانـی، گـوتی: "کاتێـک مـرۆڤ ناتوانێـت لەسـەر ڕێگەیەکـی مرۆڤـانە و چـاک سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێت، ئەوا ناچارە چاو ببڕێتە ئازادیی پشیلەیەک. هەرچۆنێک بێت، من هەموو ئەو شتانە دەنووسمەوە کە گوتت."

هونەرمەندە بێزارەکە گوتی: "ئینجا بۆچی دەیاننووسیتەوە؟"

پەیکەرتاشەکە گوتی: "بەڵکو یەکێک لە خوێنەرەکـان، هێندە بوێر بێت بتوانێـت خـۆی لە بـازنەکەی ڕزگـار بکـات. ئیـدی ئەوسـا دەبێـتە ئەو کەسەی ئێوە بۆی دەگەڕان و دێت ڕزگارتان دەکات.

***



Scanned with CamScanner

سەردانی هەموو نووسینگە و مارکێتەکانی بەبێ هەڵاواردن کرد، تاقە وەڵامێک کە وەری گرت: "ناونیشانەکەت دانێ، کە پێویستمان بوو، پەیوەندیت پێوە دەکەین." لەو کاتەیشی بەرەو ماڵێ دەگەڕایەوە، یەکەم قسە کە ژنەکەی دەیکرد: "کارت پەیدا کرد؟"

لەم ڕۆژانەدا، کار و ئیش پەیداکردن کەوتووەتە قورگی شێرەوە. بەڵام ژنەکەی هەمیشە قومبەلەبارانی دەکرد: "باوەڕت هەبێ تا ئێستا پیاوی گێل و گەمژە و کەمتەرخەمی وەک تۆم نەبینیوە، تۆ هەر بەقەد کوللەیەکی باڵقرتاو متمانەت بە خۆت نییە."

- یەکێک لە دۆستەکانم بەڵێنی داوەمێ سبەی هاوکاریم بکات.
- بە چی هاوکاریت بکات؟ ها؟
- بە دۆزینەوەی کارێک، گیانەکەم.

ئەو پیاوە فریشتەیە، لەسایەی ژنەکەیەوە دروزنێکی عەیارە ٢٤ی لێ دەرچووبوو.

- ئەی ئەوە چ کارێکە، پێم بڵێ؟
- کارێکی خۆش و چاکە.
- تێگەیشتین، بەڵام کارەکە چییە؟
- کارەکە بە قاچ دەکرێت. پیاوەکە دەبێت لەجێگەکەی خۆیدا دانیشێت.
- ئەوە چ کارێکە کە خەریکە لە خۆشییدا گەشکە دەکەی؟
- کاری بەرگدرووی.
- ئەی چەندەت دەداتێ؟
- ٣٠٠ لیرە.



Scanned with CamScanner

قسە و پرسیارە سوفستاییەکانیان هەروا چەند سەعاتێک درێژەی کێشا.

بۆ ڕۆژی دواتر، لە مێردەکەی پرسی:

- دەستت بە کارەکە کرد؟

- وەڵا ڕۆیشتم، بەڵام لە بەختی ڕەشی من، ئەمشەو خێزانەکەی مردبوو ... خوا لێی خۆش بێت. ئیدی مەگەر لای چوارشەممە و پێنجشەممەوە دوکان بکاتەوە.

- چوارشەممە و پێنجشەممە! درۆ لەسەر درۆ بەردەوامە، تەواوبوونیان بۆ نییە.

ڕۆژێکیان، وەک دەڵێن: ئیدی پەتی سەبری قرتا، گوتی: "بێزار بووم لەم تەوەزەلییەی تۆ، سا بەو خودایە، ئەگەر کار نەدۆزیتەوە، چیدی ناگەڕێمەوە ئەم ماڵە."

پیاوی داماو هەر ئەو ڕۆژە ناونیشانی خۆی بردە پتر لە پێنج شوێنکار تا بەڵکو کارێکی دەست بکەوێت. دەمی ئێوارە گەڕایەوە ماڵ و توند لە دەرکاکەی دەدا: "مزگێنی، مزگێنی ژنەکە. کارم پەیدا کرد و یەکسەرەیش دەستبەکار بووم."

- ژنەکە دەرگاکەی کردەوە و دڵخۆش بوو بە پیاوەکەی. پیاو ویستی باسی کارەکەی بۆ بکات، بەڵام ژنە بە یەک ڕستە مەسەلەکەی براندەوە و گوتی:

- دەی خۆشەویستەکەم، خێراکە بنوو با سبەی زوو خەبەرت بێتەوە.

بۆ سبەی، ژنە خەبەری کردەوە و بە قسەی خۆش ڕەوانەی سەر کارەکەی کرد، بەڵام ئەو داماوە هەر لەسەر شەقامەکان بەشوێن کاردا دەگەڕا. ئێوارەیش کە گەڕایەوە، وەک گشت پیاوان دەستی کردبوو بە نەڕەنەڕ.



Scanned with CamScanner

ئەم ژیانە پڕ لە کەیف و سەفایە، ٢٥ ڕۆژ درێژەی کێشا، بەڵام ئەو قوڕبەسەرە تا دەهات پتر دڵەڕاوکێ سەرتاپای دەتەنییەوە کە نزیکی وەرگرتنی مووچە دەبوونەوە.
ژنەکەی وا تێگەیشتووە کە سەری مانگ سێسەد لیرە دێتە دەستیان. بۆیە جوانترین شێوازی خەرجکردنی پارەکەی دۆزیوویەوە. زیاتر لە شەش تا حەوت لاپەڕەی ڕەش کردبووەوە تا هێندەی پارەکە کەلوپەلی بۆ کڕین دۆزیبووەوە.
پێی گوت: "منداڵەکان هەڵگرە و بڕۆنە ماڵی دایکت، لە یەکەم ڕۆژی مانگدا بێنەوە."
- ژنی داماویش منداڵانی کۆکردنەوە و ڕۆیشتن.
پیاوە پاڵەوانەکەیش بڕیاری کۆتایی دابوو کە دەست بداتە دزی. شەوی سەری مانگ بە دەوروپشتی شوقەکاندا هەر دەهات و دەچوو. گڵۆپی ماڵی بەئامانجکراو کوژایەوە. لە نهۆمی سەرەوە، ئەو ماڵە وا ڕاهاتبوون هەمیشە لەو ساتەدا بچنە دەرێ. ئیدی یان بۆ سینەما، یاخود بۆ پیاسەی شەقامی چلچرا.
پلانێکی چاک و بەختێکی باش یەکیان گرتبوو. دەیتوانی بەبێ ڕووبەندیش بچێتە ژورێ. ماڵەکە کەسی لێ نەبوو. بە دیواری باخچەکەدا هەڵزنا، دەستی گرت بە پەنجەرەکەوە، پەنجەرەیش کراوەتەوە، پێویست بە شکاندن یان هیچ شتێک ناکات. بڕوانە ئەو بەختە باشە! بەوپەڕی ئاسوودەییەوە چووە نێو شوقەکەوە، وەک ئەوەی خۆی خاوەنی بێت. شوقەکە هیچ شتێکی تێدا نەبوو بێجگە لە شتانێک کە بۆ دزی یەکاویەک بوون. یەکێک لە سندووقەکانی کردەوە، دوو فنجانی گرانبەهای هەڵگرتن. تاکەکان پڕ بوون لە پۆشاکی تازە و ئوتووکراو. دەستی کرد بە گیرفانی یەکێک لە چاکەتەکاندا، جزدانێکی بەدەستدا هات کە کردیەوە، چاوەکانی ئەبڵەق بوون. خۆ هیچ جۆرە پارەیەکی تێدا نەبوو بێجگە لە پەنجایی و

سەدی. ئیدی پێویستی نەبوو بچێتە ژووری نووستن، لەوێ سێسەد لیرەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دەستی کرد بە نووسین:
- "بەڕێزەکەم...هاتمە شوقەکەتانەوە بە مەبەستی دزی، پێویستم بە ٣٠٠ لیرەیە، کە پارەکەم هاتەوە دەست، بێگومان بۆتی دەگەڕێنمەوە."
بێدەنگ لە شوقەکە چووە دەرێ وەک چۆن هاتبووە ناویەوە. بەم شێوەیەیش پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە ناخۆشیی و نەگبەتی لە ژنە دەممقەستەکەی رزگاری دەبێت.
گەیشتەوە نزیکماڵەکەی خۆی، بینیی گڵۆپی ماڵەکەیان داگیرساوە. سەری سوور ما! خۆ خێزانەکەم لەماڵی دایکێتی. دەرگای کردەوە و نەیکردەوە، یەکێک بە دەمانچەوە: "دەستت هەڵبڕە و فزە نەکەیت هێو."
یەکێکی دیکەیان لێی نزیک بووەوە و گوتی: "ئەی کابرای بێکەڵک. وا دوو سەعاتە لێرەین، یەک شت چییە لە ماڵەکەتدا نییە بەکەڵکی دزی بێت!"
ڕووتیان کردەوە و برە پارەکەیان لە باخەڵی دەرهێنا و ڕۆیشتن.
خۆر هەڵهات و کابرای خۆشی‌لەدنیانەدیو، هەر خەریکی دوورینی درۆ لەدوای درۆ بوو. بەشکوو دەرەقەتی ژنە دەمهەراشەکەی بێت. تەقەی دەرگا هات. لەوانەیە ژنەکەی بێت. بەدەم لەرزەوە دەرگای کردەوە، بەڵام شتێک بوو کە ئەم هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە. پۆلیس و دوو دزی دەستبەسەر. چاوەکانی لەخۆشییان فرمێسکیان تێ زا. پۆلیس: "پارەکە هیی تۆیە؟"
- چی بڵێم خوایە؟ خۆ منیش خۆم دزم...
ئەم دوو بێ‌ئەقڵە، دانیان بەوەدا نابوو کە بە تۆپزی هاتوونەتە ماڵەکەیەوە و ئەم پارەیەیش بووە بەشی خۆی خێزانەکەی.
- بەڵام ئەی تۆ ئەم پارەیەت لەکوێ بوو؟
کابرا ڕەنگی پەڕی. بوو بە بەهێ، یان زەردێنەی هێلکە. خودایە چیی وەڵام بدەمەوە؟



Scanned with CamScanner

ئەوان دەیانزانی کە ئەمیش دزە.

- بەڕێزەکەم، ئەم پارەیەی تۆ ساختەیە.

هەر کە ئەوەی بیست، هێزی ئەژنۆی بڕا.

پۆلیس داوای لێ کرد کە لەگەڵیاندا بۆ بنکە بچێت.

***



Scanned with CamScanner

## ڕقم لە ماستاوە

هاتە ناو ئەو ناوەندە ڕۆژنامەوانییەی کە من کارم لێ دەکرد. ئێمە لەوێ نزیکەی نۆ ڕۆژنامەوان بووین. ئەوەیش یەکەم جار بوو بیبینم. ئەوەی پتر تووشی سەرسوورمانی کردم، گشت هاوڕێیان بەرزەپێ هەستانەوە. منیش لە خۆمەوە وەک ئەوان ڕاست بوومەوە. یەکێکیان سیخورمەیەکی تێژەنیم، گوتی: "وریا بە، ئەوە کازم بێگە."
زۆر ترسام. تەنانەت وا بزانم دڵم لەژێر کراسەکەمەوە دەرکەوتبوو هێندە خێرا لێی دەدا. جا ناهەقمە؟! ئەو ملیۆنێرەی کە خاوەنی لایەک لەم ناوچەیەیە، هەر خۆیشی خاوەنی ئەم ناوەندە ڕۆژنامەوانییەیە.
کازم بێگ بە بەرزترین دەنگی خۆی قیڕاندی: " دانیشن."
هەموو دانیشتن وەک گوێڕایەڵیی فەرمانەکەی بێجگە لە کاک شەوقی، ئەو هەر ڕەپ ڕاوەستابوو. پێویستە بگوترێت کاک شەوقی، بەڕێوەبەری چاپ بوو.

- وەرە دانیشە، زۆر کەیفم بە ماستاو نایە.
- بەسەر چاو ئاغام. مادەم ئەوە ویستی جەنابتانە.

بەڵام هێشتایش وەک قامیشی وشکهەڵاتوو ڕەپ و قنج دەتگووت ژمارە یەکە و لەمسەر و لەوسەرەوە ڕاتکێشاوە. هەردوو دەستی خستبووە سەر ورگی و ملی بەلای ڕاستدا خستبوو وەکوو کۆیلە.
شایەنی باسە کازم بێگ زۆری بێز لە ماستاو و ماستاوچییان دەهاتەوە. هەر بژی بۆ ئەو سیفەتە جوانەی.
لە دەموچاوی شەوقی ئەفەندی ورد بوومەوە، بەبێ ئەوەی ئەو ئاگای لێم بێت، چونکە ئەو سەقاڵی سەرلەقاندن بوو وەک سەرسامی بە قسەکانی کازم بێگ. هەر بەوەیش کۆڵی نەدەدا، لەبەر خۆیەوە

قسەکانی دەگوتەوە، "بەڵێ، ئەوە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی هەر یەکێکمانە."
کازم بێگ نەڕاندی: "گوتم لە جێگەی خۆت دانیشە."
- بەڵێ، گەورەم. ئەوە دەکەم کە ئێوە فەرمانی پێ دەکەن.
بەڵام ئەو چەورەیە، ئێستایش و ئێستایش دانەنیشت.
باشە ئەو گشتە ماستاوچێتییە لەکوێوە دێنێت؟ کازم بێگ بەسەریدا هاوار دەکات و دەڵێت: "من حەزم لە ماستاو نییە." کەچی ئەو ملی خوس کردووە و دەستی لەسەر سکی داناوە و هەر زیکری "بەڵێ، گەورەم" و "فەرمانتە ئاغام" دەڵێتەوە. ئاخ ئەگەر من لە جێی ئەو دەبووم، هەرچی ئێسکی هەیە تێکم دەشکاندن و دەمقیراند بەسەریدا: "باشە هەی ناکەسبەچە، ئەوە تۆ بۆ دانانیشی؟"
ئەم جارەیان کازم بێگ سوور داگیرسا، پڕماندی بەسەریدا: "باشە ئەوە تۆ بۆ دانانیشیت؟ من نە چەورەیی و نە چەورەکەران، هیچیانم خۆش ناوێن. دەی دانیشە و کارەکەت بکە."
دیسانەوە دەستی کردەوە بە تەسبیحات و زیکری "بەسەر چاو، گەورەم. فەرمانت سەر گلێنەمە. تۆ چی بڵێیت ئەوەیە." کەچی هەر وەک ژمارە یەک بە زەویدا داچەقیبوو.
کازم بێگ لەم کارە بێزار بووبوو، تەنانەت بە بۆنەی ئەو بێئەقڵەوە توانای قسەکردنیشی لەدەست دابوو. بۆیە بڕیاری دا شێوازی ئاخاوتنەکەی بگۆڕێت: "عەزیزەکانم، فەرموون دانیشن. تکایە ئازاری خۆتان مەدەن. زۆر سپاس بۆ دانیشتنتان."
شەوقی وەڵامی دایەوە: "ئەستەغفیروڵڵا، گەورەم. شانازی بەو ئازارەوە دەکەم لە خزمەتی جەنابتا تووشم ببێ. ئومێدەوارم هیچ بێڕێزییەکم لە خزمەتتا نەکردبێ."
شەوقی بێگ نەیتوانی خۆی بگرێت و یەک قاقای قەڵەوی لە زار دەرپەڕی، قاقایەک پڕ لە گاڵتە و گەپ، ئینجا گوتی: "ناوی بە خێرت شەوقی بوو، وا نییە؟"

- بەڵــی، گەورەم. ئەســتەغفیروڵلا. شــتێکم نەکــردووە. تکــا دەکەم، گەورەم.

لە ناوەوە خەریک بوو دەتەقیمەوە. هێزێک لە دەروونمەوە پاڵی پێوە دەنام و بچم بینی بگرم تا ئیتر نەتوانێت ئەو زیکرانە بخوێنێت و بۆ هەمیشە بێدەنگی بکەم.

شــایەنی باســە کە زۆرێــک لە هــاوەڵان هەر بەو چەشــنە باســی شــەوقییان دەکــرد. ئەو کاتەیشــی کە لەوێ دامەزرام، چەن مانگێــک واژووی دامەزراندنەکەمی دوا خست.

- بۆچی دانانیشیت براکەم؟

- ئەســتەغفیروڵلا گەورەم، دانیشــتن لەخزمەتــی ئێــوەدا بێئەدەبیــیە. ئەگەر بە پێــوە بــم، پتــر هەســت بە ئــارامیی دەروونــی دەکەم. تکــایە مۆڵەت بفەرموو دەستەونەزەر لەخزمەتتا ڕاوەستم.

- ئەو شــەوقییە کاتێک تکای لە کــازم بێگ دەکرد مۆڵەتی بدات بە پێوە بێت، بە دەنگێک دەکرووزایەوە کە پتر لە گریانەوە نزیک بوو تــا قسەی ئاسایی. کاتێک کازم بێگ نەیتوانی قایلی بکات کە دابنیشێت، ئا بەم شێوەیە دواندی:

- من کەسی خۆهەڵواســم خۆش نــاوێ. کەسی چەورە بە دوو چاو نــابینم، تێگەیشــتن؟ بــاش گــوێ بگــرن، ئەم جــارە کە هــاتمە ژووری، نامەوێــت بەم شــێوەیە لەبەرم هەســتنەوە. باشــتر وایە خەریکــی کاروباری خۆتان بن.

زۆر بەتوڕەیییەوە ژوورەکەی بەجێ هێشت.

- شــەوقی شــوێنی کەوت وەک کلــک. دەیشــیگوت: "بەســەر ســەر و بەسەر چاو، گەورەم. فەرمانتە."

لە پشــووی نانخواردنــدا، کەریــم باســی تــوڕەیی خــۆی لە شــەوقی بــۆ کردم.



Scanned with CamScanner

- ئۆهـ ئەی هاوار بەدەست ئەمەوە! برا گیان چەورەیە! بە درێژاییی ژیـانم بنیـادەمی وا ماسـتاوچیم نەبینیـوە. نەک هەر نەمبینیـوە، نەیشمبیستووە کەسی وا هەبووبێت.

- وای چەنـدە ماسـتاوچییە! وا مەڵـێ. ڕاسـتە ئەوە شـکۆی ماستاوچێتیی ڕۆژهەلاتی بەرز ڕاگرتووە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە چەورەییی ڕۆژئاوایی یان ئەورووپی بوونی نییە.

- وەک لێی تێدەگەین، هەمیشە کە دەست بە قسان دەکات، دەڵێت: "من حەزم لە چەورەیی نییە، کەسی چەورەیشم خۆش ناوێت." تۆ نـازانی ماسـتاوی ڕۆژئـاوایی چۆنە. ئەگەر بتزانیـایە، ئەوا جیـاوازیی نێوان ماستاوی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایشت دەزانی.

- پێویسـتە هەمـوو کەس، بە تـایبەتییش دەوڵەمەنـدەکان چەنـد ماستاوچییەک دەوریـان بدەن. ئەو کازم بێگە داماوە سەرباری ئەو گشـتە مـاڵ و سـەروەت و ترۆمبێـل و ژن و خۆشەویسـت و شـتە، کەچـی نەیتوانیـوە بە قەد پێویسـت ماسـتاوچی لەدەوری خـۆی کـۆ بکـاتەوە. ئەو کـاتەی گوێت لـێ دەبێت دەڵێـت: "مـن چەورەم خـۆش ناوێت،" مەبەستی ئەوەیە خۆشی ناوێت، چونکە نەیتوانیوە بەدەستیان بێنێت. ئای چەندە بەزەم پێیدا دێتەوە.

- پێت بڵێم سکرتێرەکانی ئەوروپا و ئەمریکا چی بۆ دەوڵەمەندەکان دەکەن؟ ئاهـ بەڵام بە شێوەی لای خۆیان، شێوەی ڕۆژئاوایی.

- کەریـم گیـان بـۆت سـەلماندم کە لە زانسـتی ماسـتاودا زانیـاریی زۆرت هەیە.

- بەڵـێ، زانیـارییەکی زۆرم لە زانستەکەیدا هەیە و قوڵبوونەوەیەکی تایبەتیشم لە فەلسەفەکەیدا هەیە. ئیشەڵڵا لەم نزیکانەیشدا شتانی پتر دەبیستیت.

هەر بە ڕاستی زۆر بەسـەر قسەوباسـەکەماندا تێپەر نەبوو، مـوچەی مانگانەکەی گەیشتە ٣٠٠ لیرە. لە کاتێکدا پێشتر هەردووکمـان نزیکەی

۲۰۰مان هەبوو، بەڵام ئەو تەنیا سێ مانگ بەر لە من دەستبەکار بووبوو.
ئەم زیادبوونی موچەیە بوویە هۆی مقۆمقۆ لەناو فەرمانبەرەکاندا و بە تایبەتییش فەرمانبەرە کۆنەکان کە تیایاندا بوو زیاتر لە دووساڵ بوو لەوێ کاریان دەکرد. ئەوەندەی نەبرد موچەکەی بوو بە ٤۰۰ لیرە. سەرباری ئەوەیشی کە کرایە بەڕێوەبەری نووسینگەکە، تەنانەت شەوقی کرایە جێگری ئەو. کەریم چیدی وەک جاران نەدەهاتە دەوام. زۆر کەم دەردەکەوت. لە هەفتەدا جارێک، ئەوپەڕی دوو جار زیاتر دەرنەدەکەوت. پاش چەند هەفتەیەک موچەکەی بوو بە ۷۵۰ لیرە. هەروا موچەکەی زیاد دەبوو. هاوڕێیەتیشمان بۆشاییی تێ دەکەوت. هەندێک لە هاوڕێیان دەچوونە نووسینگەکەی و نازناوی "بێگ"یان پێوە دەلکاند، بە تایبەتییش هاوڕێکەمان، بەڕێوەبەری نووسینگەی پێشوو،شەوقی بێگ، لەبەردەم کەریمدا دەستەونەزەر رادەوەستا و دەیگوت: "گەورە و سەردارمان کەریم بێگ."
کەریم لەگەڵ کازم بێگدا دەچووە گەشتەکانی ئەورووپا. جارێکیان موچەکەی گەیشتە ۲۰۰۰ لیرە. پاش ماوەیەکی دیکە ۵۰۰۰ لیرە. ئەوەیشی کە کەس سەری لەبەر دەرنەدەکرد پیشەی کەریم بوو. یەکێک دەیگوت کە سکرتێری کازم بێگە. نا وەکیلییەتی. نەخێر جێگر. ئەوەی کە کەس کێشەی تێدا نەبوو، ئەوە بوو لەکاتی نەبوونی کازم بێگدا ئەو کارەکانی رادەپەڕاند.
کەریمی هاوڕێم، ئەو کەریمەی من بە تەواوەتی دەیناسم، هیچ شتێکی نامۆی تێدا نییە. تەنانەت هیچ زیرەکی لەڕادەبەدەر، یان بزۆکییەک یاخود پێگەیەکی زانستی. تەنانەت کەسایەتییەکی هێندە ئاڵۆزی هەبوو، بێجگە من، هیچ کەس لێی تێنەدەگەیشت. لەبەر ئەوەی من دەمزانی چۆن پلەی فەرمانبەریی بڕیبوو. دەمزانی چۆن ئەو پلە و نمرانەی بە ماستاوی رۆژئاوایی بەدەست هێنابوو. بەڵام لە فەلسەفەی ئەو ماستاوە تێنەدەگەیشتم. کەچی دواتر تێگەیشتم کە ئەم کازم



Scanned with CamScanner

بێگەی من کاری بۆ دەکەم، بێجگە لەم ناوەندە، پێنج یان شەش ناوەندی دیکەی هەیە.
ڕۆژێکیان بە هۆی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر دامەزراندنی ناوەندەکەماندا پاداشتی هەمووان کرا. پاداشتەکەیش بڕی پارەی مووچەی مانگێک بوو. هەروەها ئاهەنگەکەیش لە یەکێک لە بەناوبانگترین ئوتێلەکانی ناوچەکەدا گێڕدرا. لەو شەوەدا بە تەواوی لە نهێنیی سەرکەوتنەکانی کەریم تێگەیشتم کە چۆن توانیویەتی ماستاوی ڕۆژئاوایی بکاتە چەکی دەستی خۆی.
کەریم لە پەنا کازم بێگدا دانیشتبوو. بە هۆی ئەوەی زۆریشمان نێوان نەبوو، تەنیا سێ پیاو لەنێوانماندا بوو، من بەج وانی گوێم لە قسەکانیان بوو. ڕاستتر وایە بڵێم گوێم بۆ گرتبوون. لە هەمان کاتیشدا بە وردی سەرنجی هەڵسوکەوتی کەریمم دەدا. کاتێک کازم بێگ هەڵدەستا بەخۆشی ئامادەبوانەوە پێکێک بخواتەوە، کەریم بادەی لە دەستی وەردەگرت و دەیگوت:
- نابێت بیخۆیتەوە. خراپە بۆ تەندروستیت.
کازم بێگ دەیگووت: "نەخێر، نەخێر. تەنیا پێکێک."
کەریم وەڵامی دەدایەوە: "گوتم نابێت، واتە نابێت. ئەگەر زۆریش حەز دەکەی بیخۆیتەوە، ئەوا بیخۆرەوە، بەڵام چیدی من هەقم بە تەندروستیتەوە نییە."
کازم بێگ پێکەکەی دا دەنایەوە و دەیگوت: "زۆر گەرمە، ئادەی ئەو پەنجەرانە بکەنەوە." بەڵام ماستاوچییە ڕۆژئاواییەکەمان هاواری دەکرد: "کەس پەنجەرە نەکاتەوە." قیڕەی کەریم تفی لە قوڕگی هەمووانداوشک دەکرد. ئینجا ئاوڕێکی بەلای کازم بێگدا دەدایە و دەیگوت: "ئەوە تۆ چی دەکەی؟ بەو خوایە هەر دەڵێی منداڵی. ئازیزەکەم ئارەقەت کردووە، پەنجەرە بکەنەوە کۆڵنج دەکەیت و دواتریش تەندروستیت ناجێگیر دەبێ."
کازم بێگ وەڵامی دەدایەوە: "کوا؟ عارەقی چیم کردووە؟"

- چۆن عارەقت نەکردووە؟ بۆ وادەزانیت نازانم.
ئا بەم شێوەیە وای لە کازم بێگ کرد لەبری ئەوە، کوپێک ئاو بخواتەوە. خۆی ڕاست کردەوە کوپێک ئاو تێبکات.
- ئاهـ ئاهـ کازم بێگ ئەوە شێت بوویت؟
- نەخێر، دەمەوێت کوپێک ئاو بخۆمەوە.
کەریم بە چەپ و ڕاستدا خۆی ڕاپسکاند وەک ئەوەی بۆ شتێک بگەڕێت، ئینجا گوتی:
- ئەللا، ئەللا، ئەوە چ هەلسوکەوتێکە؟ بۆچی نالێی پێویستم بە ئاوە.
گارسۆن ئادەی خێرا پەرداخێک ئاو.
- فەرموو ئەوە ئاوەکەیە کەریم ئەفەندی.
بە هەموو شێوەیەک دەیویست ئاڕاستەی کازم بێگ بکات، بەڵام کازم بێگ لە هەندێک شتدا ڕێک لە منداڵێکی نابالغ دەچوو.
- تکات لێ دەکەم کەریم ئەفەندی، تەنیا یەک کوپ بخۆمەوە.
- ڕۆحەکەم، ئازیزەکەم، مەگەر تۆ هۆشت بەلای تەندروستیی خۆتەوە نییە؟
کەریم دووفاقی لە قسەکانیدا بەدی دەکرا. کەمێک لەمەو بەر دەیگوت نابێت پەنجەرەکان بکرێنەوە، ئیستایش دەڵێت: "ئەوە گەرمات نییە کازم بێگ؟"
- نەوەڵا گەرمای چی؟
- با، با، گەرماتە. من دەزانم هەواکە بۆقی کردووە. ئادەی ئەو پەنجەرانە بکەنەوە.
ماستاوچییە ڕۆژئاواییەکەمان فەرمانی بە کردنەوەی پەنجەرەکەی ڕۆژهەلات کرد.
- فەرمانتە گەورەم.
کازم بێگ سەرێکی بەلای کەریمدا درێژ کرد و گوتی: "مۆڵەت هەیە جگەرەیەک بکێشم؟"



Scanned with CamScanner

کەریم وەڵامی دایەوە: "جگەرە، جگەرە دەکێشێ. ئەمرۆ چوار پاکەتت کێشاوە. چەندەم تکا لێ کردوویت لەم شوێنە فەرمییانەدا ئەو چاکەتە قاوەییە لەبەر مەکە؟ ئەوەندەم پێت گوتووە، زمانم موی لێ هاتووە. ئای چەندە بێزەوقیت. بەو خوایە یەک خولەک لێت دوور کەومەوە، هەزار پەنەدەیت."

کازم بێگ بە زمانێکی زۆر کزۆڵانەوە گوتی: "بیرم چوو."

کەریم تەماشای ئامادەبووانی کرد و گوتی: "کازم بێگ وەک منداڵ وایە. ئێوە نایناسن."

ئینجا ماساوچییە ڕۆژهەڵاتییەکەمان قسەی بە خۆی بڕی و گوتی: "ئامان یا ئەڵلا، ئەوە چ قسەیەک بوو کردم؟! ئەستەغفیروڵلا."

کازم بێگ خۆی سوور کردەوە و بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەی ماستاوچی. بەڵێ، من وەکوو منداڵم. ئەگەر کەریم و خزمەتی کەریم نەبووایە، هەر زوو من لەژیاندا نەمابووم."

کەریم تەماشای سەعاتەکەی دەستی چەپی کرد و گوتی: "ئادەی کازم بێگ، ئێستا ئیدی کاتی نووستنە."

کازم بێگ بە کزۆڵییەوە وەڵامی دایەوە: "دە تخوا کەریم با یەکتۆزی دیکە دانیشین."

- نابێت. ئەوە نۆ و نیوە. تا دەگەینەوە ماڵێ، نیو سەاتی دیکەی دەوێت. هەر ئێستا بکەوینە ڕێ، سەعات دە تۆ ناتوانیت لەسەر جێگەی نووستنەکەت بیت.

کاتێکیش هەستان بڕۆن، کەریم ویستی پێکێکی دیکە بنۆشێت. منیش خۆم پێ نەگیرا و هاوارم بەسەریدا کرد: "ئەوە چییە؟ لەو ساوە من چاودێریت دەکەم، ئەوە پێنجەم پێکتە بیخۆیتەوە. باشە تۆ خەمی تەندروستیی خۆتت نییە؟"

کەریم بە ملێکی لارەوە گوتی: "دە تەنیا ئەم پێکە."

گوتم: "باشە، بەڵام ئەوە کۆتا پێکە. دەبێت وریای خۆت بی."



Scanned with CamScanner

دەستی خستە سەر شانم و کیشامیە لاوە و گوتی: "ئافەرین. برافۆ. ئیستا توانیت لە ماستاوی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژاوایی تیبگەی. ئای چەندە شتی دیکەیش هەن کە پیویستە وازیان لی بهینین. پیم بلی مووچەی مانگانەکەت چەندە؟"

- دوسەد و پەنجا لیرە.

- زۆر چاکە. لە سبەینیوە مانگانەکەت ٥٠٠ لیرەیە. دەیشتکەم بە بەڕیوەبەری بەش. شەوقییش دەبیتە جیگرت.

لەو ساتەدا شەوقی نزیک بووەوە بەدەم زیکر و تەسبیحاتی چەورەییکردنەوە: "کازم بیگ، ڕەببی خودا تەمەنت دریژ و پڕ بەرەکەت بکات. ئای چەندە شانازی دەکەم کە لەسەر سفرەی جەنابتم."

بەسەریدا قیراندی: "لاچۆ لەسەر ڕیگەکەم هەی ماستاوچی. من دلم بە ماستاوچییان خۆش نییە. لاچۆ دەی، نەتبینم."

***



Scanned with CamScanner

# چەتە

ژنێکی گەنج لەناکاو هاواری کرد: "جانتکەم؟ ئەو دزە بگرن، جانتاکەمی ڕفاند. بیگرن، وا هەڵدێت. بیگرن!"

دزە توانیی بە پێی پەتی لەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا بەسەر پلەکانەی پردەکەدا بپەڕێتەوە و بۆی دەربچێت. دزە لەچاوان ونبوو. هێشتا ژنەی جانتادزراو هەر هاواری بەملاولادا دەکرد: "بیگرن، ئەو دزە بگرن. نەهێڵن دەرچێ."

زۆری نەخایاند، پۆلیس لەپەنا ژنەی کزۆلی جانتادزراودا ئامادە بوون.

- ئەم جانتایە هیی کێیە؟

ژنە ڕیزی ئاپۆرەکەی بە خێرایی بڕی و بەدڵێکی خۆشەوە: "گەورەم ئەوە هیی منە، نازانم چۆن سپاستان بکەم."

پۆلیسەکە بەقژ دزەکەی ڕاکێشا. دزی جلشڕ، هەموو ڕانی لە پانتۆڵە سەربازییەکەدا دیار بوو.

پۆلیسەکە سەرێکی درێژ کرد بۆلای خاتوونە گەنجەکە و گوتی: "تکایە لەگەڵمان وەرە تا بنکەی پۆلیس."

- بۆچی بێم؟

- لەسەرخۆ بە خاتوونی جوان. تەنیا دێیت و باسی دزییەکەمان بۆ دەکەیت تا بتوانین دزە بدەینە دادگا.

پۆلیس گەیشتەوە بنکە و دزەی کەلەپچەکراوی بەقژ ڕادەکێشا و خاتوونە لاوەکەیش بەدوایاندا هاتە ژووری.



Scanned with CamScanner

پۆلیسی لیکۆڵەر گوێی لە قسەی کیژەکە گرت و تەماشایەکی دزەکەیشی کرد کە بۆگەنی لێوە دەهات. پڕی دەمی هاواری بەسەردا کرد:

- باشە هەی کەرە، بۆ کار ناکەی؟ بۆچی دزی دەکەی؟ پێم بڵێ بۆ؟

دزە سەری هێواش‌هێواش بەرز کردەوە و گوێی لە قسەی پۆلیسەکە دەگرت. پۆلیسێکی سەر لاکێشە، ئینجا گوتی: "تۆ وا دەزانی ئەوان چی دەکەن؟"

- وس بە. بێدەنگ.

پۆلیسی لیکۆڵەر ئاورێکی بەلای کچەکەدا دایەوە و گوتی: " بێزەحمەت دەتوانی پێمان بڵێی چی لە جانتاکەتدایە؟"

- هەندێک پارە، ئاوێنە، مەسکەرە و سووراوێک.

- بڕی پارەکە چەندەیە؟

ژنە تا هێزی تێدابوو قیژاندی کاتێک پۆلیسەکە خەریک بوو دەست بخاتە نێو جانتاکەوە، پێی گوت:

- تکایە دەست بە جانتاکەمدا مەکە. شتی تایبەتی خۆمی تێدایە و پێم خۆش نییە کەس دەستیان لێ بدا.

پۆلیسەکە جانتاکەی هەڵڕژاندە سەر مێزەکە، بێجگە لەو شتانەی کە ژنەکە خۆی گوتبوونی، هەندێک بەستە دۆلای تێدا بوو، لێی پرسی:

- پێم بڵێ ئەو دۆلارانەت لەکوێ بوون؟

- من شکاتم لەکەس نییە. جانتاکەم بدەنەوە با بڕۆم.

- پرسیارت لێ دەکەم، ئەو دۆلارانەت لەکوێ هێناون.

- باشە، جانتاکەیشم ناوێت، بێلن با خۆم بڕۆم.

- ناتوانیت بڕۆی. ئا دەی بڵێ بزانم ئەو دۆلارانەت لەکوێ هێناون؟

پلپەپلپ دەستی پێکرد و بەملاولادا سەری دەلەقاند. "ئەم بەیانییە مادام لینا پێی دام."

دزەکە سەرێکی بەرز کردەوە و بە گاڵتە و قەشمەرییەوە گوتی: "ئەو مادام لینایە لەکوێیە، بێزەحمەت؟"

کچەکە لەسەر لێوەوە ناونیشانی مادام لینای گوت.
پۆلیسەکە و دزەکە و کچەکە بەرەو شوقەکەی مادام لینا سواری ئۆتۆمبێل بوون.
ئای چ ئیحراجییەکە. پۆلیسەکە لە ژووری یەکەمدا دوو کەسی لە دۆخێکی نائاساییدا بینی. ژووری دووەم و سێیەمیش بە هەمان شێوە. تەنانەت تا ژووری شەشەم هەر یەک دیمەن دووبارە دەبووەوە.
پۆلیسەکە رووی کردە مادام لینا و گوتی:
- ئای خۆ ئەمە تۆیت. ئێمە شەش مانگە بەشوێنتدا دەگەڕێین. ئا دەی پێمان بڵێ ئەم دۆلارانەت لەکوێ بوون؟
- لە رەزا بێگی وەردەگرم. یەکێکە لە موشتەرییەکانمان.
گشت پیاوەکان کە لەوێ خەریکی پەڕین بوون، ئازاد کران لەبەر ئەوەی پیاو بوون، بەڵام ژنەکان بۆ پشکنین رەوانەی نەخۆشخانە کران، هەر لەبەر ئەوەی کە ژن بوون.
تێکڕا پۆلیس و دزەکە و کچەکە و لینا چوونە ماڵی رەزا بێگ. ناوبراو لە ماڵەکەی خۆیدا سەرقاڵی کاری بیناسازی بوو.
یەکێک لە پۆلیسەکان لێی پرسی: "ئەوە چی دەکەی، رەزا بێگ؟"
- هیچ.
- چۆن هیچ؟ ئەی ئەم دوکانە چییە؟ خەریکی دروستکردنی خانووی زیادەڕۆی، ها"
دزەکە بە دەموچاوێکی پێکەنیناوییەوە کە مەبەستی گاڵتەپێکردن بوو، تەماشایەکی پۆلیسەکەی کرد کاتێک زانی رەزا بێگ خەریکی خانووی زیادەڕۆیە، پرسیی:
- ئەو دۆلارانەت لەکوێ بوو، رەزا بێگ؟
- لە عەلی بێگی وەردەگرم.

به هـۆی زۆریـی ژمـارەی گیراوەکـان و بچـووکیی ئۆتـۆمبیلەکەوە، پۆلیسی پشکنەر به مەبەستی ناردنی ئۆتۆمبێلێکی گەورەتر پەیوەندیی به بنکەوە کرد.

تێکرا به ڕەزا بێگیشـەوە بەرەو مـاڵی عەلـی بێـگ سـوار بـوون. لەوێ زابتەکە لێی پرسی:

- ئەو کەسە تۆیت دۆلارت داوە به ڕەزا بێگ؟

- بەڵێ. ئەو دۆلارانەم لەبری ئاسن پێ داوە. ئاسنی پێ فرۆشتووم.

پۆلیسـەکە ڕووی وەرگێرا بەرەو لای ڕەزا بێگ و گوتی: "ئاسنی چی ڕەزا بێگ؟ ئاسنت لەکوێ بوو؟ ئایا مۆڵەتی فرۆشتنت هەیە؟"

- نەخێر نیمە.

- کەواتە بازرگانیی نایاسایی دەکەی؟

دیسانەوە وەرچەرخایەوە بەلای عەلی بێگدا و گوتی: "بەڵام نەتگوت ئەو برە دۆلارەت لە کوێ بوو؟"

وەلامـی دایەوە: "دوێنـێ شـەو پەیدام کـرد، کاتێک لەمـاڵی حەسسـان یاریمـــان کـــرد." دزەکە ســـەرێکی هەڵبـــڕی و زەردەخەنەیەکـــی قەشمەرییانەی بەسـەر لێوەوە ڕاگرتبوو و، تەماشـایەکی پۆلیسـەکەی کردەوە.

هەمـوو سـواری ئۆتـۆمبێلەکە بـوون. ئەم جـارە عەلـی بێگیشـیان زیـاد کردبـوو. پـێکەوە ملـی ڕێـی شـوقەکەی حەسسـان بێگیـان گـرتە بەر. دیتیان لە هۆڵێکدا، مێزێک، فانۆسێک بەسەریەوە، دەیان بەسـتە پـارەی لەسـەر ڕەقەم بە قوماشـێکی پیرۆزەیـی داپۆشـراون، شـەش کەسـیش بەدەوری مێزەکەدا لاکێشەیەکیان دروست کردووە.

خێرا هەر شەش پیاوەکە دەستگیر کران و گەیەنرانە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس. حەسسان بێگ لە ماڵەکەدا هێڵرایەوە و لێی پرسرا:

- ئا دەی بڵێ، ئەو دۆلارانەت لەکوێ بوون؟

- لە نـووری، لەوم وەرگـرتن. ئەنـدازیاری میکـانیکە. کە لە ئەمریکـا هاتەوە، پێی دام.



Scanned with CamScanner

هەمدیسان سوار بوونەوە. ئەم جارە حەسسانیشیان لەگەڵ ڕۆیشت بۆ ماڵی نووری—نووریی ئەندازیار. لە ماڵەکەی نووریدا ١٠ کیلۆ و هەشتاوسێ گرام هیرۆین دەستی بەسەردا گیرا. بەڵام نووریش دانی بەوەدا نا کە ئەو دۆلارانەی لە کاک ئیحسان وەرگرتووە، ئیحسانیش یەکێک بوو لە کەسە بەناوبانگەکان لە بواری دەرماندا. جارجارە بە "ئیحەی هیرۆین"یش بانگ دەکرا.

- ئەو دۆلارانەت لەکوێ بوون؟
- لە ڕیزیانْ وەرگرتوون.
- ئەوە کێیە؟
- لە دوکانی پینەکردنی پۆشاکی ژنانە کار دەکات، لە بەیروت.

دزە سەرێکی دیکەی بلند کردەوە و بە بزەیەکی گاڵتەئامێزەوە تەماشایەکی پۆلیسەکەی کردەوە. ئینجا هەموویان بەرەو شوقەکەی ڕیزیان ڕۆیشتن. لەوێ ئەویش دانی بەوەدا نا کە ئەو برە پارەیەی لە "نیفین" وەرگرتووە لەبری هێنانی ماددەی "بەکینی" کە لە بەیرووتەوە بۆی هێنابوو. بەڵام ئەو خاتوونە لە ماڵەکەی نەبوو. لەم سێ چوار ڕۆژەدا لە گەشتی پاریس و ڕۆماوە دەگەڕایەوە.

دز قاقایەکی زۆر سەیری لێدا. زابتەکە چاوی پەڕییە تەوقی سەری و بە تووڕەییەوە گوتی:

- بەسە، پێکەنین. تۆ لەوان پیاوتر دەرچووی.

دزە پاش بەسەربردنی هێندەی ماوەی مانەوەی لە سکی دایکیدا، ئازاد کرا و دەستی بە کاری ڕەوا کرد. بەڵام هەرکاتێک خاتوونێکی دەبینی بە جانتایەکی زەردوسوورەوە، هەزار کۆڵان ئەولاتر دەڕۆیشت.

***



Scanned with CamScanner

## چۆن دەکرێت ببێتە سەرۆکی شارەوانی؟

هەموو ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانیی یەکێک لە شارۆچکەکان کران. ململانێیش لەنێوان دوو بەربژێری هەردوو حیزبە گەورەکەدا سات بە سات گەرمتر دەبوو. بەربژێرەکانی دیکە لە دەرەوەی ململانێ توندەکەوە ئۆقرەیان گرتبوو.
بانگەشەکان پەرانپەری شارۆچکەکەیان تەنیبووەوە. هەر لە دوکان و ماڵ و قاوەخانەوە تا کۆلان و شەقامەکان، ئەوەی مابووەوە بریتی بوو لە مشتومڕی ڕاستەوخۆی بەردەم هاووڵاتییان.
بەشیر ئەفەندی یەکێک بوو لە دوو کاندیدەکە. ماوەیەکی زۆر لەنێو سوپادا بە پلەی بەرز خزمەتی کردبوو. پاش ئەوەیش ماوەی ٣٠ ساڵە بە ناونیشانی داواکاری گشتی خزمەت دەکات.
بەرانبەرەکەیشی بریتیی بوو لە کازم ئەفەندیی میوەفرۆش. لە دێر سەردەمەوە موختاری شارۆچکەکەیە. کابرایەکی نەخوێندەوار، لە خوێندنەوە و نووسیندا کۆڵەواری وەک خۆی نەبوو، بەڵام حساباتی دوکانی میوەفرۆشییەکەی بە چەند چرکەیەک لەڕێی چەند هێمایەکەوە ڕادەپەڕاند کە خۆی بۆ خۆی داهێنابوون.
گۆڕەپانی کۆڕەکە ڕووی کردبووە بینای حوکوومەت. تەختی شانۆکە ڕازێنرابووەوە. مێزێک دانرابوو و سوراحییەکی ئاویش بەسەریەوە.
لەبەر ئەوەیشی کەشی سیاسیی نێوان دوو پارتییەکە زۆر لەبار و ڕێکوپێک بوو، بۆیە هەریەکە لە بەشیرەفەندی و کازمەفەندی خۆیان بە خزمەتکاری یەکدی دەزانی.
خەڵکی شارۆچکەکە هاتبوونە گۆڕەپانەکەوە و ئەو ناوەیان قەرەباڵغ کردبوو. لای هەمووان ئاشکرا بوو کە بەشیرەفەندی پێش دەکەوێتە سەر سەکۆ و ڕوو دەکاتە کازمەفەندی و پێی دەڵێت:



Scanned with CamScanner

- فەرمـوو کازمەفەنـدی. فەرمـوو جەنابـت سـەرەتا وتەی خـۆت پێشکەش بکە.
کازمەفەندی وەڵامی دایەوە:
- ئەستەغفیروڵلا، من کێم تا بەر لە جەنابت وتە پێشکەش بکەم؟!
فەرموو. خۆتان سەرەتا بفەرموون، بەشیرەفەندی.
بەشیرەفەندی ماوەی سێ خولە سەرۆکی شارەوانییە. ئەمەیش وای لێ کردبوو کە کەمێک نازی هەبێت. ئیدی وەک هەموو جارێک چووەوە سەری و ڕاستەوخۆیش بەبێ هیچ دڕدۆنگییەک کە هەر خۆی لە کاری میریی شارەوانیشدا سروشتی وا بوو، خێرا چووە ناو دڵی بابەتەکەوە:
"هاونیشتمانییە بەئەمەکەکان! ئەوە مایەی شانازیمە بۆ سێ خولی پێشوو توانیومە متمانەی ئێوە بەدەست بهێنم. بۆ ئەوەی منیش دەرەقەتی ئەو بەرپرسیارێتییە بێم کە ئێوە پێتان سپاردووم، ئەوەی لە دەستم هاتبێت، دریغیم نەکردووە. شایەنی باسە ئێستا لە قۆناغێکی هەستیاری هەڵبژاردنداین. من پێتان ناڵێم دەنگ بە من بدەن، زۆرتان لێ ناکەم. پێویستە ئەوە بڵێم کە من زۆر ماندوو و سەقاڵم، کارگەلێکی زۆری تایبەتی خۆمم هەن کە دەبێت بپەرژێمە سەریان، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم جارەیش لەخۆمم گرتەوە و خۆم هەڵبژاردەوە تا خزمەتی زیاتری هاونیشتمانییەکانم بکەم. پێویستیشە وەک بەڕێوەبەری شارەوانی لە هەندێک شت هۆشداریتان بەمێ. سەرۆکایەتیی شارەوانی کارێکی سەخت و دژوارە. هەر بۆیە نابێت سەرۆکی شارەوانی کابرایەکی پیر بێت، ددانەکانی تاقم بن- کازمەفەندی چواردە ساڵ لە بەشیرەفەندی گەورەتر بوو، سەری تاس، ددانی تاقم بوو.-واتە سەرۆکی شارەوانی دەبێت تەمەنی لە دەوروبەری ٥٠ ساڵیکدا بێت-بەشیرەفەندی خۆی ڕێک لە دەوری ٥٠ ساڵدا بوو.-تکاتان لێ دەکەم کەسێک هەڵنەبژێرن کە هیچ لە یاسا و قانوون نازانێت، ئەگینا کاروبارتان تێک دەدات-لە هەموو شارەکەدا

کەسێکی دیکەی تێدا نەبوو لە قانون بزانێت بێجگە بەشیرەفەندی.- کەسێک هەڵنەبژێرن کە بۆینباخ نابەستێت و قات لەبەر ناکات-لە شارەکەدا تەنیا بەشیرەفەندی بۆینباخی دەبەست.- من ناڵێم من هەڵبژێرن، بەڵام پێویستە بەشوێن کەسێکی وادا بگەرێن کە تایبەتمەندییەکانیم پێ گوتن تا بیکەنە سەرۆکی شارەوانیی خۆتان.

- لەسەر هەقە، بە تەواوەتی.

پاش ئەوەیش کازم ئەفەندی چووە سەرێ و دەستی بە قسان کرد: "بەشیرەفەندی هەموو شتێکی بۆ روون کردنەوە-بە قامکی شایەتومانی ئاماژەی بۆ بەشیرەفەندی کرد.-پێویستە ددانەکانی سەرۆکی شارەوانی گشتییان رووپۆشی زێر بن." ددانەکانی بەشیرەفەندی بە زێڕ رووپۆش کرابوون. درێژەی بە قسەکانی دا و بە دەستیش ئاماژەی بۆ بەشیرەفەندی دەکرد و دەیگوت: "پێویستە سەرۆکی شارەوانی جووتێک چاوی شینی هەبێت." ئامادەبووان دایانە قاقای پێکەنین. کازمەفەندیش دەستی بە قسان کردەوە: "پێویستە سەرۆکی شارەوانی ئەو کەسە بێت کە لای دەستی ڕاستیدا دانیشتووە."

زیاتر بەشیر دادەگیرسا و تۆنی دەنگیشی تا بێت گڕتر دەبوو: "هەروەها سەرۆکی شارەوانی پێویستە کەمێک دەفتەر و کاغەزی بە دەستەوە بێت و چاویلکەکەیشی هێنابێتە بەشی خواری خوارەوەی لووتی."

حەشاماتەکە قاقای وەهایان لێ دەدا، تا ئێستا نەبیسترابوو.

"سەرۆکی شارەوانی پێویستە ناوی بەشیر بێت ..."

کازمەفەندی هاتە خوارێ. خەڵکەکەیش لەتاو پێکەنین هەر بەملاولادا دەکەوتن، بەڵام بەشیرەفەندی لە تورەییدا بە ددانی سمێڵی خۆی دەقرتاند.

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بۆ رۆژی دووەمیش بەردەوامیی هەبوو. جەماوەرەکەیش لەچاو دوێنێدا دووهێندە بووبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا

بووبوون به دوو بەرەوە. بەرەی زۆرینە بەلای بەشیرەفەندیدا بایان دابووەوە.

بەشیرەفەندی دەستبەرداری هەڵوێستە نەرم و نیانەکانی بووبوو. بۆیە دەستی کردبوو بە هەڵمەتی شکاندنی ڕکابەرەکەی. سەیری هەر لایەکت دەکرد، باس باسی موڵک و سامانی کازمەفەندی بوو.

بەشیرەفەندنی هەستا و چووە سەر سەکۆکە. بێزاریی دوێنێی پێوە دیار بوو. ڕاستەوخۆ دەستی بە قسەوباس کرد:

- ئامادەبووانی خۆشەویست! من ناچارم پەردە لەسەر شتەکان هەڵماڵم. کەس هەیە لێرە نەزانێت کازمەفەندی لە دەورانی موختارییەکەیدا چی پێشکەش کردووین؟ هەر کاتێک میوانێکی گەورە سەردانی ناوچەکەمان دەکات، سەرەتا دەچێت بۆ کوێ؟ بێگومان بۆ ماڵی موختار. بەڵام لەبەر چی؟ هەمووتان هۆکارەکەی دەزانن. ئایا دەزانن پارەکە چی گوزەرا کاتێک سێ میوان ڕوویان لێرە کرد؟ هەستاوە خۆی چووە بۆ بۆیسانەکەی و میوانەکانی بەجێ هێشتووە. ئایا ئەوە نەریتی ئێمەیە؟

مقۆ مقۆ کەوتە ناو خەڵکەکەوە "وەڵلا ڕاست دەکا ..."

"ڕاسەکا، شتی وا نابێ."

"ئەی هاونیشتمانیان! ئایا دەزانن جەژنی قوربانی ڕابردوو چی لە پێست و خوریی قوربانییەکان کردووە؟ هەر ئەم پیاوەی کە دەیەوێت ببێتە سەرۆکی شارەوانی، چوار ژنی هێناون بە نایاسایی. کەس هەیە ئەم شتە نەزانێ؟"

دەنگ لە کەمێکی ئامادەبووانەوە بەرز بووەوە: "حەڵاڵی پیاوی ئازا بێ."

"ئەی هاونیشتمانییان! هەمووتان دەزانن ئەم کابرایە بەر لەوەی ببێتە موختار، تەنیا دوکانێکی میوەفرۆشیی هەبوو. وا لە ماوەی دە ساڵدا بووەتە خاوەنی نیوەی مەملەکەتەکەمان."

ئاپۆرەکە دیسانەوە هوتافی: "ئەم موختارە چەندە بلیمەتە"یان کێشا.

"ئەی هاونیشتمانییان! شتی زۆری دیکەیش هەن بگوترین، بەلام خۆ ناکرێت من تا ئێوارە قسەتان بۆ بکەم. لە کۆتاییدا ئێوە خۆتان خاوەنی ویستن."

لەپاش ئەوەی چەپلەڕێزان بۆ بەشیرەفەندی تەواو بوو، کازمەفەندیش هاتە سەر سەکۆکە.

کازمەفەندی:

"ڕاسەکا، ئەوەی وتی. ئەو سێ ساڵە داواکاری گشتییە و هێشتایش بستە زەوییەکی نییە و خێزانێکی نییە ئەگەر میوانێک هات بچێتە ماڵەکەی. ئەو کەسێکی هێندە شەریفە کە ئەگەر میوان ڕووی لێ بکات، دۆشەک و پشتییەکی نییە بیخاتە ژێر و پشتی میوانەکەوە. بەلام ئەگەر ئێوە دەتانەوێت من بناسن و لەبارەی منەوە بزانن، ئەوە من بەر لەوەی ببمە موختار، پارچە زەوییەکم نەبوو، بەلام سپاس بۆ خوا ئێستا پارچە زەوییەکم هەیە ڕووبەرەکەی دەگاتە ٢٥٠ دۆنم. ئەویش عەینەکێک و دوو سێ کتێبی هەیە، بەلام من ئەوەتام کەسێکی نەخوێندەوار و بێقەڵەمم. ئیدی ئەوە ئێوە و هەڵبژاردنەکەتان. وەسسەلامو عەلەیکوم."

کۆڕەکە تەواو بوو. خەڵکەکەیش ئاشبەتالیان لێ کرد. هەڵبژاردنەکەیش دوو ڕۆژی دیکە بەڕێوە دەچێت.

دۆستانی موختار لە دوکانی بەقالییەکەی لێی کۆ بوونەوە: "ئەوە چیت کرد، کازمەفەندی؟ ئەوە چ قسانێک بوون کردتن؟ لە پێشچاوی ئەو خەڵکەدا کردت بە فریشتە. لە کاتێکدا تۆ دەزانیت دەتوانێت بە بالای خۆت زێڕ و سەفتە لیرە بەرز بکاتەوە."

کازمەفەندی دەستی کردە پێکەنین و گوتی: " لە هەڵبژاردنەکاندا دەیبینینەوە."

- مەگەر تۆ بەر لەوەیشی ببیتە موختار، ٢٠٠ سەر وڵاخت نەبوو؟ مەگەر ٣٠ دۆنمیشت لە باوکتەوە بۆ نەمابووەوە؟ خێزانی چاک و ڕێکوپێکت نەبوو؟



Scanned with CamScanner

- پەلە مەکەن تا ڕۆژی هەڵبژاردنەکان.
شەش ئێوارەیە و دەنگدان کۆتایی هات و دەست کرا بە جیاکردنەوەی دەنگەکان. بەشیرەفەندی نەیتوانیبوو چواریەکی دەنگەکانی موختار بەدەست بهێنێت. ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ گشت ناوچەکە بوو بە مایەی تاسان.
"پێویستە ئەو ڕێگەوبانە دەستکارییەک بکەین. بۆریی ئاوەکانیش نۆژەن بکەینەوە. سەرلەبەری کارەکانی بەشیرەفەندی چاک بکەینەوە. ئەو ئەم سێ خوولە هیچ شتێکی باشی نەکردووە. لەم کارانەدا بە هیچ شێوەیەک شارەزایی نییە. ئەم هەموو ماوەیە سوودمان لە کارەکانی نەبینیوە. بەڵام موختار پیاوێکی زیرەک و دنیادیدەیە، بێگومان ئەو چارەسەری بابەتەکان دەکات."
لەپاش ئەم هەڵبژاردنەوە، ئیدی بەربژێرەکان بەم جۆرە بانگەشەی خۆیان و پارتییەکەیان دەکرد:
"ئەی هاونیشتمانییان! خاوەنی ٢٠٠ سەر ڕەشەوڵاخم. چوار ژنی سەرەم هەن و، چوار کەنیزەکیش. ٥٠٠ دۆنم تەڕەکاڵ و ١٥٠ دۆنم زەویی دیمی. هەر هەفتەیە و دەستدرێژی دەکەمە سەر مێینەیەک و خراپی دەکەم. ئەمانەم هەمووی لەماوەی یەک مانگدا بەدەست هێناون."

***



Scanned with CamScanner

زۆر دڵخۆش بووم کاتێک لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا هەواڵی کرانەوەی کارگەی دروستکردنی قابلەمەی کوندارم خوێندەوە. بۆچی نا؟ کرانەوەی کارگەیەکی خۆوڵاتی کارێکی گرنگە و لە ئەستۆی گشتماندایە.

ڕۆژی بەخێرهاتنی میوانەکان، هەموو میوانەکان لە ڕاڕەوەکەوە دەهاتنە ژوورێ، تەنیا ڕۆژنامەنووسەکان نەبێت کە لە دەرگای دەروازەکەوە جەنابی بەڕێوەبەر دەیهێنانە نزیکی مێزەکەی خۆی و بە ڕووی خۆشەوە دەیدواندن، بەو تەماحەی بەلای خۆیدا کەمەندکێشیان بکات. زۆر لە هەوڵی شوێنی نەرمونۆڵدا بوو بۆیان.

زۆرم پێ خۆشە. شانازی دەکەم کە توانیومانە هێندە پێش بکەوین کە کارگەیەکی قابلەمەی کوندار بکەینەوە.

جەنابی بەڕێوەبەری گشتی خۆی بە دەستی خۆی جگەرەی بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کرد و لەپاش داگیرسانیان، دەستی بە زەنگێکدا نا و هێندەمان زانی مێرخاسێکی کەڵەگەتی شیکپۆشی لێوبەخەندە هاتە ژوورێ، بەڕێوەبەر پێی گوت:

- لەم بەڕێزانە بپرسە بزانە حەزیان لە چ خواردنەوەیەکە؟

ئەویش ڕووی تێ کردین و پرسیی:

- شەربەتی شلیکی فرێشمان هەیە و چیی دیکە دەخۆنەوە؟

نزیکەی ٣٠ ڕۆژنامەنووس دەبووین، هەندێکمان داوای ئاو، چا و ئەوانی دیکەیش شەربەتی شلیک.

دەمی گەیشتنمان بە فرۆکەخانە، تەلەفۆنمان کرد، لەوێیشەوە چووینە نووسینگە ڕۆژنامەوانییە ناوچەییەکە. بۆ ئەوەیشی سوود لە

کاتەکەمان وەربگرین، هەستاین بە ڕاپەڕاندنی هەندێک کاری پێویستی خۆمان.
ڕۆیشتین و سەرقاڵی گاڵتە و گەپی خۆمان بووین. لەوێیشەوە چووینە ساڵۆن تا کەمێک دەموچاومان مەساج بکەین و بێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. چونکە ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک زۆر بە هەتەر[1] و فەرمییەوە لە کۆبوونەوەکاندا مابووینەوە.
یەکێک لە هاوڕێیان گرفتێکی کەسیی هێنایە بەر باسوخواس. بابەتەکەیش پەیوەندیی بە دومەڵێکەوە هەبوو کە لەسەر سینەی هەڵتۆقیبوو. ئەندازیاری کارگەکە پێی ڕاگەیاند کە فڵانە دەرمان بەکار بهێنێت، زۆر چاکە.
لە کاتی بەزم و ڕەزمەکەماندا جەنابی بەڕێوەبەریشمان بانگ کردە سەر سفرەکە کە هەموو شتێکی بەتامی تێدا بوو. وەرە و داوای شیری مریشک و هێلکەی ماسی و گۆشتی لاڕانی وشتر و ملی کۆتر بکە لەسەر سفرەکەدا، تەنانەت گۆشتی برژاوی گۆریلا.
لەو دانیشتنەدا زۆر خۆشمان ڕابوارد. هێندە پێکەنیین کە یەکێک لە برادەران خەریک بوو بخنکێت. ئەو داماوە ئێسکی مریشک پەڕیبوویە قوڕگییەوە. لەپاش خواردن، بەدەم جگەرەکێشانەوە داوای چا و قاوەمان کرد. هێندێک لە ڕۆژنامەوانە پسپۆڕەکان مۆڵەتیان لە ئێمە وەرگرت تا بچنە ئەولا و باسی هەندێک بابەتی ئابووری بکەن، ئێمەیش لەملاوە سەرقاڵی باسی مۆسیقا و ئەتۆم و شانۆ و ئێف١٦ بووین. لە پێنجی ئێوارەدا جەنابی بەڕێوەبەر بانگی کردین بۆ بۆفیە، بۆفیە هەمووشتێکی تێدا بوو بە خواردنەوە ڕۆحییەکانیشەوە.
ڤۆدگای سارد، گوشراوی زۆربەی میوە تازەکان، کیلۆر، عەرەق، میوەی وشککراو و، چەندین جۆری پەنیر، بیرەی بەستوو، ویسکی و

---

[1] هەتەر: جددی

جۆرەکانی دیکەی خواردنەوەی وەک جین. ئای چەندە بەتامن ئەم خواردنەوانە، خوایە!
ڕۆژنامەنووسەکانی دیکە، لەبەر هەندیک سەرقالی بڵاوەیان لی کرد، بەڵام من لەبەر بەتەنگەوەبوونم بۆ نیشتمان، لەوێ مامەوە.
نزیکەی سەعات هەشتی شەو، ئاشبەتاڵی تەواوەتی کرا و بە تەنیا من و دوو ڕۆژنامەوانی دیکە ماینەوە. یەکێکمان پسپۆر لەبواری وەرزش، یەکێکمان لە بواری وشە یەکتربڕەکان و کۆتا کەسیشمان لە بواری گاڵلە و نوکتە و قەشمەرییاتدا پسپۆڕ بوو.
بەڕێوەبەر تماشایەکی پرمانای کردین، وەک ئەوەی بڵێت: "ئانە خواردتان، ئاوە خواردتانەوە، ئیدی چاوەڕێی چین؟" خۆم درێژ کرد بۆلای ئەوەمان کە لە بواری وەرزشدا پسپۆڕ بوو، گوتم:
- هێی؟ چاوەڕێی چیین؟
- چاوەڕێم سواری سەیارەکەی بم.
ڕۆژنامەوانەکەی دیکە کە هەر لە مێژەوە هاوڕێی بەڕێوەبەر بوو، دەبووایە ئەو دۆخەی لەو چەقبەستوویییە بهێنایەتە دەرێ و شتێکی بگوتایە. زۆر بە شەرمەوە پرسیی: "دەتوانم هێندێک شت لەبارەی کارگە خۆشەویستەکەتانەوە بزانم؟"
بەڕێوەبەر تۆزێک سەری ڕاتەکاند کاتێک ئەو پرسیارەی بیست، بۆیە گوتی:
- هاهـ ئمم، لەبارەی کارگەکەوە؟ ئەم کارگەیە، وەک خۆتان دەزانن، قابلەمە ... مەبەستم کارگەی قابلەمەی کونکونە. ڕۆژانە دەتوانێت نزیکەی ٢٧ قابلەمە بەرهەم بهێنێت. پێشتر تەنیا توانای بەرهەمهێنانی ٥ قابلەمەی هەبوو. ئیشەڵڵا لە داهاتووشدا خۆی دەدات لە ٤٠ قابلەمە لە ڕۆژێکدا. ئەوەتا حکومەت بەرنامەی هەیە هاوکاری تەواوەتیی دانیشتووان بکات و گشت پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات. بۆیە ئێمەیش ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین تا ببینە جێگەی سپاس و پێزانین.



Scanned with CamScanner

هێندەی توانای خۆمان هەوڵمان داوە داخوازیی هاونیشتمانییان بەجێ بێنین، بەڵام وەک خۆیشتان دەزانن، ڕووبەڕووی هەندێک گرفت دەبینەوە کە دەکرێت ئێوە لە ڕۆژنامە بەڕێزەکانتانەوە هاوارمان بگەیەننە خەڵکی و حکومەت. من پێتان دەڵێم، هەموو ماددە سەرەتاییەکان، لە قابلەمە و سەری قابلەمە و پێویستییەکانی هەڵبەستن، هەموویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هاوردە دەکەین. نەخشی ئێمە لەم کارگەیەدا بریتییە لە کۆکردنەوەی پارچەکان و بەرهەمهێنانی قابلەمەی کون کون. واتە هەموو ماندووبوونەکان لە کارگەکەدا هەر کرێکارە تورکەکان دەیبینن. لەپاش تەواوبوون، مۆرێک لە قابلەمەکان دەدەین: "بەرهەمی خۆمانە، بە سەرمایەی تورکی-ئەمریکی بەرهەم هاتووە." شوێنەکە تورکیا و عەقڵەکەیش ئەمریکا.

لەم کۆتاییانەدا بە هۆی نەگەیشتنی پارچە سەرەکییەکانەوە لە بەرهەمهێنانی قابلەمەکانماندا ڕووبەڕووی هەندێک نارەحەتی بووینەتەوە. دەزانن، بەڕێزەکان، ئەم قابلەمانەی ئێمە زۆر باشترن لە قابلەمە ئەورووپی و ئەمریکییەکان. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کونانەی لێرە تێیان دەکرێت، لەوێ نییە. بۆ نموونە ئەگەر شلەی فاسۆلیات خستە سەر، لەو کونەوە ئاوازێکی دڵڕفێن دەردەچێ کە بە تەواوی لە دەنگی خشەخشی ڕادیۆ دەچێت.

بەڵام قابلەمە ئەورووپییەکان دەنگێکی زۆر ڕەقیان لێوە دەردەچێت. چەندین ژن بە هۆی ناخۆشیی ئەو دەنگەوە منداڵەکانیان لەبار چووە. هەروەها ئەو کونانەی ئێمە جوانترن. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەمە تورکییەکان لە بەرهەمی وڵاتانی دیکە باشترن.

سپاسی زۆری جەنابی بەڕێوەبەرمان کرد لەسەر ئەو زانیارییە بەسوودانەی. پاش خواحافیزییش هەستاین و هاتینەوە.

بۆ سبەینێ لە ڕۆژنامە بڵاومان کردەوە کە:

- داهێنانە بێوێنەکانمان.



Scanned with CamScanner

- قابلەمەی تورکیی دەنگدار کە باشترە لە هاوجۆرە ئەوروپییەکانی خۆی.
- دەتوانێت ساڵانە ٢٥ ملیۆن قابلەمە بەرهەم بهێنێت.
- چەندە سەیرە. ئەی دواتر؟

***



Scanned with CamScanner

لەســەر یەکێـک لە پردەکـان بەدەنگـی بەرز خەریـک بـووم خـۆمم دەدواند، بەڵام ئێستایش نەمزانی بۆچی بە دەنگی بەرز؟
نەمـدەزانی ترسـە لە خۆهەڵدانەخوارەوەکە یـان لە شـتێکی نەزانـراو.
هێندەم زانی لەدواوە یەکێک دەستی گرتم، گوتی:
-   ئەوە شێت بووی، نووری؟
بە دەنگیدا ناسیمەوە. برادەرێکی کۆنی کاتی خوێندنم بوو. برادەرێکی چـاک و ڕێـکوپێـک، بە ئەمەک، بەڵام نەگبەتییەکـانی ژیـان ناوەکەیـان بیر بردبوومەوە
-   مـاوەیەکی زۆرە هەر خەریکی یەک کـارم، وا خەریـکە لێـی بێـزار دەبـم. تەنـانەت کـارەکەم جێکەوتـی لەسـەر بـاری دەروونییشـم جـێ هێشتووە.
-   بۆچی لە کارەکەت بێزاری؟ چ کارێک دەکەی؟
-   سـبەینان سـەعات حەوت دێمە دەرێ تـا حەوتـی ئێوارە بەشـوێن کاردا دەگەڕێم. ئەوەیە کارەکەم.
-   ناڕەحەتە، ها؟
-   ناڕەحەت و مارەحەت چییە؟ من پێویستم بە کارێکە. بیهێنە پێش چاوت، بەیانی تا ئێوارە من ئەم دوکانە و ئەو دوکانمە، کەچی وەڵامی گشتیان یەک قسەیە: "ناونیشانەکەت دانێ، بەریدت بۆ دەنێرین."
-   باشە تۆ مانگانە ۳۰۰ لیرەت بەسە، نووری؟
-   تـوو خـوا ئێسـتا مـن جەوی ڕابـواردنم لەکـوێ بـوو؟ مـن وەک شەلاتی بەسەر ئەو جادەیەوەم، خوا بتبەخشێ.
-   زۆر چاکە. ڕێک کەوتین. دەی با بڕۆین.



Scanned with CamScanner

سەرم سوور مابوو لەو ڕێککەوتنە ئاڵۆزە، بەڵام وەستانی تەکسییەکە لەناکاودا، زۆر لە سەرسوڕمانەکەی من ئاڵۆزتر بوو.
پێکەوە سوار بووین. لەبەردەم کۆگایەکی گەورەدا دابەزیین. لەسەر دوکانەکە هەندێک پیتی سەربەخۆ نووسرابوون کە هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، بەڵام جوان و سەرنجڕاکێشانە نووسرابوون "ش. ت. م. ق. ت."

دوای هاوڕێکەم کەوتم و چووینە کۆگایەکی زۆر بەرینەوە. لەوێشەوە بەسەر پەیژەیەکی تەختەی بە قوماش داپۆشراودا چووینە سەری. سالۆنێکی پڕ لە قەنەفە و کەلوپەلی ناومالی گرانبەها. بەر لەوەی من دەم بکەمەوە، پێشم کەوت و گوتی:

- تۆ لە هەرە تەمبەڵترین خوێندکارەکان بووی، نووری. نەتتوانی قۆناغی کۆتاییی زانکۆیش تەواو بکەی، ئەی بێمێشک. سەرەڕای ئەوانەیش نەتتوانی فێری پیشەیەکیش ببیت=.

- بەڵێ، بەڵێ، ڕاسەکەی. هەستەکەم شتێکم نوقسانە، بەڵام چییە؟ نازانم.

- باشە دەزانی کە من خاوەنی ئەم کۆگایەم، نووری؟

مێشکم زۆر ئاڵۆزکابوو. یەک دنیا پرسیاری تێدا دەهات و دەچوو، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەب وو بمزانیبا ئەو پیتانە واتایان چییە؟ بە پێکەنینەوە لەو بارەیەوە پرسیم.
بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە: "ئەوانە سەرەتای ناوی هاوبەشەکانی کۆمپانیان."

- هاوبەش؟ کێ لێرە هاوبەشتە؟

- هیچ کەس. بەڵام کاتێک ئەم کۆمپانیایەم دامەزراند، ناوی ژنەکەم و خوشکی ژنەکەمم خستە نێو لیستی خاوەنەکانەوە. ئەم جۆرە شتانە نیشانەی متمانە دەگەیەنن. دەی دواتر هەمووشتێک دەزانیت.

- بەڵام ئێوە چی دەکەن لەم کۆمپانیایەدا؟ واتە چی دەفرۆشن؟

- هیچ.



Scanned with CamScanner

- چۆن هیچ؟

- وەڵلا هیچ. وەک دەبینیت کۆگاکە هیچ شتێکی تێدا نییە.

ڕاستی دەکرد. ڕەفەکان و تاقەکان هەموویان بەتاڵ بوون، یەک شتیان تێدا نەبوو. بۆ جوانی هەندێک گوڵی جوانی و ئینجانە و شتی تێدا بوو، هەر ئەوەندە.

- نووری! ئەم کۆمپانیایە چەندین لقی هەیە، لە ئەدەنە، لە کۆنیا، مالاتیا، ئیزمیر و ئەنقەرە، تەنانەت تەنیا لە ئەنقەرەدا پێنج لقی هەیە. ئەگەر حەزت لە کار بوو، دەتکەم بە بەڕێوەبەری ئەو لقە تازەیەی کە لەم ماوەیەدا دایدەمەزرێنم. ئەو کاتە مانگانەکەیشت دەگاتە هەزار لیرە.

- بەڵام ئەی من لێرە چی دەکەم؟

سجیلێکی دەرهێنا، ئاماژەی بۆ یەکێک لە لاپەڕەکان کرد، گوتی: "لەوێدا ناوی کاڵا و نرخەکانیان نووسراون."

هەوڵم دا چاوەبزکێیەک بکەم، دیتم ئەوەی نووسراوە: "عەمودی کارەبا، کراسی سلیندەر، دینەمۆی بەنزین."

- دەتوانی هەر ئێستا دەسبەکار بی—ئەگەر حەز دەکەی.

پێکەوە ڕۆیشتینە ئەولاوە. بە چەند کەسێکی ناساندم. لەپشتی مێزێکی لە دارگوێز دروستکراوەوە دانیشتبوو، گوتی:

- سائیم بێگ، ئیتر ئەم هاوڕێیەمان لێرە کار دەکات. هاوکاریی بکە تا لە شێوازی کارکردنەکەمان تێبگات.

بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنم، واتە بۆ هاوڕێکەم کە چەندە بە تاسەی کارەکەوەم، لە هەمووشتێکی گەورە و بچووک ورد دەبوومەوە.

دوو کەسی سمێل بابڕ هاتنە ژوورەوە. لەو کاتەیشدا سائیم بێگ جگەرەی پێشکەش دەکردم.

- ئەسسەلامو عەلەیکوم!

- عەلەیکومو سسەلام وەڕەحمەتوڵڵا. فەرموو دانیشن، بەڕێزان. چیم پێ دەکرێت لە خزمەتتانا بم؟

سائیم بیگ لە رادەبەدەر ریزی لی گرتن. ئینەدەگەیشتم مەسەلە چییە؟

- ببورە، ببورە، سائیم بیگ بە راستی کەوتوووینەتە گرفتیکەوە تا قورگمان لە قوردا چەقیوە. کەس ناتوانی رزگارمان بکا.

- لەوانەیە بە هۆی تراکتۆری دووەمەوە تووشی کیشە بووبن؟

- بەلی، سائیم بیگ. سکەکەی شکاوە و پیویستیشە لە زووترین کاتا زەوییەکە هەلگیرینەوە. چی بکەین؟ پارەمەنیمان بە. ئایا لاتان دەسەکەوی؟

- ئوف، بە راستی تووشی گرفتیکی گەورە بوون، بەلام باشە بۆچی بەر لە پینج خولەک نەگەیشتن؟ بەختیکی خراپتان هەیە. هەر چەند خولەکیک لەمەوبەر فرۆشتم. هەر ئەو دانەیەشم لا بوو.

یەکیکیان لەداخی بەختی رەشی بە دەست لە ئەژنۆ و رانی خۆی دەدا.

- ئوف، بیرم کەوتەوە. یەکیک لە برادەران گوتیان دانەیەکمان لایە. ئەوەتان بۆ دەستەبەر دەکەم.

- ئەی خودا خیرت بنووسی. خیرا ناونیشانەکەیمان بەری.

- خەمتان نەبی. ئیوە پارەکەی دانین، دوو رۆژی دیکە وەرن باری بکەن.

- ئەی خوایە هەزار سپاس بۆ تۆ ... ئەی خودا لیت رازی بی، سائیم بیگ. نرخەکەی هەرچەند بیت گرنگ نییە.

- وەللا نازانم داوای چەندەی لی دەکات. هەر با بیشزانن، خۆم بە ۲۵۰ لیرەم دەفرۆشت، بەلام ئەو برادەرە یەک قەترە زەمیر و ئیمانی نییە. بروا بکەن جیاوازی لەنیوان دایک و ژنەکەیدا ناکات.

- ئەستەغفیروللا، ئەستەغفیروللا. باشە ئازیزەکەم. ئیمە ناچارین بیکرین.

- هەروەک پێم گوتن، من بە ٢٥٠ لیرەم دەفرۆشت، بەڵام ئێوە سێسەد و پەنجا دانێن. دوو ڕۆژی دیکەیش بێنەوە وەک ئەوەی ڕێک کەوتین.

دوو کابراکە ئەو برە پارەیان دانا وماڵئاواییان کرد. بەڵام سائیم بێگ خواحافیزییەکی لێ کردن، لە بەخێرهاتنەکەیان گەرمتر. هیوای بەختێکی باشیشی بۆ خواستن.

ئەوانیش سپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ئەو گشتە پیاوەتییە دەربڕی.

ڕاستەوخۆ پاش ڕۆیشتنی ئەوان، جووتیارێک خۆی کرد بە ژووردا، بە هەڵەوداوان داوای پاڵێوەری واتەرپەمپی دەکرد. سائیم بێگ داوای لێبووردنی لێ کرد کە نەیان ماوە. پاشان گوتی: "بە خودا پەیدابوونی ئەو شتە کارێکی ئەستەمە. تەنیا دوو واتەرپەمپم لا ماوە، بەڵام ڕەنگە بتوانم لای یەکێک لە برادەران بۆت پەیدا بکەم. پێویستە سەرەتا ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو برادەرە، بە خوا، یەک تۆز وێژدانی نییە، جیاوازی ناکات لەنێوان ... ئیمانی بە خودا و بە پێغەمبەر هەر نییە."

- ئەستەغفیروڵلاهیل عەزیم، ئەوە چ جۆرە مرۆڤێکە؟! دەی خووڕەوشتی ئەو پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. ئێمە ناچارین بیکڕین. خۆ ئامێرەکە بەبێ ئەو پارچەیە وەک ئاسنەکوتەیەک وایە لەو ناوەدا و هیچ سوودێکی لێ وەر ناگیرێت.

- زۆر باشە. تۆ ٣٠٠ لیرە دانێ، ئەگەر داوای زیاتریشی کرد، ئەوە دوایی خۆمان قسەی لێ دەکەینەوە.

کابرا پارەکەی ڕادەست کرد و ماڵئاوایی کرد.

لەپاش دەرچوونی کابرای جووتیار، یەکێکی دیکە سڵاوی کرد و لەلایەن سائیم بێگەوە بە گەرمی بەخێرهاتن کرا.

- سائیم بێگ، تکایە پێویستم بە واتەرپەمپێکە.

- ئەی ماڵەکەتم ئاوا کرد، شتی وا لە بازاڕدا هەر نەماوە. ئەگەر پاڵێوەرت دەوێ، هەمە، بیبە.



Scanned with CamScanner

ئا بەم شێوەیە سائیم بێگ گشتیانی دەبردە کانی. ئەوەی کە پێویستی بە عەموود بوو، دەیگوت نەمانماوە، مەگەر لە شوێنێک بۆتی پەیدا بکەم. بەوی دیکەیان کە پێویستی بە واتەرپەمپ بوو، دەیگوت پاڵێوەرمان هەیە و ئیدی بەم شێوەیە.
یەکێک دەهات و یەکێک دەچووە دەری. قسەکان لەگەڵ هەمووانیدا هەر هەمان قسە بوون.
یەکێک لە گوندنشینەکان هات لە سائیمی پرسی: "ئەوە دەتوانی لە شوێنی بۆریی سیچارەکم بۆ پەیا بکەی؟"
- بەسەر چاو. ئەوپەری هەوڵت بۆ دەدەم. ئەگەر هەبێت، تەنیا لای کابرایەکی بێدین و ویژدان هەیە، داوای ١٠٠ لیرەی لێ دەکرد ئەو جارەیان.
کابرایش ١٠٠ لیرەکەی دادەنا.
- ئادەی واسڵ، بڕۆ و ئەو شتە بێنە بۆ ئەو برایەم. واسڵیش دەڕۆیشت و لە سووچێکی کۆگاکەدا دەیهێنا و دەیدایە.
دەمی ئێوارە هاوڕێکەم هاتەوە و لێی پرسیم: "ئایا کارەکە زەحمەتی زۆرت دەدات؟ نارەحەتە؟"
- نەوەڵا نارەحەتی چی، بگرە زۆر بەچێژە.
- وەک دەبینی، نوری، هیچ ناکڕین و هیچیش نافرۆشین.
خەریکی ڕێکخستنی وەسڵ و پارە و شت بووین. کڕیارێک خۆی بە کۆگاکەدا کرد، هاوڕێکەم پەلی گرتم و گوتی:
- ئادەی بزانم چەندە لە کارەکە فێر بووی؟
بەخێرهاتنێکی گەرم گەرمی کڕیارەکەم کرد، وەک چۆن بەخێرهاتنی ئەو برایەی خۆم دەکەم کە لە یەک دایک بووین. "چۆن دەتوانم خزمەتت بکەم، هاوڕێی بەرێز؟"
- بێزەحمەت هەواکێشی مۆلیدەم دەوێ؟
وەک ئەوەی لە سائیم بێگەوە فێر ببووبووم، یەکسەر:



Scanned with CamScanner

- ئۆف. چەندە بەختێکی ڕەشت هەیە، ئازیزەکەم. خۆزگە پێش نیوەڕۆ هاتبای. بەر لە نیوەڕۆ دوا دانەمان فرۆشت. پانکەی مەزەخەمان هەیە ئەگەر دەتەوێت. ئا، ئا، بیرم کەوتەوە، یەکێک لە برادەران وا بزانم هەیەتی. بەس تا دڵت بخوازێت کابرایەکی بێدین و ئیمانە، ویژدان و شتی نییە، جیاوازی لەنێوان دایک و ژنی خۆیدا ناکات.

- ئەی باشە بە چەندە؟

- پرسیاری نرخەکەیم لێ مەکە. بەو خودایە شەرم دام دەگرێت ئەوەندە بێویژدانە. داوای ۱۰۰ لیرەی لێ دەکات، لە کاتێکدا خۆم بە ۱۰ لیرەم دەفرۆشت. حەرامە حەرام. ۱۰۰ لیرە بۆ پانکەیەک؟

کابرا ۱۰۰ لیرەی دانا و گوتمان سبەی بێتەوە بۆی. خواحافیزییەکی گەرموگوڕم لێ کرد هەر نەبێتەوە. لەبەر لێویشەوە هەر دەمگوتەوە: "بێدین و ئیمان. بێویژدان. ئەو شیرەی کە خواردووتانە بە حەرامتان بێت، ڕەببی. بە شیری سەگ گۆش کراون."

هاوڕێکەم چەپڵەیەکی قاییمی بۆ لێدام، گوتی: "ئەوەیە داهێنان و تازەگەری. ماشەڵڵات لێ بێ، نووری بێگ. ماوەیەکی زۆرە بەدوای کەسێکی وەک تۆدا دەگەڕێم. لە ماوەی ڕۆژێکدا فێری ئەو پیشە بەناوبانگە بووی. ئەوە مووچەی مانگانەکەیشت بەرز کرایەوە بۆ ۵۰۰ لیرە."

مووچەکەم لە ماوەی شەش مانگدا گەیشتە ۱۰۰۰ لیرە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو مووچەیە وەربگرم، دەبووایە هەزار جوێنم بە دایک و ژنی هاوڕێکەم بدایە. ئەویش کاتێک لەودیوەوە گوێی لەو جنێوانە دەبوو، بستبست باڵای دەکرد.

- سڵاوبارانت دەکەم، نووری. بە ڕاستی تۆ ئەو کەسەی کە من بەدویدا وێڵ بووم. ئەم قسانەی دەکرد و موچەیش لەگەڵیدا بەرز دەبووەوە.

# خوا قەبوولی بکات

هەموو ڕۆژێک لە شەشی بەیانیدا بەدەم قرخەقرخەوە حەمزە بێگی خاوەنی باڵەخانەکە، باڵەخانەی هیوا، هاواری دەکرد: "ئەمینەفەندی! ئەمینەفەندی!"

ئەمین ئەفەندی ماوەی ١٤ ساڵ بوو دەرگاوانی باڵەخانەکە بوو. سەرباری ئەو کارە فەرمییەی، سەرپەرشتیاری کارەکان و ژمێریار و ئابداریاش و هەمەکارەی حەمزە بێگیش بوو.

- ئەمینەفەندی! ئەمینەفەندی!

ئەمین بەدەم ملخوراندنەوە سەری لە پەنجەرەکە هێنایە دەرێ.

- ئەوە هاتم، ئەوە هاتم.

باڵەخانەی هیوا لە شەش نهۆم پێک هاتبوو. هەر نهۆمێکیش لە دوو شوقەی نیشتەجێبوون پێک هاتبوو، جگە لە نهۆمی زەمینی کە پێک هاتبوو لە دوو کۆگای بازرگانی لەگەڵ ژوورێکدا. ژوورەکە وەک شوێنی پاسەوان هەژماری بۆ دەکرا. دووانەکەی دیکەیش یەکێکیان شیرینیخانە و ئەوی دیکەیشیان دوکانی فەرش و مافوور بوو.

- ئەمینەفەندی، دەزانی خەریکی نوێژی بەیانی بووم.

- خوا قەبوولی بکات.

- دەزانی لە نوێژەکەدا چیم بیر کەوتەوە؟ لەناکاو شوقەی ژمارە چوارم بیر کەوتەوە. باشە کرێی ئەم مانگەت لێ وەرگرتوون؟

- بەڵێ، لێم وەرگرتوون و دوێنێیش ڕادەستی خۆتم کرد.

- بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کرێیەی داتە دەستم کەم و زیادی نەبوو؟ باوەڕ بکە لەو کاتەی نوێژم دەکرد، بیرم کەوتەوە. دەی ئەمینەفەندی برۆ بۆلای پارێزەر و پێیان بڵێ . ئەڵلا ئەڵلا. ڕێگە بە



Scanned with CamScanner

شتی وا مەدە. دەی ئەمینەفەندی برۆ و بڵی ئەم کرێچییانە بوونەتە بار بەسەرمەوە. ئەستەغفیروڵلا، ئەمانە تەنانەت نوێژەکانیشیان لی تێک داوم. برۆ و بڵی باماڵەکەم چۆڵ بکەن. برۆ و بڵی هەر ئێستا داوایان لەدژ بەرز بکاتەوە. ئایا ئەو کاتەی کرێکەت لی وەرگرتن، وەسڵت پی دان کە کرێکەت لی وەرگرتوون؟ زۆر باشە، برۆ و بڵی کرێی ئەم مانگەیان نەداوە. خۆ مرۆڤ ناتوانێت لەبەرانبەر خوای خۆیەوە بە دڵێکی ساف دانیشێ. دەی دەی ئەمینەفەندی برۆ.

- بەڵام گەورەم ئەی ئەگەر پارێزەرەکە لە نووسینگەکەی نەبوو؟

- شتی وا چۆن دەبێت، ئەمینەفەندی؟ وا نیوەڕۆیە. پێویستە لەپاش نوێژی بەیانی بچێتە نووسینگەکەی. برۆ و لەوێ چاوەڕێی بکە.

- باشە گەورەم، بەڵام چی دەڵێی تەلەفۆنێکی بۆ بکەین؟

- ئەوە چی دەڵێی؟ جایز نییە بابەتی گرنگ بە تەلەفۆن جێبەجێ بکەی. زووکە برۆ و ئەوەی پێم گوتوویت جێبەجێی بکە. خاوەخاو نەکەی، ها. ئەوە چ قەومێکن کە دین و ویژدانیان لەدەست داوە. بە زستان و هاویندا بە هەزاروهەشتسەد لیرە لە شوقەی خەڵکدا دەخۆن و دەخەون.

ئەمینەفەندی باش دەیزانی کە ئەو یەک تەلەفۆن ناکات، بۆ ئەوەی پارەی تەلەفۆن نەدات ئەگەرچی خۆی لە گیرفانی خۆیشی پارەی رێگەکەی دابا.

حەمزە بێگ لە ملیاردێرەکان بوو. کارگەیەکی هەبوو کوڕەکەی سەرپەرشتیی دەکرد. لە دوو بانکیش پارەی دانابوو. لە یەکێکیان ٢٠ ملیۆن لیرە و لەوەی دووەمیشیان سێ‌ملیۆن و نیو لیرەی دانابوو. سەرباری هەبوونی کارگەیەکی سابوون کە کوڕەزاکەی بەڕێوەی دەبرد. شوقەی زۆر و زەبەندەیش با بوەستن. ئەو بینایەی کە ساڵی رابردوو بنیاتی نا و چەندین شتی دیکەیش.

رۆژێکیان لەو کاتەی ئەمینەفەندی خەریکی خواردنی فراوین بوو، چەند تەقەیەک لە پەنجەرەکە درا: "ئەمینەفەندی، ئەمینەفەندی."



Scanned with CamScanner

دەرگاکەی کردەوە، بینیی حەمزە بێگە.

- فەموو، قوربان.

- سپاس، ئەمینەفەندی. خەریکی نوێژی نیوەڕۆ بووم.

- خوا قەبوولی بکا.

- دەزانی ڕێک لەو کاتەی کە لە سوجدەیا بووم چیم بە بیردا هات؟

- چی، گەورەم؟

- ئەم بەیانییە بە بەردەم دوکانی شیرینییەکەدا تێپەریم. بیهێنە بەرچاوت، نەیاندەتوانی فریای موشتەرییەکان بکەون، وەک پوورەی هەنگ دەنگی دەهات. تەنانەت خێزانەکەیشی یارمەتیی دەدان کەچی هەر فریا نەدەکەوتن، ئای ئەستەغفیروڵلا. بە خوا ناکرێ کرێکەی زیاد بکەم. ئەوە پێچەوانەی ڕەوشت و نەریتی بەرزە. هەستە و بڕۆ بە نیخۆ، ئەو کافرە بڵێ، لە گوزارشتی ئەمڕۆوە کرێی دوکانەکە بووەتە ١٠٠٠ لیرە. تێگەیشتی؟ بڕۆ و پێی بڵێ لەبارەی کرێکەوە لاژەلاژ نەکات، با نوێژەکانم لێ تێک نەچێت. ئەی نەفرەتی خوات لێ بێ، کافر.

حەمزە بێگ بەپێی ڕەگەزنامەکەی، ٧٢ ساڵ بوو، بەڵام وا هەڵسوکەوتی دەکرد کە تەمەنی لەوە زیاترە. دەیگوت تەمەنم ٨٥ ساڵە. هەر لەو ساتەوەی پێی نابوویە ٥٠ ساڵی، دەیگوت و دەیگووتەوە کە پێیەکم لە لێواری قەبر هەڵدەلەرزێت. وای دا دەنا کە تەمەن واتە ڕێز و ویقار.

ڕۆژێکیان حەمزە بێگ لە قاتی شەشەوە، سەرباری هەبوونی زەنگی کارەبایی، بە هێزی خۆی هاواری کرد: "ئەمینەفەندی. ئەمینەفەندی"

وەکو گوتم، زەنگی کارەبایی هەبوو، بەڵام بۆچی زەنگی کارەبایی بەکار بهێنێ؟

ئەمینەفەندی سەری لە پەنجەرەکەوە دەرکێشا:

- بەڵێ، گەورەم؟

- هەر ئێستا سەرکەوە بۆلام.

ئەمینەفەندی بە یەک چاوپرتاندن خۆی گەیاندە قاتی شەش. حەمزە بێگیش چاوەڕێی بوو.

- ئای ئەمینەفەندی، ئەگەر دەزانی کاتێک نوێژی عەسرم کرد، بیرم لە چی دەکردەوە؟

- خوا قەبوولی بکا. من لەکوێوە بزانم؟

- ئەڵڵا، ئەڵڵا. ئای سەبری ئەیوبم لەکوێ دەس کەوێ؟ من دەڵێم مرۆڤ ناتوانێ بە دڵی بێگەردەوە لەبەردەم خودای خۆیدا ڕاوەستێ. من چیم پێ گوتی؟ باشە لەبارەی کارەباکەوە کە قادرمەکان ڕۆشن دەکاتەوە، هیچم پێ نەگوتی؟ دەی بڕۆ لە هەرماڵێک ٢٥ لیرە کۆ کەرەوە با کارەباکە چاک بکەینەوە. ئای ئەمینەفەندی، نازانم لێم کۆکردوونەتەوە یان وەک هەموو جارەکانی دیکە بیرم چووە. دەی بڕۆ و ئەو بڕە لە هەموویان کۆ کەرەوە. یان پێیان بڵێ خۆیان ئەو کەسە بدۆزنەوە کە خراپی کردووە و با خۆی لەسەر گیرفانی خۆی چاکی بکاتەوە. ئەم دەشتەکییانە. لە شوقەی فەرشکراودا نیشتەجێ بوون. وەڵڵا هەر ئەوە ماوە خەرجیی ڕۆژانەیشیان بەسەردا دابەش بکەم. ئەستەغفیروڵڵا. خوایە تەنیا تۆ ئاگاداری زەحمەت و ماندووبوونی منی. پێیان بڵێ حەمزە بێگ بۆتان چاک ناکاتەوە تا خۆتان پارەکەی کۆ نەکەنەوە. دەی بڕۆ و پێیان بڵێ. خوا لەگەڵ ئارامگراندایە.

جارێکیان خزمەتکارەکەی حەمزە بێگ هاتە لای ئەمینەفەندی. پێی ڕاگەیاند کە حەمزە بێگ چاوەڕێیەتی. ئەمینەفەندی سەرقاڵ بوو بە تاشینی سەروسمێڵیەوە. خزکەتکارەکە پێی ڕاگەیاند، هەر کە لێی بووەوە، خێرا بچێتە سەرێ، چونکە بێگ بەدیارییەوە وەستاوە.

بە خێرایی ئەمینەفەندی چووە سەرێ و گوتی: "فەرمان کە، گەورەم. خەمی تۆمە. چ باسە؟

- ئەی های ئەمینەفەندی. خودا نوێژەکەم لێ قەبووڵ کا، ئەگەر دەزانی لە دەمی نوێژی عیشادا چیم بە خەیاڵدا هات؟



Scanned with CamScanner

- چیت بە خەیاڵدا هات گەورەم؟

- لەپاش نانی نیوەڕۆ، بە بەردەم دوکانی فەرش و مافوورەکەدا ڕۆیشتم. پرسیاری بازارم لێ کرد. گوتی: "بازاڕ وشکی کردووە، لە بێبازاڕیدا مێش لە دەمی خۆمان دەرەکەین." تۆ وا دەزانیت من گێژ یان حەپۆلم، بە تەمای چ وەڵامێکی دیکەم بداتەوە بێجگە ئەوە؟ ئۆف. کەس متمانە و سیقەی نەماوە. تەماشاکە دوکانەکەی پڕە لە فەرش و مافوور، کەچی کابرا گازندە لە بازاڕەکەی دەکات. ئەمینەفەندی، دەزانی بۆچی وا دەڵێ؟ لەبەر ئەوەی کرێی دوکانەکەی بۆ زیاد نەکەم. نە بەخوا ناهێڵم دزیم لێ بکا. تەماشا کە، ئەمینەفەندی. کۆگایەکی گەورە بە دووهەزار لیرە. نە بەو خوایە ناهێڵم بمخەڵەتێنێت. تێگەیشتی؟ هەر کاتێک بەو ناوەدا تێپەڕ دەبم، لە خوا دەپاڕێتەوە کە کڕیار نەیە. ئەگەر بێت، داوای لێبوردنی لێ دەکات و دەڵێت ئەو شتەمان نییە. ئەوانە یەک تۆزقاڵ ویژدان و ئیمانیان نییە. لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا، ئەمینەفەندی. من چی بکەم لەم کرێچییانە؟ ئەمانە دەمکوژن. من شکاتیان دەبەمە لای خوای عەززە وەجەل. دەی ئەمینەفەندی، بڕۆرە لای و پێی بڵێ: "ئەگەر تۆ بازاڕت نییە، دەی بۆ کۆگاکە چۆڵ ناکەیت؟" من نامەوێت کەس زیان لە دەستم ببینێت. وا قاچێکم لە دەمی گۆڕ دەلەرزێ. بەم بێویژدانە، کامیل بێگ، بڵێ: "خەڵک پێشەکی ٥٠ هەزار لیرەم دەدەنێ بۆ ئەو کۆگایە. یان ئەوەتا چۆڵی دەکات، یان ئەوەتا لە بەیانییەوە کرێکەی سێ‌هەزار لیرەیە."

حەمزە بێگ لەسەر کەللەی سەر هاواری دەکرد، دەیگوت: "ئەم پیاوە پیرە من دەکوژێ. ئایا پارەی خەستەخانەکەم بۆ دەدەن ئەگەر نەخۆش کەوتم؟"

ئەمینەفەندی گوێی لە دەنگی زەنگە کارەباییەکە بوو لەو کاتەی دەیویست بەرەو ژووری نووستنەکەیان بڕوات. ئاشکرایە زەنگی



Scanned with CamScanner

کارەبا تەنیا لە شەودا بەکار دێت، بۆیە بە پەلە وەک ئەوەی مار پێوەی دابێت، جلەکانی لەبەر کردەوە.

- ئەمینەفەندی.
- بەڵێ، گەورەم.
- خوا نوێژەکەم لێ قەبووڵ بکا. دەزانی لە نوێژی عیشادا بیرم لە چی دەکردەوە؟ ئەمین گیان، سبەی ئامێری گەرمکەرەوەکە کار پێ مەکە. شوکر بۆ خوا سەرماکەی نەماوە. ماشەڵلا ئەم هاوینە زۆر گەرم دەبێت. تەماشای ڕۆژمێرم کرد، نووسرابوو سبەی باڵندەی "سنوونوو" بە ئاسمانی ناوچەکەماندا تێپەر دەبن. ئیدی چ پێویست بە گەرمکەرەوەی ناوەندی دەکا؟ ئیسرافە، ئیسراف. خوا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئەو کارانە لێمان دەپرسێتەوە. لێمان دەپرسێت: "عەبدەکانم مەگەر من باڵندەی سنوونووم بۆ نەناردن وەک مزگێنیی هاتنی وەرزی هاوین، کەچی ئێوە هەر ئامێری گەرمکەرەوەتان بەکار دەهێنا؟" گوناحە. خوا خەڵکی زیادەڕۆکاری خۆش ناوێ. بۆیە چیدی ئەو ئامێرانە دامەگیرسێنە. من لە خوا دەترسم. پێیان بڵێ وەرزی زستان تەواو بووە. ئەمینەفەندی، ئەو کاتەی خەریکی نوێژ بووم، گوێم لە ڕادیۆ بوو دەیگوت: "خێراییی هەوا کەم دەبێتەوە و پلەی گەرمایش لە پێنجی سیلیزی کەمێک بەرزتر دەبێتەوە."

ئەی خوایە گیان. بابەتەکە بابەتی تاڵانی و فەرهوودە. یەکێ ٢٠٠ لیرەیان داوە لە بریتیی هەوای گەرمدا، وەک ئەوەی بیانەوێت شەو و ڕۆژ داگیرسابێت. خوایە سەبرم پێ ببەخشە. تەنانەت ئاوی گەرمیشیان لێ ببڕە. هەر کەس ئێرەی بەدڵ نییە، دەتوانێت شوقەکە چۆڵ بکا. خۆ من کەسم بە زۆر لێرە نەهێشتووەتەوە.

ئەمە بووبووە پیشەی شەو و ڕۆژ. لە دەرگا دەدرا:

- ئەمینەفەندی، ئەمینەفەندی.

بەدەم گوێگرتن لە قرخەقرخی پیرە پیاوەوە.

- بەڵێ، گەورەم.

- خوای گەورە نوێژەکانم لێ قبووڵ بکا. دەزانی لە گەرمەی نوێژی بەیانیدا چی بە مێشکما هات. مادەم ئەوا مورتاحن لە شوقەکاندا و کێشەیان نییە، بۆچی هەموو بیناکە بە تێکڕا نەفرۆشم؟
ئەوەیش قسەیەکی درۆ بوو، تەنیا بۆ ئەوەی بوو زەحمەتی ئەو ماڵانە بدات کە تێیدا دەژین.
- خۆتەزانی کڕیار کە دێت بۆ سەیری شوقە، خۆی بە تەنیا نایە، ماڵ و منداڵیش دێنێت. لە ڕۆژێکدا دە جار با تەقە لە شوقەکانیان بدەن و پشوویان لێ هەڵ بگیرێ. ئەوان ئاوا زەحمەتی من دەدەن، منیش مافی خۆمە تۆڵەی خۆمیان لێ بکەمەوە. شەرت بێ ئەوەندە تەقە بدرێت لە شوقەکانیان تا بێزار دەبن و چۆڵی دەکەن. بیرۆکەیەکی زیرەکانەیە؟ بەم شێوەیەیش بە ناڕاستەوخۆ دەریان دەکەین. تۆ خۆت دەزانی، ئەمین گیان، من کابرایەکی دڵساف و پاکم، باوەڕ دەکەی ئەم بیرۆکانەم لە کاتی نوێژدا بۆ دێن؟
ئەمین خەریکی پاککردنەوەی شوشەکان بوو، لەپڕ چاوی بە حەمزە بێگ کەوت لە کۆڵان.
- ئەمینەفەندی، باش گوێم بۆ بگرە. ئەوە لە نوێژی جومعە دێمەوە، خودا لێمی قبووڵ بکا. دەزانی لەکاتی نوێژدا چیم بەبیردا هات؟ ئەها ئەوانەی لە شوقەی هەشتدا دەژین، شەو تا بەیانی لە ژوورەکەیانەوە خشەی ئاو دێت، ئەگەر وا بڕوات باڵەخانەکەم ئاو دەیبات. وا من پێیەکم لە لێواری گۆڕ دەلەرزێت. نوێژەکەی جومعەم لەبەر ئەوان لێ تێک چوو. تێگەیشتی؟ ئەم باڵەخانەیە موڵکی کافران نییە. پێیان بڵێ حەمزە بێگ دەیەوێت کرێی ساڵێک وەک پێشەکی وەرگرێ. پێشەکیی ساڵێک. تێگەیشتی؟ لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژانەدا شوقەی ٢٠٠ لیرەیی پەیدا نابێت. خۆت دەزانی باخچەکەیان تێک داوە. ئاخ لەدەستیان!
- ئەمینەفەندی، ئەمینەفەندی.
- بەڵێ، گەورەم.

- ئەوە لە نوێژی جەژن دێمەوە. خودا قبوولی بکا. لەکاتی نوێژدا بیرۆکەیەکم بۆ هات، بەڵام چ بیرۆکەیەک. بیرم چوو پێیشت بڵێم. هەڵسوکەوتی ئەو کرێچییانە مێشکی من تێک دەدات. ئای شتێک هەر حەزم نەکرد باسی بکەم. لە دەمی ڕکوعدا بووم ئەو بیرۆکەیەم بۆ هات. بەڵام بیرۆکەکە کامەیە؟ کورە هەر عەقڵیان بردووم. ئەریٚ بیرم کەوتەوە. لە کاتی نوێژدا بووم لە سوژدەدا، ئەها ئەو جەماعەتەی لە شوقەی سێدا دەژین، فێڵیان لیٚ کردم و گوتیان منالّمان نییە، لەپاش سیٚ مانگ منالّیان بوو، ئەوەیش جایز نییە ئەمینەفەندی. خودای گەورە لە ئایینی ئیسلامدا درۆی حەرام کردووە. ئای ئەمینەفەندی من لەگەڵ خوا لە ڕازونیازا بووم کە ئەمەم بیر کەوتەوە. پێیان بڵیٚ مانگێک مۆڵەتیان دەدەمیٚ تا بگەڕێن بە شوێن شوقەیەکی دیکەدا. ئاوەکەیان لیٚ ببڕە. پێیان بڵیٚ کە بەلۆعەکە شکاوە. خۆ من شوقەم بۆ منالّبەخێوکردن دروست نەکردووە. بۆ مەگەر دێڵن مرۆڤ بە دڵێکی مورتاحەوە لە حزووری خوای گەورەدا بوەستیٚ؟ تەنانەت لە سبەینێی ئەم ڕۆژە موبارەکەیشدا مێشکیان مەشغووڵ کردووم.

ئەمینەفەندی، ئەو کابرایەی کە چواردە ساڵە لێرە خزمەت دەکات، چووە قاتی شەش، پرسیاری کرد:

- کوا ئاغام؟

- خەریکی نوێژە.

چووە ژووری چاوەڕوانی و بە دەرگاوانەکەی گوت:

- کە لیٚ بووەوە، پێی بڵیٚ لێرەم.

پاش چەند چرکەیەک، حەمزە بێگ هاتە ژووری چاوەڕوانییەوە و گوتی:

- ئای چ ڕێکەوتێکی سەیرە! بە تەما بووم بنێرم بەشوێنتدا. هەر کەمێک لەمەوبەر لە خزمەتی خوای خۆمدا بووم.

ئەمینەفەندی سەری بەرز کردەوە و گوتی:



Scanned with CamScanner

- بەر لەوەی پیم بلیی لەکاتی نویژدا چیت بۆ هاتووە، با من پیت بلیم کەمیک لەمەوبەر چوومە دەسشۆری و لەو کاتەدا خۆم بە خۆمم گوت: "با چیدی ئاغامان وەرز نەبیت." بۆچی؟ گوتم باشترین شت ئەوەیە ئاغامان ئەم بالەخانانە بفرۆشیت و لە زەحمەتی ئەم کریچییانە رزگاری بیت. کەچی لەناکاو ئەو شەیتانە مەلعوونە، لەعنەتی خوای لی بی، خستیە میشکمەوە گوتی: "ئەو ئاغا گەوادەی ئیوە، چەندین عەمارە و کارگە و مال و باغی هەیە. ئەو کافرە بیویژدان و دینە، ملیونان لیرەی هەیە و ئەوەی کە نییەتی تەنیا ویژدانە." ئا بەو شیوەیە قسەی دەکرد گەورەم. دەیگوت: "ئەو پیرە کویرە قاچی لە رۆخی گۆردایە." تیگەیشتی؟ ئا بەو شیوەیە قسەی دەکرد، وەللا گەورەم. ئەمەم بە بیردا هات ئەو کاتەی لە دەسشۆری بووم. ئای تەنانەت لە سەرئاویشدا وازم لی ناهینیت.

رەنگی حەمزە بیگ زەرد هەلگەرا، دەستەکانی کەوتنە لەرزە، خۆی دا بە ملی قەنەفەکەدا.

- ئەمینەفەندی بروا بەوە مەکە کە شەیتان خستوویەتە میشکتەوە. راستە من مال و مولکی زۆرم هەیە، بەلام من دەمرم. دەمرم ئەگەر جەنگ و هەرای ئەم کریچییانەم نەمیینی. لەسەر شەر و فەرتەنە لەگەل ئەمانەدا راهاتووم. چی بکەم؟

رۆژی دواتر حەمزە بیگ هاتە قاوەخانەکەی گەرەک، وەک ئەوەی دلی خەبەری دابوو ئەمینی پاسەوان لەوییە. ئەوەی کە سەیر بوو، ئەوە بوو ئەو ساتە کاتی هیچ نویژیک نەبوو. وەک ئاشکرایە حەمزە بیگ تەنیا لە کاتی نویژەکاندا شتی باس دەکرد.

- وا بۆ تۆ دەگەریم، ئەمینەفەندی. ئەوە تۆ دوو سەعاتە لەکویی؟ ئەمرۆ مەزاجم تەواو نییە.

هەر بە راستییش رووخساری تیک چووبوو. دەنگی هەر وەک ئەوەی بگری، ئا وەها بوو.



Scanned with CamScanner

- ئۆف، ئەمینەفەندی. وا یەکێک لە برادەرەکانم، نزیکترین برادەرم، کۆچی دوایی کرد. ئێستا لە نوێژی جەنازەکەی دێمەوە. ئیدی ئەوە سەرەنجامی هەموومانە. ئیننا لیللاهـ وەئیننا ئیلەیهی ڕاجیعوون. بەڵام دەزانی لەکاتی نوێژی جەنازەدا چی بە مێشکما هات؟ یەکێک لە برادەران تەمای ئەوەی لێ کردم کە ببێتە دەرگاوانی باڵەخانەکە و مانگانەیش سێهەزار لیرەم دەداتێ. خۆت دەزانیت من مانگانە یەک قروشیش لە تۆ ناسێنم.

ئەمینی دەرگاوان گوتی: "زۆر باشە، با ئەو کابرایە بێت و بیکە بە دەرگاوانی خۆت. ئەوە منیش دەڕۆم شڕ و شیتاڵم کۆ دەکەمەوە و دەرۆم."

- چۆن؟

- ئێستا.

- بۆچی؟

- بەڵێ، هەر ئێستا.

- هەر بەم شێوەیە و بەبێ هیچ تورەبوونێک؟ مەگەر داوای قەرەبوو ناکەیتەوە؟ ئەی پارێزەر ناگری بۆ داوای مافەکانت؟

- نامەوێ. پێم گوتی نامەوێ. وا دەڕۆم و کەلوپەلەکەم کۆ دەکەمەوە.

ئای چ زەرەرێک. ڕەنگی بە بەرەوە نەمابوو. ئاخ. وا کاتی نوێژی عەسریشە.

***

## حەمدیە قەڵەو چۆن دەستگیر کرا؟

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ئەستەنبووڵ بەم شێوەیە هۆشداریی دایە گشت بنکەکانی شار: "ئاگادارتان دەکەینەوە لە هەڵاتنی یەکێک لە بەندییەکانمان بە ناوی حەمدییە قەڵەوەوە. لەپاش خەوبردنەوەی پاسەوانەکانمان کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بوو بەردەوام ئێشکگر بوون. حەمدیە قەڵەو تەمەنی ٣٥ ساڵە. کابرایەکی گۆشتنە. کێشی دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆ. باڵای بەرزە. چاوی قاوەییە. سێ ددانی پێشەوەی کەوتوون. یەکێک لە ددانە تەختەکانی قرۆڵ و، ددانێک لە ددانەکانی کرتاندنی گوڵەبەڕۆژەیشی خوارەوە زێڕە. گەنم ڕەنگە. کابرایەکی شڕشێت دەردەکەوێت. پێویستە بە زووترین کات بگیرێت، چونکە پێشینەی خراپی هەیە و ترسناکە. پێویستە بزانرێت کە لە پێچلێداندا دەستێکی باڵای هەیە. لەپاش لێکۆڵینەوەی تەواوەتی، بۆمان دەرکەوت کە هەڵاتووە. پێویستە زۆر بە خێرایی بیدۆزنەوە. ئەوە وێنەیەکی خۆیشیمان هاوپێچی ئەم هۆشدارییە کردووە."

لە یەکێک لە بنکەکاندا گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لەنێوان دوو پۆلیسدا کرا:

- براکەم. ڕەمەزانی برام، تەماشا کە ... ئەها ئەو کابرایەی خەریکی محەلەبیخواردنە، بێگومان ئەوە حەمدیە قەڵەوە.

- هـ هـ ئا لەو دەچێ. ئادەی وێنەکە دەربێنە لە گیرفانت.

ڕەمەزان وێنەکەی لە باخەڵی دەرهێنا و نیشانی هاوڕێکەی دا.

- ئەوە کەی وێنەی ئەوە، ڕەمەزان. وێنەی خۆتە.

- ئادەی با ببینم، تخوا جوان نییە؟

- بەرەوەڵا جوانە. ڕەمەزانی برام، ئەگەر یەکتۆز زەردەخەنەت بکردایە ... دەی وەرە با وێنەکەی بدۆزینەوە تا لە بەرچاومان ون نەبووە.

ڕەمەزان وێنەکەی خستەوە گیرفانی و کۆمەڵێک وێنەی تێکەڵوپێکەڵی دیکەی دەرهێنان بۆ ئەوەی وێنەی حەمدییە قەڵەو لەناویاندا پەیدا بکات.
- ئەوە وێنەی کوڕەکەمە. ئەوەیش وێنەی کاتی سەربازییە. مەحموود. برام مەحموود، ئەو وێنەیە هی کێیە؟ جوان تەماشا کە.
- ئەو وێنەیە؟ ئەوە دەبێت وێنەی عەلی دوکەڵ بێت، ئەوەی بازرگانی هیرۆین.
- ئەوەیش وێنەی سوبحی فەڕاشە، فەڕاشی ئوتێلەکە. وێنەکان تێکەڵ بوون. بۆیە وێنەکانیان دابەش کردبوو—هەندێکی لای ڕەمەزان و هەندێکیشیان لای مەحموود هەڵگیرابوون. هەردووکیان بە خێرایی دەستیان کرد بە گەڕان بەناو وێنەکاندا.
- پەلەکە تۆزێ، مەحموود، دەی. وا کابرا خەریکە محەلەبییەکەی تەواو دەکات و هەڵدێتەوە.
- تەماشاکە چۆن سەرەتاتکێیەتی. سەری دەڵێی میزراحە.
- ئۆخەیش، ئەوە دۆزیمەوە. لە کۆتاییدا. هەر دەبێت ئەوە وێنەی خۆی بێت.
دوو پۆلیسەکە لە محەلەبیخۆر نزیک بوونەوە. یەکێکیان تاوێک تەماشای کابرا و تاوێک تەماشای وێنەکەی دەکرد.
- ئا دەی ڕووت بەو لا وەرگێڕە.
- ئا. زۆر لەو دەچێت، ڕەمەزان. خۆیەتی خۆ.
- بەڵێ، لەوێ دەتوانن تەواو لەگەڵ وێنەکەدا بیانکەن بە یەک. خۆیان ڕێکی دەخەن.
دەی پێشمان کەوە، دەچینە بنکەی پۆلیس.

لە بازاڕ لای وشکەفرۆشەکان، دوو پۆلیس یەکتر دەدوێنن:
- بە خوا هەر عەیبە تا ئێستا ئەو حەمدییە قەڵەوەمان نەدۆزیوەتەوە. مەگەر خوا بزانێ چەندیش گەڕاوین.



Scanned with CamScanner

- ئەوە ئەو نییە؟
- ڕەنگە. ئادەی با لێی بچینە پێشەوە.

لە کابرا نزیک بوونەوە، یەکێکیان پرسیی:

- ناوت بەخێر؟
- مستەفا.

هەردووکیان سەریان کرد بەیەکدا.

- دەڵێ ناوم مستەفایە.
- بێگومان خۆ ناڵێ حەمدی. ناوێکی دیکەمان پێ دەڵێت.
- وا بزانم بە تەمایە گاڵتەمان پێ بکا.
- چاوەکەم، بێزەحمەت لەگەڵمان وەرە بۆ بنکەی پۆلیس.

لە یەکێک لە قاوەخانەکاندا، ئەم گفتوگۆیە لەنێوان دوو پۆلیسدا ڕووی دا:

- ئایا دەزانی سێ کەس گیراون و هەرسێکیشیان حەمدییە قەڵەون، بەڵام هێشتا بەڕێوەبەرایەتی دڵیان ئاوی نەخواردووەتەوە وەک ئەوەی سێ کەم بێت.

بە چپەوە: "دەنگت نزم بکەرەوە. بە سیلەی چاو تەماشایەکی ئەو کابرایە بکە لە سوچەکەدا چای دەخواتەوە."

- ئەوە ڕێک خۆیەتی.
- بەڵام براکەم ئەوان ڕایان گەیاندووە کە کابرایەکە زیاد لە ٢٠٠ کیلۆیە، ئەمە باریکە هەر دەڵێی شمشاڵە.
- لەوانەیە بە هۆی ڕاکردنەوە لە دەستی پۆلیس، ئا وا لاواز بووبێ. خۆتەزانی ئەو دەر و دەشت و دارستانە مرۆڤ لاوازەکەن.
- ڕاسەکەی، بەڵام ئەم قژی ڕەش و پڕە و حەمدی بەپێی نووسراوەکە دەبێت سەرتاس بێت و، تۆزێک مووی سپی بە لاجانگەکانیەوەیەتی و تەواو.
- ئای لە تۆ. ئێ خۆی ئەو قژە ڕەشە هەر دیارە دەسکردە.

- چاوەڕێی چی دەکەی؟ ئا دەی با دەسگیری کەین.

لە شوێنێکی دیکەدا دوو پۆلیس سەریان بە یەکدا کردبوو. پاش ئەوەی لە چپەچپ بوونەوە، لە کابرایەکیان پرسی:

- ناوی شەریفتان چییە، بێزەحمەت؟

- حەمدی.

- هەردووکیان حەپەسان. دەستیان کردە پێکەنین و چاویان ئەبڵەق بەدیار حەمدییەوە بووبوو.

- ئا دەی با بڕۆین بۆ بنکەی پۆلیس.

- بەڵام بۆچی؟ چیم کردووە؟

- قسەی زۆر نەکەی باشترە. لەوێ هەموو شتێ تێدەگەی.

لە نزیک گەراجەکەیش:

- ئادەی دەمت بکەرەوە.

- دەمم هیچی تێدا نییە.

- ئەگەر هیچی تێدا نییە، ئەی بۆچی نایکەیتەوە؟

دەمی کردەوە و پۆلیسەکە سەرێکی بۆ لای گوێچکەی هاوڕێکەی درێژ کرد، بە چپە پێی گوت:

- سەیرێکی وێنە و نووسراوەکە بکە. بزانە حەمدی چەند ددانی کەوتبوون.

ئەوی دیکەیان بەدەم تەماشاکردنی وێنە و کاغەزەکەوە وەڵامی دایەوە:

- سێ دانە، سەرباری قرۆلیی ددانێکی تەخت و ئاڵتونبوونی ددانێکی گلۆبەرۆژەکرتێن.

پۆلیسەکە بەناو دەمی کابرادا دەگەڕا وەک چۆن دەست دەکات بەناو عەلاگە تەماتە و پەتاتەدا.

- یەک، دوو، سێ، چوار. پێم گوتیت مەجووڵێ با لێم تێک نەچێ. ئادەی با لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە. یەک، دوو، سێ ... دە ... بیستوچوار. بیستوچوار دانی هەیە.

- بیستوچوار، کەواتە چەند دان کەوتوون؟

- هێو چەند دانت کەوتوون؟

- هەشت.

- لەوانەیە خۆی دەری هێنابن بۆ ئەوەی پۆلیس پێی نەزانێ.

- گەورەم دانەکانم گشتیان تاقمن، هیچ دانێکی سروشتی لە دەمما نییە. جارێ هەر چوار دانەیان لەکاتی شکاندنی ناوکە قەیسیدا شکان.

- براکەم، ئا دەی یەک خولەک تەماشایەکی کاغەزەکە بکە. بزانە ئاماژەی بە جۆری دانەکان داوە کە ئایا سروشتین یان تاقم؟

- نەخێر باسی ئەوەی تیا نییە. ئەوەیان بیر چووە بینووسن.

- مادەم وایە، ئەمە خۆیەتی. ئەمە ڕێکوپێک خۆیەتی، بەلام هەر بۆ دڵنیایی با تەماشایەکی دانی خوارەوەی بکەم بزانم زێڕە؟

- ئادەی باوکەکەم لەگەڵمان وەرە بۆ بنکەی پۆلیس.

- بۆ کوێ؟

- بنکەی پۆلیس و، فزەیش نەکەی.

سەدان گوزارشت لە بەڕێوەبەرایەتییە ناوچەییەکانەوە گەیشتنەوە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی ئەستەنبووڵ:

"لە ڕێکەوتی فلان، سەعات فلان، سلاو و ڕێزتان پێشکەش دەکەین. پێتان ڕادەگەیەنین کە توانیومانە چوار پیاو بگرین کە کراسی قاوەییان لە بەردایە و نۆ کەسیش کە دانیگلۆبەڕۆژەکرتێنیان ئاڵتوون.

"هەروەها پێتان ڕادەگەیەنین: توانیومانە ١٤ کەس دەسگیر بکەین کە هەمان تایبەتمەندییەکانی حەمدییە قەڵەویان تێدا بووە. تکاتان لێ دەکەین لە حاڵەتی پێویستبوون بە حەمدیی زیاتردا، ئاگادارمان

بکەنەوە. بێگومان بن کە بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێینەوە. چاوەڕێی فەرمانی بەڕێزتانین."

"لە ڕێکەوتی فلانی، سەعات فیسار، سلاو و ڕێزتان ئاراستە دەکەین و پێتان ڕادەگەیەنین کە توانیومانە ١٤ کەس دەستگیر بکەین کە هەموویان حەمدین. حەمدییە قەڵەو کە کێشیان لەنێوان ١٨٥ بۆ ٢١٥ کیلۆدایە، لەبەر جیاوازیی کیلۆکانیان، پشتمان بە ڕەنگی چاویشیان بەستووە. بۆیە دڵنیاتان دەکەینەوە کە هەموویان حەمدین. لەگەڵ ڕێزدا."

بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی پۆلیس ناچارانە ئەم گشتاندنەی بۆ سەرجەم بنکەکان نارد: "بۆ سەرجەم بنکەکان. تکاتان لێ دەکەین پرۆسەی بەدواداگەڕانی حەمدییە قەڵەو ڕابوەستێنن تا فەرمانی دیکەتان پێ دەگاتەوە. لەگەڵ ڕێزدا."

تێبینی: حەمدییە ئەسڵەکەیش لەناو دەستبەسەرەکاندا بوو.

***



Scanned with CamScanner

بەڕێزان، ئایا تا ئێستا لە فەرهەنگدا چاوتان بە وشەی "عەیب" نەکەوتووە؟ ویژدان و ئینساف نیوەی ئیمانن، تۆ با بڵێین: نیوەیش نا، چارەکێکی.
هەر خۆتان و خوای خۆتان، ئەو گشتە ڕق و قینە چییە؟ مەگەر من چیم لێ کردوون؟
جارێکیان دەستگیر کرام بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک کورتەچیرۆکم بە ناوی "عەزیزنامە"وە. ئەو چیرۆکانە بوونە هەرای ڕاگەیاندنەکان. تەنانەت کار گەیشتە سەر ئەوەی دەوڵەتانی بەریتانیا، میسر و ئێران سکاڵا بەرز بکەنەوە. هەرچۆنێک بێت، شەش مانگم خوارد ئەوجا ئازاد کرام. لەپاش دەسگیربوونەکەیشم، خۆتان دەزانن، ڕۆژنامەکان بە ئارەزووی خۆیان شتیان لەبارەوە نووسی.
با تەماشای یەکێکیان بکەین:
"پۆلیسی نهێنی لە یەکێک لە قاوەخانەکاندا عەزیز نەسینی دەستگیر کرد. کاریکاتێرێکیشیان دانابوو کە مووی قەنافیزم بە تەوقە سەرم گەیەنرابووەوە."
با تەماشای ڕووپەڕەکانی دیکە بکەین:
"عەزیز نەسین دانی بەوەدا ناوە کە شەوان لە ترسی پۆلیس لە باخچەکاندا دەمێنێتەوە و بە ڕۆژیشدا لە قاوەخانەکاندا تا نەبینرێتەوە."
دانەیەکی دیکە:
"لە کۆتاییدا توانرا عەزیز نەسین دەسگیر بکرێت کە دەیویست لە وڵات بچێتە دەرەوە."
ڕۆژنامەیەکی دیکە:



Scanned with CamScanner

"پاش خۆشاردنەوەی چوار مانگی، زۆر بە ئەستەم توانرا نەسین دەسگیر بکرێت. بە شێوەیەک کە پۆلیس تەوقی هەموو ئەو ناوچانەی دابوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو لەوێ بێت."
خوا بتانبەخشێت. من کێم وا بەو چەشنە لەسەرم دەنووسن؟ بڕوا بکەن خەریک بوو خۆیشم لەخۆم دەترسام. بۆ من گورگەکەی دیاربەکرم یان گورگەکەی عەلی بابا؟
هێند تێپەڕ نەبووبوو، ڕۆژنامەیەکی دیکە بەم چەشنەی نووسیبوو:
"لەپاش ئەوەی عەزیز نەسین لەسەر ئاسایشی وڵات بووبووە مەترسی، دەسگیر کرا."
خۆ ئێوە هەموتان دەزانن بۆچی وەها لەسەرم دەنووسن—خۆیشم باش دەزانم.
بەڵێ، من ئەو ماوەیە خۆم شاردبووەوە. بەڵام لە کێ؟ بۆچی؟ تەنانەت ئەوەیشم لە دادگا گوت.
ژوورێکم لە کادیکۆی بەکرێ گرتبوو. بۆ ئەوەیشی کەس نەبینم، زۆربەی کاتەکانم لە کتێبخانەکاندا بە خوێندنەوەوە بەسەر دەبرد، چونکە بڕوای تەواوەتیم بەو پەندە پێشینانە هەیە دەڵێت:
"چەندە شەیتانەکان لە مزگەوتەکانەوە دوورن، پۆلیسەکانیش هێندە لە کتێبخانەکانەوە." بەڵام وەک دەیشڵێن: "بەهەشتیش بەبێ خەڵک ناخۆشە." دەرمارەکانم گرژ دەبوون. ئەی خودا تەنیایی بکوژێت. نەیشمدەتوانی لەناو خەڵکیدا کار بکەم و بەبێ ترس و لەرز دەربکەوم. شەوێکیان هەموو ئەم بیر و بیرۆکانە بەرەو گازینۆی میهرداد لە کەناری ڕووبارەکە پاڵیان پێوە نام. شنەبایەک دەیدا لە قژم و دەیشەکاندەوە و، خۆیشم جارناجار دەستێکم دەخستە سەر و قژمەوە.
شەپۆلەکانی دەریا هێواشهێواش دەهاتن و دەچوون. مانگیش هەرچی چرای هەبوون، بەخۆیدا هەڵیواسیبوون، دەتگوت سینییەکی زیوینی درەوشەدارە و ڕووناکیەکەی بووبووە هۆی دەرکەوتنی



Scanned with CamScanner

وێنەی هەموو شاری ئەستەنبوول لە دەریاکەدا. چرکەساتێکی خۆش و لەبیرنەکراو، پێویستە سوود لە کاتەکە وەربگرم بە تایبەتیش کە دوورم لە دەستی شۆفارەکانەوە[1]. ئەو گازینۆیە شوێنی کۆبوونەوەی گەورەشاعیر و نووسەرەکانی مەملەکەت بوو. بە حەیفم زانی لەو شەوەدا قوتوویەک بیرە و کەمێک مەزەی لوبنانی نۆشی گیان نەکەم. ئای چ جەوێکی سافم هەیە. ئەوە چل ساڵ لە تەمەنم ڕابراوە و شەوی وا خۆشم نەدیوە—شەو، مانگ، دەریا، مۆسیقا و بیرە. ئۆهـ جەرگەکەم. ئاخ ئەگەر خۆشەویستەکەم لێرە دەبوو، تەواوی ئەمشەوم لەگەڵی بەسەر دەبرد. بەڵام سپاس بۆ هێزی خەیاڵم. توانیم وێنای بکەم کە لەتەنیشتمدا دانیشتووە، هەر وایشم کرد. کورسیەکم هێنایە تەنیشتم و باڵم بڵاوکردەوە و دەست لە ملانی بووم. گوێچکەم مەستی مۆسیقا، چاوەکانیشم بەدیار جوانیی ئەستەنبووڵەوە خومار بووبوون. دەستەکانیشم بەسەر شانی خۆشەویستەکەمەوە.

- پێکێکی دیکە با بێت، ساقی.

با سوود لەم جەوە وەربگرم کە چیدی دووبارە نابێتەوە. خۆشەویستەکەیشم لەوانەیە شەوێکی دیکە بۆی نەکرێت لەگەڵمدا بێت. لەم سەر و سەودایەدا بووم، دیتم کورسییەکەم دەجوڵێتەوە. دەنگێک گەیشتە گوێم:

- عەزیز بێگ!

وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ، خۆشەویستەکەم؟

- عەزیز بێگ!

- بەڵێ، ڕۆحی ڕەوانم؟

ئەوەتا خۆشەویستەکەمە لەپەنام دانیشتووە. بەڵێ خەونەکانم بوونە ڕاستی. بەڵام یەکتۆز دەنگەکە گڕ بوو. تا دەهات گڕتر دەبوو:

---

[1] شۆفار: سیخوڕ

- عەزیز بێگ!

- ئەمرکە، جەرگەکەم؟

- لەگەڵمان دێیت بۆ بنکەی پۆلیس؟

وەک شێت لە شوێنەکەم دەرپەڕیم. خۆ ئەوە من لەگەڵ یارەکەمدا قسەم دەکرد، ئەوە چییە بوو بە پیاو؟

ویستم سۆزی بەلای خۆمدا ڕاکێشم، گوتم:

- دەی خۆ ئێستا شەممەیە، تا دووشەممە دەوام نییە. ئەها بە قورئان خۆم دووشەممە دێم بۆ بنکەی پۆلیس. وەعدی پیاوت دەدەمێ.

- نەخێر. شتی وا نابێ.

- باشە دەی بێڵە پێکەکەم تەواو کەم.

- نەخێر ناکرێ.

تەنانەت هێندە مۆڵەتی نەدا بچم پارەی شتەکانیش بدەم.

ئا بەم شێوەیە گورگەکەی عەلی بابایان دەستگیر کرد.

***



Scanned with CamScanner

ئەوەی پێتی دەڵێم، بینووسە ڕۆژنامەوانی بەڕێز. بنووسە تا خەڵکی لەبارەی حاڵ و ئەحواڵمانەوە بزانن و پەند وەربگرن. ناوم مەحموودە، ئەویش ناوی نیگارە. بنووسە "مەحمود و نیگار" بۆ ئەوەی خەڵکی بیخوێننەوە و بگرین. دوای گریانەکەیشیان بگرینەوە. با ئەوەی بەسەرمان هاتووە بخوێنرێتەوە و ببێتە چیرۆکی سەر زاری هەمووان. "کەرەم و ئاسڵ،" "یوسف و زولێخا،" "فەرهاد و شیرین" و "تاهیر و زوهرە" هەموو ئەوانەی ئەوان ناکاتە یەک چرکەی ئەوەی ئێمە.

چیرۆکی خۆشەویستیی ڕاستەقینە ئەوەتا لە سەربوردەی عەشقەکەی ئێمەدا. باوەڕتان هەبێت ئەوانەی ئەوان هەر هیچ نین. بە ئەرک نەبێت با جگەرەیەک داگیرسێنم و ئینجا جوان گوێم بۆ بگرە. خێزانەکەمان خێزانێکی خانەدانی "ئاقسوو"ەکان بوو. دراوسێیەکیشمان هەبوو بە ناوی "حەمزە ئەفەندی"یەوە. ئەم حەمزەیە کچێکی هەبوو ناوی نیگار بوو. هەرچەندە ئەو چۆلەکەیەمان فڕی، بەڵام من چیرۆکەکەیت وەک خۆی بۆ دەگێڕمەوە. نیگار تاقانە بوو. هاووێنەیشی نەبوو. تا ئێستا دایک منداڵی وای نەبووە و نایشیبیێتەوە. ئەو کارگەیەی ئەوی دروست کرد، هەر ئەو یەک دانەیەی بەرهەم هێنا. هەر لە حەوت شار و وڵاتان بگەڕێیت تا یەکێکی وەک ئەو پەیدا بکەیت، بە دەستی بەتاڵ و سەری بێمایەوە دەگەڕێیتەوە.

خێزانەکەی، شاهین عەجەمی، ئەوەی وێنەی لە گشت چایخانە و قاوەخانەکاندا هەڵواسراوە، بۆ ئەوە ناشێت ئاو بکات بە دەستی نیگارەکەی مندا و نابێتە خاکی بەری پێیشی. کاتێک لە دوورەوە دەیبینیت، دڵت وەک چۆلەکە خەریکە لە زارتەوە بێتە دەرێ و بۆڵای

هەڵبفڕێت. زوڵفی پەخشان بەسەر شانیدا تا گەیشتووەتە نزیکی کەمەری و یەکتۆز خوارتری کەمەریشی. هەر تاڵێک لە برژانگی تیرێکە و دڵی منی پێ کونکونە. برۆی مانگی هیلالە و قوربانیی دەوێ. ئای لەدەست نیگارا! چیت لە من کرد دڵدارا!

بەر لە لەدایکبوونی، لەناو گوڵ و هەنگویندا شیلرابوو. مەبەستم گلەکەیەتی. کە قسەی دەکرد، بۆنی عەتری لە زار دەهات. ددانەکانیشی لە مرواری دزی بوون. پێستی هەر دەتگوت پەڕەی گوڵی گوڵموحەممەدییە—پەمەیی ئاماڵ[1] سپی. هەندێ شوێنی زیاتر پەمەیی بووبوون، وەک سەرکوڵمەکانی. کە بەڕێدا دەڕۆیشت، دەتگوت بە ناز و عیشوەترین کچ هات بەرەو لام. بمرم بۆ ئەو چاوانەی. بیستبووم دەیانگوت چاوی ئاسک لە شێوەی چاوی ئەم دروست کراوەتەوە. بیری قسە شیرینەکانی دەکەم. ئای نیگاری نازەنینم.

پەنجەکانی وەک جۆگەلە ئاو بوون کە بڕۆن لەسەر سینەی دوو باڵندەی خۆشەویستی نێرە و مێیە بنیشنەوە—عاشقە و ماشقە. وای نیگارا، وای! ئەوە نیگارە نازەنینەکەم بوو. ڕەوتی چەشنی کەو بوو. کەوی چی؟! پەری یان حۆریی بەهەشت. ئای چیت بەسەر هێنام، کچە یەزیدی!

زمانم لە وەسفیدا بێتوانایە، چاوەکەم. نیگار بە خۆشەویستییەکەی بەندی کردم. سووتاندمی. هەڵیواسیم. دوکەڵم لێ بەرز دەبووەوە. بۆسۆم دنیای تەنیبووەوە. وەک ترێم لێ هاتبوو کە لەبەر خۆردا ئاوەکەی دەبێتە هەڵم و تەنیا قابلۆخەکەی دەمێنێتەوە. دڵم قورس قورس بووبوو، ئاو لە چاو ڕەوان بوو، دوو جۆگە، بەڵکو دوو ڕووبار بوون.

---

[1] ئاماڵ: مەیلەو



Scanned with CamScanner

کاتێـک چیـرۆکم بـووە بنێشتەخۆشـەی سـەرزاری تێکـڕای خەڵکـی ئاقسوو، زیاتر ئاورم تێ بەربوو. وەسیێتم کرد کە مـردم، بمسـووتێنن تا ببمە خۆڵەمێش. نیگار چۆن تێدەگات من چۆنی بۆ دەسوتێم! جەرگ و دڵم بۆی کەبابە لە دەردی دووری.

ئینجا ئەم شیعرەم خوێندەوە:

تۆ ئاوری یان نیگاری؟
توو گیانی خۆت، بێرە وەڵام
خۆم دەزانم کە ئاگری.
لەتاو دووریت سوتاوم و
دنیایشم ڕۆشن کردەوە،
کێیە کە دەڵێ وا نییە
بێ و ببینێ خاڵ و خەتی

کـاغەزم خسـتە نـاو کـاغەزدان و بە پەڕۆی ئاوریشـم داماپۆشـی. دامە دەسـتی ئەو ژنەی کە پێیـان دەگـوت: "ژنەگـوڵینەکە." ئێـوارە بە وەڵامەوە هاتەوە بۆلام.

ئەو کچە یەزیدییە ئا وەها وەڵامی دابوومەوە:

من ئاگر نیم و نیگارم
داومە باشترین بڕیارم
تۆ دەسووتێی بۆ من وەک شەم
منیش بۆ تۆ هەمان وشەم
تۆی مایەی دڵ، هێزی ئەژنۆم
بێجگە لە تۆ بەکەس ناخۆم
حەرامە بشکێنی پەیمان
تۆی مەحموودم، تاقانەی گیان



Scanned with CamScanner

له خۆشییاندا جێم به خۆم نەدەگرت. باڵم گرتەوە. تەنانەت فیشەکی پۆلیسیش نەیدەگرتمەوە. ڕووم کردە کێو. شیعرەکەیم هەر لە پەسا دەخوێندەوە. پێدەکەنیم و دەیشگریام. دەمگوت: "هەی سەرزل ئەو وشانەت لەکوێ بوون؟" زمانم هەر بەردەوام کوتا نیوەدێڕی شیعرەکەی دەگوتەوە:

"تۆی مەحمودم، تاقانەی گیان"

ماوەیەک ئا وا خەریکی شیرگۆڕینەوە بووین، بەڵام لەگەڵیشیدا دڵم دەتوایەوە.

دایکم چوو لە دایکی داوای نیگاری بۆ کردم. باوکیشم قسەی لەگەڵ باوکی کرد. کەس لە بابەتەکە لاریی نەبوو. زانییان هەردووک بۆ یەک سووتاون. دڵیان لێرە نییە، بە جەستە ماون. بەسەر چاو، با وەرزی دروێنە تەواو بێت، مارەی دەکەین. ئاهەنگی مارەبڕین گێڕدرا. دۆستان هەموو بانگ کران. دژمن لەتاواندا پەنجەی خۆی دەگەست. بە کورتی ئاهەنگێکی شایانەمان گێڕا. پاشی مارەکردن، باوکم چووبووە قاوەخانە و گوتبووی:

- ئەم مارەبڕینە تاپوولی کردین. کەوتینە سەر بەڕە، بەڵام ئەو شایەنی لەوە زیاترە. ئیشەڵڵا ساڵی داهاتوو دەبێتە بوکمان.

ئەوەندەی نەمابوو ماڵ و حاڵ پێکەوە بنێین، باوکی نیگار گوتی:

- من کچی خۆم نادەم بە کوڕی ئەو کابرایە.

- بۆچی؟

- من کچی خۆم نادەم بە ڕسوایەکی وا کە لایەنگری حیزبی ئۆپۆزسیۆنی بە حیزبەکەمانە!

- دەسم دامەنت مامە. شتی وام لەگەڵ مەکە، مەردی خوا بە. ئەوە کەی بابەتە تخوا پێچاوتە پێیەوە؟ تا ئێستایش یەک کەس لەم دەڤەرەدا نازانێت ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و مەسەلات چییە.

کەچی لە بەختی ڕەشی من، عەفوو ئێمە، من و نیگار، زەوییەکەمان بوو بە دوو بەشەوە. بەختەکە ڕەشتر بوو کاتێک ئێمە کەوتینە بەرێک



Scanned with CamScanner

و بــاوکی نیگــار کەوتە بەرێکــی دیــکەوە. هەموویشــی بە نــاوی دیموکراتییەوە.
باوکیشــم لەو کەلله‌رەقتر، دەیقیراند: "نــایەڵم کچــی مــاڵێکی وا بێــتە ماڵمەوە."
وەک ئەوەی ئەم دیموکراتییە هیچ کـاتێکی نەدۆزیبێـتەوە ئەم مـاوەیە نەبێت بۆ ئەوەی بخزێتە ناو وڵاتەکەمانەوە.
ئـای ئەگەر ئـێمە بەر لەمە زەماوەنـدەکەمان کردبـا، ئێسـتا بـۆ خـۆی قوتارمـان بووبـوو. خـودا بتبـڕێ دیمـوکراتی. لەکوێـوە دەرکەوتیـت؟ چەندین ساڵ و مانگە ئێمە هەر نازانین دیموکتەرەماش چییە. نەخێر نەمانـدەزانی، هەر نەمانبیسـتبوو، بـروا بـکە. باشـە دنیـا کـاول دەبـوو ئەگەر جاریێ نەهاتیـایە تـا ئێمە بە نـاخێری گیانمـان زەماوەنـدەکەمان دەکرد.
من خەریک بوو گیانم دەردەچوو، نیگاریش لە من خراپتر. هەر کات لە مەزرا و کـێڵگە یـان لەسـەر کـاکی دەمبینـی، دەسـتیم دەگوشـی و دەمپرسی:
- باشە ئێمە چیمان لێ دێ؟
دەیگوت: "نازانم."
- چـۆن نـازانی؟ لەتـاو ئەو گشـتە ئەشـق و سـۆزە، دەسـووتێین و دەبینە خۆڵەمێش. هەڵتگرم؟
دەمویست هەر شتێک بڵێ، هەرچی بووایە.
دەیگوت: "من لە قسەی باوکم دەرناچم."
- چی؟ تۆ بۆم دەسووتێی؟ دەبێتە کەباب؟
- بەڵێ، هەر ئێستا بوومەتە کەباب.
نیگـار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتـر دەبـووە پشـکۆیەکی بێـدەنگ. منـیش لە سایەی ڕووناکییەکەیەوە وەک شێت دەخولامەوە. خوا بتگرێ بـاوکە. بــاوکە، ئــاخ بــاوکە. کــات نەمــاوە ئێســتا نەبێــت بچیــتە بەرەی



Scanned with CamScanner

ئۆپۆزسیۆنەوە؟ دایکم لای چەپەوە و منیش لای ڕاستەوە لێی دەپاڕاینەوە، بەڵام هیچ دادی نەدەدا.

- باوکە مەکە، مەچۆ ناو ئەو حیزبەوە.

- نەخێر.

- پیاوە خۆشەویستەکەم، بۆ ماوەیەکی کاتی واز لە حیزبەکەت بهێنە، لەبەر خاتری کوڕەکەت. پاش زەماوەنی کوڕەکەمان، بڕۆرەوە ناویان.

لەولایشەوە باوکی نیگار قسەی کەسی بە گوێدا نەدەچوو.

- کابرا، ئا تۆ بۆ ماوەیەک دەسبەرداری ئەم حیزبەت ببە. هەر چەند ڕۆژێک.

- ئەوە ئێوە شێتن؟ یانی دەتانەوێ ماڵی خۆم کاول کەم؟ باشە پیاو واز لە حیزبەکەی دێنێ کە لەوانەیە سبەی ناچار بێ قەرز لە بانک داوا بکا؟

باوکی نیکار زۆر سەرسەخت بوو، بە هیچ لە کەری شەیتان نەدەهاتە خوارێ. تا ڕۆژێک چەقۆم لێ هەڵکێشا و خستمە سەر گەردەنی، لالایەوە:

- ئەمان. دەخیل کوڕم، کەمێک ئارام بگرە. هیچ کەس سەرەنجامی حیزبەکەمان نازانێ. وا دابنێ کچەکە هیی خۆتە، بەس ڕاوەسە تا هەڵبژاردن تەواوەبێ، ئەگەر حیزبەکەمان دۆڕا، ئەوا کچەکە بە ماکسییەکەی بەریەوە پێشکەشت بێ.

- باشە حیزب دەدۆڕێ؟

- ئیشەڵلا وای لێ دەکەین بڕووخێ، بەڵام ئەمە لەنێوانی خۆم و خۆت نەترازێ.

- چەن ڕۆژی ماوە بۆ هەڵبژاردن؟

- سێ ساڵ.



Scanned with CamScanner

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا باوکی هەردووکمان خەریکی ڕووخاندنی ئەو حیزبەن. من و نیگاریش دەبێت چاوەڕێی ئەو ڕێکەوتە بکەین، سێ هەر ساڵ! بەدەم خۆشە.
ئێ ساڵان و مانگان تێپەڕین. هەڵبژاردن تەواو بوو. حیزبیش ڕووخا. حەمزە ئەفەندی حیزبەکەی گۆڕی. ئیمەیش وەرزی دروێنەمان تەواو کرد. پێم گوت:
- دەی کچەکەتم بەرێ.
- نایدەم.
- چۆنی نادەی؟
- من کچ نادەم بە کوڕی کەسێ کە لە بەرەی نەیار بێ.
حیزبەکەی باوکم پەیمانشکێنییان لەگەڵ باوکمدا کردبوو، بۆیە باوکم چوبووە ناو حیزبێکی دیکەوە و باوکی ئەویش هاتبووە ناو حیزبەکەی پێشووی باوکمەوە.
ئای باوکە. ئاخر ئەگەر تۆ دەتویست بچیتە حیزبێکی دیکەوە، باشە بۆچی بەر لە هەڵبژاردن نەڕۆشتی؟
بەو خودایە خەریکە تووشی سیل دەبم. ئا ئێوە پێم بڵێن من چی بکەم؟
حەمزە ئەفەندی، ئەگەر تۆ بەر لە هەڵبژاردنەکان حیزبەکەت گۆڕیبا، ئێستا من تووشی ئەم چەرمەسەرییە نەدەبووم.
نیگار لە ماڵی خۆیان دەگریا و منیش لە ماڵی خۆمان. باوکیشم هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو.
- ئەگەر ببیستم جارێکی دیکە نامە بنێرێ، بەو قورئانەی مزگەوتی گەورە، ئەو قەحبەیەی کە ناوی نیگارە بێبەشەکەم لە میراتەکەم. تۆبە ئەستەغفیروڵلا.
باوکیشم لە حەمزە بێگ بێمێشکتر بوو، دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- ببیسم نامه بۆ کچی ئەو کابرا بێدەربەستە بنێری، بەو خوایە قیامەت هەڵدەسێنم و فریشتەی گیانکێشان بانگێشتی ئەم ماڵە دەکەم. دوایی گلەییی خۆتان لەسەر خۆتان.

نیگار لەولاوە دڵی بووبوو بە قەقنەس. منیش لێرەوە ئۆقرەم لەبەر برابوو. دوو ساڵی دیکەیشمان بەو چەشنە بەڕێ کرد. خۆ، وەک دەڵێن ، عەشق یاسا و ڕێسا ناناسێت. هەر بە ڕاستییش وەهایە، نیگار هەواڵی ناردبوو:

- ئەمان مەحموودەکەم ... مەحموودەکەم، وەرە و هەڵمگرە.

تۆزێکیش سڵم لەم دیموکراسی و شتە دەکردەوە. هەرچۆنێک بێت لەگەڵ سیان لە برادەرەکانم ڕێک کەوتم هەستین و بچین بیرفێنین. لە شەودا بچین ئەو کاتەی لە سەربان گوایە نووستووە.

بەشی پێویست چەک و تفاقمان هەڵگرت و سواری ئەسپەکانمان بووین. نزیکی ماڵیان بووینەوە، بە ئەسپایی و بەبێ خشپە بانگێکم لێوە کرد: "هێی کچێ، وەرە خوارەوە."

- نایەم.

- ئەوە چییە؟ ئەی خۆت نەتگوت وەرە و هەڵمگرە؟ لە قسەی خۆت پەشیمان بوویتەتەوە؟

- نەخێر، من لە قسەی خۆم پەشیمان نەبوومەتەوە، باوکم پەشیمان بووەتەوە.

دوێنێ بە دایکمی گوتووە کە دەوڵەت ئامادە نییە قەرزی بداتێ تا بتوانێت تراکتۆرێک بکرێت، بۆیە بەنیازە دەسلەکارکێشانەوە پێشکەشی حیزب بکات. با چەند ڕۆژێکی دیکە ڕاوەستین.

- ئامان. کورە دوو مانگیش ڕادەوەستم، هەر لەشمان ساغ بێت.

بۆ ڕۆژی دواتر حەمزە ئەفەندی هاتە نێو حیزبەکەی باوکم و ئەوانەوە. ئێستا هەردووکیان لە یەک حیزبن. پێویستە هیچ کات بە فیڕۆ نەدەین. ئادەی با پێویستیەکانی زەماوەند بکڕین.

باوکم گوتی:

- من ڕازیم نییە کچی ئەو کۆنە ئۆپۆزسیۆنە بێتە ماڵمەوە.

- ئامان باوکە، خۆ ئێستا چیدی لە یەک بەرەن.

- مەبەستت چ حیزبێکە؟ ئەو دوێنێ وازی لە حیزبەکەمان هێنا. ئادەی با بچین بۆ ماڵی حەمزە ئەفەندی.

- ئەمان حەمزە ئەفەندی. خۆت هەموو شتێک دەزانی.

- من کچم نییە بیدەم بەو کابرا ئۆپۆزسیۆنە خوێڕییە.

تەنانەت پیرەکانیش بەزەییان پێماندا دەهاتەوە. دەهاتنە لای بابم، کەچی ئەو لە کەری شەیتان نەدەهاتە خوارێ.

- باشە باوکە ئەم شتە پەیوەندیی بە حیزبەوە چییە؟ با نیگار و مەحموود زەماوەند بکەن، ئیدی حیزب و میزب چ پەیوەندییەکیان بەم بابەتەوە هەیە؟

- ئەوە ڕۆحی ئازادییە، ئێوە لێی تێناگەن. ئەگەر کوڕی من لەگەڵ کچی ئۆپۆزسیۆندا هاوسەرگیری بکات، ئەوا لە حیزب دەرمدەکەن. تەنانەت سەلامو عەلەیکیشیان حەرامە، چ بگات بە ژنخواستنیان.

- ئای باوکە خۆ تا دوێنێ بوو ...

- تۆ واز لە دوێنێ بێنە. ئۆپۆزسیۆن هێندەی نەمابوو ماڵم کاول بکەن.

- بەو خوایە من لە داخا دەمرم، باوکە، لە داخا.

- ماوەیەک ئارامت هەبێ. تا ئەوەندەی قەرزەکە وەردەگرین. هەڵبژاردنیش نزیکە. شەرت بێ ئەو حیزبە بڕوخێنم. ئەوسا لەگەڵ حەمزە ئەفەندییا دەبینە یەک بەرە و هیچ ڕابردوویەکمان لەنێوانا نامێنێ. ئەو کاتە دەتوانن بە خۆشی زەماوەند بکەن.

کۆششمان کرد بۆ تێکشکانی حیزبەکەی باوکم. لە کۆتاییشدا هەواڵێکی نارد بۆ حەمزە ئەفەندی تێیدا نووسرابوو:

- دەستم دامێنت، حەمزە ئەفەندی، هەندێک پتر تێکۆشە بۆ تێکشکانی ئەم حیزبە، ئەگینا مناڵەکانمان بە بەرچاوی خۆمانەوە دەتوێنەوە.

هەر بە خێرایی حەمزە ئەفەندی وەڵامی باوکمی دایەوە:



Scanned with CamScanner

- حەمزە ئەفەندی سڵاوی بۆت هەیە. پێت دەڵێت کە هیچ خەمت نەبێ، منالی منالەکانیشمان دەبینین، ئیشەڵلا.

- وەڵلایی نە هێز و نە هۆش و پیاوەتیمان تێدا ماوە، نە بەکەڵکی ئەوەیش ماوین منالەکانیان ببینین. لەبەر ئەوەی ئەگەر چەند ساڵێکی دیکە تێپەڕێت و زەماوەن نەکەن، ئەوا نیگار دەبێتە قەیرە و تەمەنی دەگاتە ئەوەی چیدی هێلکە نەپێتێنێ. منیش دەبمە ئەو مارەی کە خۆی بە داروبەردا ئەساوێت و کەچی لە ناوەوە کەڵکی دوو دەقەیشی نەماوە.

هەڵبژاردنەکان نزیک بوونەوە، حیزبەکەی باوکم نەڕووخا. ئێستا چی بکەین؟

باوکم گوتی:

- من دەستبەرداری حیزبێکی وەها پاڵەوان نابم.

حەمزە ئەفەندیش گوتی:

- منیش بە زیادم کرد. تۆبە خودایە. چیدی حیزبی خۆم ناگۆڕم.

نیگاریان لێ دوور خستمەوە. نەیاندەهێشت ببینم. چوومە لای حەمزە ئەفەندی و دوو ڕکووع و سوجدەیەکم بۆ برد و پێم گوت:

- باوکم بەزەییی تێدا نییە، ئەگەر تۆیش بەزەییت پێمدا نایەتەوە، بەزەییت بە کچەکەی خۆتدا بێتەوە. باشیش بزانە ئەگەر من ئەو کچەی تۆ نەهێنم، خۆم دەکوژم.

- لە حیزبەکەی باوکت وەرە دەرەوە با دانەیەکیان کەم بکات.

- بەڵام خۆ من حیزبی نیم.

- بۆ مەگەر تۆ کوڕی ئەو سەرسەرییە نییت؟ ئێی کوڕیش هەر لەسەر حیزبی باوکیەتی.

نیگار چیدی توانای وەزعەکەی نەمابوو، ویستی خۆی بخنکێنێت. خوا کردبووی دایکی لە چرکەی کۆتاییدا فریای کەوتبوو لەو مەرگە مسۆگەرە قوتاری کردبوو.



Scanned with CamScanner

لەدوای ئەم رووداوەوە، حەمــزە ئەفەنــدی بیــری کردبــوویەوە،
تێیشگەیشتبو کە ئەم دۆخە کۆتایی نایەت، بۆیە دەستی لە حیزبەکەی
خۆی هەڵگرتبوو. هاتبووە نێو حیزبەکەی باوکمەوە. کە ئەمەم بیست،
یەک چرکەیش ڕانەوەستام و چوومە لای بـاوکم. دیتم چـووە بـۆ
بەشداری لە خۆپیشاندان دژی یەکێک لە بەرپرسـەکانی ئۆپۆزسیۆن
کە هـاتووەتە سـەردانی ئاقسـو. هـاتەوە دیـتم چاوەکـانی سـوور
هەڵگەڕاون و دەگری. گوتم:
- ئەوە چی بووە، باوکە؟
زانیمـان کە بەرپرسـەکەی ئۆپۆزسیۆن وتـارێکی زۆر بەهێـزی داوە.
ئەو کاتەیشـی کە بـاوکم گـوێی لە قسـەکانی بـووە، گوتـویەتی: "وای،
وای." بەلایەوە خـۆش و بەهێـز بـووە. خێـرا دەستلەکارکێشـانەوەی
نووسیبوو، چووبووە حیزبەکەی ئەوانەوە.
ئێستا ئەگەر وتارەکەی ئەم کابرایە یەک ڕۆژ دوا بکەوتبایە، بۆ خۆی
ئێمە زەماوەندمان کردبوو، هەرچی گرفتیش هەیە تەواو بووبوون.
ساڵێکی دیکەیش تێپەڕی و ئێمە هەر خەریکی مریشکە ڕەشەین. بەڵام
لە شەوێک لە شەوەکاندا، باوکم هێندەی خواردبووەوە، بووبووە کونە
و کەوتبووە سەر زەوی. ئێنجا بەدەم خەیاڵ و مەستییەوە گوتبووی:
- ئادەی تەلەگرافێکی خێرا ئاڕاستەی ئەنقەرە بکەن.
- ئەو تەلەگرافە چییە؟
- هەمــوو ڕاســتییەکانم زانــی. مــن و حەقــدە کەســی دیــکە
دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان ئاڕاستە دەکەین. ئادەی زوو بینووسن.
- ئەمان باوکە گیان، ئەوە بڕیاری کۆتاییتە؟ هۆشیاری بەم بڕیارە؟
خـۆم بە دەسـتەکانی خـۆم تەلەگـرافەکەم نووسـی و خسـتمە نێـو
بەریدەوە. هەواڵەکەیشم نارد بۆ نیگار.
- دەسـتم دامەنـت نیگـار گیـان، وریـای باوکـت بە تـا بەر لە
زەماوەنەکەی ئێمە حیزبەکەی نەگواستووەتەوە.
نیگار نووسیبووی:

- به هـۆی لیکتینەکەیشـتنەوە لەسـەر قەرز، بـاوکم دەسـبەرداری حیزبەکەی خۆی بووە. وا بزانم ئەم بەزمە کۆتـاییی نـایە. مەحموود بێیـت و ئەمشـەو هەڵمگـری باشـە. شـەرت بـێ دەرگـای ژوورەکەی پشتەوە بە کراوەیی جێ بێڵم.

- هاف هەی ئیمان لاواز، وا من گەیشتوومەتە چل ساڵی و خۆیشت لە سی و چواریدا.

هەرچۆن بوو دنیا تاریک داهـات. منیش لەگەڵ برادەرەکانم چووینە لای ماڵەکەی حەمزە ئەفەندی. چوومە لای ژوورەکەی پشتەوە، دیتم چـرایەک بە کـزی دەگرێت. لەناکـاو لـووتم بە لـووتی دایکـی نیگـاردا هەڵتەقی. کراسێکی دامەنپۆشی لەبەر کردبوو. هەندێکیش جلوبەرگی لە بوخچەیەک نابوو، دەتگوت چاوەڕێی شتێکە. گوتی:

- ئا دەی با خێرا بڕۆین.

- بۆ کوێ؟

- مەگەر ئێمە هەڵنایەین؟

- ئەوە تۆ شێت بوویت، هەی ژن؟ چ هەلاتنێک؟ کوا نیگار؟

- ئەوە تۆ دەڵێی، نیگار؟ ئەمان مەحموودەکەم. منت لە یـاد کـردووە؟ من نیگارم.

- تۆ نیگاری؟

دۆخەکە زۆر تەماوی بوو. تۆ بڵێیت ژنەکەی حەمزە ئەفەندی تـاقەتی حەمزەی نەمابێت و بیەوێت لەگەڵ من بژی؟ بەلام وەلایی زۆریش لە نیگار دەچێت، بەس پیرە، پیر. دەستی لە گەردەنم دا. خێرا چراکەی نزیکی دەموچاوم کردەوە، خۆی ڕاپسکاندە دواوە.

- ئامان...

گوتم: "ئەوە چییە؟"

- لە خۆشەویستیم بۆ مەحموود باوەشـم بە تـۆدا کـرد ... وام زانـی مەحموودی.

- ئەی کێم؟ تۆ وا دەزانی کێم؟



Scanned with CamScanner

- مەگەر باوکی مەحموود نییت؟
- ئەوەندەیش بێوەفای، نیگاری نازەنینم؟
- بە دیـن و ئیمـانم لە تـاو شـەوق و شـۆرم، باوەشـم بە بـاوکی مەحموودا کرد.
- سوێن بخۆ دایکت نییت؟
- سوێن بخۆ باوکت نییت؟
وتم یەک دەقە ڕاوەستە ئەچمە دەرێ ئەسپەکە ئامادەتر دەکەم. چووم و سوار بووم و هەرگیز بۆ ئاقسوو نەگەڕامەوە.
ئای نیگارە شۆخ و شەنگەکەم! بنووسە چاوەکەم بنووسە. بنووسە "مەحموود و نیگار."

***



Scanned with CamScanner

# ئیشەڵلا خێر دەبێت

تازەلاوێک هاتە نەخۆشخانەی دەروونی و مێشکیی "باقر کۆی." بە یەکێک لە کارمەندەکانیشی گوت لە کاتێکدا سەرتاپا سپیی پۆشیبوو:

- دەمەوێت یوسف ئەفەندی ببینم.
- کام یوسفەفەندی؟
- یوسف ئەفەندیی مێجەرلی، مێجەرلیی خواروو.
- لە چ بەشێک کارەکا؟
- کار ناکا، بەکو نەخۆشە و خەڵکی گوندی مێجەلیی خواروە. یوسفەفەندی. نایناسی؟ دوو مانگە گواستوویانەتەوە بۆ ئێرە. کابرایەکی بەساڵاچووە. بەڵێ، زۆر پیرە.
- لە ڕۆژەکانی سەرداندا سەر بەرەوە. ناتوانی بە ئارەزووی خۆت سەردانی نەخۆش بکەی. ڕۆژی سەردان سەر بەرەوە.
- ئەی دەتوانم لێپرسراوی دکتۆرەکان ببینم؟
- کاری هەیە.
- ئەی دکتۆری ئێشکگر؟
- ئەوەتا لەبەردەمتا.

بە دەست ئامــاژەی بـۆ دوو دکتـۆر کـرد کە لە بـاخچەی نەخۆشخانەکەدا لەژێر دارسنەوبەرێکدا دانیشتبوون. هەردووکیشیان پۆشاکی سپییان پۆشیبوو.

- من مامۆستای ئاواییەکەم. دوێنێ بیستم یەکێک لە دانیشتووانی ئاواییەکەمان لێرە خەوێنراوە. ناویشی یوسف ئەفەندییە. بەو پێیەیشی کە مۆڵەتەکەم تەواو دەبێت، دەبێت ئەمشەو بگەڕێمەوە. بۆیە دەمەوێت بەر لە گەڕانەوە چاوێکم پێی بکەوێ؟

یەکێک لە دکتۆرەکان کە گەنجتر بوو، گوتی:



Scanned with CamScanner

- فەرموو دانیشە.

پزیشکە خەپوخڕەکەیشیان گوتی:

- بۆ، ناسیاوتە؟

- نەخێر. من خەڵکی ئەو لادێیە نیم، تەنیا لەوێ وانەبێژم. وا دوو ساڵیشە لەوێ نەماوم. بەڵام ئەم یوسفەفەندییە کابرایەکی زۆر شیرین بوو. زۆرم خۆش دەوێ.

یەکێک لە پزیشکەکان گوتی:

- ئا. ناسیمەوە. ڕوخساری کەمێک بەلای سووردا بای داوەتەوە؟ وا نییە؟ نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبێ.

- بەڵـــێ، لە دەوری حەفتاوشـــەش ســـاڵیدایە، بەڵام هێشـــتایش نیشانەکانی گەنجیی پێوە دیارە.

- لە بەشەکەی منە، ئێستایش کاتی نانخواردنە. کەمێک چاوەڕێ کە ... ئامادەی دەکەین و دەیهێنین بۆلات. زۆر نەخۆشە. نەخۆشییەکەی سەختە.

- نەخۆشییەکەی چییە؟

- مێشکی وەستاوە بووە و هیچ قسە ناکات.

- بە هیچ شێوەیەک؟

- قسە دەکات، بەڵام یەک وشە یان یەک ڕستە، ئەویش بەردەوام پاتەی دەکاتەوە. زۆربەی کات سەری زمان و بنی زمانی هەر ئەمەیە: "ئیشەڵلا خێری پێوە دەبێت."

مامۆستاکە فرمێسک زایە چاوەکانییەوە و هەناسەیەکی قووڵ قووڵی هێندەی قووڵیی گۆمی "ئاکتاش" هەڵکێشا، ئینجا گوتی:

- ئێستا تێگەیشتم. گوناحە گوناح. یوسف ئەفەندی کابرایەکی زۆر نەجیبزادە بوو.

دکتۆرە خەپەکە لێی پرسی:

- باشەوە ئەوە گلە و گازەندەیە لە شتێک، یان دەربڕینی ناسۆرێکە؟

- بەڵێ، کێشەکەی زۆر گەورەیە. گەورەترە لەوەی بیریشی لێ بکەنەوە. گرفتەکەی بریتییە لە "مەجر،" ئەو گرفتەی هەموان بەدەستییەوە بێقەرارین.

- تخوا ئەگەر بە درێژی بۆمان باس نەکەی؟ لەوانەیە شتێکمان بۆی لەدەس بێت.

مامۆستا هەناسەیەکی قووڵی وەک ئەوەی پێشتری هەڵمژییەوە و ئینجا گوتی:

- بۆتان باس دەکەم. وەک مامۆستا لە لادێی مەجری خواروو دایان مەزراندم. ئاواییەکی بچکۆلەی هەشتاماڵییە. قوتابخانەکەیش بریتیی بوو لە ڕووبەرێکی گڵینی بچکۆلانە. بە ڕۆژ قوتابییەکانم تێدا فێر دەکرد و بە شەویش بۆ خۆم تێیدا دەنووستم. بەر لە من هیچ مامۆستایەک ئامادە نەبووبوو بچێتە ئەو ئاواییە. دوای ئەوەی چووم، بیرم کردەوە کە دەبێت چی بکەم. پاش تێپەڕبوونی دە یان پانزە ڕۆژ، دیتم ئەم یوسف ئەفەندییە هاتە سەردانم. گوتی: "من لە تەمەنی چواردەساڵییەوە ئەم گوندەم بەجێ هێشتووە بەرەو ئەستەنبووڵ تا کارێک پەیدا بکەم، بۆیە لەوێ بوومە سەرباز." دەیگوت: "ئینجا بوومە ئەندامی هێزی دەریاوان و لە هەندێک لە کەشتیی دوژمناندا کارم کردووە." لایەک لەو دونیایە گەڕاوە. فێری سێ زمانی بەناوبانگی جیهانی بووبوو. ساڵانێکی زۆری لە سوید و ئەمریکاو بەریتانیا بەسەر بردبوو. لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا چووەتە ئەمریکا و بە یەک جاری لەوێ جێگیر بووە. دارایییەکەی گەیشتبووە ئاستێک کە دەیتوانی هەموو لادێی مەجر بکڕێت بە هەموو زەویوزار و کشتوکاڵیەوە. خۆی دەیگوت: "سوێی وڵات هات بەسەرمدا." گوتبووی: "دەچمەوە و ژنێک دێنم و خانۆچکەیەکی قشتیلە دروست دەکەم و بۆ خۆم دەژیم هەتا دەمرم. ئیدی هەر نەرمە نەرمە دوا کەوت تا پیر بووم." دەیگوت کە هێدی هێدی ئۆقرەم لەبەر بڕا و دەمگوت با هەر هیچ نەبێ لە نیشتمانەکەی خۆمدا بمرم. بار و بنەم



Scanned with CamScanner

پێچایەوە و هاتمەوە. بەڵام لەدوای پەنجا ساڵ، کەس لە لادێکەدا نەیناسیبووەوە. خەڵکەکەیش گەڕانەوەکەیشیان زۆر بەلاوە خۆش نەبووبوو. بە تایبەت کە پێشوەخت هەواڵیان لە هاتنەوەکەی نەبووبوو، بە تایبەتییش ئامۆزا و خاڵۆزا و برازا و شتەکانی. وایان زانیبوو بۆ وەرگرتنەوەی میرات هاتووەتەوە، نەیاندەزانی ئەم خزمە دووروڵاتەیان دەتوانێت هەموویان بە پارە بکێشێت. ئەو پاش بینینی دنیا، بەو ئومێدەوە هاتبووەوە کە لادێکەی خۆیان بکاتە هاوشێوەی لادێ جوانەکانی فەرەنسا و ئینگلتەرا. بۆ ئەم مەبەستەیش پارەیەکی زۆری سەرف کرد. پاش ئەوەی دیاری و خەڵاتی بەسەر دانیشتوانی لادێکەدا دابەش کرد، شێوەی ڕوخساریان گۆڕا و بزە کەوتە سەر لێوانیان. بەڵێ، یوسف ئەفەندی پیاوێکی ڕۆشنبیر و ئارامە، هیچ لە خەڵکی ئاوایی مەجر ناکات. ئێوە خەڵکی مەجرتان نەبینیوە، ئەوان تەنانەت شایەنی ... نین.

پزیشکە لاوەکە گوتی:

- سەیرە!

مامۆستاکە بەردەوام بوو لە قسەکانی:

- ئەگەر یوسف ئەفەندی نەهاتایەتەوە بۆ لادێکە، من شێت دەبووم. دەمدایە کەژ. ئەو هاتەوە و ئومێدی لە سینەمدا ڕواندەوە.

پیرێک کە بە تەواوی لە جنۆکە دەچوو، لێی پرسیم:

- کوان منداڵەکانی قوتابخانە؟

- هیچ کەسێکی لێ نییە، لێرە کەس منداڵ نانێرێتە بەر خوێندن.

یوسف ئەفەندی گوتی:

- گوێ بگرە، مامۆستا! پێکەوە کار دەکەین بۆ چالاککردنەوەی ژیانی گوندنشینەکان. وایان لێ دەکەین فێر ببن و بیر بکەنەوە.

گوتم: "ئامان، یوسف ئەفەندی، منیش چەند ڕۆژێکە بیر لەم شتە دەکەمەوە."

- دەی با بڕۆین بۆ قاوەخانەکە و باسی بیرۆکەکەمان بکەین.

ڕۆیشتین و پیاوانی ئاوایی زۆربەیان لەوێ بوون. یوسف ئەفەندی گوتی:

- مەرحەبا ئاغاینە.

ورتەورت و بۆلەبۆلێک لەملاولاوە هات.

- مەرحەبا.

دوو سێ کەسیان دەستیان خستە سەر سنگ و وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە، بەڵام سڵاوسەندنەوەیەکی زۆر سارد. دەستخستنە سەر سنگیان و هێنانەوە خوارەوەی دەستیان نزیکەی دوو خولەکی خایاند. یوسفەفەندی لە پەنا موراد ئاغاوە دانیشت. باسی سوودەکانی خوێندەواریی بۆ کرد. منداڵەکان فێر دەکەین و وا و وا دەبێت. شەرح و شەرح و شەرح. بەڵام خۆ گوێیەک نییە ئەم قسانەی پێدا بڕوات. قسە تا ئێستا چووە بە گوێی دیواردا؟ یان بەرمیلدا؟ ئێ ئەوانەی ناو قاوەخانەکە لە بەرمیل بێمێشکتر بوون.

یوسف ئەفەندی دیسانەوە دەستی کرد بە شەرح و باس. من لەو کاتەدا تەماشایەکی چاوی موورادم کرد. موراد ئاغا چاوەکانی فرمێسکیان تێ زابوو.

یوسف ئەفەندی گوتی:

- چی دەڵێن ئاغاینە؟

کەس مته‌قی لە دەم دەرنەدەچوو.

- تۆ چی دەڵێی، موراد؟

تەماشایەکی چاوی یوسفی کرد و کەمێک نیگایان گۆڕییەوە و ئینجا موراد گوتی: "وەڵا بڵێم چی؟ ئیشەڵڵا خێر دەبێت."

یوسفەفەندی سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ سەرەتای قسەکانی و پێویستە خوێندنگەکە فراوان بکەین. پێویستە مامۆستا هۆدەیەکی تایبەتی خۆیی هەبێت لەگەڵ دوو پۆلی دیکە بۆ خوێندکارەکان. پێویستە میچی قەتابخانەکە کۆنکرێت بێت، یوسف خۆیشی تێچووەکەی لە ئەستۆ گرت. ئەوەی لەسەر خەڵکەکەیە تەنیا کار و بنیاتنانەکەیەتی.

دیسانەوە کەس هیچ نالێت.
ئەم جارە تەماشای نێوچەوانی خزری چایچیی کرد، لێی پرسی:
- تۆ چی دەڵێی خزر ئاغا؟
خزر سەری بەسەر قۆری و پیاڵەکەدا لار کردبووەوە و گوتی:
- وەڵا بێژم چی؟ خێر دەبێت ئیشەڵڵا.
لە قاوەخانە هاتینە دەرێ. یوسف ئەفەندی گوتی:
- ئا دەی با بچین بۆلای موختار.
موختار دوکانێکی هەبوو. ڕۆیشتینە دوکانەکەی. یوسف ئەفەندی هەموو ئەو قسانەی لە قاوەخانەکەدا کردنی، لای موختاریش کردنییەوە. چاوەکانی موختار ئەبڵەق بووبوون.
کاتێک یوسف ئەفەندی لە قسەکانی بووەوە، پشوویەکی کورتی دا و دیسانەوە بە موختاری گوتەوە:
- بابەتەکە بەم شێوەیە، موختارەفەندی. هەموومان هاریکاری یەکدی دەبین.
بەڵام موختار چاوە ئەبڵەقەکانی دوو-سێ جار پرتاندن و سەیرێکی یوسفی کرد. کەس نەیزانی ئایا هیچ تێگەیشتووە یاخوود نا.
یوسف ئەفەندی گوتی:
- ڕات چییە موختار؟
موختار گوتی:
- ئیشەڵڵا خێر دەبێت. خێرەبێ ئیشەڵڵا.
دوکانەکەی موختارمان بەجێ هێشت. بە یوسفەفەندیم گوت:
- ئێستا چی بکەین، یوسفەفەندی؟
- قسەی پتریان لەگەڵ دەکەین. ئێمە ئەو قوتابخانەیە هەر بنیاد دەنێین ئەگەر لە باخەڵی خۆم پارەی کرێکارەکانیشم دابێ.
یوسف ئەفەندی هەموو کەرەستەی بیناسازیی ئامادە کرد. بلۆک، چیمەنتۆ، شیش و کەچ و تەڕ و وشک. ئەوجا ڕۆیشت بۆلای مووسا

زەرد کە وەستای دیوار بوو. لەگەڵ خۆی و شەش کریکاردا ڕیک کەوتن کە کریی ڕۆژانەیان بداتی، کەچی هیچ.

- دەی مووسا زەرد دەست پیبکە.

- دەست پیدەکەین یوسف ئەفەندی، دەست پیدەکەین. ئیشەڵلا بەخیر دەست پیدەکەین.

ڕۆژی دواتر یوسف دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی بابەتەکە و ئامانجەکانی پشتەوەی ئەم قوتابخانەیە.

بەڵام مووسا لە شیویک و یوسفەفەندی لە شیویکی دیکە. وەک دەڵین ئەم لە شام و ئەو لە شیراز.

- هیچ خەمت نەبیت، یوسفی برام. خیر دەبیت ئیشەڵلا.

مانگیک تیپەڕ بوو. دیوار ئەژنۆیەک بەرز نەبووەوە. ئەو کاتەیشی یوسفەفەندی چووە شارەوانی بۆ دەستەبەرکردنی وەستا و کریکار و، بینای قوتابخانە دروست کرا، کەچی هیشتایش یەک خویندکاری تی نەهات.

چووینە لای مامۆستای مزگەوت. یوسفەفەندی پیی گوت:

- دەستمان دامینت، مامۆستا. خەڵکی لادی گویت لی ڕادەگرن.

مامۆشتا چاوی بریبووە یوسف ئەفەندی و حەیران مابوو. چووە جیهانیکی دیکە و، یوسفەفەندیش بیدەنگ بووبوو.

کاتیک ئیمام هیچ وسکەی نەکرد، هەردووکمان قیڕاندمان: "یا ئیمام! یا ئیمام!"

ئیمام دەستیکی بە ڕیشیدا هینا و گوتی:

- ئیشەڵلا دەبیتە خیر.

پاش ماندووبوونیکی زۆر، توانیمان ١٦ قوتابی کۆ بکەینەوە.

شەویکیان لە قاوەخانە دانیشتبووین، لەناکاو مووسا زەرد هاتە ژوورەوە. بەڵام ئەو مووسایە نەبوو ک ئیمە دەمانناسی. پەشۆکاو، دڕدۆنگ. بە چەپۆک لە سنگی خۆی دەدا. قژی دەڕنی. گوتی:

- مانگاکەم ئینتەلای کردووە. بەو خوایە مردار دەبیتەوە.

چووە لای موراد ئاغا و هاواری دەکرد: "تخوا شتی بکە، ئەو ئاژەڵە خەریکە لەدەست دەچێ."

موراد ئاغا گلمەگلمێکی لەژێر لێوەوە کرد:

- بەخێر دەمری، ئیشەڵلا.

ڕووی کردە لای خزری مامی و گوتی: "تخوا ئەگەر تۆ دەرمانێکم پێ نەڵێی؟"

وەڵامی دایەوە:

- وا مەپەشۆکێ، کەس ناتوانێ لە موقەددەر هەڵێت. ئیدی پێویست بە جرپەجرپ ناکا، باوکەکەم.

- ئاخر ئەو ئاژەڵە مردار دەبێتەوە!

- خێر دەبێت ئیشەڵلا.

مووسا زەرد بەدەم جنێو بە هەموانەوە لە قاوەخانە چووە دەرێ.

ڕۆژێکی دیکە. لە قاوەخانە دانیشتبووین، مووسا و خزریشمان لەگەڵ بوو. لەدوورەوە بینیمان ئیمام بە هەڵەداوان بەدەم ڕێوە جبەکەی لەبەر دەکات و بۆلای ئێمە دێت. گەیشت و گوتی:

- ئامان، ئاغاکان ئامان. تیا چووم.

ڕەنگی بڕسکابوو. دەنگی پرتەپرتی تێ کەوتبوو. گریانی بەسەر لێوەوە بەند کردبوو. یەک کەس لەجێی خۆی ئەزنەکێکی نەدا، ئیمام گوتی:

- مووسا، زوکە. تــوو خـودا. دەسـتەکانت مـاچەکەم. ماڵەکەمیان سووتان. زووکەن وا گشتی بوو بە خۆڵەمێش.

ئەمەی گوت و سنگی خۆی دەکوتی. مووسا زەرد بە لەسەرخۆییەوە گوتی:

- ئا تۆ ڕاوەسە، چاوەکەم. هێواش‌هێواش ... بوەستە و ئینجا باسی کە. بەم شێوەیە مەپەشۆکێ. خێر دەبێت ئیشەڵلا.

ئیمام تا هێزی تیا بوو قیڕاندی:

- نەگبەت! چی ماوە، تازە. ئەوەی هەمبوو، چوو. پێتان دەڵێم ماڵەکمیان گڕ تێ بەردا. زووکەن هەستن.
خزر زۆر بە لەسەرخۆیی و مێشکێکی ساردەوە گوتی:
- ئا بەو شێوەیە دەنگت بەرز مەکەرەوە. ئیشەڵلا دەبێتە مایەی خێر.
ئیمام وەک فیشەک ڕووی کردە دوکانەکەی موختار.

هەمووشەوێک لەگەڵ یوسف ئەفەندی دادەنیشتین و باسی بارودۆخی لادێکەمان دەکرد. ئەو لە منی دەپرسی: "چی بکەین؟" منیش لەوم دەپرسی: "چی بکەین؟"

زستان هات و ئاوایی دەتگوت خۆڵی مردووت بەسەردا پژاندووە.
لە یەکێک لە نیوەشەوەکاندا بە دەنگی گریانێکی زۆر کزۆلانەوە بەخەبەر بوومەوە، دەنگەکە لە قاوەخانەکە دەهات. هەستام و چوومە دەرێ، بینیم خزری قاوەچییە و لوورەلوور دەگری، ئەمە ئەو نەگبەتە ژنەکەیی لەژێ... موختاردا بینیوە، باسی چۆنیەتیی گرتنەکەیانی بۆ دەکردم. دەگریا و دەیگوت ئیمام دڵی داومەتەوە و گوتوویەتی:
- ئیشەڵلا خێر دەبێت.
- ئەی ئیمام!
- خێر دەبێت؟ خێر دەبێت. ئەی چی خزر ئاغا خێر دەبێت ئیشەڵلا.

- ئاخر ئیمام خێر لە کوێیدا؟ ئیشەڵلا لەکوێی ئەو بابەتەدا جێگەی دەبێتەوە؟ من دەڵێم موختارم بەسەر ژنەکەمەوە لە کادانەکەدا گرتووە.
موراد ئاغا:
- دان بە خۆتا بگرە. خودا تۆڵەیان لێ بسێنێ. ئیشەڵلا خێر دەبێت.
خزر زۆر تووڕە بوو. کەف لەدەمی دەچەڕا، جنێوی بە هەمووان دەدا.



Scanned with CamScanner

بۆ سبەینێ هەموو چیرۆکەکەم بۆ یوسف ئەفەندی گێڕایەوە. گوتی:

- هەر کەس لێرە ئەمڕۆ تووشی بەڵایەک دەبێت، بۆ سبەی لەبیری دەچێتەوە. ئەگەر ئەم خەڵکی مەجرە پێنج جار دەم بکەنەوە، هەر پێنج جارەکە "خێر دەبێت ئیشەڵڵا"یە.

بە خوا ئەگەر یوسفەفەندی نەبووایە، من هەر زوو شێت بووبووم. ئەویش دەیگوت: "بە خوا مامۆستا ئەگەر تۆ نەبوویتایە، منیش شێت دەبووم."

بەهار هات و بەفرەکان توانەوە. ڕۆژێکیان لە دوکانەکەی موختاردا من و مووسا و خزر و ئیمام بازنەیەکمان دروست کردبوو، دیتمان موراد ئاغا هاوار دەکات:

- هەی موختار، هەی.

موراد هەر وەک جرج لە جێگەی خۆی هەڵدەقونی. فرمێسک لە چەناگەیەوە تکتک دادەچۆڕا.

- ئەی موختار. دەستم دامەنت. کوڕەکەم ڕۆیشت. فریا کەوە.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو: تاقمێک کەمینیان بۆ کوڕەکەی دانابوو. لێیان دابوو. ئەمە موراد ئاغا هەم دەگری و هەمیش چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە

- شتێک بڵێ، موختار. شتێک لە ڕێی خوا.

- چی بڵێم ئاغاکەی ماڵم. خێر دەبێت ئیشەڵڵا. بێجگە لەوە چی بڵێم، یەعنی.

- هەی موختاری گەوواد. تۆ دژمنی شەرەف و ناموسی ئەم خەڵکەی.

- خێر دەبێت ئیشەڵڵا، موراد ئاغا.

- باشە هەی بێئەخلاق، لەو بەڵایە ناخۆشتر هەیە کە هاتووە بەسەر مندا؟ وا کوڕەکەم لەناو خوێندا گەوزاوە. مووسا زەرد کوڕەکەم خەریکە تەواو دەبێت.

- خێری پێوە بێت موراد ئاغا، خێر. ئیشەڵڵا خێر دەبێت.



Scanned with CamScanner

من خەریک بوو شێت دەبووم. هەر ئەو شەوەیش یوسف ئەفەندی سەردانی کردم.

گوتی: "کەی ئەم دۆخە کۆتاییی دێت؟"

منیش ئەوەندە بێزار بووبووم، خۆیشم نەمدەزانی چی دەڵێم، گوتم:

- خێر دەبێت ئیشەڵڵا، یوسف ئەفەندی.

یوسف ئەفەندی هەر خەریک بوو لەداخدا بتەقێتەوە.

- تۆیش؟ تۆیش، مامۆستا؟

- بە خودا دەستقەست نەبوو. لەزارم دەر پەڕی. بە تووڕەییەوە جێی هێشتم.

پاش ماوەیەک، بەیانییەکی نیمچە زوو لە قاوەخانەکەدا دانیشتبووین. یەکێک توند بە دەرگاکەدا دەکێشێت. موختارە و لە تووڕەییدا ڕەنگی ڕەش داگەڕاوە:

- ئامان ئاغاینە، ئەمان.

یەک کەس نەیپرسی چی بووە موختار؟

ئەویش هەر خەریکی سنگەکوتە و قیڕەقیڕ و هاوار بوو و دەستبەدامێن دەیگوت:

- هەستن ئاغاکان، هەستن. کچەکەمیان برد.

موختار تاوێک تەماشای مورادی دەکرد و وەزعەکەی بۆ باس دەکرد، تاوێکیش تەماشای خزری. سکاڵای دەکرد. ئیمامیش هەر سەری با دەدا.

- ئیمام، فریای کچەکەم کەون. فریای کەون.

مووسا زەرد بە هێواشی و لەسەرخۆیی دەیگوت:

- خێرەبێت ئیشەڵڵا. خێرە، خێر.

- بە تۆ دەڵێم، براکەم. موراد ئاغا.

هەفتەیەک بەسەر ڕووداوەکەی موختاردا تێپەڕ نەبووبوو، ژنەکەی ئیمامیشیان بردە سەر شاخەکە. دواتر خێزانەکەی خزریشیان برد. مووسا زەرد هاواری دەکرد:



Scanned with CamScanner

خێزانەکەم خەریکە دەمرێت. فریای کەون.
هەموو خۆیان فریو دەدا و دەیانگوت:
- خێر دەبێت ئیشەڵڵا. دڵ لە دڵ مەدە.
ئێوارەیەکیان بەلای گۆرستانەکەدا ڕادەبردم، خڕەبەردێک هات و دای لە سەرم و شکاندی و خوێن ئەو ناوەی سوور کرد. چووم بۆلای یوسفەفەندی و هاوارم بەسەردا کرد.
- دوای ئەوە یەک چرکە لەم ئاواییە نامێنمەوە.
ڕووداوەکەم بۆ باس کرد. خوایە چی بڵێت و چی نەڵێت؟ فرمێسک زابووە چاوەکانی. بە حەسرەتەوە تەماشایەکی کردم:
- چی بڵێم ڕۆڵەکەم. خێرەبێت ئیشەڵڵا.
پشووی هاوین هات، گوتم:
- لەم لادێیە نامێنمەوە.
یوسفەفەندی زۆر بێتاقەت بوو. خەریک بوو دڵی پڕ دەبوو:
- مەڕۆ، ئەگینا منیش دەڕۆم. خۆم بە تەنیا لێرە شێت دەبم، شێت.
ئەو ڕۆژەی کە من ئاواییەکەم بەجێ هێشت، شەوەکەی دز چووبووە ماڵەکەیەوە و ئەویش بەدەم قـژڕنینەوە چووبـووە قاوەخـانەکەوە، کەچی یەک کەس متەقی لەدەم دەرنەچووبوو.
- کێ کاری وای کردووە؟
موراد ئاغا دەیوت:
- چی بڵێین؟ خێری پێوە بێت.
یوسفەفەندی سەری خۆی کێشابوو بە دیوارەکەدا. "باشە ئەوە خێری لەکوێدایە؟"
من مەجرم جێ هێشت، چوومە ئاواییەکی دیکە و لەوێ ماوەی دوو مانگە وانە دەڵێمەوە، دوێنێ بیستم کە یوسفەفەندی شێت بووە.
دکتۆرە خەپەکە گوتی:
- ئادەی با هەواڵی بۆ بنێرین تا یەکدی ببینن.



Scanned with CamScanner

پـاش کەمێـک، کـابرایەکی بەخـۆوەی سـورکەلانەیان لەبەرانـبەری مامۆستاوە دانا. مامۆستا بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- مەرحەبا، یوسفەفەندی؟

یوسفەفەندی گوتی:

- خێرە ئیشەڵلا، خێر.

- نامناسیتەوە، یوسفەفەندی؟

- ئیشەڵلا خێری پێوە بێت، خێر.

چاوەکانی مامۆستا پڕ بوون لە فرمێسک.

- چۆنی، یوسفەفەندی؟

یوسففەفەندی دیسانەوە بە لەرزەلەرز: "خێر دەبێت ئیشەڵلا."

مامۆستاکە زۆر سپاسی دکتۆرەکانی کرد و پرسیی:

- ئایا باش دەبێتەوە؟

دکتۆرە لاوەکە گوتی: "ئیشەڵلا، ئیشەڵلا."

خەپەکەیش گوتی:

- ئیشەڵلا خێری پێوە بێت.

***



Scanned with CamScanner

خەڵکی ناوی "شێتخانە" دەنێن لەو شوێنەی کە پزیشکە فەرمیەکان پێی دەڵێن نەخۆشخانەی نەخۆشیە دەروونییەکان. پێنج شێت لەم نەخۆشخانە هەڵهاتن. واتە پێنج لە کەسە تووشبووەکان بە نەخۆشیی دەروونی. کاتێک هەواڵی هەڵهاتنیان بە فەرمانبەرەکانی ئەوێ گەیشت، لە ڕێکەوتی هەڵهاتنی ئەم پێنجەوە لە نەخۆشخانە خەریک بوون هەموو کارەکانیان دوا دەخستن. لە کاتێکدا لەسەریان بوو بێدەنگ بن لەسەر ئەم شتە و ئەو ڕێکەوتە بسڕنەوە کە تێیدا هەڵهاتوون.
دوودڵی باڵی بەسەر فەرمانبەر و پزیشکەکانی نەخۆشخانەکەدا کێشابوو، لەبەر ئەوەی پێنج هەڵهاتووەکە لە جۆری ترسناک و هێرشبەر بوون. تەنانەت هەندێکیان دۆزی کوشتنیان لەسەر بوو کە بەرانبەر بە هەندێک لە شێتەکانی نەخۆشخانە کردبوویان. یەکێکیشیان ئالوودەی کردنەوەی ئاگربوو.
سەرۆکی پزیشکان بەم شتەی زانی. ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی پارێزگاوە کرد و هەواڵی هەڵهاتنی پێنج شێتەکەی پێ ڕاگەیاندن و داوای دەستگیرکردنی خێرای هەر پێنجەکەیانی کرد—پێش ئەوەی ببنە هۆی ڕووداوی نەخوازراو. بەڵام ئەو فەرمانده ئێشکگرەی لە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایش بوو و قسەی لەگەڵ سەرۆکی پزیشکان دەکرد، لەبارەی ئەم بابەتەوە داخوازیی نووسراوێکی فەرمیی لە نەخۆشخانەکەوە دەکرد.
سەرۆکی پزیشکان ئەمەی دەزانی، بەڵام بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو شێتانە بارودۆخەکە پێویستی بە جوڵانەوەی خێرا دەکرد، چونکە کەس نازانێت کە چەند کاتی پێ دەچێت تا دەگاتە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایش. جا کێیش بەرپرس دەبێت لەم شێتانە ئەگەر لەو ماوەیەدا

هەندێک کاری ترسناک بکەن. هەروەها ئایا بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشیش بەرپرسیارێتیی هەر شتێک هەڵدەگرێت کە ڕوو بدات کاتێک نووسراوە فەرمییەکەی پێ دەگات!

فەرماندە خەفەرەکەی بەڕێوەبەریەتیی ئاسایش لەسەر ئەو پەڕەیەی کە لەبەردەمیدا بوو دەستی بە تۆمارکردنی هەندێک تێبینی کرد ـــ لە ڕۆژی: ... لە ڕێکەوتی: ... کات: ... : ... پێنج شێت هەڵهاتوون، دانەیەکیان جلکی خەتخەتی نەخۆشخانەی لەبەردایە. ئەوەی دیکەیان ئافرەتێکە لەگەڵ پیاوێکدا و هەردووکیان هیچیان لەبەردا نییە، چونکە لە کاتی هەڵهاتنیان بیریان چووە پۆشاکی نەخۆشخانە لەبەر بکەن. دووانەکەی دیکەش پۆشاکی فەرمانبەری نەخۆشخانەکەیان لە بەردایە.

پاشان فەرماندەکە پرسیاری لە سەرۆکی پزیشکان کرد و گوتی:

- بەڕێزم، چۆن دەتوانرێت لەناو ئەم شارە گەورەدا ئەم شێتانە دەستگیر بکرێن؟ هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوەیان نییە؟

لەوکاتەدا سەرۆکی پزیشکان وەڕەس بوو و گوتی:

- نیشانە جیاکەرەوەکانم پێ ڕاگەیاندی. یەکێکیان پۆشاکی خەتخەتی نەخۆشخانەی لە بەردایە و، دووانیان ئافرەتێک و پیاوێکن کە هیچیان لە بەردا نییە و، دووانەکەی دیکەش پۆشاکی فەرمانبەری نەخۆشخانەیان لە بەردایە.

- گەر توانیمان لەم شارەدا یەک کەسی بێپۆشاک دەستبەسەر بکەین، ئەوە باشە. بەڵام ئایا ئەم شێتانە سیفەتی دیکەیان هەیە کە لەوانی دیکە جیایان بکاتەوە؟ بۆ نموونە هەڵسوکەوتیان.

- ئەها. تێگەشتم مەبەستت چییە. بە دڵنیاییەوە هەیانە. دکتۆرت بۆ دەنێرم تا باسیانت بۆ بکا.

سەرۆکی پزیشکان پزیشکی خزمەتی بۆ فەرماندەکە بانگ کرد. فەرماندەکەیش لای خۆیەوە ئامێری تەلەفۆنەکەی دایە دەست پۆلیسی هاوکاری و پێی گوت:



Scanned with CamScanner

- هەر زانیارییەک کە پێت دەدەن، بینووسە.
- هەڵاتووانی نەخۆشخانە لێکترازانی کەسێتیان هەیە. نیشانە جیاکەرەوەکانیش ئەوەن کە هەڵسوکەوتیان سروشتی نییە. بە کورتی، لە کاتی گومانکردنتان لە هەر کەسێک لەم شارەدا کە هەڵسوکەوتی ناسروشتیی هەبێت، ئەوە پێویستە دەستبەسەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

وەزارەتیش لەلای خۆیەوە بایەخی بەم بابەتە دا و گرنگییەکی زۆری پێ دا، چونکە شێتە هەڵهاتووەکان زۆر ترسناک بوون و، پێویست بوو بە زووترین کات دەستبەسەر بکرێن. بە تەلەفۆن هەموو فەرمانگە ئاسایشییەکان و بنکەکانی پۆلیسی ئاگادار کردنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

"بە تێڕوانین بە گرنگیەکی زۆر و خێرا، هەر کات کە فەرمانەکانمان پێتان گەیشت، ئەمانەتان پێدەگەیەنین:

"دوێنێ شەو پێنج شێت کە لەنێوانیاندا ئافرەتێک هەیە، لە نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەرونیەکان ڕایان کردەوە. ئەم شێتانەیش زۆر ترسناکن. پێشمان ڕاگەیەندراوە کە ئافرەتە نەخۆشەکە بە هاوەڕێیەتی لەگەڵ پیاوێکدایە و هەردووکیان بێپۆشاکن. یەکێکی دیکە لەو هەڵهاتووانە پۆشاکی خەتخەتی نەخۆشخانەی لە بەردایە. دووانەکەی دیکەیش پۆشاکی فەرمانبەری نەخۆشخانەیان لە بەردایە.

"نەخۆشە هەڵهاتووەکان، بەپێی گوتەی سەرۆکی پزیشکانی نەخۆشخانە، هەڵسوکەوتی ناسروشتی دەنوێنن. هەر بۆیە پێویستە بۆ دەستبەسەرکردنی هەر پێنجیان بجووڵێین، پێش ئەوەی کارەساتی ناخۆش و دڵتەزێن بنێنەوە. لە بارودۆخی دۆزینەوەی هەر کەسێک کە هەڵسوکەوتی ناسروشتی دەنوێنێت، دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕاستەوخۆ بۆ پشکنین و دڵنیابوونەوە لێی ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکرێتەوە. سپاس.



Scanned with CamScanner

"تێبینی: وەزارەت فەرمانی کردووە بە بەخششێکی دارایی کە بڕەکەی هەزار لیـــرەیە بـــۆ ئەو کەســـەی ئەو شـــێتانە دەدۆزێـــتەوە کە لە نەخۆشخانەی دەروونی هەڵهاتوون."
دوای وەرگرتنی ئەم زانیارییانە سەرۆکی یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس فەرمانبەرەکانی کۆکردنەوە و لێی پرسین:
- هیچ ناڕوونیەک لەم زانیاریانەدا هەیە؟
کاتێک هیچ پرسیار و ڕەخنەیەک نەبوو، شتەکە بە ڕوون دانرا.
- دەی هاوڕێیـــانم، پێویســـتە هەر ئێســـتا فەرمـــانەکە بەجـــێ بیـــنن. پێویستە بە ناوچەکەماندا بگەڕێین و چاودێریی بکەین. شتەکە ڕوونە. بگەڕێن بۆ کەسـانێک کە هەڵسوکەوتی نائاسـایی دەکەن. تێگەیشـتن؟ هەزار لیرە بۆ هەموو شێتەکان.
یەکێک لە پۆلیسەکان هاواری کرد و گوتی:
- دەی با شێتەکان ڕاو کەین. یەڵڵا بۆ ڕاوکردنی شێتان.
پۆلیسێکی دیکە لەپشت مێزەکەوە هەڵێدایەوە و گوتی:
- ئای بۆ بەختی خراپم! ئەگەر ئەمشەو ئێشکگر نەبوومایە، منیش بۆ گەڕان بەدوای شێتەکاندا دەردەچووم.
یەکێـک لە پاســەوانەکان کە لەپشـتی پۆلیســەکانەوە و وەســتابوو، پرسیاری کرد:
- ئەگەر خوای گەورە سەریخستم و شێتەکانم گرتن، ئایا هەزار لیرەش دەدەن بە پاسەوانەکانی دیەکە؟
- سەرۆکی بنکەکە وەڵامی دایەوە:
- بە دڵنیـاییەوە. هەمـووان یەکسـانن، هـیچ جیـاوازییەک نیـیە لە نێوان تۆ و پاسەوانێکی دیکە.
دوای چـوونەدەرەوەی پۆلیســەکان لە بـنکە بـۆ ئەوەی لە کـاتێکی کەمـدا فەرمـانەکە جێبەجـێ بـکەن. یەکێـک لە پۆلیســەکان ڕۆشـتە ژووری سەرۆکی بنکەکە و پێی گوت:



Scanned with CamScanner

- یەکێک لەو شێتانەم گرت و خستمە زیندانەوە و من دەڕۆم بەدوای ئەوانی دیکەدا دەگەڕێم.
سەرۆکی بنکەکە پێی گوت:
- ئەم خێراییە چییە و لەکوێ گرتت؟
- لە چوونەدەرەوەمدا لە بنکەکە، لەبەردەم دەرگاکەدا دۆزیمەوە.
- ئەی چۆن زانیت کە شێتە؟
پۆلیسەکە وەڵامی دایەوە:
- ئەگەر شێت نەبووایە، ئایا بەلای بنکەدا تێدەپەڕی؟
بەڵام زمانی گرت لە قسەکردن و گوتی:
- ئەی ئێوە نەتانگوت کە هەڵسوکەوتی ناسروشتییان هەیە؟ ئێ ئەم کەسەش هەڵسوکەوتی ناسروشتی هەبوو.
دوای ئەوە پۆلیسێکی دیکە هاتە ژووری سەرۆکی بنکەکە و بە خۆشحاڵیەوە بە دەستی ڕاستی ئاماژەی دەکرد و گوتی:
- دووان لە شێتەکانم گرتن. خالیس و موخلیسن.
- ئەی چۆن زانیت کە شێتن؟
- لەبەر ئەوەی دانەیەکیان ناوی خالیس بوو، ئەوەی دیکەش موخلیس.
بە پشتبەستن بەمە، سەرۆکی بنکەکە گوتی:
- پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەین. دەی پێویستە ڕاپۆرت ڕێک بخەن!
ئەو پیاوەی لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوو، پەڕەیەکی خستە ناو ئامێری نووسینەکەوە و سەرۆکەکە پێی گوت:
- بنووسە. "پێتان ڕادەگەیەنین کە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی بنکەکەمان، ژمارەی یەخەکەی ـە٢٨٧٦. ناوەکەی بنووسە. دوای سەرنجدان و دڵنیابوونەوەمان لە سەرچاوەی هەڵسوکەوتی ناسروشتیی دوو کەس، دڵنیا کرایەوە کە یەکێکیان لە پێنج هەڵاتووەکەی شێتخانەیە ..." نا، نا، شێتخانە بسڕەوە و لە جێگەی

دانەخۆشـــخانەی نەخۆشـــییە دەروونیەکـــان بنووســـە. "... نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونیەکانە. ناوبراو دەستبەسەرکراوە پێش ئەوەی بتوانێت کارەساتی نەخوازراو بنێتەوە. هەروەها ئەم نەخۆشە لە ژووری چاوەڕوانیدا بەند کراوە، پێش ئەوەی ڕادەستی ئێوە بکرێت." ... بڕوام وایە ئەوە نووسینێکی ڕەقە.

دوای ئەوە پۆلیسێکی دیکەش بە دڵخۆشیەوە هاتە ژوورەوە بۆ ژووری سەرۆکی بنکەکە و دوو کەسی نیمچەڕووتی ڕادەکێشا و دەیگوت:

- سپاس بۆ خوا دووسەد لیرە لە باخەڵمدایە، ئێستا.

سەرۆکی بنکەکە پێی گوت:

- لەبارەی چ دووسەد لیرەیەکەوە دەدوێیت؟

- گەورەم بە هـۆی ئێـوەوە تـوانیم دوو شـێتە بێپۆشـاکەکە بدۆزمەوە، لە کاتێکدا کە هەواڵی هەبوونی شێتی بێپۆشاک بڵاو بووبووەوە!

- بەڵام بێپۆشاکی تەواو نین.

- ئاخر بە بێپۆشاک دادەنرێن. ئایا دەتەوێت بیانبەمەوە ژوورەوە و ناچاریان بکەم لەسەر دانانی جلەکانیان؟ ... ئێستا لە ژووری چاوەڕوانی دایاندەنێم و دەچم ئەوانی دیکە دەگرم، لەبەر ئەوەی دەرەوەی بنکە جمەی دێت لە شێت!

بنکەکانی ئاسایشی شارەکە ئەوەیان ڕاگەیاند کە ژمارەی ئەو کەسـانەی گیـراون و گومـانلێکراون بە هەڵسـوکەوتە ناسروشتیەکانیان، گەشتوونەتە نۆ کەس. ئەم هەواڵەیش بوو بە هۆی سەرسووڕمانی بەرپرسەکان، هەر بۆیە لە پرسیارکردن لە نەخۆشخانەکە خۆیان دوا نەخست و لەڕێی تەلەفۆنەوە پرسییان:

- ئومێدەوارین کە ژمارەی ڕاستی و کۆتاییی شێتە هەڵاتووەکانی نەخۆشخانەکەمان پێ ڕابگەیەنن، چونکە ئێمە نۆ فەرماندەمان بۆ



Scanned with CamScanner

نـــۆ کەس ئامـــادە بەپێـــی گومانکردنمـــان لە هەڵســـوکەوتە نائاساییەکانیان کردوون. سپاس.

دیســـــانەوە لەدوای هەژمـــــارکردنی ژمـــــارەی شـــــێتەکان لە نەخۆشخانەوە دڵنیا کرایەوە کە ژمارەی هەڵهاتووەکان تەنیا پێنج دانەن. بەڵام ئەم ئەنجامە نەگەیشتە بنکە تایبەتەکان تا دوای ئەوەی ژمـــارەی کەســـە دەســـتگیرکراوەکان لەڕێـــی گومـــانلێکردنەوە لە هەڵسـوکەوتە نائاسـاییەکەیانەوە گەیشـتە بیسـتوشـەش لە جیاتی پێـنج شـێت. هەروەهـا ژمارەیـان تـا بێـت بەبـێ وەسـتان بەرز دەبـووەوە. ئەو کـاتە سـەرۆکی نەخۆشـخانەکە بە بەرپرسـانی ئاسایشی گوت کە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

- تەواو، تەواو. هیـی دیکەمـان نـاوێ. ئەمـانە لەکوێ دانـێم. مـن ناتوانم کاری شێتەکانی ئێرە بەڕێوەبەرم کە لە نەخۆشخانەن.

هەر لەبەر ئەم ژمارەیە بەڕێوەبەرایەتیی نەخۆشخانە نووسراوێکی بۆ بنکەکانی ئاسایش نارد، بەم شێوەیە:

"بە لەبەرچـاوگرتنی شـێواز و ڕێکخسـتن لە بنکەکانتـان، لەلایەن تاکەکانی پۆلیسەوە کە هەوڵی باشیان داوە و قوربانیان کۆششیان بـۆ دەستبەســەرکردنی ئەو بیســتوشــەش کەســە لە ئەنجـامی گومـانکردن لە ڕەفتاریـان کـردووە و، ئەو کەسـانەتان لەبـری پێـنج کەسـە داواکراوەکە نـاردوون. بەپێی ئەوەی کە توانـای گرتنەخۆی ئەو کەسـانەمان بەبێ هۆکـار نییە، هەروەهـا بـۆ نەکەوتـنە هـیچ هەڵەیەکەوە، بڕیارمـان دا کە بیـانخەینە ژێـر چـاودێریی پشـکنینی لیژنەی پزیشـکییەوە بـۆ دڵنیـابوونەوە لەوەی کـە ئـاخۆ نەخۆشـی ڕاسـتەقینەیان تێـدایە یـان نـا و، ئەگەر هەیشـبێت، گلـی بـدەینەوە. دەبێت ئەو زانیاریەش بە بەڕێزتان بدەین کە تاوەکو ئێستا لەنێوان ئەوانەی ناردووتـانن بـۆ نەخۆشـخانەکەمان، ئەو نەخۆشـەی بە



Scanned with CamScanner

پۆشـــاکی کارمەنـــدی نەخۆشـــخانەوە ڕای کـــردوە و دوو بـــێ پۆشاکەکەمان نەدۆزیونەتەوە."

تەنـــــانەت کە ئەو نووســــــراوەیش لەلایەن بەڕێـــــوەبەرێتیی نەخۆشـخانەکەوە دەرچـوو، بەڵام بنکەکـان لە دەستبەسـەرکردنی کەسە گومانلێکراوەکان نەوەستان.

ئەم کەسـانە دەست بەسـەر دەکـران، یـا ئەوەیە لەسـەر دانپیانـانی کەسیییان، یان لەسەر ڕەفتارکردنیان بە ناسروشتی، یاخود لەسـەر شـایەتیدانی کەسـانێک کە یەکیـانی ناسـیوە، یـان ئەوەیە لەسـەر شـکاتی نزیـک و دراوسـێیەکان بـووە. بە تـایبەت کاتێـک هەنـدێک ئافرەت سکاڵایان لە دژی مێردەکانیان تۆمار کردبوو کە دەیـانگوت ئەوان شێتن. بە هەمان شێوەیش هەندێک پیاو سکاڵایان بە هەمـان هۆکار لە دژی ژنەکانیان تۆمار کردبوو.

کەیسـی زۆر هـاتە نـاوەوە. هەنـدێک کەس دەهـاتنە بـنکە و لافـی ئەوەیان لێدەدا کە ئەوان شێتن و لە بنکە دەیانگوت: "ئێمە شـێتین." هەندێکیشیان نووسراوێکیان ناردبوو، دەیگوت:

"مـن لە نەخۆشـخانەی شـێتان هەڵاتـم، بەوەم زانـی کە بەدوامـدا دەگەڕێـن. دوای زانینـی ڕاسـتیەکان، لە ڕاکـردنم لە نەخۆشـخانە پەشـیمان بـوومەوە. بـۆیە ئومێـدەوارم دیسـانەوە لای خۆتـان وەرمگرنەوە. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم."

شـتەکان زۆر ئـاڵۆز بـوون و کێشـەیەکی دیکە هـاتە پێشـەوە. ئەو کەسانەی بە ویستی خۆیان هاتبوون بۆ بنکە و بە خۆیـان گوتبوو شـێت، لەلایەن پۆلیســـەوە بە گرتـــوو نەدەژمێـردران. بەوەیـــش پۆلیسەکان لەپای گرتنی هەر شـێتێکدا بەخششی هەزار لیرەکەیـان وەرنەدەگـرت کە بەڵێنیـان پـێ درابـوو. هەر بـۆیە پـۆلیس ڕێـی لە وەرگرتنی ئەم ئەو کەسانە گرت کە لافی شـێتی لێدەدەن. پۆلیسی ئێشکگر لە بنکە دووری دەخستنەوە. پاشان سـەرەڕێی لێ دەگـرتن



Scanned with CamScanner

و دەستبەسەری دەکردن، وەک ئەوەی کە هەر خۆی گرتبنی.
هەروەها ڕێوشوێنی پێویستی دەگرتە بەر و ژمارەی یەخەکەی خۆی لەگەڵ شیتەکە لە شێتخانە دادەنا.
قورساییەکان لەوێدا بوون کاتێک دەیانویست دڵنیا ببنەوە کە ئایا نەخۆشە هەڵهاتووەکان لەنێو ئەو کەسانەدان کە دەستگیرکراون یان نا. هەروەها ئەو زانیاریانەیشی سەرۆکی پزیشکان بڵاوی کردنەوە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، چونکە لە زایاریەکاندا ئەمانەی خوارەوە هاتبوو:
"هەموو ئەو کەسانەی بە هۆی گومانکردن لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نائاساییان بۆ نەخۆشخانە کە نێردرابوون، پشکنران. بۆیشمان ڕوون بووەوە کە هەموویان تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی و مێشک. هەر بۆیە بڕیارمان دا کە هەموویان لای خۆمان گل بدەینەوە. ئێمە دڵنیاین کە نەدەتوانرا هەموویان بگیردرێن ئەگەر هەوڵ و ماندووبون و تێکۆشانی بنکەکانی پۆلیس نەبووایە، بەڵام نەمانتوانیوە تاوەکو ئێستا دڵنیا ببینەوە لەوەی ئایا پێنج شێتە هەڵهاتووکان لەنێو ئەو کەسانەدا کە دەستگیر کراون یان نا."
هەروها پۆلیس لە کەنار دەریاکەدا نەخۆشێکی هەڵهاتووی بێپۆشاکی دەستگیر کرد، هەروەک چۆن کەسی دیکەشیان بە هۆی ڕەفتارەکانیانەوە دەستگیرکرد. بەڵام کەسە دەستگیرکراوەکان دەیانگوت کە ئەوان شێت نین و لەو کاتەدا دەستگیرکراون کە لە گەرماو بوون و خەریک بوون دەرپێکانیان لا دەبرد، یاخود لەو کاتەی کە دەیانویست دەرپێکانیان لەبەر بکەنەوە. بەڵام ئەم قسانەیان لێ وەرنەگیرا، چونکە شێتاکان هەرگیز دان بەوەدا نانێن کە شێتن!



Scanned with CamScanner

بۆ میوانخانەکانیش دوای هەڵمەتێکی گەورە و فروانی هەڵکوتانە سەر، هەروەها بە سەیرکردنی ناوەوەی ژوورەکان لەڕێی دەرچەی دەرگاکانەوە، کەسی زۆر دۆزرانەوە کە هەڵسوکەوتی نائاساییان دەکرد. جا لە هۆڵەکاندا بووایە یان لە ژوورەکاندا، زۆرێکیش دەستبەسەر کران کە جلی نووستنی خەتخەتیان پۆشیبوو. لە هەڵکوتانەسەرماڵەکانی لەشفرۆشی کەسی زۆر دەستگیر کران کە بیجامەی خەتخەتیان پۆشیبوو و هەڵسوکەوتیان نەشیاو بوو. هەروەها چەند کەسی مەدەنی مەراقکەریش گیران کە سەیری هەڵکوتانەسەری پۆلیسەکانیان دەکرد بۆ سەر ئەم ماڵانە.

تاکەکانی پۆلیس ئەوانەی کە شێتەکانیان دەستبەسەر کردبوو، بەوەیان زانی تا نەگەنە ئەنجامی دڵنیابوونەوە لەوەی دەستبەسەرەکان هەڵاتووەکانیان تێدایە یان نا، بەخششەکەیان نادرێتێ کە هەزار لیرە.

لەدوای ئەم وەڵامە نائومێدکەرەوە، ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان بە هۆی ڕەفتارەکانیانەوە بەرەبەر کەم دەبووەوە. لە ڕۆژی یەکەمدا نۆ کەس گیران. بیستوشەشیش لە ڕۆژی دووەمدا و، ڕێژەکە لە ڕۆژانی دواتردا بەرەبەر بەرەو زیادبوون دەڕۆیشت، بەڵام دوای دوایین هەواڵ لەبارەی دواکەوتنی بەخششەکەوە، ئەما و بە تەواوی پرۆسەکە وەستا و پۆلیسەکان ئیتر هیچ ڕەفتارێکی ناسروشتییان لە هیچ کەسدا نەدەبینی!

هەرچەندە لە دەستگیرکردنی پێنج هەڵاتووەکە دڵنیا نەبوونەوە، بەڵام ئیدی هیچ ڕەفتارێکی ناسروشتییان لە خەڵکدا نەدەبینی. هەر بۆیە وایان دانا کە شارەکە شێتی تیا نەماوە. سەرەڕای بیروبۆچوونەکانیشیان، هێشتا هەر گفتوگۆ لەنێوان تاکەکانی پۆلیسی بنکەکاندا هەبوو.



Scanned with CamScanner

- بـرام هەرچـی بکەیـن بـۆ ئەم کـۆمەڵگەیە و خـزمەت و قوربـانی بـدەین، هەرگیـز نرخـی ئەوە نازانرێت کە کردوومـانە! بـۆ نمـوونە داوایان لێ کردین پێنج شێت دەستگیر بکەین، کەچی من هەر خۆم نۆم گرت!

- چی ڕووی دا؟ نرخیان زانییت؟

- هەرگیز. ناشزانم سوودی گرتنی شێتەکان چییە؟

- ئێمە شێتەکانمان دەستگیر کردن، وەک خزمەتێک بۆ وڵات.

- ئەو شێتانە چەندە گوناحن.

- هەر ئەوەی کە شێتن. ئەوە شتێکە لە خواوە.

- بیرتان نەچێت، شێتیش خەڵکی مەدەنی و خەڵکی وڵاتە.

- کـوا ئەو هەزار لیـرەیەی کە بەڵێنیـان پـێ دایـن لەپـای گرتنـی شێتەکان؟ حەوتـم گرتن. حوکوومەت حەوت سـەد لیرەم قەرزارە. من تەنانەت بە پێنج سەد لیرەش ڕازیم وەک چارەسـەری ناچاری. لەم بـارودۆخەدا ئەگەر وا بێـت، ئەوە دەتـوانم کرێـی خـانووەکەم بدەم کە تا ئێستا نەمداوە.

- منـیش زۆر بە دڵسـۆزی و قورسـی کـارم کـرد. ئەگەر مـافی خۆمانیان بدایە پێمان، ئەوە شێتی دیکەم دەگرت.

- منیش وڵاتم لەم شێتانە پاک دەکردەوە.

- خەریـک بـوو خەسـووم بەو تـۆمەتە بگـرم. ژنەکەشـم بە دەسـتگیرکردنی قایـل بووبـوو، بەڵام کاتێـک بـڕوام بەوە کـرد کە بەخششـەکەمان نـادەنێ، وازم لەو بیـرۆکەیە هێنـا. هەرچـی بێـت خەسووی گوناحم ناکەم بە قوربانی و بینێرم بۆ شێتخانە.

- با مافەکانمان بدەنێ، ئینجا دەیبینن. پیاو نەبم گەر دەیان شێت لەسەر شەقامەکان نەگرم.

- گەر مرۆڤ ئیرادەی هەبوو، دەتوانێت زۆر بگرێت.



Scanned with CamScanner

- شتەکان پێشووتر زۆر باش دەڕۆشتن. ئاگرێکی گەورە لەم ڕۆژانەدا کەوتبووەوە و خەڵاتی مووچەی دوو مانگیان بڵاو کردبووەوە بۆ ئەو کەسەی بکەرەکە دەستگیر دەکات! هەرچەندە من دووانم دەستگیر کردن، بەڵام ئەوان مافی منیان خوارد و تەنیا دانیان بە یەکیاندا نا. تەنیا یەک بەخششیان دامێ.

- گرنگ ئەوەیە گرتووتە. جا ئەوەی گرتووتە، کەمە یان زۆرە؟

- بەڵام لەم وڵاتە هەرچی ڕوو بدات، شێتەکان لە هەموو شوێنێک هەر بەربڵاون و، کەس ناوێرێت لەبەر زۆریی ژمارەیان بە شەقامەکاندا ڕاببرێت.

- ئیدی لەلایەن منەوە یەک شێت دەستگیر کرێت.

- منیش هەرچی ڕوو بدات، ناتوانم هیچ شێتێک بگرم.

- لەبەر ئەم هۆیەیە کە هەر لەناو شێتەکاندا ژیان بەسەر دەبەین. وا نییە برام؟

***

## کۆتایی



Scanned with CamScanner

# AZIZ NESIN




1 571818 600007

له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

Scanned with CamScanner